# ڕامان

322

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی چوارەم/ ساڵی بیست و هەشت/ ٥ی ٨ی ٢٠٢٤



● **خاوەنی ئیمتیاز**
شەوکەت شێخ یەزدین

● **سەرنووسەر**
ئازاد عەبدولواحید

● **بەڕێوەبەری هونەری**
سەرکەوت وەلی

● **مۆتیف و پۆرتریت**
قەرەنی جەمیل

● **بەرگ**
باسم ڕەسام

**ناونیشان/ هەولێر ـ میدیا سەنتەر**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net**
**ژمارە مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە) / 07504494662**
**(دەرەوە) / 009647504494662**
**پۆستی ڕامان: sarkautwali@yahoo.com**



**چاپخانەی ڕۆکسانا/ هەولێر**
**نرخ/ ١٠٠٠ دینار**

## ناوەرۆکی رامان

● **دەق**


- ڕۆژانە کنە و پشکنین/ ڕامیار مەحموود/ ٣
- کاتی هاتووە جوان بژیم!/ بەرزان هەستیار/ ٦
- سەڕاج لە ئەسینا/ سۆران محەمەد/ ٨
- ڤەنیساندن/ ئەحمەد قەرەنی/ ١٠
- گەر زنجیرەکان بیانتوانیایە قسەیان بکردبا/ لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)/ ١١
- سروودی تۆڵە/ قادر عەلیخا/ ١٤
- گوندی سێ بەختان/ سەلمان شێخبزێنی/ ١٧
- ئەم دیوی ژیان/ ئازاد پێنجوێنی/ ٢٢
- خاتوونێ/ د. خەلیل عومار/ ٢٦
- ئۆزبەکەکان لە خەودا بوون کە ڕووسەکان ئێمەیان داگیر کرد/ عالیە عەتایی، لە فارسییەوە: سەعادەت ڕەحیمی/ ٢٨


● **هەڤپەیڤین**


- هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ هونەرمەند (عەبدوڵڵا ڕەسووڵ)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ ٣٦


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


- تێکبەزینی فیزیک و ئەوپەڕفیزیک لە تێفکرینی (تاجەددینی شنۆیی)دا/ د. ڕەهبەر مەحموود زادە/ ٦١
- وەرگێڕانی پێچەوانە و سەرنجێک لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان بە ئەڵمانی/ ڕزگار سەعید/ ٦٨
- غەزەلی (وەفایی) و چوار ڕەگەزی مەعریفی/ هادی حەبیبی/ ٧٨


● **هزر و فەلسەفە**


- ئاکاری بەدکاری لەنێوان لێکدانەوەی ئایینی و پاساوی فەلسەفەدا/ د. حەمید عەزیز/ ٨٥


● **وتار**


- سرگوون و ئەدەبیاتا کوردی/ فرات جەوەری/ ٩٣
- ئایا باباتاهیری هەمەدانی یارسانی بوو؟/ هەیاس کاکەیی/ ١٠٠
- ململانێی نەوەکان لە چیرۆکی (تەرم)دا/ دلێر کەریم/ ١٠٥


● **زمانزانی**


- بەرچنێک لە بارەی زمانەوانیی مەعریفی/ ئا: هیمداد عەبدولقەهار محەمەد - سەنگەر حەسەن نەجم - لەیلا حەمید/ ١١٠


● **مێژوو**


- کوردانی ئێزدی/ عوسمان یووسفی، لە فارسییەوە: محەمەد فائق/ ١١٨


● **هونەر**


- ماتس ئێک کۆریۆگراف و ڕیژیسۆر.. جولیێت و ڕۆمیۆ/ د. فازڵ جاف/ ١٢٩
- هونەر و ژیان لە ئیمپراتۆریەتی میدیادا/ حەمە هاشم/ ١٣٣


● **خوێندنەوەی کتێب**


- ئاژاوەی بێدەنگ، گوتاری نیورۆتیکی و شیعریەتی یاخیبوون/ حسێن لەتیف/ ١٣٩
- دەرسۆکسۆر، ڕۆمانەک بە شێوازێ ژیاننامەیێ، یان ژیاننامە ب شێوازێ ڕۆمانێ/ عەبدولڕەحمان بامەڕنی/ ١٤٨


● **نامە**


- چەپکێک نامە... / ئا: سەرنووسەر/ ١٥٣


● **بە باڵابڕین**



- لە سەدەی ڕابوردووەوە، تەمەنی هیچ گۆڤارێک نەگەیشتووەتە تەمەنی گۆڤاری ڕامان/ حەسەن گەرمیانی/ ١٥٨


● **سووکە لەنگەر**


- هەموو نووسەرێک ڕۆژنامەنووس نییە!/ ئازاد عەبدولواحید/ ١٦٠

# ڕۆژانە کنە و پشکنین

ڕامیار مەحموود
(سلێمانی)



### گەڕان

بە دڵنیاییەوە پێی ناگەین
بەڵام ئەگەر لە گەڕان کەوتین بە دوای ئازادیدا
ئەگەر لە گەڕان کەوتین بە دوای بەختەوەریدا
ئەوا نابووت دەبین
سەربارى ئەوەی لە هەردوو بارەکەدا مایەپووچییە
کەواتە با ژیان بە کاتی گاڵتەکردن بە بەها دەست
پێ بکات.

### ئازادی

ئازادی لەو دیو ماڵەکانمانەوە بانگمان دەکات
ئێمە لە ژوورەوەین
سەربەستی تەنیا لە ژوورەکانی خۆماندایە
ئێمە لە کۆڵان و شەقامەکانین
هەر لەبەر ئەوەیە
مرۆڤ بە درێژایی مێژوو، زیندانی دۆزیوەتەوە.

### نیگەرانی

دڵتەنگی کرۆکی ژیانە
لەو سەری کۆتایی ڕێگاکەدا یەخەمان دەگرێت
ڕێگاکە ناگۆڕێت
تەنیا دەتوانین تێشووی سەفەرەکەمان بگۆڕین
وەهم بێت، یان ئازار.

### هۆشیاری

کاتیک دێیت بۆ زەوی
تۆ هەر وەردەگریت
زەمەن ڕۆژانە لێت دەسێنێتەوە

لەبەر ئەوە هۆشیاری بەهەر شێوە و جۆرێک بێت،
بێ هۆشکەرێکی باشە.

## کات

کات خۆی دەڕوات
لەو بارەیەوە نیگەران مەبە
بەڵام خۆت لە شوێنێکدا گیر دەخۆی
بە دڵخوازی خۆت بەپیر کۆتایی کاتی خۆتەوە
دەچیت.

## شەو

لە شوێنێکدا شەو
ماڵەوەیە
لە شوێنێکدا سێکسواڵتییە
لە شوێنێکدا گۆڕێکی تاریکە،
ئەگەر بەختت هەبێت لە ناو ئەم هەموو جەنگەدا.

## چاو

دەبێت شتێکت لێوە دیار بێت،
خۆڵی بێشوماری بیابانەکان بێت گرنگ نییە..،
پشتی کووڕی ئۆقیانووس و دەریاکان بێت گرنگ
نییە..،
بەڵام من زیاتر شاخەکان پەسەند دەکەم
وەک هەڵهاتوویەک.

## ژن

ئەو ئێوارەیە ژنێکم بینی تەماشای درەختێکی
دەکرد..،
ماوەیەکە شتی ناخۆش دەبینم..
ئەگەر ئەو شاعیرە کەللەپووتانەی کورد نەبوونایە
ئەگەری ئەوە هەبوو
زووتر بمانزانیایە ئەوانیش وەک ئێمە لە شتەکان
دەڕوانن.

## چالاکوان

من چالاکوانێکی هۆشەکیم
بە بەرهەمهێنانی زمانەوە سەرقاڵم
لە قەیرانەکاندا دەگەشێمەوە
کە دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەک لە بارەی خۆمەوە
پێشکەش بکەم
زیاتر ئاڵۆز دەبم
بە دڵنیاییەوە هیچ زانیارییەکی دروست لەسەر
خۆم نازانم.

## مرۆڤ

مرۆڤ ئامێرێکە بۆ بەڕێوەبردنی قەیران دروست
بووە
ئەگەر ژیان جێگیر بوایە
زمان لە شوێنێکدا دەوەستا و نەدەکشا
مرۆڤ لەم وڵاتەدا چاوەڕێ دەکات بمرێ
بە داخەوە ژیان هەر ئەوەندەیە و هیچی تر
کەواتە بە خێربێن بۆ ئازادییەکی بە هەڵەدا چوو.

## کۆچ

گرنگ نییە هایدیگەر دەڵێت *بەرد جیهانی نییە*
دەمەوێت وەک بەردێکی سەنگین دانیشم
هیچ فریوم نەدات..
لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە زنجیرە چیایەک
دەبینم
ڕۆژێک نەبووە لە ماڵ نەبن
منیش وەک ئەوان حەز دەکەم ئیتر لە ماڵەوە بم
ئەو ئاسمانەی گەمارۆی داوم
هەمیشە لە ماڵەوەیە
قەت خۆڵ و خاکەکەم
ناڕوات
بۆیە منیش چیتر ناڕۆم
درەختەکانیشم هەر لێرەن

منیش ئیتر مرۆڤ نیم، یان درەختەکانمم، یان
شاخەکانمم.

## هیوا

گەڵاکان سەوزبوون لە بەهاردا بە دڵێکی ساردەوە
درەختەکان چرۆ دەکەن بۆ مەرگ
دەرگاکەت بە کراوەیی، یان داخراو جێ بێڵی
هیچ جیاواز نییە
نە یارانی نوێ بەڕێوەن
نەیارانی کۆن دەگەڕێنەوە.

## خود

ئێوارە کۆدەبینەوە
کێ بانگ کەین
ڕۆمان؟
چیرۆک؟
شیعر؟
ڕۆمان: ئەگەر زۆر بووین
چیرۆک :ئەگەر چەند کەسێک بووین
شیعر: ئەگەر بە تەنیا من و تۆ بین
بەڵام،
باشترە زمان بانگ نەکەم، دەمەوێت خۆم بم.

## شار

شار خۆشە
ئەگەر مانایەکیشت پێ بێت
دەبێت نمایشی بکەیت و داینێیت
شانۆکەت
شیعرەکەت
ڕۆمانەکەت
ئەمە ناوەستێت تا گەنجینەکەت مایەپووچ
دەکەیت
بەڵام دەتوانیت ژمارەیەکی بۆش هەڵبژێریت بۆ خۆت
بۆ ئەوەی لە پیشەسازی کولتوور بێیتە دەرەوە.


## شەو

شەوێکی هەتاهەتایی چاوەڕێی هەموومان دەکات
وەک هەولێرییەکان دەڵێن *لەبەر هەندێ*
من ڕۆشناییەکی بچووک جێ دەهێڵم بۆ پاش خۆم.

مانگی ٥ی ٢٠٢٤

# کاتی هاتووە جوان بژیم!

بەرزان هەستیار
(ئەڵمانیا)



هەوڵ ئەدەم ئیتر جوان بژیم
ڕەنگە تەنها بیست دەقە، یان بیست ڕۆژ....
ئەوپەڕەکەی بیستساڵی تر.....
بەسەر ئەم تەلە دڕکاوییانەی ژیاندا فڕکووڕم بێت
ئیتر بە دڵی خۆم ئوتۆمبێل داژۆم
حساب بۆ یەک کامێرا ناکەم و
بە دەماخێکی بەرزەوە، داشەهارەی مردن..
لەسەر سەد و بیست دەکەم بە ژێرەوە
با درەنگتر نەبێت،
بەڕوخسەتی خۆتان ئەمەوێ لە دەقەیەکدا..
فریای گێڕانەوەی چیرۆکی برینی گریاوی ساڵێک بکەوم
دڵم سۆسەی مردنێکی کردووە،
بە پەلەپرووزێ ئەمەوێ لە سەعاتێکدا
ماجەرای ئەو هەموو جێهێشتنە...
وەک زووخاو هەڵبێنمەوە
جا قسە، یان لە شێت، یان لە شاعیر،..
مردنێک لە درزی گوڵدانی دڵمەوە سەرەتاتکێ دەکات
ئێوە بە شایەد بن، قسە، یان لە من، یان لە مناڵ
مردنێک سەر بە خێزانی بێ سەرپەرشتیی عیشق و
بنەچەی پەرتەوازەیی
—
بیست دەقە..
بیست ڕۆژ، یان بیست ساڵ و سەدەی تر
هەموو ژمارەکان لە جرتی سەرخۆشێک زیاتر نین
کە بە دەم گریان و قاقای بێ موبالاتییەوە
پێکەوە بۆ ژیان و مەرگی لێ دەدات؛
دەبەنگی من ئەوەیە خۆم بە ژمارەوە سەرقاڵ کردووە
دەنا دەتوانم بەر لە کۆتایی شتەکان..

دنیایەک لە خشتی سووری فەرامۆشی و
پشتوێنێکی درێژ لە عیشقی ئاڵهەڵگەڕاوی ژن
بخوڵقێنم و
مردن لە بازنەیەکی تۆکمەدا هەراسان کەم
—
وەک تارمایی لەرزۆکی خەیاڵێکی چاوکز و
دووکەڵی جگەرەی یادەوەرییەکی قۆشمە و
تەمومژی کراسی کورتی بەیانییەکی پێش
هەتاوکەوتن..
تانجیی دەقیقە و ئاسکی ڕۆژ و کەروێشکی ساڵ..
جێی دڵپێدان و متمانە نین،
ئەو هەموو زەمەنە پەڕپووتە
هەر بۆ ئەوە باشن وەک توێکڵەشووتی ..
گۆلکێکی برسییان پێ خەنی بکەیت؛
گوێت لە گریانی منداڵانەم نییە، کافری کافرباب؟
دیقەتت نەداوە چەند بە حەشمەتەوە..
ڕەنگە کاڵەکانی ژیان تۆخ ئەکەمەوە
بە گلێنەی درزبردووی منداڵێکی باوک مردەوە
چۆن لە نیگا تەزیوەکانی مردن ڕائەمێنم
من لەو نێوانەدا باڵەخانەیەکی داگیرساو و
پەیکەرێکی هەڵکوڕماوم لە سەهۆڵ؛
باڵەخانەیەکی ڕەنگ کوێر و
پەیکەرێک لە برۆنزی غروور
هەوڵ ئەدەم ئیتر جوان بژیم؛.
ئەرێ بەڕاست جوان ژیان بەری کام درەختە، کام؟

سەرماوەزی ٢٠٢٣
کۆڵن

# سەڕاج لە ئەسینا

سۆران محەمەد
(بریتانیا)


سەڕاج لەگەڵ ئەکلدیس
سەردانی سوقراتیان کرد
لە زیندان
کەچی سوقرات نەیهێشت
هاوسەر و سێ منداڵەکەی
ئامادەی دادگایی بن
پێش بڕیاری ژەهرخواردنەکەی
لە چاوێکی سەڕاج
نیگەرانی و
لەچاوەکەی تریدا
پووچیی دەخوێنرایەوە

❋ ❋ ❋

دواتر سەڕاج
لە ڕیزی پێشەوە
لەبەردەم سەکۆی ئەبیقۆرسدا
ڕاما بوو
نازانم خەیاڵی لە
کراسە شینە کاڵەکەی شیلان دەکرد؟
یان وتەکانی ئەبیقۆرس
کە جەختی لەسەر
چێژی بەردەوام و باڵا
دەکردەوە

❋ ❋ ❋

سەڕاج پێشنیاری ڕەفاهییەتی
بۆ دیۆژین کرد
کەچی ئەو
تەمەننای لە سەڕاج کرد
بەری هەتاوەکە بەر دا



که خۆی لەبەردا هەڵخستبوو،
تەنانەت جامەکەشی فڕێ دا
کە بینی لانەوازێک
بە مشتی، ئاو دەخواتەوە

* * *


سەڕاج نەیدەویست
زینون لەبەر ئازاری
وەرگەڕانی پێی
کۆتایی بە ژیانی بێنێت
ئیدی سەڕاج
نەکەوتە ژێر کاریگەریی هیراکلیتۆسەوە
بێوچان میسالییانە
حەزی ئەزموونی ژیان
دەیرفێنێ

* * *

پێش گەڕانەوەی سەڕاج
بۆ نێو باخەکەی شەقڵاوە
مژیلی ئەوە بوو
چۆن لەگەڵ ئەبیقۆرسدا
لەسەر ڕێگای ڕەواقییەکان
بە ئەقڵی پەتی
مرۆڤ لە ترس قوتار کا
نەک تەنیا لە مەرگ
بەڵکوو لە ژیانیش.

# ڤەنیساندن

ئەحمەد قەرەنی



چرایەکی
پەردە ڕەشێن
تاریستانێ
کرنە ڕەزەک
خرگەهـ و ڕێ لێ خەملاندن..
گولەکا سۆر
گاڤێن ژییێ ڕوبیبارەکی
دسەولاندن..
ئاوازەکێ
هەناسەییێن
سەماوەرێ
دیوانەکێ دلۆراندن..
ئاسمانەکی
شەڤ و ڕۆژێن
کەمەربەندا بستا دلی
دزڤڕاندن..
دەنگڤەدانا
پێخوسکەکێ
فێنکاتییێن
بانێن بلند
پێ ڕاچاندن..
گوپال نڤست
توخیب نەمان
پێلێن ئاگرێ
برویسیەکێ
سوارچاکێن ڕۆناهییەکێ
پشت کەپرەکێ ڤەنیساندن..
یادگاران ژی
خوە گیڤ کربوون
بۆ بەستنا
گۆڤەندەکێ چاڤەڕێ بوون..!؟

# گەر زنجیرەکان بیانتوانیایە قسەیان کردبا

عارف ڤیقار(*)
لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵڵا سلێمان (مەشخەڵ)
(کەنەدا)



(١)
گەر بیابان بیتوانیایە قسەی کردبا،
پێی دەوتیت هەستی چۆن دەبوو
وەختێ تینووە و
هەورەکان دەبینێت و داناکەن

گەر هەژاران بیانتوانایە قسەیان کردبا
پێیان دەوتی هەستیان بەچی دەکرد
وەختێ شانبەشانی دەوڵەمەندان
لە هەژاریدا و لەیەک شاردا پێکەوە دەژین.

گەر زۆرایەتی کۆمەڵگە بیتوانیایە قسەیان کردبا
زنجیرەکانی هەژاری
پێیان دەوتی هەستیان بە چ دەکرد
کاتێ لەلایەن کەمایەتییەکی
جیاواز و دەوڵەمەند و دەستەبژێر حوکمڕانی دەکرێن

گەر زنجیرکراوێک بیتوانیایە قسەی کردبا
لێی دەپرسیت، ئاخۆ دەتوانیت دوای مردن
زنجیرەکان لە پێکانی توند بکرێت.

(٢)
**کۆمەڵگەی نایەکسان**
ئەگەر ڕاستەت نەبوو بۆ پێوانەکردنی هەژاری
ئەوە هەژاریت نییە و
کۆمەڵگەیەکی بێ چینایەتیت لە وڵاتدا هەیە

ئەگەر کەسێک نەبوو
جەماوەری بەرین بچەوسێنێتەوە

ئەوە یەکسانی چینایەتیت لە کۆمەڵگەیەکی بێ
چینایەتیدا هەیە

ئەمەش ناهاوسەنگییە و
نایەکسانییە لەنێوان زۆرینە و کەمینەدا

کەمینەیەک کە لەسەر ئارەقە و ڕەنجی زۆرینە
دەوڵەمەند دەبێ
ئەو هەژاربوونەی زۆرینەش
چینەکانن
دەوڵەمەند و هەژار و
کۆمەڵگەی نایەکسانییە.

(٣)

**سەرمایەداری و هەژاربوونی زۆرینە**

وەک چۆن ژیان پێویستی بە خواردنە
تا بژێت و گەشە بکات
سەرمایەدارییش پێویستی بە هەژاربوونی زۆرینەیە
تا بژێت و گەشە بکات

وەک چۆن ماسی پێویستی بە ئاوە
تا بژێت و گەشە بکات
سەرمایەدارییش پێویستی بە چەوسانەوەی
زۆرینەی کۆمەڵگەیە
تا بژێت و گەشە بکات

کێ پێویستی بە کێیە
دەوڵەمەند پێویستی بە هەژارە
یان هەژار پێویستی بە دەوڵەمەندە؟

گەر دەوڵەمەند، دەوڵەمەند نەبووایە
ئەوە هەژارانیش هەژار نەدەبوون

ئێستا بێژە کێ پێویستی بە کێیە؟

دەوڵەمەند پێویستی بە هەژارە
یان هەژار پێویستی بە دەوڵەمەندە؟

کەمایەتی پێویستی بە زۆرایەتییە
یان زۆرایەتی پێویستی بە کەمایەتییە؟

کە زۆربە هەژار نەبوونایە
کەمایەتیش کەمایەتییەکی دەوڵەمەند نەدەبوون

بەوپەڕی سادەییەوە هەژاری بێ پارەیی نییە
بەڵکوو چۆنایەتی ژیانی زۆربەیە
زنجیرەکانی ئابووری سەرمایەدارییش
زۆرایەتی کۆیلە بەرهەم دێنێت

(٤)

**ئازادی**

هەزاران هەزار تۆومان چاند
بەڵام گوڵەکان
گوڵی ئازادییان نەگرت

هەزاران هەزار هەنگاومان هەڵهێنا
بەڵام ئازادی نەهاتە ڕێمان

هەزاران کۆت و زنجیرمان پساند
بەڵام هێشتا زیندانین و
خۆ دەبینین
بەدوای ئازادیدا وێڵین

هەزاران هەزار هۆکارمان ڕیز کرد
کەچی ئێستاش ناتوانین
وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە
بۆچی ئازاد نین، ئازادی.

(٥)

## ڕەنگەکانی شۆڕش

سوور
ڕەنگی خوێنە
ئەو خوێنەی
کە لەپێناو شۆڕشدا ڕژاندمان

سوور ڕەنگی ئاڵایە
ئەو ئاڵایەی
لەژێریدا بۆ شۆڕش خۆپیشاندانمان کرد

سوور ڕەنگی گوڵی شۆڕشەکانە
لەو تۆیانەی کە لە پێناو شۆڕشدا
لە جەستەی خۆمانمان چاند

سوور ڕەنگی خۆرە
ئەو هەتاوەی لەژێریدا ڕێپێوانمان کرد
لەپێناو شۆڕشدا.

(٦)

## پێی وتم

ئەو شۆڕشگێڕ بوو؛ خۆشی ویستم
سبەینانێک،
بەدەم چرپاندنی ئەم وشانەوە جێی هێشتم
(ڕۆژێک دێت ئازاد دەبین و یەکتر دەبینینەوە
جارێکی تر دەتوانین یەکمان خۆش بوێت
فرمێسکەکان و
پێکنینەکان و
جیهان لە باوەشی یەکتر ببینین
یەکترمان خۆش بوێت و جارێکی تر
بۆ هەمیشە لەگەڵ یەکتر بژین و لێک جیا
نەبینەوە
وەختێک ئازادی جارێکی تر
لەم سەرزەمینەدا دێتە دی.)

ئەوجا ڕۆیی
نە ئازادی هاتە دی و
هەرگیز ئەویش نەگەڕایەوە.

(*) عارف ڤیقار کە ماوەی ٣٣ ساڵە نزیک بە هەزار شیعری نووسیوە، دەڵێت: (من شاعیری پاکستانیم، شیعرەکانم ڕەنگدانەوەی واقیعیەتی هەست و سۆزی ئینسان و جیهانە، بەو جۆری کە دەیبینم، تەنیا ڕەنگدانەوە و دارشتنی شیعرییە بۆ ئەو نووسینانەی ئاوێتەی فەلسەفەن تاکوو کار بکەنە سەر زنجیرەی بیرکردنەوەت، ئەوجا بیربکرێتەوە کە بۆچی شتەکان بەم جۆرەن و تا سەرەنجام تۆش بگەیت بە ئەنجامی فەلسەفییانەی خۆت.
من فەیلەسووف نیم، بەڵام شیعرەکانم هەڵگری جیهانی واقیعی و هەستیارن. من بەو جۆرەی کە دەبینم و بیردەکەمەوە، ئەم بیرکردنەوەیەم لە شیعرەکانمدا ڕەنگ دەدەنەوە. شیعرەکانم ئاوێنەی کۆمەڵگە و جیهان و ژیان و ئەزموونی شەخسی خۆمن. شیعرەکانم بۆ ئامۆژگاری و تەمبێکردن و ڕاستکردنەوە نین، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕی ئەو کەسە بیرکەرەوەیەن کە ڕۆژانە بەئەقڵ و دڵ و بیروباوەڕێکی ئازادەوە بیر دەکاتەوە و هەست بە ژیان دەکات، تا لە شیعرەکانم جەوهەری ئەوەی کێم و بۆچی و لەبەرچی دەژیم و بۆ هەم، نیشان بدەم.
بەلای منەوە من خۆم هیچ نیم، شیعرەکانم شوناسی منن. شیعرە دڵشادەکانم پێکەنینەکانمن و شیعرە دڵتەنگەکانیشم فرمێسکەکانمن. لە هەر شیعرێکمدا گوڵێک لەدایک دەبێت، پاشان دەمرێ و دوای مردنی هەر گوڵێک، دەبێتە تۆو، ئەوجا تۆوەکەی دەبێتە گوڵی شیعری تازە و نوێ- ڕەنگدانەوەیەکی نوێ کە من کێم- بۆیە شیعر و قەسیدەکانم هەموو شتێکی منن.

**سەرچاوەکان: سایتی گۆڤاری ستراگڵ**
Struggle, A Magazine of Prolitarian Revolutionary Literature
/https://www.strugglemagazine.net

**١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٨٣.**



# سروودی تۆڵە

قادر عەلیخا
(بۆکان)

منداڵ بووم کە ناویم بەر گوێ کەوت. لەوانەیە بڵێم هەشت ساڵم تەمەن بوو. ئەو کاتەی کاک باییز باسی وێنەکەی دەکرد. پیاوێکی بە هەیبەت و جوامێرم لە بەر زەیندا دەگوورا. وێنەیەکیان بە جلوبەرگی سەردەمی ئەسکەرییەکەیەوە گەورە کردبووەوە و دوو کەس هەڵیان گرتبوو، لە پێش خەڵکەوەوە دەڕۆیشتن. پێم خۆش بوو وێنەیەکی بۆ هێنابایین و بە دیواری نێوماڵەکەوە هەڵمان واسیایە و هەموو بەیانییەک لەگەڵ لە خەو هەستان چاوم ببڕیایەتە نێو چاوی و تێر بە دڵی خۆم لێم ڕوانیبایە. ماڵمان لە دێ بوو، لەبەر ئەوەی قوتابخانە داخرابوو، بە ڕۆژ دەچوومە لای بەرغەل.

دەمەو ئێوارە بەرخەکانم داکرد. وڵات تاریک داهاتبوو ئەگەر بەرخەکانم کردە نێو هۆڤەکەوە، هەتا ئەستێرە هەڵنەهاتبایە، بەرغەلم نەدەبردەوە نێو دێ. لە سەر تورومپاکە دەم و چاوم شۆرد و چوومە ژوورەوە. لەو دیوی چرا گڕسۆزەکەوە چاوم بە ڕوخساری کاک باییز کەوت. شەوقی چراکە لە سەرە بێ تووکەکەی دیار بوو. خاڵۆزازای بابم بوو. کوڕی خاڵە سمایل. ماڵیان لە شار بوو. پانتۆڵ و کراسی دەفرۆشت. دوو تەلیس لیباسی پێ بوو. لەولای هەرزاڵەکەوە لەسەر یەکی دانابوون. پێش ئەوەی ماچم کات کوتی: «ماشەڵڵا لەو کوڕە جوانە. شکور بووەتە پیاو». دیار بوو پێش ئەوەی من بچمە ژوورێ، لەسەر بابەتێک قسەی بۆ بابم کردبوو. بابم مێزەرەکەی

داگرتبوو لەو لای خۆیەوە دایناببوو. جار جارە دەستێکی بە تووکەسەرە ماش و برنجییەکەیدا دێنا.

هێشتا بە تەواوی لە ماچ کردنەکەی من نەبووبووەوە، درێژەی بە قسەکانی دا: «لەگەڵ دوو کەسی دیکە بوو. ئەوانیش ئازا و نەترس و کورە کورە بوون. دوێنێ ناشتیانن. لەبەر ئەوان دوێنێ نەهاتم. دەنا بڕیار بوو دوێنێ لە حەسار دەرکەوم. خەڵکێکی زۆری تێ ڕژابوو. دەتکوت ڕۆژی حەشرە. لە هەموو شارەکانەوە هاتبوون. هەر لە مزگەوتی جامیعەوە هەتا قەبران بە شان بردیانن. شەقام و کۆڵان هەر جمەیان دەهات. دوای ناشتنیان هەزاران کەس سروودی تۆڵەیان لەسەر خوێندن». چاوی لە بابم کرد و کوتی: «ئاوایە کاک ڕەسووڵ گیان. خەبات خوێنی دەوێ».

دوایی کە گەورە بووم زیاترم ناسی. لە زۆر کۆبوونەوەدا گوێم لە ناو و نێوبانگی دەبوو. باسی ئازایەتی و جوامێری و جوان چاکی ئەو دەکرا. هەر بە چاکە و ئازایەتی نێوی دەهات. دیار بوو خەڵک چەندەیان خۆش ویستووە. چەندەیان ڕێز لێ گرتووە. ئێستا دراوسێیەکمان هەیە دەڵێ: «کوڕی هەموو ماڵێک بوو. هەموومان وەک یەک شانازیمان پێوە دەکرد و وەک یەکیش بۆی بە داخ و ڕەشپۆش بووین». هەر جارێک کە باسی دەکرا، پێم خۆش بوو جارێک بچمە سەر گۆڕەکەی و بزانم لە کوێ نێژراوە، بەڵام لە هیچ کەسم نەبیست شوێنی گۆڕەکەی بزانێت. هەتا ئەو ڕۆژەی بە بۆنەی ناشتنی تەرمی دایکی زانای هاوڕێمەوە. چووینە گۆڕستانی شار. گۆڕستانێکی پانوبەرین. بە هەزاران گۆڕ لە پەنای یەکدا ڕاکشابوون و بووبوونە ماڵی کەسانێکی وەک دایکی زانا. ئەوانەش ڕۆژێک هێناویانن و لێرە بە خاکیان ئەسپاردوون و ڕۆیشتوون.

ئێمە زووتر لە تەرمەکە گەیشتینە سەر قەبران. لەگەڵ «دیاکۆ و ڕاسان»دا لە خەڵکەکە دوور کەوتینەوە و بە نێو قەبرەکاندا کەوتینە گەڕان. چاومان لە وێنە و نووسراوەی سەر کێلەکان دەکرد. پیر، لاو، منداڵ. ژنی جوان و جەحێڵ. هەر وێنە و باسی لە ژیان و ڕوخساری مرۆڤێک دەکرد کە سەردەمێک وەک ئێمە ژیاوە و ئێستا نێوێک و کێلێکی لەو دنیایە پێ براوە. دیاکۆ کوتی: «زەمانێک دێ ئەوانەشیان لێ دەسێنن. زۆربەی قەبرستانەکان دوای ماوەیەک تەخت دەکەن و دەیانکەنە پارک. ڕۆژێک ئێرەش وای لێ دێ. پارکی ئاوێنەش سەردەمێک قەبرستان بووە.

هەر وا کە بە نێو گۆڕەکاندا دەڕۆیشتین، چاومان لە کێلەکان دەکرد، گەیشتینە نێو کۆمەڵە گۆڕێک. بە تەواوی لە بیر کرابوون. نە کێلێکی وایان هەبوو، نە گوڵێکیان لەسەر ڕوابوو. گژوگیا داپۆشیبوون. کێلە کورتەکانیان لەوانە بوو ببن بە ژێر خاکەوە. بیرم لەوانە دەکردەوە، ئەمانە بۆ ئاوا بێ نازن؟

دیاکۆ کوتی: «من دووجاری دیکە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەم، هاتوومەتە ئێرە. ئەمانە زۆر لە مێژ نییە لێرە نێژراون، بەڵام لەبەر هەندێک هەلومەرج خزم و کەسەکانیان ناتوانن کێلیان بۆ ساز کەن و گوڵیان لەسەر داچێنن. هەرچەندە زۆر جار دێنە سەردانیان، تەنانەت لە ڕۆژانی تایبەتدا گۆڕەکانیشیان گوڵباران دەکرێن».

بە دەم قسەکانی دیاکۆوە بە نێو گۆڕەکاندا هەنگاومان دەنا. هەندێک لە کێلەکان نێوەکانیان لەسەر نووسرابوو. نێوەکان کاڵ بووبوونەوە. هەندێکیان هەر سڕابوونەوە و هیچ دیار نەبوو، بەڵام هەندێکیان نێوەکانیان ڕەنگ کردبوونەوە و دەخوێنرانەوە. چاوم بە کێلێک کەوت. نووسراوەکەی دیاربوو، بەڵام لەبەر گژوگیا نەدەخوێنرایەوە. لێی

چوومە پێشێ و بە دەست گژوگیا زەردەکەم لادا و خوێندمەوە. بە دیتنی نێوەکە کسپەیەک لە دڵمەوە هات: چوومەوە سەردەمی منداڵی و کەوتمە بیری قسەکانی کاک باییزی خاڵۆزای بابم. ئەو ڕۆژەی بە بۆنەی کووتاڵ فرۆشتنەوە هاتبووە ماڵمان و باسی ناشتنیانی دەکرد و لە جوامێرییان دوا. وێنەی ئەو لە بەر زەینمدا کێشابوویەوە هاتە بەر چاوم و تاساندمی. وێنەکە لە زەینم هاتە دەرێ و نیشتە سەر بەردی کێلەکە و چاوی لە چاوم بڕی. دیاکۆ هاتە پێشێ و چاوێکی لە من و چاوێکی لە نێوی سەر کێلەکە کرد:

– نێوت بیستووە؟

– زۆر لە مێژە لەگەڵ نێوەکەی ئاشنام، بەڵام نەمدەزانی لێرە نێژراوە.

– ئەی بۆ قەت باست نەکردووە؟ خۆ من دەمزانی لێرە نێژراوە.

– زۆر منداڵ بووم خاڵۆزایەکی بابم هاتە ماڵمان. ئەو کاتە لە دێ دەژیاین. ڕۆژێک دوای ناشتنی ئەم و هاوڕێکانی هاتە ئەوێ. ئەو باسی ئازایی و جوامێری و بوێری ئەمانی کرد و لەو کاتەوە هەر لە بیرمە و لە یادم نەکردووە. نەمدەزانی لێرە نێژراوە. دەنا هەموو ساڵێک دەهاتم و گۆڕەکەیم گوڵباران دەکرد.

دیاکۆ کوتی: «هەتا ئێستا دوو کەڕەت لە ڕێوڕەسمی گوڵباران کردنی گڵکۆیاندا بەشداریم کردووە، لەمەولا ئەگەر هاتین بە تۆش دەڵێم».

چاوێکم لای قەبرەکەی دایکی زانا کرد. هێشتا جەنازەکەیان نەهێنابوو. بە پەلە گەڕامەوە. ڕاسان و دیاکۆم بە جێ هێشت و خۆم گەیاندە بەر درگەی گۆڕستانەکە. لە گوڵفرۆشییەکەی بەر دەرکی گۆڕستان چەپکە گوڵێکم کڕی و هاتمەوە. لە گەڕانەوەدا چاوم بە پیاوێک کەوت لە لای کوڕەکان ڕاوەستا بوو. دیاربوو لەو ماوەی من ڕۆیشتبووم، ئەو پیاوەش چووە بۆ لایان. پیاوەکە هاوتەمەنی بابم و کاک باییز بوو. کاتێک لێیان چوومە پێشەوە گوێم لە دەنگی بوو. دیاربوو قسەی بۆ ڕاسان و دیاکۆ دەکرد. قسەکانی لە سەر کەسایەتی نێو گڵکۆکە دەکرد. نازانم پێشتر چی کوتبوو! بەڵام کاتێک من گەیشتمە لایان دەیکوت: «ئەوانە سێ کەس بوون. لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ نێو شار دوژمن بۆسەیان بۆ دەنێتەوە. ئەوانیش بێ ئاگا لە پیلانەکە بە ماشێنێکی جیپ وەک زۆربەی ڕۆژەکان بەرەو نێو شار دەبنەوە. بەداخەوە دەکەونە بۆسەکە و گیانیان فیدای نیشتمان دەکەن.»

ڕاسان و دیاکۆ و پیاوەکە کە بە دیار گۆڕەکەوە ڕاوەستا بوون، بە دیتنی چەپکەگوڵەکە ڕەنگیان سوور هەڵگەڕا. هەرکە من گەیشتمە لایان و ئەوانیش وەک سەربازێک قیت ڕاوەستان. منیش چوومە نێوەڕاستیان و قیت ڕاوەستام. خەڵکەکەی لای قەبرەکەی دایکی زانا خەریک بوو پەرەیان دەسەند. دیار بوو خەریک بوو تەرمەکەی دەگەیشتە سەر قەبران. بۆ ئەوەی لە ناشتنەکە وەدوا نەکەوین، هەرسێکمان چەپکە گوڵەکەمان گرت و بە ئەدەبەوە نووشتاینەوە و لەسەر سنگی گۆڕەکە دامان نا و کوتمان: «یادت هەرمان و سپاس لە جوامێری و ئازایەتی و بوێریت پیاوە ئازاکەی نیشتمان».

کاتێک سەرم هەڵێنا دیتم پیاوەکە لێمان دەڕوانێت و چاوەکانی پڕ بووە لە فرمێسک. بێ ئەوەی قسەیەکی دیکەمان لەگەڵ بکات، دەستی برد و لە پشت بزەکاڵەکەی سەر لێویەوە، فرمێسکەکەی سڕی!

٢٧٢١/٥/١٠



# گوندی سێ بەختان

سەلمان شێخبزێنی
(کەرکووک)

بەڵام هێشتا لێرە.. بۆنی ئارەقی کۆچ و بۆنساردی تەرمی لێ دەهات!.

پیاوێکی تەنیا تەمەن مامناوەند، لەسەر گردۆڵکەیەک دانیشتبوو، دوو گردۆڵکەی تر لەم دیو و لەو دیویدا، گژوگیا داپۆشیبوون، ئەولاتر سێ مانگا ڕەش و سپی و زەرد، دەلەوەڕان. سڵاوم لە پیاوە تەنیاکە کرد، سڵاوی دامەوە، هەڵسا و بەخێر هاتنی لێ کردم. چاوم لە قەد و باڵای بڕی، گوتم: برام، جەمەدانییەک لە مل و یەک لە سەرتە، یەکیش لە پشتت؟ گوتی: «ئەمە مێژووی ئێرەیە». کەمێک لێم ورد بووەوە، گوتی: «تۆ خەڵکی ئەم ناوە نیت؟» گوتم: بەڵێ بۆ سۆراخی ئەو مێژووە هاتووم، چۆن یارمەتیم دەدەیت؟ گوتی: «وردەکاری نازانم، بەڵام ئەوەندەش بێ ئاگا نیم لە گوندەکەی خۆم، تەنیا مەپرسە: ناوی گوند لە چییەوە هاتووە! ئەودووا ئەوەی بینیومە و بیستوومە بۆتی دەگێڕمەوە، ئەگەر بیکەیتە کتێب، ئەوە هەر زۆر دڵخۆشم دەکەیت.

دانیشتم، چوو کترییەکی بەدووکەڵ ڕەشبووی هێنا، ئاوی لە کتری کرد و سێ پایەکی چەقاند، کتری لێ بەدارا کرد، دار و چیلکەی لە بن دانا و ئاگری تێ بەردا، هەر زوو ئاگر گەشەی کرد و ئاوی ناو کتری کوڵا، گەڵا چای تێکرد و چای دەمبوو، دوو پەرداخەچای تێکرد، گوتی: «تەماشاکە... ئەمە یەک و دوو سێ گردۆڵکەی خۆڵە، ئاسەواری سێیەم جار و دوا جاری ڕووخانی گوندەکەمانە، سێ بەشی خەڵکی گوند بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و لەناوچوون! تا

ئەمڕۆکەش ئەو خەڵکەی گوند چاویان بەرایی نادات بگەڕێنەوە گوندەکەیان، چونکم لەهەر چاو کردنەوەیەک، سەر هەڵبڕینێک و هەڵدانی هەنگاوێکدا، بەسەر شوێن و یادەوەرییەکانی ئازیزانیان دەکەون. تەنیا منم بە چاو قاییمی لێرەم، شوێن و مانەوەم ئەشکەوتی (دەمان)ـە، دەستی بۆ ئەشکەوتەکە درێژکرد.

شاخێکی نزمی درێژکۆلە لە پشتی کۆنە گوندەوە دیاربوو، لە دامێنیدا سێ ئەشکەوت هەبوون، ئەشکەوتی ناوەڕاست گەورەتر بوو، لای ئێمەوە وەک ڕوخساری مرۆڤێکی ماندوو دەینواند، لەبەر ئەوەش ناویان لە شاخەکە نابوو (شاخی دەموچاو)، بەستێک لە هەردەکانەوە درێژ دەبووەوە، لە پشتی کۆنەگوند دەبووە دوو بەستی بچووکتر، گوندەکەی دەکردە سێ بەشەوە، دەڵێن: تەنیا سێ مانگەی بەهار ئاوی پێدا دەڕوا. سێ کانی لە دەوروبەری کۆنەگوند سێگوچکەیی دامەزرابوون، سێ جۆگەلەی باریک و درێژیان دروستکردبوو، دەگەیشتنە کۆنە گوند، هەر کانییە و سێ دارتووی بە تەمەنی لەسەر چێنرابوو.

سێ ڕێگەی سەرەکی لە کۆنەگوند دەبووەوە، لای خورهەڵاتەوە بە تەک چەند گوندێکدا بە شار دەگەیشت. لای خۆرئاوا، بە تەک چەند گوندێک بە شارۆچکەکە دەگەیشت. ڕێگەی دامێنی کۆنەگوند دەشتاییەکەی دەبڕی بۆ ناو چەم و دەم ڕووبارەکە. ڕێگە و ڕێچکەکانی سەرکانی و دەرودەشتی شادەماری ژیان بوونە لە گوند. سێ ڕیزە ژاڵەی لێوار جۆگەلەی کانیاوەکان خۆیان لە گوڵدابوو، سوور، سپی، سووری کاڵ. کۆنەگوند، سەرەڕای جوانی سروشت و هەڵکەوتەی، بەڵام هێشتا لێرە.. بۆنی ئارەقی کۆچ و بۆنساردی تەرمی لێ دەهات!.

پیاوە تەنیاکە کە هەر ناوی خۆی بە من نەگوت. دوای چا خواردنەوە، کەوتە گێڕانەوە، گوتی: «لە زەمانی زوو سێ برا ڕەوەند بوونە، لێرە بنە و بارگەیان خستووە، زەوییە تەختانییەکانیان کڕیوە و ئەم گوندەیان لەسەری دامەزراندووە. سێ ڕانە مەڕی گەورەیان هەبووە، هەر ڕانە و سێ شوانی لە دوا بووە، بە سێ سەگی درەوە، لە پشتی شاخی (دەموچاو) سێ پەچان هەیە بۆ دانگەدانی ڕانەکان وەختی شەوبەکێو. کە نەوەی سێ براکە زۆر بووە، گوندەکە بووەتە سێ بەش، سێ دیوەخانیان لێ کردووە، یەک مزگەوتی هەبووە، شەرع ڕێی نەداوە بیکەنە سێ، میری لە موختارێک زیاتری بۆ دانەناون، پێش ڕووخاندنی سێ ئەنجوومەنی بۆ دانرابوو. پیاوە بەتەمەنەکانی سێ ژنیان هێناوە، تەسبیحەکانیان سێ گورینگی پێوە بووە، لەپاڵ یاری دامە، حەزیان لە سێ ڕیزکان بووە، لە زەماوەند و هەڵپەڕیندا زۆرتر سێ پێییان کردووە. ژنەکانیان سێ خاڵیان لە چەناگەیان کوتاوە، سێ تاک بازنیان لە دەست کردووە. کچان، هەوری و تورمەیان لەسەر بەستووە، کە سێ ڕەنگی ڕەش، سوور، زەرد بووە. کوڕان، جگە لە یاری کلاوێن شەوانە دەکرا.. بە ڕۆژ سێ بەردان و سێ بازییان دەکرد. سێ ساڵ بوو شەڕی عێراق ئێران دەستی پێ کردبوو، سێ کوژراو بۆ گوند هاتبووەوە، لە گۆڕستانی گوند بە تەنیشت یەکەوە نێژرابوون، دوو بریندارییش یەکیان چاوێکی، ئەوەی تر دەستێکی لە ئانیشکەوە لەدەستدا بوو. ئەم زیانە ڕوحی و جەستەییانە گوندەکەمانی پرسەدار کردبوو.

حاجی خەلیل، لەسەر کۆتەڵە دارێکی ئەستوور دانیشتبوو، پاڵی بە دیواری مزگەوتەوە دابوو،

بۆ کەسەکانی تەک خۆی دەڵێت: «ئەم شەڕە پێناچێت وا زوو ڕاوەستێت، تادێت کوشتار و برینداری زۆرتری لێ دەکەوێتەوە، پیاوانی حزب و حکوومەت کەوتوونەتە گرتنی دایک و باوکی سەربازانی هەڵاتووی شەڕ، دڵنیام سەربازەکانی گوندەکەمان ڕانەکەن کەسیان بەساغی ناگەڕێنەوە. جەوهەری کوڕم لە مەشقدایە، گەر ڕەوانەی یەکە سەربازییەکان بکرێت ناهێڵم بڕواتەوە، بابێن من و خوناو بگرن». یەکێک گوتی: «ئەو سەربازە هەڵاتووانەی خەڵکی شار و نزیک شارن، دەبنە پێشمەرگە، دوێنێ شەو هاتنە گوند لەو سەربازانەیان لەگەڵدابوون بێ چەک بوون. حاجی خەلیل گوتی: «بۆ بەیانی زوو موختار چووە شارۆچکەکە و هەواڵی دا، بە دوای ئەودا سێ کۆپتەر هاتنە ئاسمانی گوندەکەمان، بەسەر چەمەکەدا سووڕانەوە و بۆردومانیان کرد، کەپر و مەکینەی جووتیارانیان سووتاند». ڕەشیدی خاڵم گوتی: «ئەم جارە بێنەوە موختار لێدان دەخوات». حاجی خەلیل وڵامی دایەوە: «نا خۆیان مۆڵەتیان پێ دا بچێت هەواڵ بدات».

جەوهەری ئامۆزام مۆڵەتی دە ڕۆژی وەرگرتبوو، ئێوارە بە پیکابە جێمسییەکەی سەروەری زاوامان هاتەوە گوند. شەو لێی گردبووینەوە، ئەو بەسەری تاشراوەوە، ئێمەش پرچ پژ و پرچ درێژ، بە گاڵتەوگەپ شەومان ڕاکێشا، جەوهەر ناوە ناوە پاکەتی دیمۆرە و بولغاری دەشکاند و جغارەی دابەش دەکرد، گوتە و گێڕانەوە درێژەی کێشا تا گەیشتە باسی نێوان جەوهەر و (ئاورینگ)، کە لەسەر لانک پێشکەش کرابوو، لەو سێ بەگایەتییەی نێوان خوارزا و میمکزا و ئامۆزا... ئاورینگ مابوو بە جەوهەر بدرێت. لەبەر مۆڵەتە دە ڕۆژییەکەی جەوهەر، هەموو کارەکان پەلەیان لێ کرا، ئێوارانێک شەکراو خورایەوە و بەیانی جلک و جیهاز لە شار کڕران.

دەمەو ئێوارەیەک سەرەتای وەرزی پاییزبوو، ڕان و گاڕان گەیشتنەوە ئاوایی، دووکەڵی ئاشخانە و باریکە دووکەڵی سۆبەی لوولەدار بەرز دەبووەوە، فانۆس و لامپای دوو هۆدە و دیوەخان لە پەنجەرەوە ڕووناکییان دەبەخشی.

سێ لۆکس پێ کرابوون، یەک لە ماڵی بووک یەک لە ماڵی زاوا، یەکیش لە هەیوانی مزگەوت. لەشکر هەر خەڵکی گوندبوو، لە بانگهێشتی خەڵکی دەوروبەر خۆیان بواردبوو، بەربووک لە نیوەڕۆوە بە مەنجەڵە گۆشتەوە چووبوو بۆ ماڵی بووک، نوێژی شێوان بە جەماعەت کرا و سینییە شیو بۆ پیاوان هاتە مزگەوت. نان خورا و سینییە جغارە گێڕدرا، بەدوایدا چای دانرا. لە حەوشی ماڵی زاوا نان خورا و قاپوقاچاخ کۆکرایەوە، لەشکر ئامادەبوو، زاوا ڕانک و چۆغەی لەبەر کرد، کڵاشی کردە پێ و جەمەدانی لەسەر بەستەوە، پشتدێنێکی ڕەشی گوڵ سووری لە پشت کرد، لە پێش ماڵی خۆیان بۆ پێشوازی لە بووک ڕاوەستا، پیاوانی بەتەمەن لە دیوەخانی مزگەوت مانەوە لەگەڵ باوک و براکانی بووک. لەشکر بێدەنگ و هەرا بۆ ماڵی بووک بەڕێکەوت.

تازە مانگ خۆی لە کەل دابوو دڕی بە تاریکی شەوەکە دەدا، سێ فانۆس بە دەستی سێ کچەوە، یەک لە ئەملای لەشکر و یەک لە ئەولای لەشکر، یەکیش لە پێشەوە دەڕۆیشتن، کچەکان جارجارە فانۆسەکانیان لە ڕوخساری خۆیان نزیک دەکردەوە تا کوڕان سەرنجیان بدەنێ.

من، وەک نزیکترین هاوڕێ و ئامۆزای جەوهەر

لـە پێشـی لەشـکرەوە گەیشـتمە ماڵـی بـووک و ئاوێنـە قـەد باڵاکـەم لـە کۆڵ نـا، سێ بوخچـەش درایـە دەسـت سـێ کچـەوە، ژنێـک سـندووقی هوردەواڵەکـەی هەڵگـرت. بـووک لەبـەر هەیوانـی ماڵـی خۆیـان لـە نێـوان بەربـووک ڕاوەسـتابوو، بـووک بەجلـی کـوردی خەملێنرابـوو، کـراس و کـەوای پۆشـیبوو، پێـڵاوی پاژنەبـەرزی لـە پـێ کردبـوو، کۆڵوانـەی دابـووە سـەر شـانیدا، کڵاوێکـی پلێپڵـەداری لەسـەر نابـوو، گـوارە و بەنگوارەی لـێ دابـوو، ملوانکـەی زێـڕ و مەرهـەم و مێخەکـی لـە مـل کردبـوو، پشـتدێنی زیـوی لـە کەمـەری تونـد بەسـتبوو، بـازن و دەسـتەوانەی لەدەسـت و قامکەکانـی دوو دەسـتی، یەکـە و سـێ ئەنگوسـتیلەی پێـوە بـوو، تارایەکـی سـووری بـە سـەردا درابـوو، لەبـن تاراکـەوە هـەر بزەخەنـدەی دەهـات.

لەکاتـی بەڕێکەوتـن، ئاوڕی لە دایک و خوشـکانی دایـەوە، فرمێسـکی هاتنـە خـوارەوە، ژنێـک لـە لەشـکر گوتـی: « چییـە کچـم دەڵێـی بـۆ وڵاتـی غەریبـان دەچیـت؟ خـۆ ئێـوە تەنیـا بەسـتەکەتان بەینـە.» بـە بێدەنگـی، بـووک لەنێـوان بەربـووکان کـە یەکـە و دەسـتێکیان گرتبـوو بـەڕێ کەوتـن، دەنگـی پـێ و خڕخاڵـی بـووک لـە لەشـکری جیـا دەکـردەوە. لـە حەوشـی ماڵـی بـووک دەرچوویـن، ئاوێنـە بـە کۆڵـەوە کەوتمـە پێـش بـووک، چەپڵـە و شـەمامە بووکێ بـە نزمـی دەسـتی پێ کـرد. زاوا لەگـەڵ دایـک و باوکیـدا چاوەڕێـی بووکیـان دەکرد، بـە نزیکبوونەوەمـان دایکـی زاوا قاپێـک شـیرینی و گەنمـی دایـە دەسـتی زاواوە، گوتـی: «کـوڕم، بـڕۆ سـەربانی قەنتەرەکـە بەسـەر بووکیـدا بکـە.» زاوا چـووە سـەربان و گەنـم و شـیرینی بەسـەر بووکـدا هەڵـدا، مـن، لەسـەر دەرگـەی حەوشـە پێـم ڕەتـاو بـە ڕوودا کەوتـم، ئاوێنـە لـە کۆڵـم قرچـەی هـات و شـکا و بـووە سـێ پارچـە، تەلیسـمی شـکانی ئاوێنەکـە هەمووماننـی نەخـۆش خسـت! دایکـی زاوا پارچـەی ئاوێنەکـەی هەڵگرتـەوە و گریـا، گریـا و بەسـەر پارچـە شووشـەکاندا هەڵیـدا، ئیتـر مـن، لە خـەم و شـەرمەزاریدا لەشـکر و ماڵـی مامـم بەجێ هێشـت، لـە گوندەکەمـان وەک نەفـرەت لێکراوێـک وەلاوە نـرام. بەیانـی گەنجـان و هاوتەمەنەکانـم، بێ مـن چـوون بـۆ لای بـووک و زاوا، شـیرینییان خـوارد و دیارییـان وەرگـرت.

بیسـت ڕۆژ دوای ڕۆیشـتنەوەی بـۆ بنکـەی مەشـق، جەوهـەر نامەیەکـی نـاردەوە، حاجـی خەلیـل نامەکـەی بـە مـەلا ڕەحیـم خوێنـدەوە: (بەنـاوی خـوای گـەورە و میهرەبـان، بـۆ باوکـی خۆشەویسـتم، دەسـتی تـۆ و دایکـم مـاچ دەکـەم، چـاوی بـرا و خوشـکەکانم مـاچ دەکـەم، نێـو چاوانـی ئاورینـگ مـاچ دەکـەم، ئەگـەر لـە ئەحواڵـی مـن دەپرسـن؟ سـپاس بـۆ خـوا زۆر باشـم، باشـی ئێـوەش لـە یەزدانـی مـەزن داواکارم، هەروهـا سـەلام لـەو کەسـە دەکـەم کـە نامەکـەم بۆتـان دەخوێنێتـەوە). دوای ئـەو ڕۆژە.. دوو مانگ زیاتـر دەبـوو جەوهـەر، نـە بەمۆڵـەت هاتبـووەوە، نـە نامەیەکـی هاتبـوو، نـە سـۆراخی دەزانـرا، بێ هەواڵیـی جەوهـەر ماڵـی مامـی پەرێشـان کردبوو.

«ئـەو ڕۆژەی ئۆتۆمۆبیلـە نەناسـراوەکە لای ماڵـی ئێمـە ڕای گـرت». مامـۆژن ڕێـزان زڕدایکـی جەوهـەر، وای گـوت و بـە درێـژی گێڕایـەوە: «بەیانـی سـەر ماسـتەکەم هەڵدایـەوە هەڵپڕووکابـوو، ئاورینـگ، ملوانکـە گۆیەکـەی پسـابووەوە، گۆیەکـی بـزر کردبـوو، هێنـدەی لـێ گەڕابـوو نەیدۆزیبـووەوە.. ڕیـزە چایەکـی بـۆ نانـی بەیانـی تـێ کـرد، وای زانیبـوو شـەکرە خوێـی لـە پیاڵـەکان کردبـوو. دایکـی جەوهـەر گوتی: خێربێت خودایـە ئەمشـەو لـە خەونمـا ددانێکـم کەوتبـوو!

خێرا چوو دوو مریشکە سەرەکەی سەربڕی کە لە ئێوارەوە کەوتبوونە بانگدان. سەگەکانمان شەوێ کەوتبوونە لوورەلوور، حاجی خەلیل بە گۆچانەوە کەوتە وێزەیان. کوندەبوویەک دوو شەوبوو دەهاتە سەر دوو هۆدەکەمان و تا بەیانی دەیخوێند. شیری ئەو بەیانییەشم لەسەر ئاگربوو، ئاورینگ بانگی کردم گوتی: شیرەکە هەڵچوو ئاگرەکەی کوژاندەوە، ڕامکرد بۆ لای مەنجەڵە شیر، لەحەوشە پۆلێک لە کۆترەکانمان هەڵفڕین، سێ پەڕیان لە حەوا لێ بەجێما، بەخولانەوە گەیشتنە سەر زەوییەکە، پەڕەکان سپی و ڕەش و شین بوون، چوومە دەرەوە، پشیلەیەکی ڕەش پشتی لەمن بوو غاری دەدا، شتێک بە دەمیەوە بوو، خۆی کرد بە کۆڵاندا، زانیمان کۆترە تایبەت و خۆشەویستەکەی جەوهەری بردبوو.!

ئێوارە ئۆتۆمۆبیلە نەناسراوەکە لەبەر ماڵمان ڕاوەستا، هەمووومان غارماندایە دەرەوە، لەسەر دەرگە سەرسام چاومان لە ئۆتۆمۆبیلەکە بڕیبوو، پیاوێک لێی دابەزی، داوای یارمەتی لێمان کرد، نەک نەمانتوانی بچین بەدەمیەوە.. هەمووومان چۆکمان شل بوو، نیشتینە سەر زەوییەکە! پیاوەکە، گەڕایەوە لای ئۆتۆمۆبیلەکەی، شتێکی لە خام پێچراوی دەرهێنا، لەسەر هەردوو مەچەکی داینابوو هێنای بۆلامان! چاومان بەوە کەوت دامانە قوڵپی گریان، حاجی خەلیل، بە گۆچانەکەی دای بەسەر خۆیدا، دایکی جەوهەر، دوو قامک پرچی لەسەر خۆی ڕنی و لەنێو دەستەکانی نابوو، ئاورینگ، بە نینۆکەکانی ڕوخساری خۆی کردە برین و پێستی ڕوومەتی بۆلای چەناگەی هێنا. پیاوەکە بەو حاڵە ئێمەی بینی.. پاشەوپاش کشایەوە، شتە بەخام پێچراوەکەی لەسەر بۆنیتی ئۆتۆمۆبیلەکەی دانا، بە دەنگی بەرز و بە عەرەبی بۆ ئێمە دووا و ناوی جەوهەری هێنا، مەلا ڕەحیم کە گەیشتبووە لای ئێمە گوتی: «ئەو پیاوە دەڵێ جەوهەر زیندووە.» پیاوەکە دەرگەی ئەودیوی ئۆتۆمۆبیلەکەی کردەوە، بە پێشی ئۆتۆمۆبیلەکەیدا سووڕایەوە بەرەو لای ئێمە، جەوهەر دەرکەوت، دوو دارشەق لە بنباڵی، پێیەکی لە ڕانیەوە پێوە نەبوو، ڕەنگ زەردو لاواز، ڕوو لە ئێمە ڕاوەستا فرمێسکەکانی سڕی و زەردەخەندەیەکی کاڵی بۆمان کرد.»

خەڵکی ئاوایی لاقە بڕاوەکەی جەوهەریان لە گۆڕستان ناشت. شەش ساڵ دواتر، جەوهەر لەگەڵ سێ بەشی خەڵکی ئاوایی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت. خوشکەکانی بۆ دڵنەوایی خۆیان، ساڵانە دێنە سەرگۆڕی لاقە بڕاوەکەی جەوهەر.



# ئەم دیوی ژیان

**ئازاد پێنجوێنی**
**(سلێمانی)**

بە دیاری کراوی کاتژمێر حەوت و نیوی سەرلەبەیانی لەسەر چیمەنتۆ تەڕەکە، کە بارانی بەخوڕی نیوەشەوی ڕابوردوو حەوشەکەی شوشتبووەوە، لە خوێنی خۆیدا گەوزابوو، چاوەکانی ڕووەو ئاسمان کرابوونەوە، وەک ئەوەی بیەوێ سکاڵای خۆی لە دڵڕەقی مرۆڤەکان بە ئاسمان بڵێ، بەڵام لەبەر سەختیی برینەکەی دواپەیامی نەهاتەدی و گیانی دەرچوو، تەنیا قەراغی نەعلەکەم بەس بوو بۆ ئەوەی لاشەی ساردوسڕی فڕێ دەمە ناو گڵی دارەکانەوە، ئاخر ئەم لاشەیەی بۆتانی باس دەکەم مرۆڤ نەبوو، بەڵکوو پاسارییەکی زۆر بچووکی داماوی خێر لەخۆ نەدیو بوو.

چاوم لێ بوو لە کۆڵانەوە دوای ئەوەی نیوە مردوویان کرد و فڕێیان دایە حەوشەکەی ئێمەوە، بە دەستی چەند منداڵێکی چەقاوەسوو، بەو سەبای ساڵحانە، لەبری تۆپ هەڵیان دەدا بۆ یەکتری و بێ ویستی خۆی ژیانیان لێ سەندەوە.

پاسارییەکە لە شوێنی خۆی خەریک بوو ڕەقیتەی دەکرد، منیش وازم لێ هێنا و چاوم بڕییە دارەکان، هەورێکی ڕەش کە دیاربوو بارانێکی زۆری پێ بوو، دڕی بە هەورە سپییەکان دەدا، دەیویست بیانشارێتەوە و سەر زەوی یەک پارچە بکات بە باران، ناڵە و گرمەی ئاسمانیش تاو ناتاوێک بەرگوێ دەکەوت، زەردەواڵەکان بەدەم گیزە گیزەوە بەنێو چڵی دارپرتەقاڵەکەدا قافڵەیان بەستبوو، هەندێکیان لەسەر لێواری گەڵاکان شۆڕبووبوونەوە و جووڵەیان بە گەڵاکان دەکرد، وەک

ئـەوەی ختووکەیـان بـدەن.

تیشـکێکی زۆری گڵۆپــی دیـواری حەوشــەکەش لەنێـو چـڵ و پۆپـی هەنگـی دنیاکـەی تەنیشـت دار پرتەقاڵەکـە بـە ئاراسـتەیەکی نیمچـە سـتوونی بڵاوبووەبـووەوە، کـە بەر تەواوی لاشـەیان دەکەوت، ئەمـەش وای کردبـوو چەنـد ڕەنگێـک بنوێنـن، کـە ڕەنگـی مارۆنییەکـی تـۆخ بەسـەر لاشـەیانەوە زیاتـر دەبینـرا، ئـەوان لـە کۆبونەوەدابـوون بـۆ دابینکردنی خۆراکـی ئـەو ڕۆژەیـان چاوەڕێـی فەرمـان بـوون.

یەکێـک لـە زەردەواڵــەکان زۆر عەجـوول بـوو، سـات ناسـاتێک ڕووی دەکـردە چڵێـک لـە خۆیـان بەرزتـر کـە زەردەواڵەیەکـی گـەورەی بەسـەرەوە بـوو، پـێ دەچـوو فەرمانـەکان لـەوەوە دەربچـن، بۆیـە چەنـد جارێـک بـە زەردەواڵـە عەجوولەکـەی گـوت:

- پەلـە مەکـە تـا ئـەو کاتەی مرۆڤـەکان وەخەبەر نەیـەن و پاشـماوەکانیان فـڕێ نـەدەن، ئێـوە هەردەبێ لـە بێ کاریـدا بێـن و بچـن، نابینـی بـە ناخێریـان ئـەو خەڵکـە تەمبـەڵ و تەوەزەلـە لەنـاو جێگاکانیـان ماونەتـەوە، نابینـن بۆنـی پاشـماوەی نـاو ورگیـان ئێمەیـان گێـژ کـردووە؟

دووبارە ڕووی کردە زەردەواڵە عەجوولەکە:

- کـوڕی خـۆم تـۆ وادەزانـی سـەردەمی ئێمەیـە، جاران مرۆڤـەکان پێش دەرکەوتنـی خـۆر بێداربـوون، ئەگـەر ئـەو ڕۆژە بـە یەکێکمانـەوە بدایـە خوێنیـان ئەوەنـدە پـاک بـوو تـا ئێـوارە تێردەبوویـن، بـەڵام مرۆڤاکانـی ئێسـتە خوێنیـان ئەوەنـدە پیـس بـووە، ڕۆژی وایـە بـە سـەد کەسـەوە دەدەیـن، هێشـتا برسـیمانە و عەودالێـن.

هاتە سەر چڵێکی خوارتر:

بەدەوریانـدا چەنـد جـارێ خولایـەوە، بۆنـی چەنـد پرتەقاڵێکی گەنیـوی کـرد کـە بەدارەکـەوە مابوونــەوە.

هێڵنجی دەدا.

- بەنەعلـەت بـی هـەی مـرۆڤ، ئاخـر چـۆن دەبێ بهێڵـی ئـەم پرتەقاڵـە ئـاودار و جوانانـە بگەنێـن و لێیـان نەکەیتەوە.

سـەرێکی بـادا و فەرمانەکانـی دەرکـرد و وەک کەمیـن بـڵاوی کردنـەوە، سـەیرەکە لەوەدابـوو تـا دوای کۆبوونەوەکـەش هیـچ کام لـە زەردەواڵـەکان لاشـەی ئـەو پاسـارییە جوانەمەرگەیـان نەبینـی.

زەردەواڵـە عەجوولەکـە بـەر حەوشـەکەی ئێمـە کـەوت، واتـە بـۆ دابینکردنـی خـۆراک ئـەو ڕۆژە لای ئێمـە بـوو بـە میـوان، هـەور بـەری ئاسـمانی تەنـی، بایەکـی تونـد هەڵـی کـرد، تـەواوی گـەڵای دارەکانـی تێکـەڵ بـە یەکتـری کـرد، زەردەواڵەکـە ماخۆلانـی بـوو لـە نـاو چـڕی گەڵاکانـدا بزربـوو، دووبـارە دەرکەوتـەوە، چـووە سـەر ئـەو چڵـەی کـە کەمێـک پێشـتر زەردەواڵـە گەورەکەیانـی لـێ وەسـتابوو.

زەردەواڵـە بچووکەکـە منـی بینـی کـە خەریـک بـووم دەچوومـە سـەر جۆلانێـی حەوشـەکە بـەرەو ڕووم هـات و کەمێـک دوورکەوتـەوە، وەک ئـەوەی مـۆڕە لـە مـن بـکات، سـەرێکی بـادا و پێـوەی دیاربـوو کـە پێـم بڵـێ بـە بچووکیـم تـێ مەکـەوە گەمـژە، بـۆت دەسـەلمێنم کـە پاڵـەوان و زیتەڵـەم، وادیـار بـوو لـە سـەرەتاوە زانیبـووی کـە مـن ئـاگام لـە کۆبونەوەکەیـان بـووە.

نمـە نمـە بـاران دای کـرد، پاڵـم بەجۆلانێکـەوە داو جگەرەیەکـم داگیرسـاند، هـەروا پاسـارییەکەش چەنـد هەنگاوێـک لێمـەوە دووربـوو.

زەردەواڵــە بچووکەکـە بەکاوەخـۆ هاتەسـەر لاشـەی پاسـارییەکە، تێـی ئاڵابـوو، هەردەتگـوت ماچـی دەکات، چەنـد چرکەیـەک لەنـاو خوێنەکـەدا مایـەوە، کـە خەریـک بـوو بارانەکـە ئاسـەواری نەدەهێشـت، باڵەکانـی بەیەکـدا دا و بـە دەوری

پاساریییەکەدا سەمای دەکرد، ڕووەو ئاسمان چاوم لەسەر لابرد کە پێم خۆش بوو ئەو تکانەی دێنە خوار بە تەواوی بەر دەم و چاوم بکەون، ئاخر باران ژیان دۆستییە، دەتوانم بڵێم پاک بوونەوەیەکی جەستەیی و ڕوحییە، خۆ ناشوکری ناڵێم، لەم وڵاتەدا تەنیا بارانە هیوایەکمان پێ ببەخشێت و ئاراممان بکاتەوە، لە پڕێکدا هەر نەمزانی چۆن ئەو زەردەواڵە زیتەڵە هورووژمی بۆ هێنام، فریای خۆم کەوتم و بە دەست لەخۆم دوورم خستەوە، لەسەر چڵی دارێکی یەنگی دنیاکە نیشتەوە و بەسەرلەقاندن و مۆرەکردنەوە بەمنی گوت:

- ها ئەوە پێت دەڵێم جگەرە خۆری مەلعوون، نەچیت بەلای ئەو پاسارییەوە، ئەوە ڕسقی ئێمەیە، دەچم هاوڕێکەم بانگ دەکەم و دێمەوە، ئاخر لەو ڕۆژانەدا بۆ خوانێکی نیوەڕۆی زبڵدانێکی پڕ لە گۆشت و مریشکی فرێش، کە مرۆڤەکان لێیان نەخواردبوو، بانگهێشتی منی کردبوو، ساتێک پێکەوە وەک دوو دڵخواز بۆ یەکمان دەڕوانی، دەبێ منیش وەفای ئەوەم هەبێ چاکە بە چاکە دەدرێتەوە.

بۆ وادەزانی ئێوەین هەزار چاکەتان لەگەڵدا دەکرێ لەبیری دەکەن و بەرانبەر بەیەکتری سپڵەن.

لەو کاتەدا پشیلەیەکی گوربە پەیدابوو، بەسەر دیواری حەوشەکەدا ملی قوت کردبووەوە، دیاربوو پاسارییەکەی بینیبوو، زەردەواڵەکە هەستی بە پشیلەکە کرد، منی پشتگوێ خست و کەمێک لە پشیلە گوربە نزیک بووەوە، زۆر لەسەرخۆ و بە پاڕانەوەوە پێی گوت:

- عاقڵ گیان نەچیت بەلای ئەو پاسارییەدا، باش هەوڵ بدە، بچۆرە ماڵێکی کە، چونکە میوانێکی ئازیزم هەیە و دەمەوێت بانگهێشتی بکەم.

ئاگام لێ بوو پشیلەکە لمۆزی لە دیوارەکە داو چەند جارێک گوتی ئاخر...

ڕاستییەکەی ئەو ئاخرە ئەوەی دەسەلماند کە زۆری برسییە و دەیەوێ بە زەردەواڵەکە بڵێ، بەڵام سەری ڕەزامەندی لەقاند و وەفا و ڕاستگۆیی پیشانی زەردەواڵەکە داو بە دوو هەنگاو چووە ئەو دیو دیوارەکەوە.

زەردەواڵەکە بەسەر پاسارییەکەوە لە باڵە فرێدابوو، زۆر دڵخۆش دیاربوو.

دەنگی هەورەگرمەیەکی توند ڕای چڵەکاندم، لەترساندا لەسەر جۆلانێکە دەرپەڕیم، بارانەکە زیاتر بوو، ویستم بچمە ژوورەوە، پەشیمان بوومەوە، گوتم بزانم ئەو زەردەواڵە هاوڕێکەی دێنێت، بە بارینی بارانەکەیش خۆشحاڵ بووم، چونکە دەمێک بوو نەبارییبوو.

بەڵام کارێکی زۆر نابەجێم کرد کە پاسارییەکەم لەسەر چیمەنتۆکە لابرد و خستمە باخەکەوە و بەگڵی باخەکە شاردمەوە بە حسابی خۆم بەمردوویییش دڵم پێی سووتا، وتم با لەوە زیاتر نەخوسێت، کەچی بێ ئاگا لەوەی ڕسقی ئەو دوو بێ زمانەیە و هۆکارم بۆ نان بڕینیان، زەردەواڵەکە ڕاستی دەفەرموو کە دەیگوت گەمژە ئاخر ئەوەندە گەمژەبووم بیرم چووەوە کە زەردەواڵەکە چی بە من گوت. لەم باسوخواسەدا عاقیبەت زەردەواڵەی زیتەڵە دەرکەوتەوە و لەسەر چڵی دارێک ئۆقرەی گرت و خاتوو زەردەواڵەیەکی هاوتەمەنی خۆی لەگەڵ خۆیدا هێنا بوو، هەڵبەتە میوانەکەی بوو، چاوم لێ بوو کەوتنە مقۆ مقۆ، لەم چڵ بۆ ئەو چڵ دەفڕین، خۆشحاڵ بوون کە ئەمڕۆ لە خوانێکی ئاوادا ڕۆژەکە بەسەر دەبەن، لەوانەیە بپرسن من چۆن لە زمانیان دەگەم، هەڵبەتە هەڵەی منە وەک چیرۆکنووسێک کە باسوخواسی

ئـەم چیرۆکـە بـەو جۆرەیـە کـە بۆچـی مـن مرۆڤـم و قسـە دەکـەم، تەنانـەت بانگێکـی ئـەو زەردەواڵەیـە ناکـەم، یـان کاتێـک پاسـارییەکە لـە سـەرەمەرگدا بـوو پێـم نەگـوت ماڵئـاوا پاسـاری خێـر لەخۆنەدیـو، کەچـی هـەر بجووڵێنـەوە دەزانـم هۆکارەکـەی چییـە، ئاخـر هەمـوو بوونـەوەرەکان هەڵسـوکەوت و نمایشـیان، هەمـوو شـتێکمان پـێ دەڵێـن، وەک ئـەو شـانۆگەرییە پانتۆمایمـەی لەسـەر تەختـەی شانۆ، کـە چـۆن بـێ قسـە بـە جووڵەکانیـان هەمـوو شـتێکمان بـۆ ڕوون دەکەنـەوە، گرنـگ ئەوەیـە لـە هـەر شـوێنێکی ئـەم جیهانـەدا زەردەواڵـە قسـە نـەکات، خـۆ لـەم چیرۆکـەی منـدا قسـە دەکات و هەردەبێـت بیـکات.

نمـە نمـە بـاران دەبـاری. ئـەو- بـا- تونـدەی کەمێـک لەمەوبـەر هەڵـی کردبـوو نەمـا، هەمـوو شـتێک ئـارام لـە ناوجەرگـەی حەوشـەکەدا، تەنانـەت لـە شـوێنی خـۆم جووڵـەم نەکـرد، بـۆ ئـەوەی دەنگـی جیـرەی جۆلانەکـەش نەیـەت و لەبەینـی ئـەم دوو دڵخـوازەدا تـا بزانـم چ باسـە.

دەمبینـی بـە بەینـی چڵـی دارەکانـدا ئەوەنـدە یارییـان کـرد، هەناسـەیان تونـد بـوو، زەردواڵـە عەجوولەکـە بـە هاوڕێکـەی گـوت:

- گیانەکـەم پشـوویەک وەرگـرە، بـە فڕکانێـک دێمـەوە لات.

بـە گیزەگیـز بـە حەوشـەکەدا خولایـەوە، هەمـوو نـاو حەوشـەکەی تـەی کـرد، هیچـی نەبینـی، زۆر تـووڕە هاتـە پێـش چـاو، مۆڕەیەکـی لـە مـن کـرد و ویسـتی هێـرش بهێنێـت، بـەڵام نـەی هێنـا، وادیاربـوو لەبـەر خۆشەویسـتەکەی نەیویسـت دۆخەکـە بشـێوێنێ، چـاوم لـێ بـوو باڵەکانـی بـۆ نەدەجـوولا، تـەواو بـێ تاقـەت و شـەکەت بـوو، دیاربـوو لەبـەردەم عیشـقەکەیدا هەسـتی بـە شـەرمەزاری دەکـرد.

چەنـد جارێـک لەبـەر خۆیـەوە دەیگـوت ئـەی هـاوار بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەو گوڵـە جوانـەم، ئـەم خوانـەم بەبـاش زانـی بـۆ ئـەوەی گرێـی خۆشەویسـتیم بـۆی بکەمـەوە، کـە چەنـد وەختـە لەدڵمایـە، ئـەوە ئێسـتە مرۆڤێکـی نالەبـار ئـەم ژوانـەی لـێ کـردم بـە دۆزەخ.

خاتـوو زەردەواڵـە بـەدەم هەڵفڕینەوە خێسـەیەکی لـە هاوڕێکەی کـرد و پێـی گـوت:

- بەداخـەوەم تـۆ درۆت لەگـەڵ کـردم، ئیـدی مـن ناتناسـم، چونکـە دەمەقاڵـێ و هەڵسـوکەوتت لەگـەڵ ناسـینی مرۆڤەکانـدا وای کـرد ڕاسـتی نەناسـیت و متمانـەت لـە دەسـت بدەیـت.

خاتـوو زەردەواڵـە ڕۆیشـت و لـە چاوترووکانێکدا بـزر بـوو.

زەردەواڵـە عەجوولەکـە تەنیـا و تەنیـا مایـەوە، چـاوم لـێ بـوو خـۆی بـە دیـواری حەوشـەکەدا دەکێشـا، هێـزی تێـدا نەمابـوو.

زۆر بـە کەساسـی ڕووی کـردە مـن و بـە خەمێکی قووڵـەوە گوتی:

- بەداخـەوەم بـە خۆتانەوە نەوەسـتان، ئێمەشـتان فێـری درۆکـرد، ئـەوە بڕیـارم دا ئەودیـوی ژیـان هەڵبژێـرم، چونکـە ئێـوەی مـرۆڤ ئـەم دیـوی ژیانتـان کردووەتـە دۆزەخ.

بەهـۆی گەمژەیـی منـەوە بەسـتەزمانە کۆتایـی بـە ژیانـی خـۆی هێنـا.

منیش بێباک مژم لە جگەرەکەم دەدا.

بەخـەم ساردییەوە چاوم بڕییـە ئاسـمان، یـەک باڵنـدەم بـە ئاسـمانەوە نەبینـی، تەنانـەت بەسـەر دار تەلەکانیشـەوە، تەنیـا دووکەڵـی جگەرەکـەم و هاوشـێوەی خۆمـم، لـەم دیـوی ژیانـەوە لەسـەر زەوی بـە ناشـیرینی دەبینـی.



# خاتوونێ

د. خەلیل عومار
(شام)

هێدی لاو مستۆ پشتا تە کەتیە بەر تە، بەرا ڕزۆ و ڕووتۆ ڤێ میراتێ داخینن، ژارتێکەتێ وەکە ڕساسێ یە!.. لاوکێن من، مەتکا وە ب گۆریا وە بە، هوونێ ب حەمدێ خوە وێ دەینن سەر بلۆکان! خاتوونێ گۆت و هووچکێ خوە ب بێڤلا خوە خست و ل دۆرا پیکابا سوورزووکی چوو و هات.

پشتی کۆ ڕزۆ و ڕووتۆ کۆندیشنا ئاڤێ دانین جی و پشتی کۆ دلێ خاتوونێ ژی کەتە جی، کەڤانیا مالێ دەستوورا هەردوو خۆرتان نەدا و ب سەرێ مستێ سووندخوار، کۆ ئەو بێ چایێ ب تو دەڤەران دە ناچن و ژنکێ ها-هاکێ تەژکەک ل بن وان ڕاخست و دو پالگەهێن پەمبۆ دانی ناڤبەرا وان و ڕاهشت مەلکەسا خوە و تۆز ب سەر خوە و وان دە خست.

پیرۆز بە دیا مستۆ! ..خویایە تێ خۆرتێ مالێ بزەوجینی؟ زەینەبێ پیرۆزباهیا جینارا خوە کر و دەستێ جەگەرێ خوە ژ کراسێ خوە راقەتاند.

- ئەز نەما د بەر «ئانیساتا» و قەهوێ رە دگهێم!.. ما «م ئاشێ» هەرمەهـ ب دەست کێ دکەڤە؟ خاتوونێ لێڤەگەڕاند و بێڤلا خوە ب هەوا خست.

- «خوەزی من درانیبا بێ ئەڤا قامبۆنجی، سەرکوندری، بێڤلشەربکی، دەڤچاپکی، چاڤشەلپتی، لنگتەشی، خوەدیا پارس و پلووسێ و کراسێ مەلەسی، یێ کۆ تو دەزیەکی ژێ بکشینە وێ

هەفت پینە ژێ بوەشاندن، و ب سەر کولاَن دە ناڤێ وێ خاتوونێ یە، ئەڤا هان ل سەر چ خوە دبینە؟» زەینەبێ د دلێ خوە دە گۆت و جهێ خوە ل پی مستەفێ چێکر.

«خوەزی من دزانیبا، بێ ژنا ڕەمۆکێ پۆزکەرمی، خوەدیێ کۆفیا ڕەش- بەلەک و شەروالێ سەفاران، شفێرێ تومبلا کەڕزی و بەرگیلێ پشتکورمی، باڤێ فەنەر و جەگەر و شەش کەچێن مینا کەزکان و نەخاسم ئا وان ئی بچووک ئی بێڤلەڕکی، خەدیا نانێ تسی و بووکا لاستیکی، بێ ڤێ سبەهێ (ب زکێ ل بەر دەڤ) ل چی خوە دگەڕە!». خاتوونێ ژی د دلێ خوە دە گۆت و مەلکەس ژ دەست خوە ئاڤێت و بەرێ خوە دا چایدێن و پاپۆرێ.

- مالا منێ، تە نەگۆت مستۆ ژ من رە سممێ خوە دفرینە؟.. هەرە و وەرە، یا وێ چایدانەکی چایێ ژ «ئانیساتان» رە ئامادەبکە ئان ژی وێ قەدەحەکە ئاڤێ بدە دەستێن مامۆستان و پر-پر نەبوو، داویا «دەوامێ» ئەوێ مەلکەسەکێ ب ئەردا دبستانێ خە!.. تە خوەلی ل سەرێ من کرۆ، ما ئەڤ ژی کارە؟ زەینەبێ گۆت و پیێ خوە ل پیێ «موەزف» دا.

- ئەزێ هینا شەش کورسیان ژی بکرم، تە دی روونشتنا ل عەردێ ژ «ئانیسان» رە نەگەلەکی دوروستە! خاتوونێ دیسان دەنگ بر جیرانێ و چایدانێ چایێ دانی بەر مستۆ و فنجانا قەهوێ دا دەستێ زەینەبێ.


- تو مە ژبیرنەکی خالتیکێ! هەردوو خۆرتان ب هەڤ رە گۆتن.

- ب سەرێن وە یی دەلالی، هوون ژی ل جەم من وەکە مستەفێ نە! خاتوونێ ل وان ڤەگەڕاند و ب چاڤەکی مەزن ل خوە نەڕی.

- تەدی «ئانیسە» نە دخون و نە ڤەدخون و بەندی بەژن و بالا وە نە! زەینەبێ تەنازیێن خوە ب هەردوو خۆرتێن ڕوونشتی کر و داویا فنجانا قەهوا شێرین ب سەر لێڤێن خوە دە داکر.

- هاڤینا پار، ئەز چوومە «خاسکا مەشلۆ» و نەبخێر، من ژی هنەکی چاڤێن خوە کلکر؟!.. نەبخێر و نەبهالا چاڤێن خەلکێ وەکە تۆپانن!.. تو باوەڕ بکی دیا فەنەر، ژ وێ ڕۆژێ دە ئەز نەما خوەشک ژ هەڤ دەردخم! خاتوونێ گۆت و فنجانا قەهوێ ب زێدایی نێزیکی چاڤێن خوە کر و د ڤێ ناڤێ رە هاتە بیرا وێ، بێ چقاسی گرینگە کۆ چاڤشینکەکێ ب مەکینا لاوکێ خوە ڤەکە!

- بەرا تو تەنێ فالان ڤەکی دیا مستەفێ، تشتێن تە گۆتن؛ ڕاستن و ب جینن، وەکە کۆ تو ژ ڤی دەستی تێخە ڤی دەستی! زەینەبێ ب هەڤێ جیرانا خوە ڕوونشت و ژ بۆ کۆ ڕابە سەر خوە، دەستەکی خوە دانی سەر کابۆکا خوە و دەستێ دن دانی سەر پیێ مستەفێ و گۆت: یا خوەدێ.



# ئۆزبەکەکان لە خەودا بوون کە ڕووسەکان ئێمەیان داگیرکرد

**عالیە عەتایی**

**لە فارسییەوە: سەعادەت ڕەحیمی**

**(تاران)**

ئێمە بریندارانی شەڕی هۆزی و براکوژین. هۆزی ئێمە ئەو هۆزەیە کە زیاتر لێ دات، زیاتر بکوژێ، زیاتر بباتەوە. ئەوە گوناحی بیانییەکانە؟ نا، ئێمە میراتبەرانی هۆز و عەشیرەتەکانمانین. شار و بیاوانی بۆ نییە، کاتێک بەبێ هیچ ڕەحم و بە زەبییەک بەردەبینە گیانی یەکتری. ئێمە بەر دەبینە گیانی یەکتر و بێگانەیش دەست بەسەرماڵەکەماندا دەگرێ. زۆر ئاساییە کە ئێمە یەکتر بخۆین و کەسانی تریش ئێمە بخۆن. ئێمە دوعا و نزا بکەین و سەری یەکتر ببڕین و خەڵکانی تریش جا چ بکێشن و بۆردومانمان بکەن. ئێمەی موسڵمانان کە لە هەموو جیهاندا بە تیرۆریستمان دەزانن، لە ماڵی خۆماندا دەکوژرێین و غەیرە موسڵمانیش دەبنە ڕزگاریدەرمان. ئێوە دیتووتانە مریەم چۆن خوێنی عیسا لەسەر دەرکەوبانی هیلمەند و قەندهار و مەزار(١) دەسڕێتەوە؟

سالّی ١٣٦٩ی هەتاوی (١٩٩٠)؛ ناوچەیەکی سەرسنووری «دەرمان» هێشتایش هەر سنووری نێوان ئێران و ئەفغانستانە.

سێبەری گومبەز لە ژێر تیشکی تیژی هەتاوی نیوەڕۆی هاوین باریک و بێگیان بووبوو. من و «مەحجوب» شووشە پڕ لە دووپشکەکانمان نابوویە سەر ترۆپکی گومبەزەکەوە، جێگایەک کە پێمان وابوو داغترین شوێنە و خۆمان لەو لێوارە سێبەرەی سەربانی عیمارەت چاوەڕێی مردنی دووپشکەکان، پاڵمان بە گومبەزەکەوە دابوو تا خۆر ئاوا بێ و ئەنجامی یارییەکەمان بۆ

دەرکـەوێ.. هەرچەنـدە بـەو دووپشـکە قاوەییـەی نێـو شووشـەکەی مەحجـووب، مـن هیوایەکـم بـە بردنـەوە بـۆ نەمابـوو.

هاوینـی هـەزار و سێسـەد و شەسـت و نـۆ، «ناسـرخان» مێـردی پـووری پێشـووی پوورمـان و کوڕەکـەی «مەحجـوب» هاتـن بۆ ماڵـە گوندییەکەی ئێمـە، لـەو ڕۆژانـەدا لەوبـەری سنوور کـە دەسـەڵات هێشـتا بـە دەسـتی کۆمۆنیسـتەکانەوە بـوو و بزووتنـەوەی «پەرچـەم» (٢) تەنگـی بـە خـزم و کەسوکارمان هەڵچنیبـوو. میوانانـی هاوینـەی ئێمـە کـە دیسـان هاتبـوون کاروباریـان ڕێـک کـەوێ و لـە ئێرانـەوە بـۆ ئەڵمانیـا بـڕۆن.

لـە سـەردەمی تێپەڕین لە سوننەت، لـە حەفتاکاندا و هـاوکات لەگـەڵ سـەرهەڵدانی بزووتنـەوە چەپخوازەکان لـە ئەفغانسـتان، بـە پێچەوانـەی دابونەریتـی هـۆز و عەشـیرەیی کـە نەیـاری هاوسـەرگیری کـردن لەگـەڵ کەسـێکی بـەدەر لـە هـۆز و عەشـیرەت بـوو، خوشـکی دایکـم (پـوورم) لـە زانکـۆی کابـول لەگـەڵ «ناسـرخان»ی ئۆزبـەک (٣) ئاشـنا دەبـێ و توانیبـووی مێـردی پـێ بـکات. دواتـر کـە بزووتنـەوە چەپخـوازەکان کارەسـاتی دامەزرانـی حکوومەتـی کۆمۆنیسـتییان لـێ کەوتـەوە، نـە باوکـم، نـە پـوورم و نـە «ناسـرخان» هیچ کامیـان نەچوونـە ژێـر بـاری ئـەوەی کە پێوەندییەکیـان بـەو چـەپ و چەپخوازانـەوە هەبـووە. پـوورم لـە مێردەکـەی جودا بـووەوە ، بـەڵام باوکـم پیـاوە ڕەفیقبازەکـەی هەمیشـە، هێشـتایش هـەر هاوزاواکـەی جارانـی خـۆش دەویسـت و خاتـری دەگـرت.

کوڕەپـوورم سـێ سـاڵ لـە مـن بچووکتـر بـوو و سـی سـانتیم کورتتـر. بزێـو و بـە دەسـتوبرد. دوو چـاوی تەنـگ و دەموچاوێکـی سـپی و پـڕ لـە وردەخـاڵ کـە لـە باوکـە ئۆزبەکەکـەی بـۆی مابـووەوە. باوکـم دەیویسـت مـن لەبـەر دابـی میوانداریێتـی ببمـە هاوکایـەی مەحجـوب و منیـش هیـچ کایەکـم شـک نەدەبـرد کـە بتوانـم ئـەو کـوڕە وردیلانـەی پـێ سـەرگەرم بکـەم. کچێکـی تەمـەن نـۆ سـاڵی هاروهـاج بـووم و هەوڵەقـی ئاسـمان و هـەور و بـاران کـە ڕۆژانـی دوور و درێـژی هاوینـم، یـان لـە سـەربان دەبردەسـەر، یـان لـە سـەرداو. کایەکانـم تایبـەت بـە خـۆم بـوون و زۆربەیانـم هـەر بـۆ خـۆم دامهێنابـوون. مەزەنـدەی مـەودای سـەربانەکەی ئێمە لەگـەڵ پێتەختـی وڵاتانـی جیهـان ئەویـش تەنیـا بـە چـاو، دیتنـەوەی شـارە مێروولـەکان، ژماردنـی جاڵجاڵۆکەکانـی سـەر گومبـەز، شـوێنگرتنی ڕەتـی مـارەکان لـە بیابانـەوە هەتـا بـن دەوەن و بڕکـە زریشـکەکان و ئـەم دواییانەیـش کـە خـۆم بـە ڕاوکردنـی دووپشـک سـەرگەرم کردبـوو.

سـاڵێک پێشـتر کـە دەسـتم کـردە نێـو لفکـەی حەمامەوە، دووپشـک دای بە سـەرپەنجەی ئاماژەی دەسـتی چەپمـەوە. ئێـش و ژانێکـم چەشـت کـە هەرگیـز پێشـتر شـتی وام نەدیبـوو. ئێشـی چـزی زەردەواڵـە بـە لای ئەمـەوە هـەر هیـچ نەبـوو. دووپشـکی بچکۆلـەی زەردیـان لـە لفکـەی حەمـام کێشـایە دەرەوە و سـەری بـە بـەرد پـان کرایـەوە، بـەڵام هێشـتایش هـەر ئـەو ئێـش و ژانـە هەمـوو گیانمـی گرتبـوو و دەنگـی قیژەکـەم هێشـتایش هـەر لـە مێشـکمدا دەزرینگایـەوە. «دایـە»م (٤) بـە چەقـۆی قەڵەمتـاش دەسـتمی بریـندار کـرد و چەنـد جـار بـە گوشـاری چمکـی چەقۆکـە خوێنـی لـە سـەر پەنجەکانمـەوە بـەرەو خـوار پـاڵ پێـوە نا بـۆ لای برینەکـە، ئەوجـا دەسـتی کـردە هەڵمژیـن و تفکردنـەوەی ئـەو خوێنـە ژاراوییـە. سـا پەڕییـە سـەرم و ماوەیەکـی زۆریـش یـاو دەیگرتـم و هەمـوو گیانـم بووبـوو بـە کوورەی ئاگـر. لـە ئاکامـدا بـە دەرمانـی کـوردەواری دەرمانیـان کـردم، بـەڵام تـا ماوەیەکـی زۆر دەسـتم نەدەجـووڵا و وەک

لقەدارێکی وشکوبرنگ لە سەرشانمەوە ئاوێزان بوو. لەو دووپشک پێوەدانە، تووڕەیی و ڕکوکین بۆ من مابووەوە و بوونی دایەم کە لە پەنجاساڵاندا زمانی قورس بوو و لە ناودەمیدا نەدەسووڕا. تا چەند مانگ هەموان، بەتایبەت دایە هۆشدارییان پێ دەدام نزیکی شوێنی ژیانی دووپشکان نەکەومەوە: ژێری دار و چووڵکەی پاڵی تەنوورەکە، خاکی ژێر سێبەری دار و درەخت، هەر سووچ و قوژبنێکی تاریک و فێنکی حەمام و ئاودەس.

هەمان یەکەم جار کە لەگەڵ مەحجوب بە نێو باخەکەماندا دەڕۆیشتین، خێرا و بڵەبڵ بەزمی دووپشک پێوەدانەکەی ساڵی پارم بۆ گێڕایەوە و لە زانستی دووپشکناسیی خۆمم ئاگادار کردەوە. زانستێک کە قەرزداری دایەم بووم کە هەموو زانیارییەکانی کە کەمیش نەبوون و لە کۆنەوە بۆی مابوون، خستبوویە بەردەستی من: کونە دووپشک بە پێچەوانەی شارەمێرووله ئەستوونی و ڕاست ڕۆناچێتە نێو خاکەوە؛ دووپشک ئاستێکی پان و تەسکی هەیە و وەک کاغەزێکی شەق و ڕەق لە هەر درز و قەڵشێک بە هاسانی خۆی لار دەکاتەوە و تێدەپەڕێ، بۆیە ناسینەوەی کونەکەی وەک ناسینەوەی کونەمار و شارە مێروولە هاسانە، بەڵام ڕاوکردنی بەو هاسانییە نییە، لەبەر ئەوەی کە دووپشک بوونەوەری ڕۆژ نییە و بەڕۆژدا لە جێگایەکی فێنک بۆی دەخەوێ- ژێری زەوی، بنی بەرد، زیاتریش لە ژێر دار و چیلکەدا... هەروا خەریکی بلبلزمانی و خۆهەڵکێشان بووم کە بێتو دووپشکێک ببینم خێرا بە چووڵکەیەک دەیکوژم و کلکە ژاراوییەکەی لێ دەکەمەوە کە مەحجوب داری دا بە ڕۆحمدا، بە وتنی ئەوەی کە هەموو فرۆفێڵی گرتنی دووپشک دەزانێ و بە دەستیش دەیانگرێ. تەواو حەپەسابووم. من کە ئەوەندە بێ مێشک و نەترس بووم و ساڵێک دەبوو بیر و هۆش چووبوو بۆ لای ئەم جانەوەرە چزدارە، هێشتا نەمدەوێرا دەست بۆ دووپشک ببەم. ئەو چەند دانەیەش کە ڕاوم کردبوون بە شێوازی دایەم بە دوو چووڵکە دەمگرتن و بەم شێوەیەش تەنیا دەمتوانی دووپشکی گەورە بگرم کە کلکی گیر دەکردە چووڵکەکانەوە و نەیدەتوانی دەرچێ.

ڕەنگە باوکم ڕاستی کردبێ کە دەیوت: ئۆزبەکەکان خەوتبوون کە ڕووسەکان ئێمەیان داگیرکرد. پاش ئەوەی ڕووسەکان دەستیان گرت بە سەر هیرات، ئەم ڕستەیە لەناو خەڵکی ناوچەی ئێمە بووبوو بە باو و لە دەم نەدەکەوت. ئەرێ بەڕاست ئۆزبەکەکان کە خەڵکێکی کورتەباڵای گورجوگۆڵ بوون و هاوسنوور لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەت، چۆن نەیانتوانیبوو پێش بە هاتنی بیانییەکان بگرن؟ مەحجوبی ئۆزبەک وا بار هاتبوو وەک بڵێی تایبەت بە ڕاوەدووپشک پەروەردە کراوە. هەر لە یەکەم دەوری گەڕانمان بە نێو باخەکەدا دووپشکێکی زەردی لە ژێر کۆتەرەدارێک دەرهێنا و دەستوبرد لە کلکییەوە، توورەکەی چزە ژاراوییەکەی، گرتی و هێنایە پێش چاوی من، وتی: دووپشک زۆر بزێوە، تا وەخۆت کەوی چزی خۆی وەشاندووە، بەڵام ئاوا ئیتر ناتوانێ و دەسبەجێ فڕەی دایە سەر زەوی و پێشێلی کرد.

باوکم بڕوای وابوو کە لێهاتوویی کوڕەپوورم دەگەڕێتەوە بۆ هۆز و نەتەوەی شەڕکەر و شەڕوانی، هەر ئەوەش بەس بوو بۆ ئەوەی ئێمەی منداڵانێک کە تا چاومان کردبووەوە بە هۆز و نەتەوەمانەوە داوەری کرابووین و داوەریمان کردبوو، هان بدات بۆ وەڕێخستنی ڕکابەرایەتییەک:

ڕاوەدووپشک. شتێکیش نەبوو کە لە کەسی بشارینەوە. بە باوکمم وت: ڕکابەرایەتی گرتنی دووپشکمان داناوە. دڵنیابووم ڕازی نابێ و هەوڵ دەدا پێشم پێ بگرێ ، بەڵام وتی: هۆ بەچکە ئەفغانەکان!، ئێوە بەرنەبنە گیانی دووپشک، کێ ببێ؟ و پێکەنی.

عەقڵییەتی باوکانی ئێمە کە هەموو شتێکیان شەڕ بوو و زۆریان لەدەست دابوو و کەمیان مابوو بۆ لە دەست دان، زۆر جیاواز بوو لە عەقڵییەتی ژیانی شارنشینی ئێرانی، هەربۆیە ترسێکیان نەبوو لەو ڕکابەرایەتییەی ئێمە: یاریی ئاگادارانە و ئاشکرای شەڕ کردن و کوشتن، ڕەنگە ئەو ئازایەتییەی بە ئێمە دەبەخشی بۆ شەڕ کردن و کوشتن.

یەکەم ڕۆژ هاوڕێ لەگەڵ مەحجوب و دوو شووشە کەوتینە گەڕان بە نێو باخەکەدا. ئێوارە خۆر ئاوا بوو من هیچ دووپشکم نەگرتبوو و سێ دووپشک لەناو شووشەکەی مەحجوب دا بوون. شەو لە ژێر نووری چرادا یەکسەر چاومان بڕیبوویە لێکئاڵانی دووپشکەکان. چنگ و چڕنووکیان لەیەک یەکانگیر دەبوو و جارو باریش کلکیان بەرز دەبوویەوە و دەچەمایەوە بەرەو سەریان، وەک بڵێی ئێستا ئیتر چزەکیان دەچەقێننە جەستەی یەکتری، بەڵام نەیان دەکرد.

سبەی ڕۆژ من دووپشکێکم دۆزییەوە، بەڵام نەمتوانی بیگرم و خۆی خزاندە ژێر خاک و خۆڵ و مەحجوب بە دوو دانە دووپشک گەڕایەوە و ئەو شەوە یەکسەر بە خۆشییەوە فیزی دەکرد بە شووشە پڕ دووپشکەکەی و شانازی بە من دەفرۆشت. ئاگری ئیرەییم پێ نەکوژایەوە، هانام بۆ دایەم برد بەشکەم فریام کەوێ، بەڵام ئەویش وەڵامی نەدامەوە، بۆیە مەقاشی تلیاکەکەیم دزی، چونکە جارێکیان بە چاوی خۆم بینیبووم کە دووپشکێکی وردیلانەی بەوە لە بەینی کوڵک و گرینجی قاڵییەک دەرهێنا. دەمویست هەرچۆنێک بووە ئەو یارییە ببەمەوە.

هەر یاریزانێک دەبێ تواناییەکانی خۆی بناسێ. من چاری مەحجوب و ئازابوونەکەیم نەدەکرد؛ بەڵام لەهەمبەر ئەوەدا من خاوەنی توانایی وردبینی و زیرەکی ستراتیژیکی ژنانە بووم بۆ نەخشەکێشان و پلاندارشتن، ئیتر بە شوێنی دووپشکە گورجوگۆڵەکانی ژێر کۆتەرە دار و چیلکە و بن درەختەکان نەگەڕام. ڕاستەوخۆ چوومە سەر کونەکەیان. بە مەتارەیەکی ئاسنین ئاوم دەبرد و دەوروبەری کونەکەیانم فێنک و تەڕ دەکرد، بۆ ئەوەی دووپشک وابزانێ هەوا فێنک بووە و لە کونەکەی بێتەدەر. گەرەکم بوو سیستمی گەرما و سەرما و شەو و ڕۆژیان لێ تێک بشێوێنم. دەمزانی دووپشک بێزارە لە گەرما و بە سەر خاکی داغدا ناڕوات و دەبێ تووشی هەڵەی بکەم بۆ ئەوەی لە کونەکەی بێتە دەرەوە. نیوسەعاتێک چاوەڕێ بووم تا دووپشکێک لە کونەکەی هاتە دەرەوە. خێرا بە مەقاش کلکم گرت و خستمە ناو شووشەوە. بۆ منێک کە تا ئێستا هیچم نەگرتبوو، ڕاوکردنی چوار دووپشک لە ڕۆژێکدا شاکار بوو. شەو کە چاومان بڕیبووە شووشەکانمان، یەکێک لە دووپشکەکانی مەحجوب خەریک بوو دووپشکێکی بچووکتر لە خۆی دەخوارد و ئەوە یەکەم جار بوو کە ئێمە هاوڕەگەز خواردنی دووپشکمان بینی.

چووینە نێو هۆڵەکەوە. باوکم لەبەردەم تەلەڤزیۆن دانیشتبوو و بێوچان جگەرەی دەکێشا و جنێوی بەو ژن و پیاوە دەدا هاوشێوە و هاویونیفۆرمەی (هاوپۆشاکی سەربازی) کە یەکسەر

لە ڕژە (ڕێ پێوان) دەچوون و سروودیان دەخوێند. من و مەحجوب نەماندەزانی کۆمۆنیست چییە! من پێموابوو دەبێ کەسێک بێ. هەر ئەوەی کە لە وتاردانەکەدا کڵاوێکی سووری لەسەر بوو و کە قسەکانی دەست پێ کرد، باوکم و «ناسرخان»ی دڵناسک فرمێسک بە چاویاندا هاتەخوارەوە کە «هەیڕۆ! هەموو شتێکمان لەکیس چوو...»

باوکم لەناکاو گوڕاندی: ناسر! ئەوە ئۆزبەکەکان خەوتبوون کاتێک ڕووسەکان ئێمەیان خوارد؟

«ناسرخان» وا شەرم دایگرتبوو وەک بڵێی خۆی کۆمۆنیستە، وەڵامی دایەوە: دار پوازی لە خۆی نەبێ ناتڵیشێ.

دیسان مشتومڕیان دەست پێ کردەوە کە ئەرێ پەشتوونەکان خیانەتیان بە تاجیکەکان (٥)، هەزارەکان (٦) بە ئۆزبەکەکان کرد، و.. ئەم مشتومڕە نەبڕاوە هۆز و عەشیرەتییە لەسەر باکگراوندی دەنگی «ئەحمەد زاهیر» (٧) لە ماڵی ئێمەدا شتێکی ئاسایی و تاهەتایی بوو؛ کەس ئاوڕی لەو دوو منداڵە نەدەدایەوە کە خۆیان بە شووشەی پڕ لە دووپشک مژووڵ کردبوو. باسی ئەوەم بۆ باوکم کرد کە چۆن دووپشکێک خەریکی خواردنی دووپشکێکی تر بووە، وتی: دووپشک تەنانەت خۆخۆریش دەکات و بێتو جەستەی خۆیشی بۆنی چێشتەی لێوە بێ، گۆشتی خۆی لە جەستەی جیا دەکاتەوە و دەیخوات.

چەند ڕۆژ دواتر یاریی دووپشکێنەی من و مەحجوب پێی نایە قۆناغێکی تازەوە: بزانین کاممان دووپشکی زیاترمان دەمرێ؟ دووپشک بوونەوەرێکی گیانسەختە. بە پێچەوانەی بۆچوونی ئێمە کە پێمانوابوو خۆیان چز لە یەکتری دەوەشێنن و دەمرن، تەنیا گەرمای زۆر بوو کە دەیکوشتن. شووشەکانمان لە ژێر تیشکی تیژی هەتاوی نیوەڕۆ دادەنا و کاتێک ئێمە لەباخدا هەموو کونوقوژبنێکمان دەپشکنی بۆ دیتنەوەی دووپشکی تر، پلەی گەرما لە نێو ئەو شووشە سەرقەپاتکراوانەدا بەرز و بەرزتر دەبوویەوە. هەندێ لیک و شلکەیش دەلکا بە شووشەکەوە. پێمانوابوو ئەوە ژارەکەیانە و چزیان لە یەکتر وەشاندووە. زوو بۆمان دەرکەوت کە بە نیوەڕۆدا زیاتر دەمرن، کاتێک لە ڕاوەدووپشک ماندوو دەبووین، دەچووینە سەربان و شووشەکانمان لەسەر بەرزترین خاڵی گومبەزەکە دادەنا و چاومان لێ دەکردن. مردنی دووپشک زویری نەدەکردین- کاتێک کە هەر لە منداڵییەوە بە چاوی خۆت دەبینی کە هاوخوێنت دەتوانێ بتکوژێ، تێگەیشتن و بۆچوونت لە مردن و کوشتن پێوەندییەکی وای بە هەست و نەستەوە نامێنێ، هەر بۆیە مردنی دووپشکەکان بۆ ئێمە شتێکی ئاسایی و قەبووڵکراو بوو، چونکە ئێمە تەنیا ئەوانمان گرتبوو؛ ئەوان خۆیان بەردەبوونە گیانی یەکتری.

زۆربەی ئەو دووپشکانەی دەمانگرتن، دوو تا سێ سانتیمی بوون، بەڵام مەحجوب دووپشکێکی قاوەیی تۆخی گرت، نزیکەی شەش سانتیم کە ڕەنگی لەوانی دیکە جیاواز بوو و ئەوەندە زل و زەلام بوو کە توانی خێرا دانە بە دانەی دووپشکەکانی دیکەی نێو شووشەکەی مەحجوب بکوژێ و بێگومان ئیتر یارییەکە بە سوودی مەحجووب کۆتایی دەهات، لەبەرئەوەی کە هەموو دووپشکەکانی مردبوون. دووپشکی قاوەیی قارەمانمان لەناو شووشەکەی مەحجوب نیشانی باوکم دا، هەرا و هۆریایەک بەرز بووەوە، هەر ئەو شەوە مەحجوبیان برد بۆ ئەو جێگایەی دووپشکە قاوەییەکەی لەوێ گرتبوو؛ پشتی دیواری باخەکەمان. بوونەوەرێکی

ترسـناکی نامـۆ کـە هـی ئـەو ناوچەیـە نەبـوو، یارییـە پـڕ مەترسـییەکەی ئێمـەی تـەواو تێـک دا. ئـەو یارییەیـان لێمـان قەدەغـە کـرد، ئەویـش لەکاتێکـدا کـە مـن خەریکـی پلاندارشـتن بـووم بـۆ گرتنـی یەکێـک لـەو دوو پشـکە قاوەییانـە لـە پشـت دیـواری باخەکەمـان.

بـە فەرمانـی باوکـم هـەردوو شووشـەکە فڕەدرانـە نێـو تەنـوورەوە و یارییەکـە بـە دۆڕانـی مـن کۆتایـی هـات، بـەڵام قەبـووڵ کردنـی ئـەو شکسـتە بـۆ مـن گونجـاو نەبـوو، وەک بڵێـی ئـەوە ئیتـر یارییـەک نییـە و شـەڕێک بـوو مەرگهێـن کـە نـاوی یاریمـان لێ نابـوو. خۆمـم ئەوەنـدە نەدەناسـی کـە بزانـم ئـەم هۆگرییـەم بـە شـەڕ، تەنانـەت ئەگـەر گیانیشـمی لـە سـەر دانێـم، لـە کوێـوە دێـت. لەبەرچـی تەنانـەت ئـەو کاتەیـش کـە زانیـم دووپشـکە قاوەییەکانـی بەجێمـاو لـە لافـاو و هەڵچوونـی بەهارانـەی ڕووبـاری «هەریـرڕوود» (٨) هەمـوو گوندەکەیـان داگرتـووە، دیسـان هـەر شـەوانە لایتێکـم هەڵدەگـرت و خـۆم دەگەیانـدە باخەکـە بـۆ ئـەوەی یەکێـک لـەو میوانـە نەخوازراوانـە کـە لـە سـنوور تێپەڕیـون، ڕاو بکـەم و بسـەلمێنم کـە دەتوانـم یاریی دووپشـکێنە ببەمەوە؟ تەنانـەت «مەحجوب»یـش کـە ڕاپۆرتـی دام، نەیدەزانـی خەریکـە گیانـم ڕزگار دەکات. سـاڵانێکی زۆر دواتـر کـە چەنـد هاوڕییەکـی شەشـدانگ ئێرانیـم پەیداکردبـوو، جیـاوازی نێـوان خـۆم و ئێرانییەکانـم بـۆ دەرکـەوت. ئێرانییـەکان کـۆن و ڕەسـەن بـوون و بەسـراوەبوون بـە شـوێنەکان، بۆیـان گرینـگ بـوو. هەوڵیـان دەدا بـە هەمـووان بسـەلمێنن کـە لـەو کاتـەوە گـۆی زەوی پێکهاتـووە، ئـەوان یەکـەم مرۆڤەکانـی سـەر عـەرز بـوون. یەکـەم شارسـتانییەتەکان ئـەوان بـوون. لـە هـەر شـار و دیارێکـدا ژیابـان هەوڵیـان دەدا بسـەلمێنن ڕەسـەنن و لـە کۆنـەوە بـاو و باپیرانیـان هـەر لەوێـدا ژیـاون، بـەڵام نیشـتەجێ بـوون و بەسـراوەبوون بـە یـەک جێگـە بـۆ ئەفغانـەکان گرینـگ نییـە؛ ڕەسـەنایەتییان لـە شـەڕوانی و ئاسـتی لێهاتووییـان لـە شـەڕدایە. گرینـگ ئەوەیـە بسـەلمێنن خەڵکـی ئـەو هـۆز و عەشـیرەتەن کـە سـەرکەوتووی شـەڕ بـووە؛ تەنانـەت بێتـو ئـەو سـەرکەوتنە بـە خۆخۆریش بووبێ، بـە براکوژی و ئێمـە بـە نـاوی یـاری کردنـەوە لـە شـەڕدا بوویـن.

نـە ئـەو یارییـە لـە مێشـکی منـدا کۆتایی دەهات و نـە مشـتومڕی نێـوان باوکـم و «ناسـرخان»، تـا ئـەوەی کـە باسـی دووپشـکی قاوەیـی لـە هەمـوو گوندەکـەدا دەنگـی دایـەوە. لـە هەمـان هاوینـی سـاڵی شەسـت و نـۆ (١٩٩٠)، لـە دوارۆژانـی مانـەوەی «مەحجوب» و باوکـی لـە ماڵـی ئێمەدا، دووپشـکی قاوەیـی وەک لافاوێـک گوندەکەمانـی گرتـەوە. وەک بڵێـی دووپشـکەکەی مەحجـوب یەکـەم نیشـانەی ئـەو پەلامـارە دووپشـکییە بـوو. چەنـد حەفتـە دواتـر دووپشـک هەڵیـان دەکـردە دەرکـە و بـان و دیـوار و میـچ و بنمیچـەوە، ڕۆژی ڕووناکـی خەڵکـی سنوورنشـینی قـەراخ «فـەراه» (٩) بـوو بـە شـەوی تاریـک. گۆنـی و تەلیسـیان لـە لاقمـان پێچایـەوە و ئێمەیـان بـۆ بانترین شـوێنی عیمـارەت بـرد. لەسـەر گومبـەزی سـەربانەکەوە تـۆڕی مێشـوولەیان وەک خێـوەت بـۆ هەڵدایـنـەوە و وتیـان مافـی ئەوەمـان نییـە تەنیـا یـەک پلەیـش بێینـە خـوار.

یەکـەم شـەو بەلامانـەوە وەک یارییـەک وابـوو، تەنانـەت بەیانییەکـەی کـە خـۆر هـەڵات دەسـتمان دایـە خشخشـانکێ بـە سـەر گومبەزەکـەدا و قریـوە و پێکەنینمـان بـەرز بـووەوە، بـەڵام لـە سـبەینێی ئـەو ڕۆژەوە کـە لـە سـەر گومبەزەکـەوە خەڵکـی بەڕێکەوتـوو بـەرەو گۆڕسـتانمان بینـی، تـەواو تۆقایـن. بـە پێـی قسـە و ئامـاری گوندنشـینان،

هەشتا کەس لەماوەی ٢٤ کاتژمێردا بە هۆی پێوەدانی دووپشک گیانیان لەدەستدابوو کە زۆربەی هەرە زۆریشیان منداڵ بوون. خزخزانکێ و هاروهاجییەکەمان بڕابووەوە و ئێمەی منداڵ لە سووچێکی تۆڕی مێشوولەدا کزۆڵەمان کردبوو و دایەیش بە قسەی خۆی بووبوو بە پاسەوانی گیانی ئیمە بەرانبەر بە چزی دووپشک؛ قورئانی دەخوێندەوە، ئێمەیش هەوڵمان دەدا ڕستەکانی قورئان دووپات بکەینەوە، بەشکەم خوا خۆی ڕزگارمان بکات. ترس لە هاتنی بیانی و نامۆ تەواو ئێمەی داگرتبوو. سوپایەکی شکستخواردووی بێگیان بووین، چاوەڕێی قەدەر و چارەنووس. ئەو میوانانە کارێکیان کردبوو کە یارییەکەی خۆمان لەبیر بچێتەوە. ئێمە خوومان بە دووپشکەکانی خۆمانەوە گرتبوو، کونەکانیان و شوێنی ژیانمان باش دەزانی لە کوێیە. کەم و زۆریی ژارەکانیانمان دەزانی و لە شێوەی کوشتنیشیان شارەزا بووین، بەڵام ئەم هەزار هەزار دووپشکەی لە خشت و قوڕ و بەرد و دیوار و حەساری باخەکەمان سەردەکەوتن، لە ئێمە نەبوون.

هەر لەوێ، لەسەر ئەو گومبەزە گڵینەدا خولیایەکم بۆ خۆم ساز کرد، ژوورێکی تەواو شووشە لە جێگایەکی بەرز. ئەوەندە بەرز کە هیچ دووپشکێکی نەگاتێ و بنەوەشی تەواو ئاو بێ، نە وشکانی و بیابان.ماڵێکی ئەمن لە ناخی سروشتێکی تر کە وەک بڵێی چارەنووس منی لێ بێبەش کردبوو و گیانی منداڵانەم ئارەزووی دەکرد.

نازانم لەبەرچی ئۆزبەکەکان لە خەودا بوون کە ڕووسەکان ئێمەیان داگیر کرد. نازانم باوکەکانمان کە ئەوەندە بە تووڕەییەوە و بێ بەزەییانە بەردەوام لەگەڵ یەکتریدا لە مشتومڕدا بوون، لەبەرانبەر بیانییەکان بۆ پاشەکشەیان کردبوو و یەکتریان تۆمەتبار دەکرد بەوەی کە خەو بردوونیەتەوە، تەنانەت تا ئێستایش هەرنازانم لەبەرچی تا دوژمنی بیانی بێ بەزەییتر لە خۆمان، بە سەرماندا زاڵ نەبێ، باش لە ماڵوێرانی تێ ناگەین. ئەو شەو و ڕۆژانەی سەر گومبەزی گڵینی عیمارەتی باوکم هەرچی بوو، بە ترس و ژماردنی مردن تێپەڕی. چ پێوەندییەک لە نێوان خاک و چارەنووس هەیە کە ئێستایش هەر جێی چزی دووپشکەکان ژان دەکات؟ خۆمانە و بێگانە.

**پەراوێزەکان:**

١- شاری مەزارشەریف لە ئەفغانستان.

٢- نەتەوەیەکن لە ئاسیای ناوەڕاست کە بەشێکی بچووکیان لە ئەفغانستاندان.

٣- یەکێکە دوو لقەکەی پارتی دیموکراتیکی گەلی ئەفغانستان کە لەمەودای ساڵانی ١٩٨٠ تا ١٩٩٢ دەسەڵاتی ئەم وڵاتەی بە دەستەوە بوو.

٤- ژنە خزمەتکاری ناوماڵ کە زیاتر ئاگای لە منداڵانە تا هەرمانی ناوماڵ، دایەن.

٥- نەتەوەیەکی زیاتر فارسزمان لە باکووری ئەفغانستان.

٦- نەتەوەیەکی فارسزمان و شیعەمەزهەبی ئەفغانستان.

٧- بەناوبانگترین گۆرانیبێژی ئەفغانستان لە حەفتاکاندا.

٨- لە گرینگترین ڕووبارەکانی ڕۆژاوای ئەفغانستان.

٩- شارێکی ئەفغانستانە لە نزیک سنووری ئێران، بە هاوینانێکی یەکجار گەرم و تاقەتپڕووکێن.

- عالیە عەتایی خانمە نووسەری ئێرانی- ئەفغانستانییە کە تا ئێستا چوار کۆچیرۆکی لێ بڵاوبووەتەوە و چەندان چیرۆکی کورتیشی لە گۆڤارەکانی ناوخۆی ئێران، یان لە دەرەوەی ئەم وڵاتەدا بڵاو کراوەتەوە. ژمارەیەک لەو چیرۆکانەی خەڵاتیان بردووەتەوە، لەوانە: خەڵاتی مێهرگان کە یەکێک لە گرینگترین خەڵاتە ئەدەبییەکانی ئێرانە. عالیە عەتایی ساڵی ١٩٨١ لەدایک بووە، سەردەمی

منداڵــی لــە ســنووری نێــوان ئێــران و ئەفغانســتاندا لــە ناوچــەی «دەرمیــان» هەڵکەوتــوو لــە خۆراســانی باشــوور تێپەڕیوە و پاش کۆتایی هاتنی خوێندنگەی ناوەندی لە بیرجەند، تەمەنی هەژدە ساڵ بوو کە بۆ خوێندن لە زانکۆ، ڕۆیشت بۆ تاران و بڕوانامەی ماستەری لە لقی ئەدەبیاتی شانۆ وەرگرت. عالیە عەتایی زیاتر لە بواری ئەدەبیات و چیرۆکی بە ناوەرۆکی کۆچ و کۆچبەری چالاکی دەنوێنێ. ئەم نووسەرە چەند ساڵێک دەبێ لە فەڕەنسا دەژیت و دواییـن بەرهەمەکانـی بـە زمانـی فەڕەنسی بڵاو دەکاتەوە.

**کتێبناسی:**

– «مەگەر دەکرێ هابیل قابیلی کوشتبێ؟»، نەشری قۆقنووس، ٢٠١٢.

– «کافوورپۆش» نەشری قۆقنووس، ٢٠١٥، نەشری چشمە، ٢٠٢٠.

– «چاوی سەگ»، نەشری چشمە، ٢٠١٩.

– «کورسۆرخی» (گێڕانەوەیەک لە گیان و جەنگ)، نەشری چشمە، ٢٠٢١.

– «سنووری لەبیرکراوان» La frontière des oubliés، نەشری گالیمار، ٢٠٢٣.

**بەرهەمە بەکۆمەڵەکانی عالیە عەتایی:**

– کتێبی چیرۆکی ژنانی ئەفغانستان چاپی کابول-ئەفغانستان، نەشری تاک، ٢٠١٧.

کتێبی ژێری ئاسمانی کابول بە ناوی سەرەکیی (Sous le ciel de Kaboul) لە کۆکردنەوەی خوجەستە ئیبراهیمی، پاریس — فەڕەنسا، ٢٠١٨.

– کتێبی «کەس نییە لە ماڵ» لە کۆکردنەوەی ئیلهام فەلاح، تاران، ٢٠١٩.

– کتێبی «شەقامی وەلیعەسر» لە کۆکردنەوەی کاوە فولادی نەسەب، تاران، ٢٠٢١.

**بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانی:**

– «وەک گالیلە» لە وەرگێڕانی سالار عەبدە، گۆڤاری Words Without Borders، نیویۆرک، ئەمریکا، ٢٠١٩.

– «پەسخانە» لە وەرگێڕانی سالار عەبدە، گۆڤاری، Michigan Quarterly Review میشیگان، ئەمریکا، ٢٠١٩.

– «سنوورفرۆش» لە وەرگێڕانی سالار عەبدە، گۆڤاری Guernica، لۆسئانجلێس، ئەمریکا، ٢٠١٩.

– «قاوەی پاریسی» لە وەرگێڕانی محەممەد سەروی گۆڤاری The Bombay Review، نیویۆرک، ئەمریکا، ٢٠٢١.

**خەڵاتەکان:**

– خەڵاتی ئەدەبیی مێهرگان بۆ ڕۆمانی «کافوورپۆش»، ٢٠١٤.

– خەڵاتی ئەدەبیی «واو» وەک بەرهەمێکی جیاواز بۆ «ڕومانی کافوورپۆش»، ٢٠١٤.

– بەشی سەرەکیی خەڵاتی «چیرۆکی تاران» بۆ چیرۆکی «سی کیلۆمەتر» لە کتێبی «چاوی سەگ»، ٢٠١٥.

– خەڵاتی سەرەکیی «چیرۆکی تاران» بۆ چیرۆکی «وەک گالیلە» لە کتێبی «چاوی سەگ»، ٢٠١٨.

– خەڵاتی ئەدەبیی «مەشهەد» بۆ کتێبی «چاوی سەگ»، ٢٠٢١.

– خەڵاتی «ئەسغەر عەبدوڵاهی» بۆ کتێبی «کورسۆرخی»، ٢٠٢١.

– خەڵاتی ئەدەبیی «ما» بۆ کتێبی «کورسۆرخی»، ٢٠٢٢.



## عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:
## یەکەم پێشانگەم زۆر بە باشی پێشوازی لێ کرا.. لە ڕووی تیۆریشەوە سوودم لە هیچ مامۆستایەک وەرنەگرت.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٥ – ٥)

* عەبدوڵڵا ڕەسووڵ، یەکێکە لە هونەرمەندە داهێن و هەڵکەوتووەکانی کورد، هونەرمەندێکی زۆر تایبەت و دەگمەنە کە بۆ هونەری شێوەکاریی کوردی مایەی سەربەرزی و شانازییە. ئەو هونەرمەندە کە جێدەستی بەسەر هونەری شێوەکاریی کوردییەوە دیارە، هونەرمەندێکی عاشقە هونەرە، هونەر بەناو خوێن و دەمار و مۆخ و ئێسقانەکانیدا ڕۆچووە، بۆیە لە ناو شێوەکارانی کورد بە ئاسانی لێت ون نابێ. ئەو جگە لەوەی لە بواری هونەری وێنەکێشاندا کەسێکی لێهاتوو و دەسڕەنگینە، شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، خاوەنی پاشخانێکی ڕۆشنبیریی گشتی دەوڵەمەندیشە کە لە هونەرەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

* ئەو هونەرمەندە زۆر لەناو هونەرەکەی خۆیدا قووڵ بووەتەوە، بە هەموو ڕێچکە و ڕێباز و قوتابخانە هونەرییەکانی دنیا ئاشنا و شارەزایە و بیروڕای تایبەتی خۆی لە بارەیانەوە هەیە، نەک هەر ئەوەندە، بگرە سەبارەت بە هونەرمەندانی لای خۆمان و جیهان و کار و هونەرەکەیان قسەی خۆی هەیە، ئەو هەموو کاتەکانی ژیانی بۆ هونەرەکەی و کارکردنی بەردەوام تەرخان کردووە، بۆیە ئەم هونەرە بالآ و ئاستە بەرزەی پێی گەییوە، بەرهەمی عیشق و خولیایەکی سەرشێتانەیە، بە دیار هونەرەکەیەوە شەونخوونی کێشاوە و بێ هەدادان کاری کردووە، بەرهەمە تایبەتمەندانەکەشی بەرئەنجامی متمانە بەخۆبوون و تێڕوانین و ئەزموونێکی قووڵە کە هەروا بە ئاسانی بە دەستی نەهێناوە، بەڵکوو بەری ڕەنجی هەموو ژیان و تەمەنیەتی، ئەوەتا خۆی دەڵێ: (هونەر

کەمێکت ناداتێ، تاکوو هەموو خۆتی نەدەیتێ).

* ئەم هونەرمەندە، هەر لە منداڵییەوە حەزی بە هونەر کردووە، سەرەتا بە هۆی خۆڵفرۆشیی باپیرییەوە، عەشقی خاک و خوڵی وڵاتەکەی دەبێ، لەبەر ئەوەی هەر ئەو کەرستەیەی لەبەردەستدا بووە، بۆیە هەر لە تەمەنی (٥) ساڵییەوە هەوڵی داوە بە قوڕ، ئاژەڵ و باڵندە و پەلەوەر دروست بکا، بۆ هەڵبژاردنی هونەر و ئەم کارانەی کردوویەتی، دایک و باوکی ڕێگرییان لێ نەکردووە، بەڵام لەناو کەسوکارەکەیدا تاک تاک هەبوون بە کارەکانی سەخڵەت دەبوون و بە دروست کردنی بت و سەنەمیان زانیوە، بۆیە ئامۆژگارییان کردووە دەست لەو کارە هەڵبگرێ، بەڵام ئەو گوێی بە قسەی ئەوان نەداوە، لەسەر کاری خۆی بەردەوام بووە و کۆڵی نەداوە، لە پاڵ ئیشی قوڕ، وردە وردە ڕەسمیشی کردووە.

* لە پۆلی پێنج و شەشی سەرەتایی بووە کە مامۆستاکانی، وێنەکانی ئەویان وەک هۆیەلی ڕوونکردنەوە بۆ پۆلی یەک و ئەلفبێکەی باڵدار بەکار هێناوە. خەونی زۆری هەیە، هەر لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێ، چاوی لە پێشخستنی هونەرەکەی و پێشکەوتنی زیاترە، چونکە ئەو لەو هونەرمەندانەیە کە سەرومڕ ژیانی خۆی بۆی تەرخان کردووە، خولیا هونەرییەکەی لەسەرووی هەموو شتەکانی دیکە، تەنانەت خۆشییەکانی ژیانی خۆشی داناوە، لە هەموو بارودۆخێکدا، لە هەر کوێ بووبێ کاری کردووە و لە هونەرەکەی دانەبڕاوە. بۆ پێشخستنی زیاتری هونەرەکەی شەو و ڕۆژی لێک گرێ داوە، تا ئێستا من زۆر کەم ڕێکەوتی کەسێکم کردووە وەک ئەو هونەرمەندە دڵسۆز و خەمخۆری هونەرەکەی بێ، یان هەموو ژیانی بۆ بەلاوە نابێ و خۆی نەزری هونەرەکەی کردبێ. ئەو سەرەڕای ئەوەی بەردەوام خۆی بۆ هونەر



عەبدوڵڵا ڕەسووڵ- ئازاد عەبدولواحید

تەرخان کردووە و هەموو کاتەکانی ژیانی پێ بەخشیوە، بۆیە هونەر بە تەواوی ئەویان داگیر کردووە، چونکە هەست دەکا ئەوەی تا ئێستا کردوویەتی، لە ئاستی خەون و ئاواتەکانی ئەودا نین، لۆرکا دەڵێ هێشتا شیعرێکم نەنووسیوە وەک شمشێر بچەقێنە دڵمەوە، ئەویش پێی وایە هێشتا ئەو هونەرەی بەرهەم نەهێناوە کەفوکوڵی دڵی خۆی پێ دابمرکێنێتەوە.

* عەبدوڵڵا ڕەسووڵ هونەرەکەی بۆ میللەتەکەی تەرخان کردووە و هەرگیز لە تراژیدیاکانی دوور نەکەوتووەتەوە، چونکە هونەرمەندێکە هەڵقوڵاوی ڕوح و ناخ و هەناوی میللەتی خۆیەتی، ئەم پەیامەشی لە کارە هونەرییەکانیدا ڕەنگیان داوەتەوە و بە ڕەنگ و تەکنیک و شێوە و شێوازی جودا جودا گوزارشتی لێ کردووە. لە هەموو ڕۆژگارە خۆش و ناخۆشەکاندا، لە هەر قۆناغێکی ژیانیدا، دڕۆی لەگەڵ جیهانبینی هونەریی خۆی نەکردووە، لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەکەی خۆی ژیاوە. ئەم هونەرمەندە ئەزموونگەرە بەردەوام بۆ نوێخوازی هەوڵی داوە، لەگەڵ خەیاڵ و خەون و دنیابینی و دەربڕینەکانی ڕاستگۆیانە کاری کردووە، بیکاسۆ دەڵێ: من لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا هەوڵم داوە وەک منداڵێکی حەوت ساڵان وێنە بکێشم، ئەم هونەرمەندەش ویستوویەتی ئەو منداڵەی لە

ناخیدایــە، وەک خــۆی بمێنێتـــەوە و گــەورە نەبــێ. ئــەو کــە لــە جیهانێکــی پــڕ لــە ژاوەژاو و ئــاژاوە و ئاڵــۆزدا دەژی، بــەدوای ژیانێکــی هێمــن و ئــارام و سەقامگیردا دەگــەڕێ، بۆیــە لــە تابلۆکانیدا زۆر ورد و پشـوودرێژانە کاری کـردووە، بـە لێکۆڵینـەوەی زۆرەوە هەوڵــی داوە بچێتــە نێــو ناخــی مرۆڤەکانــەوە و خەمــە ســەرەکییەکانی وەک: دوورەپەرێــزی و نامــۆ بــوون و تەنیایــی و غــەم و تــرس و نیگەرانــی و دڵەڕاوکــێ و وردبوونــەوە و ڕامــان لــە ئاییندەی کردووەتــە بابەتــی تابلۆکانــی و بەرجەســتەی کــردوون.

* هونەرمەنـد عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ زۆر بـە خـاک و خەڵــک و وڵاتــی خۆیــەوە نووســاوە، هــەر لــەو ڕۆژەوەی فامــی کردووەتــەوە، وەک کەرســتەیەک مامەڵــەی لەگــەڵ خــۆڵ و قوڕ کــردووە و کەوتووەتە دروســتکردنی باڵنــدە و ئــاژەڵ، پێوەندییەکــی گیانــی بــە گیانــی بەهێــزی لەگــەڵ خــاک و خۆڵــی نیشـتمانەکەیدا پەیـدا کـردووە، بـەو هۆیەشـەوە بـە خاکەکەیــەوە بەســتراوەتەوە و سەمەندەرئاســا لــە پێناویــدا ســووتاوە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئــەو پێوەندییــە گیانــی بــە گیانییــە لــەلای پتەوتــر و بەهێزتــر لــە هونەرەکەیــدا خــۆی نوانــدووە، چونکــە پابەنــدی و پێوەنــدی بــە خــاک و خۆڵــەوە، تەنیــا بەشــێک لــە یــادەوەری و ڕابــوردوو نەبــووە، بگــرە لەگەڵــی ژیــاوە و گــەورە بــووە و لــە ویژدانیــدا ماوەتــەوە، تەنانــەت بووەتــە ڕەگەزێکــی گرنــگ و جەوهــەری کارەکانــی، بەڵکــوو بەشــێکی زینــدووە لــە جیهانبینــی هونەریــی ئــەو، کــە بەبــێ ئــەو ئامادە بوونــە، هەســتی بــە تێکچوونــی هاوســەنگیی خــۆی کــردووە، چونکــە لــە هــەر کــوێ بووبــێ، نیشــتمانی بــە کۆڵــی خــۆی داداوە و لــە یــادەوەری و زەیــن و ویژدانیــدا هەڵــی گرتــووە و لێــی دانەبــڕاوە، بۆیــە هەرگیــز لــەلای کاڵ نەبووەتــەوە.

* لــە پــاڵ کاری بەردەوامــی لــە بەرهەمهێنانــی هونەرێکــی جیــاواز، وەک پەروەردەکارێکیــش لــە ساڵی خوێندنـی ١٩٧٩- ١٩٨٠ـەوە، یەکـەم جـار لـە شـەقڵاوە کـە سـەرەتای دامەزرانەکـەی لەوێوە دەسـتی پـێ کـردووە، دەبێتـە مامۆسـتای هونـەر، پاشــان بەهــۆی ئــەوەی بڕوانامــەی ئەکادیمیــای هونــەرە جوانەکانــی بەغــدای هەبــووە، دەبێتــە یەکێــک لــە دامەزرێنەرانــی پەیمانگــەی هونــەرە جوانەکانــی ســلێمانی. دواتــر وەک ســەرۆکی لقــی ڕەســم و مامۆســتا لــەو پەیمانگەیــەدا، ســاڵی ١٩٨٠- ١٩٨٦/٦/٢٨ دەســت بــەکار بــووە. لــە بریتانیـاش لـە ١٩٩٦- ١٩٩٧ بڕوانامـەی وانەبێـژی وەرگرتــووە، وانــەی بــە قوتابیانــی کۆلێــژی هونـەری ئـەوێ وتووەتـەوە. لە سـاڵی ٢٠٠٥، دوای گەڕانــەوەی بــۆ کوردســتان، لــە کۆلێــژی هونــەرە جوانەکانی هەولێر دامـەزراوە، تـا لە سـاڵی ٢٠١٥، ڕۆژی خانەنشــین بوونــی، لــە کاری پەروەردەیــی بــەردەوام بــووە، لــە هەمــوو ئــەو جێیانــەدا بــە دەیــان و ســەدان قوتابــی لەســەر دەســتی ئــەو هونەریــان خوێنــدووە و خۆشویســتووە و لەبــن دەســتی پێگەییــون و دەرچــوون.

* لەبـەر سادەیی و سـاکاریی و خاکێتی خـۆی، لەنــاو ناوەندەکانــی خوێندنــی هونــەری، هەروەهــا لــە ناوەنــدی هونــەری و ڕۆشــنبیریی کوردیــدا کەســێکی شــیرین و خۆشەویســتە، تــا ئێســتاش کـە خانەنشـین بـووە، قوتابییەکانـی زۆریـان خـۆش دەوێ و ڕێــز لــە خــۆی و هونەرەکــەی دەگــرن، ڕێزەکـە لەلایـەک هـی کەسـێتی پـاک و سـەنگین و ڕاســتگۆیانەی ئــەوە، لــە مامەڵەکــردن لەگــەڵ دەروبــەر و ناوەنــدە هونەرییەکــە، لەلایەکیــش ڕێــز گرتنــە لــە ئاســتی هونــەرە باڵاکــەی کــە خاوەنــی ئەزموونێکــی دەوڵەمەنــدە، بــەردەوام کاری نــوێ و نوێخوازانــەی خــۆی پێشــکەش کــردووە و پێشــکەش دەکات. ئــەم هونەرمەنــدە دانســقەیە دنیایەکــی تایبــەت بەخــۆی هەیــە، نــە خــۆی و نــە هونەرەکــەی بــە هیــچ هونەرمەندێکــی دیکــە

ناچن کە من لە ژیانمدا لە نزیکەوە دیومن و ناسیومن، ئەو تا بڵێی کەسێکی هەست ناسک و هەستیارە، لەو کاتانەی من بە گەرموگوڕی گفتوگۆم لەگەڵی دەکرد، لە زۆر هەڵوێست و گێڕانەوە و قسە و باسدا، بەبێ ویستی خۆی فرمێسک دەزایە چاوەکانی. ئەو هونەرمەندە کە ماسییەکی گەورەیە لە ئاوێکی بچووکدا مەلە دەکا، تا ئەمڕۆ کە دەکاتە زیاتر لە ٦٠ ساڵ کار کردنی بێ پسانەوە، بەپێی پێویست نرخی نەزانراوە، نازانرێ ئەوە چ گەوهەرێکە لەناو هونەری کوردیدا هەڵکەوتووە، زۆر کەم لەسەر کار و بەرهەمەکانی نووسراوە، یان زۆر سەرپێی و کورت و رووکەشانە دیمانەی لەگەڵ کراوە، تەنانەت ژیاننامەکەشی کە لە چەند شوێنێکدا بڵاوکراوەتەوە، لە هەر جێیەک بە جۆرێکە و زانیارییەکان لە یەکدی جیاوازن.

* وەرنەگرتنی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدا، لە پاش تەواوکردنی خوێندنی ناوەندی بۆی بەخێر گەڕا، ئەو لەسەردانی بۆ بەغدا، لەبەر تەواونەبوونی ڕەگەزنامە عێراقییەکەی، فایلەکەیان لێ وەرنەگرتووە، ناچار بووە بگەڕێتەوە هەولێر و بچێتە ئامادەیی بخوێنێ، لەوێ بەسەرکەوتوویی ئەو قۆناغەی بڕیوە. لە کاتی پێشکەش کردنی داواکاری بۆ وەرگرتنی لە ئەکادیمیا، بەهۆی ئەو کارە هونەرییانەی لەگەڵ خۆی بردوونی، کاری دیکەشی کە بە سەرکەوتوویی لەپێش چاوی مامۆستاکانی کردوویەتی، لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن نمرەی یەکەمیی بەدەستهێناوە، هەرچەندە بۆ وەرگرتنەکەی تەشقەڵەی پشتگیری ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕژێمی لێ دەکەن، بەڵام ئاستە بەرزە هونەرییەکەی سەرنجی مامۆستایانی لیژنەی وەرگرتن ڕادەکێشێ، هەر ئەوەش فریای کەوتووە، لەو چوار ساڵەی خوێندنیشیدا قوتابییەکی سەرنجڕاکێش و لە هونەردا تاک و تایبەتمەند بووە. ساڵەکانی خوێندنی لە ئەکادیمیا زۆر چالاک بووە، لەگەڵ هاوڕێ قوتابییەکانی بەشداری لە دوو پێشانگەی هاوبەشدا کردووە، پێشانگەیەکی تایبەتیشی بۆ هێڵکارییەکانی خۆی کردووەتەوە کە نزیکەی (٤٠٠) هێڵکاری بوون و لە هۆڵی ئەکادیمیادا نمایش کراون، بۆیە لە دوا ساڵی خوێندنی ١٩٧٨- ١٩٧٩ بە یەکەمی بەشەکەیان دەردەچێ.

* وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، ڕۆڵی بەرچاوی لە پێگەیاندنی قوتابیانی هونەر گێڕاوە، بۆیە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پەیمانگەوە، لە ساڵی ١٩٨٠ دەچێتە سلێمانی، چونکە ئەوسا کردنەوەی پەیمانگە خەونی ئەو و سەدان هونەرمەندی کوردی هەموو بوارەکانی هونەر بوو، دوای (٦) ساڵ خزمەت کردن، دیسانەوە تەشقەڵەی پێ دەکەن و هەر ڕۆژەی بیانوویەکی پێ دەگرن، ئەو سەردەمە گوشار لەسەر هەموو هونەرمەندانی کورد هەبوو، ئەویش گوشاری زۆری لەسەر بووە، وەک هەموو هونەرمەندەکانی سلێمانی ڕژێم هەڵیانی دەپێچا و تەنگاویانی دەکرد، دەیویست بە چاو سوورکردنەوە و هەڕەشە لێ دەکردن وێنەی دیکتاتۆر بکێشن، لەو کاتەدا کە ئەوان داوا و داخوازییان لێی زۆر دەبێ، شەڕی (عێراق — ئێران)یش بووە، ئیتر بیر لە جێهشتنی وڵات دەکاتەوە و بەرەو ئێران، دواتر سوریا، دوایی بۆ بریتانیا دەڕوات.

* لە ١٩٨٩/٢/١١ گەیشتووەتە بەریتانیا و ماوەی نزیکەی (١٧) ساڵ لە لەندەن دەگیرسێتەوە، کە گەیشتووەتە ئەوێ پتر بە داهێنان و هونەر و ڕێبازەکانی لە بەریتانیا و وڵاتانی ئەورووپا ئاشنا دەبێ. زۆرجار ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەکرێتەوە کە ئەو چووەتە بریتانیا بۆچی ماستەرێک، دوکتۆرایەکی وەرنەگرتووە؟ ئەو دەڵێ لەبەر ناشارەزایی لە ژیانی ئەوێ، هەروەها لەبەر نەبوونی

و دەستکورتی نەیتوانیوە خۆی بۆ خوێندنی باڵا تەرخان بکات، زۆرجاریش پێیان گوتووە تۆ کە هونەرێکی ئاست بەرز و جوانت هەیە، ماستەرت بۆ چییە و بۆچی دەخوێنی؟ دیارە ئەویش ئەو قسەیەی دەوروبەرەکەی لە گوێ گرتووە و نەیخوێندووە، لە جیاتی بە دەستهێنانی بڕوانامە، بە گەرمی سەرقاڵی ئیشی خۆی بووە و هێڵکاری و مۆتیڤی زۆری کردووە، کە هونەری هێڵکاری بە ڕەگەزێکی بنەڕەتی هونەری وێنەکێشان دادەنرێ.

* هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ کە زۆر زوو دەستی داوەتە کاری هونەری، قۆناغ بە قۆناغ بەرهەمە هونەرییە جۆراوجۆرەکانی کردووەتە پێشانگەی تایبەتی، یان لە پێشانگەی هاوبەشدا لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندەکانی بەشداری کردووە، کە ساڵی ١٩٧٥- ١٩٧٦ لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەردەگیرێ، ئەم خوێندنە بۆی دەبێتە وەرچەرخانێک و سەرلەبەری ژیانی هونەری دەگۆڕێ. هەر لە ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە، زۆر پێشانگەی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات کردووەتەوە، کە (٦) دانەیان پێشانگەی تایبەتی، (١٤) دانەیان پێشانگەی هاوبەشن، لەو شارانەی پێشانگەی تایبەتی و هاوبەشی تێیاندا کردووەتەوە ئەمانەن: بەغدا، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کۆیە، کفری، مووسڵ، سوریا، لەندەن.

* لەگەڵ ئەو بەخششە زۆر و زەوەندەی هەیبووە، ئەو داهێنانە زۆرانەی لە کارەکانیدا بەدی دەکرێن، وێڕای ئەوەی ئەزموونێکی دەوڵەمەند و نوێ و بە بڕوێن پێشکەش دەکات و هونەرەکەی کردووەتە مەسەلەیەکی زیندوو لە ژیانی خۆیدا، وەلێ کەمتر وەک هونەرمەندێکی گەورە و دڵسۆزی هونەر و داهێنان دەناسرێ، زۆر بە دەگمەن بەسەر کراوەتەوە و ڕێزی لێ گیراوە. زەینم دایتێ هەموو ئەوانەی لە کایەی ئەدەبیات و هونەری کوردیدا ڕێز لە خۆیان، لە داهێنان و هونەرەکەیان دەگرن، ئیش بۆ خۆیان ناکەن، ڕیکلام بۆ کارەکانیان ڕەت دەکەنەوە، زۆر خۆیان ناخەنە بەر ڕووناکی، ئەوانە کەمتر ڕووناکییان دەخرێتە سەر و دەردەکەون.

* من لەمێژە ئەو هونەرمەندە، چ وەک خۆی و چ وەک ئاشنابوون بە هونەرەکەی دەناسم، ساڵی ١٩٨٠ کە هاتە سلێمانی و وەک مامۆستا لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان دەست بەکار بوو، من و شێرزاد حەسەن دوو ساڵ زیاتر بوو لەوێ بووین، بۆیە کە لە سلێمانی گیرسایەوە، جاروبار یەکترمان دەبینی، هەندێ ئێوارە پێکەوە پیاسەیەکمان دەکرد. لەوەتەی دەیناسم هەر بە پیاوێکی جیددی دیومە و ناسیومە، قەت حەزی بە ڕیاکاری و موجامەلەی درۆ نەکردووە، لەلای هەموو کەس بە مرۆڤێکی ڕاشکاو و ڕاستگۆ ناسراوە، هونەرەکەی خۆی تا ڕادەی عیشق و تا سەر ئێسکان خۆشویستووە، پیاوێکی بە هەڵوێستە، مێژوویەکی گەش و جوان و پڕشنگداری بۆ خۆی تۆمار کردووە. تابلۆکانی لە واقیعی وڵات و میللەت و سروشتە جوانەکەی هەڵێنجاوە، زۆر سوودی لە کەلەپوور و فۆلکلۆری دەوڵەمەندی میللەتەکەی وەرگرتووە، بەڵام قەت بە زەقی لە کارەکانیدا داینەناون، بەڵکوو زیاتر وەک هێما و ڕەمز بەکار هێنراون.

(١٩) ساڵ بوو بە تەمای ئەو گفتوگۆیە بووین، دواجار بە چەند مانگێک و چەندان دانیشتنی دووردرێژ هەڤپەیڤینەکەمان ساز کرد، بڕیارمان دا چەند بەشێکی لێ بڵاو بکەینەوە، ئەوەی دەمێنێتەوە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپی بکەین.. فەرموون ئێوە و جیهانە تایبەت و پاکەکەی هونەرمەند عەبدوڵڵا ڕەسووڵ.

**ڕامان:** هەر ئەو جارە ئەو ڕووداوە ڕووی دا، یان دووبارە بووەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** جارێکی دی بە هەمان شێوە لە مەیدان، لە چایخانەیەک دانیشتبووم، نازانم ناوی چ بوو، چایخانەکە هیی کورد نەبوو، خەریک بووم هێڵکاریم دەکرد، کەسێکم بینی جلکی سەربازیی لەبەر بوو، خەریک بوو هەڵدەستام بچمە ناو پاسەوە، سەربازەکە هات و ڕاست قوڕگی گرتم. پێم گوت چییە! گوتی فایلەکەتم بدەرێ.

**ڕامان:** مەبەستی بۆردەکەی هێڵکاری بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** گوتی بمدەرێ دەی! تۆ هەر تەماشای ئێمەت دەکرد، ڕەسمی منت کردووە. گوتم نا بابە ڕەسمی تۆم نەکردووە، فەرموو تەماشای بکە، ئەگەر بە تۆ چوو بیبە. تەماشای کرد شتی وای تێدا نەبوو کە بەو بچێ، وێنەکانیشم بەدزییەوە دەکرد، کە دەمزانی یەکێک زۆر تەماشام دەکا و ئاگای لێمە، نەمدەهێشت هیچ بەخۆی بچێ، ئیدی کە بینی شتێکی وای تێدا نییە، دەستی لە یەخەم کردەوە.

**ڕامان:** ئاگام لێیە بەشی زۆری ژیانت بۆ وێنەکردن و هێڵکاری و کارەکانت تەرخان کردووە، ئەی بە دوای کتێب و سەرچاوەی هونەریدا نەگەڕاوی، لە کاتێکدا بەغدا کتێبخانەی باشی لێیە، لە هەموو وڵاتانی عەرەبییەوە کتێبی باشی بۆ دەهات، ئایا هەندێک لەو کتێبانەت بە دەست دەهێنا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** با شتێکت بۆ بگێڕمەوە، ئەوە کۆنترە، ئەو کاتەی کە چوومە بەغدا بۆ پێشکەشکردن، چاوەڕێم دەکرد ناوم دەربچێ، جارێک چوومە ئۆرزدیباک، لە سەعدوون کتێبخانەیەکی گەورە هەبوو، هەر پێوەندی بە ئۆرزیباکەوە هەبوو، ئەو کتێبخانەیە تەنیا کتێبی هونەری هەبوو، زۆربەی کتێبەکان ئیتاڵی بوون، هەموو جۆرە کتێبێکی تێدا بوو، هەندێکی ئینگلیزیشی تێدا بوو، چووم بایی یازدە دینارم کڕی، هیچ پارەم پێ نەما، تەنیا پارەی ئەوەم پێ مابوو بە پاس پێی بگەڕێمەوە هەولێر، بۆ ئەوەی پارەی تر بهێنم.

**ڕامان:** دوایی چۆن گەڕایتەوە هەولێر، ماڵەوە چییان پێ گوتی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بۆ سبەینێ سواری پاس بووم و چوومەوە هەولێر، کتێبەکانم بردەوە و گوتم پارەم نەماوە. باوکم گوتی ئێمە ئەو هەموو پارەیەت دەدەینێ، کەچی تۆ هەر ئیشی خۆت دەکەی، ئاگات لە ئێمە نییە. گوتم شتم کڕیوە و لە بەغدا هەموو شتێک گرانە. دیسان هەندێک پارەیان دامێ و چوومەوە بەغدا.

**ڕامان:** کتێبەکان چی بوون وا گران بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێک لەو کتێبانە ئیتاڵی بوون، لەبەر تابلۆکان کڕیبوومن، گرنگ نەبوو بیانخوێنمەوە، یان نا، هەندێک وشەی ئیتاڵی تێدەگەیشتم، سێ چوارێکیان ئینگلیزی بوون، هەندێکیان بچووک بوون، بۆ نموونە گۆیا، پیسارۆ، دومییە، ئەو کتێبانە نەماون، بەڵام ئێستاش یەکێکیانم ماوە، ئەوە بە ئینگلیزی بوو، ساڵی ١٩٧٥ کڕیومە، ئینسایکلۆپیدیای ئیسکپرسیۆنیزمە.

**ڕامان:** پتر ئەو کتێبانەت کڕیوە کە تابلۆیان تێدا بووە، ئەی لێکۆڵینەوە و ڕەخنە و شیکردنەوەی هونەری، کە لە بارەی هونەری شێوەکارییەوە نووسرابن، لە بارەی پەیکەرەوە نووسرابن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** زۆرم لەو جۆرە کتێببانەش هەیە، هەندێکیشیانم لێ فرۆشتنەوە، چونکە دوو جار ڕام کرد و چوومە دەرێ، هەردوو جار کتێبم فرۆشتووەتەوە، بەڵام ئەو کتێبانەی

خۆشم دەویستن نەمفرۆشتوون، چونکە دەمزانی دەگمەنن، یان زۆر تیۆرین، ئەوانەم نەدەفرۆشت. لە ساڵی ١٩٨٢ش هەندێک کتێبم فرۆشت، برادەران لێمیان کڕییەوە، ئەوانە زۆرتر ئەدەبی بوون، یان خوێندبوومنەوە و ئیشم پێیان نەمابوو، پارەکە بۆ من پێویست بوو، لە ساڵی ١٩٨٦یش ڕام کرد، هەندێک لە کتێبەکانم فرۆشت، دیسان ئەوانەم نەفرۆشت کە زۆر چاوم لەدوویان بوو. کتێبم زۆر دەکڕی، ئێستاش زۆریانم ماوە و بەردەوامیش کتێب دەکڕم، خۆ دەبێ گۆڤاریش بکڕم، ئەوجا کەرستەی هونەرییش هەر باس مەکە!

**ڕامان:** ئەو کتێبانەی دەتکڕین هەموویانت دەخوێندەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دەمخوێندنەوە، کتێب هەبوو پێشتر لە کتێبخانەی گشتی خوێندبوومەوە، دوایی لە بەغدا دەمکڕییەوە، بەڵام زۆر کەرەستەی ڕەسمیشم دەکڕی. جارێک پۆلی دوو بووم کەرەستەی زۆرم کڕی، لە هەموو شارەکانی عێراق (ئەجهیزە دەقیقە) هەبوو، کەرستەی بریتانیایی هێنابوو، وەک قەڵەم و کەتەر و چەقۆ و ئەوانە کە پێشتر نەماندیبوون، بۆ ئێمە جوان بوون، شتم زۆر کڕی، ئیدی پارەم پێ نەما، حەفتەیەک هەر نان و چام دەخوارد، بەڵام بەدزییەوە دەمخوارد، حەفتەیەک بوو نەمدەگوت پارەم پێ نییە، زۆرتر سەموونم دەخوارد، لە کۆلێجیش نیسک و نۆک هەرزان بوو، سبەینان ئەوەم دەخوارد و ڕۆژەکەم بەڕێ دەکرد، بەم جۆرە حەفتەیەکم بەڕێ کرد تا پارەم وەرگرت.

**ڕامان:** چایخانە و سەموونخانەتان لێوە نزیک بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، لە پۆلی دوو بووم، جارێکیان دەچوومەوە بۆ بەشی ناوخۆ، باڵیۆزخانەی



**بەغدا، نیسانی ساڵی ١٩٧٦، عەبدوڵڵا ڕەسووڵ، پۆلی یەک لە ئەکادیمیا.**

تورکیا لە پشت ئەکادیمیاوە بوو، شەو بوو لە لای بابلموعەزەمەوە بە پێ دەهاتمە خوارێ، لەوێ سەموونم دەکڕی، لە گیرفانی چاکەتەکەم، یان لە باخەڵم دەنا، بەدەم ڕێوە پارچە پارچە دەرم دەهێنا و دەمخوارد، سەموونەکە گەرم بوو، لەو جادەیە دەڕۆیشتم، تاریک بوو، دەستم بردە ناو باخەڵم سەموونم دەردەهێنا بیخۆم، سێ چوارێک لەبن داران خۆیان شاردبووەوە، لێم هاتنە دەرێ، مەزانە پاسەوانی باڵیۆزخانەی تورکیا بوون، هاتنە لامەوە، کە بینییان نان بوو خواردم، لێم کشانەوە، دەموچاویشیانم نەدی، تاریک بوو، ترسان، وایانزانی داخوا چیم پێیە!

**ڕامان:** لەوانەیە وایانزانیبێ چەکت پێیە و هێرش دەکەیتە سەریان؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وەکوو خەون وابوو، ڕێکوڕاست ڕۆیشتم، ئاوڕم نەدایەوە، ئەوجا تا دەچوومەوە بەشی ناوخۆ سەموونەکەم تەواو دەکرد، ئیدی ئەوە نانی ئێوارەم خواردووە

و تـەواو، ئەوانـەی لەگەڵـم بـوون فەلەسـتینی بـوون، ئەوەنـدە قسـەمان نەدەکرد، چاشـم لـەوێ نەدەخـواردەوە، هـەر لـە دەرێ نـان و ئاوەکـەم دەخـوارد و لـەوێ هێڵـکاری و ئیشـم دەکـرد و دەمخوێنـدەوە.

**رامـان:** ئێسـتاش عەودالـی کتێبـی باشـی و دەیـان کـڕی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مـن ئێسـتاش بۆ کتێب دەگەڕێم، بـەڵام ئەگـەر کتێبەکـە زۆر بـاش نەبـێ نایکـڕم، لـە ماڵـەوە جێگـەی واشـم نییـە، کتێبخانەیەکی گەورەشم کڕی سـوودی نەبـوو، ئێسـتا جێگـەم نەمـاوە. دوێنـێ کتێبێکـم کـڕی، لەسـەر ڕۆبنـز بـوو، هەرچەنـدە کتێبەکـەم وەکـوو هیـی بووکس لـە ئـای پـاد هەیـە، بـەڵام لەبـن قەڵاتـێ کڕیـم، کتێبێکـی جوانـە، گوتـم ئەگـەر هـەرزان بـێ دەیکرم، بـە ١٥ هـەزار دینـار کڕیـم، وا لـە ماڵـەوەم دانـاوە، ئێسـتا جێگـەم نییـە، نازانـم کتێـب لـە کـوێ دابنێـم.

**رامان:** تۆ ئێستا لە ماڵەکەت بەتەنیا دەژی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، برایەکم لەگەڵمە.

**رامان:** ئەو برایەشت دەخوێنێتەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، ئـەو زیاتـر بابەتـی مێژوویی دەخوێنێتـەوە، لـە ڕەسـم دەزانێ، باشیشـی لـێ دەزانـی، بـەڵام وازی لـێ هێنـا، خـۆی بـەرەو پێش نەبـرد، ئێسـتاکەش کـە دراوسـێیەک، یـان هـەر کەسـێک بـۆ قوتابخانـە، منداڵەکـەی داوای وێنـەی لـێ بـکا، ئـەو برایـەم بۆیـان دەکا.

**رامـان:** لـە ماڵـەوە شـوێنی تایبەتـی کارکردنـت هەیـە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لـە سـەربان ژوورێـک وەک ستۆدیۆ بەکاردەهێنـم، ژوورێکیـش کارەکانمـی تێـدا پارێـزراوە، لـەوێ دۆڵابێکـی کۆنیشـم هەیـە، ئـەو گۆڤـار و کتێبانـەم تێـدا دانـاون، کـە زۆرترینیـان کوردیـن، هەندێکیشـیان عەرەبیـن، ئەوانـەی بەردەوام پێویسـتم پێیـان نییـە.

**رامـان:** ئەرشـیڤەکەت دەوڵەمەنـدە؟ ئیشـەکانی خـۆت، یـان ئـەو بابەتانـەی لەسـەرت نووسـراون هەموویـت هەڵگرتـوون؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** زۆریانـم هەڵگرتـووە، بـەڵام ڕێکوپێـک نیـن.

**رامان:** ئەلبوومـی وێنەکانـی خـۆت و هاوڕێیانـت هەیـە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئەلبوومـم هەیـە، بـەڵام بـە باشـی ڕێکـم نەخسـتووە، هـەر دەمـەوێ ڕێکیـان بخـەم، خـۆم حـەز لـە ڕێکخسـتن دەکەم، شـتەکانم زۆر ڕێـک دەخـەم، بـەڵام وەک ئـەوە نییـە کـە بەدڵـم بـێ. هەندێـک جـار دەگەڕێـم بـۆ ئـەوەی شـتەکانم لەنـاو نایلۆنێـک دابنێـم، ئەلبوومـی فۆتـۆم هەیـە، هەندێـک لـە وێنـەکان تێـک چـوون، چونکـە کۆنـن، بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە ماڵـەوە لـە سـەربان بـوون، بـە تایبەتـی ئـەو کاتـەی مـن لـە دەرەوە بـووم، سـەربانیش گەرمـە، هەندێکیـان پێکـەوە نووسـاون، چونکـە زسـتانان سـاردە و هاوینـان گەرمـە، ئێسـتا سـپلیتێکم دانـاوە، بـەڵام کارەبـا نییـە بـەردەوام ئیـش بـکات.

**رامـان:** تـۆ ژیانـی سـەڵتیت هەڵبـژاردووە، ڕەنگـە گوتبێتـت ژن بهێنـم کاریگـەری لەسـەر حـەز و مەیلـە هونەرییەکـەم دەبێـت؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئـەوە هەبـوو، ئەگـەر بیانگوتبایە لـە نێوان ژنهێنـان و هونـەر یەکێکیـان هەڵبژێرە، ئەوە هونـەرم پـێ باشـتر بوو.

**رامان:** تۆ ساڵی ١٩٧٤ چوویتە شاخ؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نـا، مـن نەچـووم، زۆربـەی هاوڕێکانـم چـوون. بـە کورتـی پێـت بڵێـم تـا ئێسـتاش، لـە هەمـوو ژیانمـدا حـەزم لـە شـتی بەکۆمـەڵ نەبـووە. حـەز دەکـەم شـتێک نەبـێ و نەکـرێ، خـۆم بیکـەم، بـەڵام ئـەوەی هەمـوو کـەس

دەیکا، یـان پێـی دەکـرێ، تاموچێـژی نامێنــێ.

**ڕامان:** ئـەو شـتەی کـە زۆر گشـتییە پێـت خۆش نییـە، هەمـوو قەرەباڵغییـەکان و ئاهەنگەکانـت پـێ خـۆش نییە؟

**عەبدوڵــڵا ڕەسـووڵ:** بـۆ ئەو شـوێن و بۆنانە ناچم، نەچوومەتـە قەرەباڵغییـەکان، حـەزم لـە گـەڕەلاوژە و چاولێکـەری نییـە، مەگـەر ناڵێـم سـوودی سیاسـی هەبێـت. ئەگـەر بڵێـن خۆپێشـاندانێک دەکەیـن دەسـکەوتێکی سیاسـی گـەورەی بـۆ کـورد تێدایـە، لەوانەیـە بچم، بـەڵام بـۆ شـتێک ناچم کـە هەمـوو خەڵکـی بـۆی دەچـن، مەبەسـتم ئـەو قەڵەباڵغیانەیە کـە یەکێـک دێـت، یـان وتارێـک پێشـکەش دەکا و خەڵکیـش چەپڵـە لـێ دەدەن!

**ڕامــان:** ئێمــە تــا ئێســتا بــە تێروتەسـەلی باسـی قۆناغی یەکەم و دووەم و سـێیەمی ئەکادیمیامان کرد، ئەگـەر شـتێکت سـەبارەت بـەو سـێ قۆناغــە مــاوە و باســمان نەکردبــێ، پێـم خۆشـە تـا نەچووینەتـە سـەر قۆناغـی چـوارەم باسـی بکـەی.

**عەبدوڵــڵا ڕەسـووڵ:** بـا ئـەوەش بگێڕمـەوە، کـە پۆلـی دووەم تــەواو کــرد، ســاڵی ١٩٧٧ هاویــن بـوو، ئەوکاتـە لـە هەمـوو شـارەکان بنکـەی لاوان هەبـوو، بنکـەی لاوانـی کـوردی بـوو، هێشـتا زۆر دۆخەکـە تێـک نەچووبـوو.

**ڕامــان:** مەبەسـت لـە مەڵبەنـدی لاوان، ئـەوەی پێیـان دەگـوت «مرکـز شـباب»؟

**عەبدوڵــڵا ڕەسـووڵ:** بەڵــێ، پێیــان دەگــوت «مرکــز شــباب».

**ڕامان:** لەسەر ڕێگەی کۆیە بوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەسـووڵ:** لــە شــوێنی وەزارەتــی ڕۆشـنبیری ئەمڕۆ بـوو، دوو مامۆسـتای هونـەری لـێ بـوو، ڕەوانشـاد م. مەحموود ئەحمـەد بێوەی، ئەوەی بـەو دواییـە خەریکـی نوانـدن بـوو، مامۆسـتایەکیش نـاوی وەلـی بـوو، ئەویـش کاتـی خـۆی لـە قوتابخانـە مامۆسـتای سـەرەتایی بـوو.

**ڕامان:** وەلی کێ، ناوی باوکی چ بوو؟

**عەبدوڵــڵا ڕەسـووڵ:** نـاوی باوکـی نازانـم، خەڵکـی تەیـراوا بـوو، ئـەو هاوینـە م. مەحمـوود ئەحمـەد بێـوەی کـە جێگـری بەڕێوەبـەر بـوو، گوتـی بـۆ نایەیتـە لامـان، هاویـن وانـە بـە لاوان بڵێیتـەوە، ئـەوە بـوو ڕێـک کەوتیـن، ئـەوان کـە دەیانزانـی من لـە ئەکادیمیـام، دەیانویسـت سـوودم لـێ وەربگرن. گوتــم باشــە دێــم، چوومــە ئــەوێ و بڕیارێکیــان دەرکـرد، ئێسـتاش بڕیارەکـەم مـاوە، نووسـراوە عەبدوڵــڵا ڕەسـووڵ وانەبێـژ لـە ڕەسـم، (شـێرزاد حەسـەن)یش وەک وانەبێـژ لـە زمانی ئینگلیـزی ناوەکەمـان پێکـەوە بـوو. ناومــان دەرچــوو، بــەڵام هەندێکــی دیکــەی لــێ بــوون وەک نەجــات خەتــات بــۆ خۆشنووســی، وابزانــم پێــش مــن لــەوێ بــوو، یەکێکیــش نــاوی مــەزۆ بــوو، ئــەوە (بۆکســێن — ملاکمــة) ی دەگوتــەوە، هیــی دیکــەش هەبــوون، لەوانەیــە بەشــی مۆســیقاش هەبووبــێ.

**ئەگەر بیانگوتبایە لەنێوان ژنهێنان و هونەر یەکێکیان هەڵبژێرە، ئەوە هونەرم پێ باشتر بوو.**

**ڕامان:** ناوی مەزۆ لەشکری بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وابزانم ئەوە بوو.

**ڕامــان:** مـەزۆ لەشـکری خەریکـی پاسکیلسـواری و تۆپانـێ و وەرزش بـوو.

**عەبدوڵــڵا ڕەسـووڵ:** ڕاسـتە، بـەڵام جگـە لـە خۆشنووسـی، پێوەندیـم بـە بەشـەکانی تـرەوە نەبـوو، ئەویـش لەبـەر نەجـات خەتـات.

**ڕامان:** گوتت نووسراوی ئەو بڕیارەشت ماوە؟

**عەبدوڵــڵا ڕەسـووڵ:** بەڵــێ، کاغەزێکـی چـاپ کـراوە.

**ڕامــان:** دوایـی کـە گفتوگۆکەمـان لـە کتێبێکـدا

چاپ کرد، ئەو بریارەش بڵاو دەکەینەوە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێک دۆکیومێنتم ماون، کاغەزە کۆنەکانن، ئەگەر ویستت دەتدەمێ.

**ڕامان:** مووچەی مانگانەی هەر یەکەتان چەند بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بە باشی بەبیرم نایە مووچەکەمان چەند بوو، ئێستا بابەتەکەت بۆ باس دەکەم، کۆمەڵێک گەنج هاتن، ئێستا گەورەن، یەکێکیان کوڕی خاڵم بوو.

**ڕامان:** دەتوانی ناوی ئەو گەنجانە بڵێی کە هاتوچۆیان دەکردن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە ١/ ٧/ ١٩٧٧ دەستم پێکرد، دەوامەکەم پاش نیوەڕۆیان تاکوو پاش عەسر، نزیکەی ٣ کاتژمێر بوو، لە دامەزراندنەکە نووسراوە (محاضر- وانەبێژ). ئەوانەی دەهاتن: گەیلان، لەگەڵ (کەرخی)ی برای، لوقمان جەوهەر، ئەمجەدی برای، جەمال مشیر، هەڵگورد جوندیانی، فەرهاد عەزیز باپیر، ئیدریس لاوە، هونەر عوسمان (کوڕی خاڵم)، عەبدولڕەحمان فەرهادی، سەردار سنجاوی.

**ڕامان:** ئەو کوڕە خاڵەت ئاستە هونەرییەکەی چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە هەمووان باشتر بوو، زۆر لە سویدیش بوو، کە گەڕایەوە ئێستا لە کۆلێجی زمان دەرس دەڵێتەوە، گوتی لە سوید ماستەرم لە ڕەسمیش وەرگرتووە، لە ئینگلیزیش بڕوانامەی هەبوو، بەڵام ئینگلیزییەکەی یەکسان کرد، بڕوانامە هونەرییەکەی یەکسان نەکرد، نەهات بۆ ئەکادیمیا، ئەو وەک حەزی هونەری بۆ خۆی کار دەکات.

**ڕامان:** ئەی کەس نەبوو وانەی مۆسیقا بڵێتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کەسم نەدی، بەبیرم نایێ.



مەرزی سەفرە، بەرەو ئێران، ٣٠ی حوزەیران، ١٩٨٦، لە ڕاستەوە: بورهان ڕەشید، عەبدوڵڵا ڕەسووڵ.

**ڕامان:** ئەو ماوەیەی تۆ لەوێ بووی، هەر تۆ مامۆستای شێوەکاری بووی، کەسی دی نەهات؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەخێر.

**ڕامان:** ئەو سێ کەسە چەند لەوێ مانەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر وەرزی هاوینەکە بوو، هاوینان کە پشووە چووم، من ئەو کاتە قوتابی بووم، دووی ئەکادیمیام تەواو کردبوو.

**ڕامان:** هۆیەکەی چی بوو هەر ئەو هاوینە لەوێ بووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر ئەو هاوینە بوو، بۆت باس دەکەم چ ڕووی دا، چونکە دوایی دۆخەکە باش نەبوو. دەوامم کرد، زۆر حەزیان لێ بوو لەوێ بم، چونکە ئەو مامۆستایانەی باسم کردن، زیاتر ئیداری بوون، م. مەحموود بێوەی و م. وەلی، ئەوانە کەسی یەکەم نەبوون، کەسی یەکەمەکە حزبییەکی گەورە بوو ناوی دەحام عەواد عەبد بوو، بەڕێوەبەری بە وەکالەت بوو، وەک ئەوان دەوامی نەدەکرد، ئەوانە ئیشەکەیان بەڕێوە دەبرد.

**ڕامان:** بەرپرسە حزبییەکە کورد بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نەمدی بە کوردی قسە

بکات، کابرایەکی بەعسی بوو، زۆر توند بوو، چەند جارێک بینیم، بەڵام بنکەکە مامۆستا کوردەکان بەڕێوەیان دەبرد، من لەگەڵ ئەوان قسەم دەکرد، ئەوان هیی بەشی ڕەسم بوون، دەیانزانی من لە ئەکادیمیام و زانیاریم پێیە، بۆیە دەیانویست سوودم لێ وەرگرن، من ئەوەم دەزانی، ئیدی دادەنیشتم و ڕەسمم دەکرد، دەیانگوت ئەو جۆرە ڕەسمەمان بۆ بکە، یان پۆرترێتی ئەو منداڵە، یان پیاوێکی پیر، من بە زەیت بۆم دەکردن، زۆر شتم بۆ کردن، پۆرترێتی (نەجات خەتات)م کرد، کە لە بەریتانیا گەڕامەوە گوتم پۆرترێتەکە ماوە، گوتی ماڵمان سووتا و تابلۆکەش سووتا!

**ڕامان:** ئەی پۆرترێتی (شێرزاد حەسەن)ت نەکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوم کەمتر دەدی، بەڵام جار جار خۆشنووسی کە هەر تێکەڵی شێوەکارییە، یان کارگێڕەکان زۆر دەهاتنە لام، جارێکیان وەفدێکی ئەڵمانی هاتبوو، ڕەسمێکی منیان دابوونێ، پیاوێکی پیرم کردبوو قەنەی دەکێشا، گوتیان ئەو شاندە ئەڵمانییە تەماشایان کرد و گوتیان ئەو ڕەسمەمان دەوێ.

**ڕامان:** دیارە وەک فۆلکلۆر، سەرنجیانی ڕاکێشاوە و حەزیان لێ کردووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نازانم ئەوان خۆیان وایان گوت. کە دەرسم دەگوتەوە، یان ڕەسمم دەکرد، بۆخۆشیان سوودیان لێم وەردەگرت، چەند جار باسی ئامادەکردنی خامم بۆ ڕەسمی زەیتی، بۆ م. مەحموود بێوەی و م. وەلی کردووە، یان چۆن غەڕا بەکار دەهێنن.

**ڕامان:** لەو کاتانەی لەوێ کارت دەکرد، گرفتت بۆ دروست نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دوایی کێشە دروست بوو، دەیانگوت بەرپرسی مەڵبەندەکە گوتبووی دەبێ دەرس بە تەلائیعییەکان بڵێنەوە، منیش گوتم دەرس بەوانە ناڵێمەوە، ئەو قسەیە گەورە بوو، گوتیان دەبێ بیڵێیتەوە، منیش کەللەڕەق بووم و نەمکرد.

**ڕامان:** هیچت لە بارەی تەلائیعییەکانەوە دەزانی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کاتی خۆی ئامۆزایەکم لە سەرەتایی بوو، کوڕی مامە شێخ محەمەد مەولوودم بوو، هەموو جار دەیگوت کاوەی کوڕم لەسەر تەلائیعی لە قوتابخانە دەرکراوە، بۆیە تەلائیعم پێ ناخۆش بوو، لە ناو خانەوادەکەمان پێمان ناخۆش بوو، کاوەی ئامۆزامیان دەرکردبوو، لەبەر ئەوەی گوتبووی من جلکی تەلائیعی لەبەر ناکەم، مامیشم چووبووە قوتابخانەکەی، گوتبووی ئەوە لەسەر جلکی تەلائیعی کوڕی منتان دەرکردووە، قەی ناکا دەری بکەن، بەڵام نووسراوێکم بدەنێ، بڵێ ئەو کوڕە نابێ دەوام بکا، لەبەر ئەوەی جلکی تەلائیعی لەبەر ناکا.

**ڕامان:** ئەو مامەت زانیویەتی ئەوەی کردوویانە یاسایی نییە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** مامم بۆخۆی پارتییەکی زۆر توند بوو، کێشەی سیاسی ئازاری دابوو، ئاخری تەنگاو بووبوون، بەڕێوەبەرەکە گوتبووی با بێتەوە و جلکەکە لەبەر نەکا، قەی ناکا، تەنیا قسە مەکە و بە کەس مەڵێ، بۆخۆم ئەو قسانەم لەبیر بوو، کە گوتم دەرس بەوانە ناڵێمەوە. ڕۆژێک م. مەحموود بێوەی، گوتی کێشە هەیە، ئەوە بەرپرسەکە، کابرا حزبییەکە گوتوویەتی ئێوە یەکێکی خائینتان هێناوە، گوتی ئێمەش حەز دەکەین بڕۆی.

**ڕامان:** خائینەکە تۆ بووی، چاکە بە دوورخستنەوەت

وازیان لێ هێناوی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، گوتی بڕۆی باشترە. گوتم دەڕۆم، دوو مانگ، یان زیاتر بوو دەوامم کرد.

**ڕامان:** دوو برادەرەکەت لەوێ مانەوە، ئاگات لێیان هەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئاگام لێیان نەما، نازانم چییان کرد، بەڕێوەبەرەکە زۆر نەهاتە لام، بڵێ هەر دەبێ ئەوە بکەی، بەڵام یەک دوو جار بینیم دادەنیشن، م. مەحموود بێوەی گوتی وەرە، بە تەمەن لە من گەورەتر بوو، گوتی تۆ ماوەیەکە لێرەی، ئەوە شەست دینار، بڕۆی بۆ تۆ باشترە، منیش ڕۆیشتم، هاوینەکەش بەرەو کۆتایی دەچوو، ئەوێم بەجێ هێشت.

**ڕامان:** چاکت کردووە بەجێت هێشتووە، چونکە مەڵبەندی لاوان (مرکز شباب) لە سەردەمی بەعس جێیەکی باش نەبوو.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو کاتی بە حساب ئەوانە کورد بوون، هیچیان خراپ نەبوون، تەنیا ئەو بەڕێوەبەرە زۆر خراپ بوو.

**ڕامان:** نازانی دوای ئەوەی تۆ ڕۆیشتی کێیان لە جێگەکەت دانا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو کاتی کە من لەوێ بووم، ڕەهبەر چووبوو.

**ڕامان:** ڕەهبەر جەلال چووبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ.

**ڕامان:** چووبوو وەری بگرن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر ویستبووی بچێتە ئەوێ و ببێتە مامۆستای ڕەسم.

**ڕامان:** وەریان نەگرتبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، پێیان گوتبوو عەبدوڵڵا ڕەسووڵ لێرەیە، ئەویش گوتبووی کە ئەو لێرەیە، من دەڕۆم.

**ڕامان:** دوایی نەتبیستەوە دوای ڕۆیشتنت کێ چووە جێت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، هیچی وام نەبیستووە، هەر ئەوەندە بوو، ئیدی پێوەندیشم لەگەڵیان نەما. من وام، هەر شتێکم بەجێ هێشت، ئیتر بە تەواوی بەجێی دێڵم، ئەو کارەش تەنیا بۆ هاوین بوو کە قوتابیان پشوویان هەیە.

**ڕامان:** لە قۆناغی چواری ئەکادیمیا، ئەو مامۆستایانەی بۆ تۆ نوێ بوون، یەکەم جار بوو بیانناسی، دەرست پێ بڵێنەوە و سوودت لێیان وەرگرتبێ، ئەوانە کێ بوون؟

**فایق حەسەن بە منی گوت تۆ پێ دەگەی.. لە ئەکادیمیاش پرۆگرامە تیۆرییەکان باش نەبوون، هەروەکوو مەلزەمەیەکی پشتگوێخراو وا بوون.**

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دوای ئەوەی لە ئەرشیفی خۆم تەماشای جەدوەلم کردەوە، بەگوێرەی بڕوانامەکەم، دڵنیا بووم لە پۆلی سێ گرافیکمان هەبووە، زانیشم مامۆستاکە غالب ناهی بووە.

**ڕامان:** وەک بزانی ئەو مامۆستایە لە کوێ خوێندنەکەی تەواو کردبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دەرچووی ئەورووپا بوو، پێم وابێ لە ئیتاڵیا خوێندبووی، ئەرتیمۆفسکی مامۆستای گرافیکی پۆلی چوارمان بوو، کە هاتمە پۆلی چوار، لە چێژی هونەری خۆشترین قۆناغی خوێندم بووە، چونکە هەستم دەکرد لە جاران شارەزاترم، ئێستا دەمزانی چی بکەم و چ نەکەم، هەموو قسەیەکم وەرنەدەگرت.

**ڕامان:** بە ئاسانی قسەی مامۆستاکانیشت وەرنەدەگرت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وەک جاران نەمدەگوت ئەوە مامۆستایە، هەرچی ئەو بیڵێ ڕاستە، بە قسەی خۆم دەکرد. لە سەرەتاوە وا نەبووم،

شـەرمن بـووم، دەمگـوت ئەوانـە هونەرمەنـدن و ناویـان هەیـە و لـە ئەورووپـا هاتوونەتـەوە، مانـای وایـە زۆر بـاش لـە شـتەکان دەزانـن، دوایـی زۆر شـتم بـۆ ڕوون بـووەوە.

**ڕامـان:** بێجگـە لـە شـەرم شـکانەکەت، ئـەو قەناعەتـەت لـە چییـەوە بـۆ پەیـدا بوویـوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسـووڵ:** لە پۆلی چوار زۆر سەربەست بـووم، لـە هیـچ شـتێک نەدەترسـام، گوتـم مـن ئێسـتا پۆلـی چـوارم، ئـەوەی لـە ئەکادیمیـا دەمویسـت، تـا ڕادەیـەک تێـی گەیشـتم، ئەگـەر بـڕۆم و بڕوانامەشـم نەبـێ، گرفـت نییـە، زەوقـم هەبوو، کە فایق حەسـەن دەرسـی ڕەنگمـان پـێ دەڵـێ و لەمـەولا پێوەندیمـان دەبـێ.

**ڕامـان:** دڵـت بـەوە خـۆش بـوو کـە ئیـدی م. فایـق حەسـەن، وانـەی ڕەنگـت پـێ دەڵـێ.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** پێشـتر پێوەنـدی شەخسـیم لەگەڵـی نەبـوو، خـۆم دەچوومـە پۆلەکـەی، ئـەو منـی دەناسـی، گەلێـک جـار دەچـووم، جارێـک هەنـدێ قوتابـی دەرکـرد، گوتـی بڕۆنـە دەرێ، ئەوانـەی لـە دەرەوەی پۆلەکـەوە هاتبـوون دەری کردن، تەنیـا مـن دەسـتی خـۆم بڵنـد کـرد، ڕووی لـەولا کـرد و قسـەی نەکـرد، بۆیـە دەزانـم منـی دەناسـی، چونکـە کـە کارم دەکـرد هەندێک قوتابی بەبـێ ئاگاداری مـن دەچـوون کارەکەمیان نیشانی ئـەو دەدا، تـا پێیـان بڵـێ ئـەو کارانـە چۆنـن، بـەڵام بۆخـۆم نەدەچـووم، ئیتـر مـن ئەوهـا بـووم.

**ڕامـان:** بەهـۆی شـەرمنییەکەتەوەیە، خەسـڵەتی هەولێریانیـش زۆری وایـە، خۆشـم ماوەیەکـی زۆر شـەرمن بـووم، ئـەو شـەرمنییە زەرەری زۆری لـێ داویـن.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، زەرەری لێمـان داوە، مـن وا بـووم، ئەگـەر قوتابییەکـی دی لـە جێـی مـن بـا دنیـای دەخـوارد، پێشـیان گوتـم، یەکێـک گوتـی لـە جیاتـی تـۆ بـم، ڕوونادەمـە هەمـوو کەسـێک. گوتـم بۆچـی چـی بـووە، مەبەسـتەکە ئەوەبـوو، هـەر قوتابییـەک کاری پێشـانم بدابـا، قسـەم بـۆ دەکـرد، دەچـووم کارەکەیـم دەدیـت، لەوانەبوو دەستکاریشم بکردبا، کە دەهاتـە سـەر هونـەر جیاوازیـم لـە نێـوان قوتابیانـدا نەدەکـرد.

**ڕامـان:** ئـەوە (م. فایـق حەسـەن)مان زانـی، ئـەی مامۆسـتای دیکـە، کـێ بـوون بـۆ یەکـەم جـار دەرسـت پـێ بڵێـن و جێـی سـەرنجت بـن؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** د. خالیـد ئەلجـادر گرافیـک بـوو.

**ڕامـان:** یەکـەم جـار لـە پۆلـی چـوار دەرسـی پـێ گوتـی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، د. خالیـد ئەلجـادر، مێـژووی هونـەر و هێڵکاریـش بـوو.

**ڕامان:** کارەکانیم لـە ئەلبوومێکدا دیـوە، کۆمەڵێک هێڵکاریـی جوانـی هەیە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** د. خالید ئەلجادر هونەرمەند بـوو، زۆر شارەزا بوو.

**ڕامـان:** زۆر لـە کوردیـش نزیـک بـوو، نازانـم ئەگـەر خۆشـی کـورد نەبووبـێ، هێڵکارییەکـی زۆری ئـەوم لـەلای دوکتـۆر مـارف خەزنـەدار دیـوە، خـۆی پێشکەشـی ئـەوی کـردووە، هـەر لـە دەلیلەکەشـیدا کـە چـاپ بـووە، سروشـتی کوردسـتان و مرۆڤـی کـوردی تێدایـە، دیـارە هاوینـان هاتـووە لـە کوردسـتان گـەڕاوە، سـکێچ و هێڵـکاری کـردووە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئێمـە نێوانمـان زۆر خـۆش بـوو.

**ڕامان:** نەیدەگوت کوردە، کورد نییە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەخۆی وا بڵێ؟

**ڕامان:** بەڵێ.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، نەیگوت.

**ڕامـان:** بـەڵام زۆر دۆسـتی کوردە، زۆر لـە کوردەوە

نزیکە.
**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ڕۆشـنبیرێکی بـاش بـوو، ئینسـانێکی ناسـک بـوو، دەیگـوت تکاتـان لـێ دەکـەم مـن هونەرمەنـدم، مـن دوکتـۆر نیـم، مـن مامۆسـتا نیـم، ئـەوەی بـە قوتابیـان دەگـوت، قوتابیش ئەوەنـدە حەسـاس نەبـوون، ئـەوەی مـن باسـی دەکـەم قوتابییـەکان لەگەڵـی ئـاوا نەبـوون.
**ڕامـان:** قوتابیـان نرخـی ئـەو هونەرمەنـدە گەورەیە و ئـەم جۆرە مامۆستایانەی نەزانیوە.
**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئـەوە مـن وا قسـەی لـە بـارەوە دەکـەم، قوتابـی هـەر دەیویسـت دەربچێ و نمرە وەربگـرێ، دەیانویسـت کات بـەڕێ بکـەن، بە تایبەتـی ئەوانـەی لـە پەیمانگـەوە هاتبـوون، وایـان دەزانـی پەیمانگەیـان تـەواو کـردووە، ئیـدی هونـەر تـەواو بـووە، بـەڵام مـن بوومـە درک بـۆ ئەوانـەی دەیانگـوت لـە پەیمانگـە بوویـن، دەیانویسـت فشـە فـش بکـەن، منیـش دەمگـوت لـە ئامادەییـەوە هاتـووم، ئیتـر دادەبەزیـن و بێدەنـگ دەبـوون.
**ڕامان:** ئەوانە دژایەتی تۆیان دەکرد؟
**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** هەندێکیـان، بـەڵام ئەمـە واقیعەکـە بـوو، یەکـەم وانـە لـە پۆلـی چـوار کـە دەسـتمان پـێ کـرد ڕەنـگ بـوو، مۆدێلێـک دانـرا، کچێـک بـوو، منیـش قوماشـم ئامـادە کردبـوو، خـۆی بـاو بـوو فایبەریـان دەدایـنـێ، فایبـەری ٦٠ بـە ٨٠ بـوو.
**ڕامان:** ئەوە لە دەرسی کام مامۆستا بوو؟
**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** ئـەوە لـە دەرسـی م. فایـق حەسـەن بـوو.
**ڕامـان:** کانفاسـەکەتان لـە دەرێ دەکـڕی، یـان لـەوێ هەبـوو؟
**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نـا، کانفـاس گـران بـوو، خاممـان دەکـڕی.
**ڕامان:** دیارە ئەوەیان هەرزانتر بووە؟
**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مەرجیش نەبوو خام بکڕی، مـن بـۆ خـۆم دەمکـڕی، دارم کـۆ دەکـردەوە، هەنـدێ جـار لـە هەولیـرەوە دارم دەبـرد، بـەڵام لـە هەمـوو ئیشـێک پێـم نەدەکـرا، ئـەوەی پێـم بکرابـا لەسـەر قومـاش دەمکـرد.
**ڕامـان:** تـۆ لـەو قۆناغەشـدا لـە بەشـی ناوخۆیـی بووی؟
**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، لـە پۆلـی چـوار لـە ناوخۆیـی بـووم، ناوخۆییەکـە بـاش بـوو.
**ڕامان:** مانگانە مووچەشتان هەبوو؟
**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، لە پۆلی چوار مووچەکە زۆر بـاش بوو.
**ڕامان:** پارەکە بە باشی بەشی دەکردن؟
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ.
**ڕامـان:** بەتایبەتـی بۆ کڕینی کەرستەی وێنەکردن، خـام و ڕەنـگ و پێداویستییەکانت پێ دەکڕی؟
**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لـە پۆلـی یـەک دە دینـار بـوو، دوایـی بـووە پـازدە، لـە پۆلی چـوار بـووە سـی، بـەو پارەیـە دەمانتوانـی باشـتر پێداویسـتی خۆمـان دابیـن بکەیـن، وەکـوو کتێـب، کەرسـتەی هونـەری، یـان خواردنـی باشـتر بخۆیـن.
**ڕامـان:** کەواتـە ئـەو قورسـایی و ئەرکەتـان لەسـەر ماڵەوەتـان نەمـا، یـان کەمتـر بـووەوە؟
**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، لـە پۆلـی چـوار ناوخۆییەکـە لـە نێـوان دیجلـە و ئەکادیمیـا بـوو، خانوویەکـی دوو سـێ ژووری بـوو، هـەر ژوورێـک دوو، یـان سـێ قوتابـی لـێ بـوو.
**ڕامان:** کێت لەگەڵ بوو؟
**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەختیـار مسـتەفا، ئێسـتا نازنـاوی کردووەتـە قەفتـان، سـاڵێک دوای مـن بـوو، کـە چـووم داوای بەشـی ناوخـۆ بکـەم، گوتـی منیـش لەسـەر تـۆ وەسـتاوم، چونکـە لـە پۆلـی سـێ هـەر لەگـەڵ مـن بـوو، ئەوجا چووین بەشی

ناوخۆمان وەرگرت.

**ڕامان:** لە بەشی ناوخۆ ژووریکتان وەرگرت و پێکەوە بووین؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئێمە هەردووکمان لە ژوورێک بووین، سێ چوار کەسی دیکەش لە ژوورێکی دی بوون، ئەوان زۆرتر دەیانخواردەوە. بە ئێمە دووان تەسجیلێکمان کڕی، مۆسیقای کلاسیکیمان لێ دەدا، دەمانخواردەوە، جار بە جار خواردنمان لێ دەنا، مریشک و شتی وامان دەکوڵاند، وەک مەزە دەمانخوارد، سەموونمان دەکڕی، هەندێ جار لە دەرێش نانمان دەخوارد، لە ئەکادیمیاوە دەچووینە چێشتخانە.

**ڕامان:** پارەکەی وەرتانگرتووە باش بووە و شاهانە پێی ژیاون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەندێ جار ئێواران دەچووینە شەقامی سەعدوون، بارێک لەوێ هەبوو ناوی کەهف بوو، نان و مەشرووبمان دەخوارد و دەهاتینەوە، کتێبمان دەکڕی، لە جاران دڵمان خۆشتر بوو، هەرچەند ئەو لە پۆلی سێ بوو، بەڵام وەک من نەبوو، من چوار بووم، چاوکراوەتر بووم، ڕۆژێک خۆی گێڕایەوە، ویستبووی چاو لە من بکا، لە ئەکادیمیا چووبوو گفتوگۆ و قسەی گەورەی کردبوو، بانگیان کردبوو، تەنگاویان کردبوو، کە هاتەوە شێوابوو.

**ڕامان:** بۆچی چاوپۆشی لە تۆ دەکرا و لەو نەکرا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** چاوپۆشییەکەیان لەبەر لایەنە هونەرییەکەم بوو، لەبەر ئەوەش بوو من کەسێکی هێمن و بێدەنگ بووم، قوتابییەکان لە پۆل سوودیان لێم وەردەگرت، هەروەها لەبەر برادەرایەتی چاوپۆشی لە من دەکرا، بە تایبەتی لە باسی کورد و سیاسەت و ئەو شتانە، دەمتوانی هەندێ شت بڵێم و خۆم ڕزگار بکەم. لەبەشی ناوخۆییەکە پێکەوە بووین و خۆشمان ڕابوارد.

**ڕامان:** تا سەر هەر پێکەوە مانەوە، کەسی دیکە نەهاتە لاتان؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** پاش ماوەیەک عەرەبێک هات، چونکە ژوورەکە شوێنی سێ کەس بوو، بەڵام بێزارمان کرد و ڕۆیشت، ئەو قوتابیی قانوون بوو، ناوی خۆی نووسیبوو حاکم، هەر زوو پێمان گوت تۆ ناتوانی لەگەڵمان بژی، ئێمە لە بەشی هونەرین، ئێمە دەخۆینەوە، ئێمە نانووین، باش بوو ڕۆیشت.

**ڕامان:** دوای ڕۆیشتنی ئەو، کەسی دی نەهاتە لاتان؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** با، ئەو جارە یەکێکی دیکە هات خەڵکی دیوانیە بوو، ئەوە لە کۆلێژی زانستی، بەشی بایۆلۆژی بوو، کوڕێکی گەنجی زۆر زۆر باش بوو، دیار بوو تێگەیشتوو بوو، شیعە بوو، بەڵام نەماندەناسی، زۆرمان پێ گوت نەیەت، ئەمەشمان بێزار کرد، من پێم گوت مەیە لای ئێمە، ئێمە بێزارت دەکەین و دەخۆینەوە، تۆ ناتوانی لەلای ئێمە بخوێنی. گوتی نا من هەر دێم. دوایی کە هات، گوتی دەمزانی تۆ چۆنی، من تۆ دەناسم، ئێمە دوو دراوسێمان لە ئەکادیمیان، دەمزانی تۆ ئەوە نیت کە باسی دەکەی، بە مەبەست وات دەگوت، دوایی بووینە هاوڕێ، هەر زۆر بووینە برادەر، زۆر خۆشم دەویست.

**ڕامان:** کە بەو ڕادەیە بوونە برادەر، سەردانی دیوانیەت نەکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** با، چوومە ماڵیشیان، کە دەرچووم، هاوین بوو، لەگەڵ دوو قوتابییەکەی دیکە، دوو برا بوون، یەکیان لە ئامادەکردنی

مامۆستایان- اعداد المدرسین بوو، ئەویتر لە شانۆ بوو، شەوێک لەماڵیان بووم، دایک و باوکیان هاتن و بەخێرهاتنیان کردم و زوو وازیان لە ئێمە هێنا، تێکەڵی ئێمە نەبوون، ئەو کوڕە لەگەڵمان بوو، حەزیشی لە خوێندنەوە بوو، هەندێ شت هەبوو من لە پێشتر بووم، بەردەوام خوێندنەوەم هەبوو، بەهۆی هونەرەوە، جار جار پێم دەگوت ئەو کتێبە بخوێنەوە، یان هیی خۆم دەدایێ، کەسێکی گوێگر بوو.

**ڕامان:** با بێینەوە سەر دەوامەکەتان، چۆن دەستتان پێکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** یەکەم ڕۆژ کە چووم مۆدێلمان هەبوو، کچێک دانیشت، من قوماشم بردبوو، قوماشم لە چوارچێوە دابوو، ٨٠ بە ٦٠، تۆزێک گچکەتر بوو، دامنا و دەستم بە ئیش کرد، زۆر قسەی تایبەتمان نەکرد.

**ڕامان:** کێ مامۆستاتان بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** فایق حەسەن مامۆستامان بوو و هات، خەریکی دەرسەکە بووین کە پێیان دەگوت ئەلوان- ڕەنگ، مۆدێل بوو بە ڕەنگ، وەک باسم کرد یەکسەر دەستم پێ کرد، هێڵکاریم نەکرد، ڕاستەوخۆ ڕەنگم دانا، فایق حەسەن هاتە لام، بە عەرەبییەکەی گوتی «انت توصل»، واتە تۆ پێدەگەی، منیش تێگەیشتم، بە عەرەبی گوتم ئوستاد، من لە ئیشی خۆم ڕازی نیم. گوتی کوڕم منیش ڕەسمێک دەکەم، دەیسڕمەوە، یان ئەسپێک دەکەم چەند جار جێگۆرکێی پێ دەکەم.

**ڕامان:** ئەو هونەرمەندە بەردەوام پایپێکیشی بە دەستەوە بوو.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، پایپەکەی هەر لە دەست بوو.

**ڕامان:** بۆ زانیاریت، من هەر بەتایبەتی بۆ بینینی ئەو هونەرمەندە و لە نزیکەوە ئاشنابوون پێی، چوومەتە ئەکادیمیای بەغدا.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، هیی دیکەش زۆر دەهاتن.

**ڕامان:** دوای ئەوەی بوویتە قوتابیی ئەو، ئەوجا قسەت لەگەڵ کرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، کە پێم گوت لە ئیشی خۆم ڕازی نیم، ئەویش گوتی منیش لە ئیشی خۆم ناڕازیم، ئەوە گرنگ نییە. گوتی من ئەسپێک دەکەم، لەولا دەیسڕمەوە، دەیبەمە ئەولای، ئیدی زیاتر لە قوتابییەکانی دی پێوەندیمان هەبوو.

**ڕامان:** ئەی کچە مۆدێلەکەت چۆن دەرهێنا؟ ئەو کچەی وەک مۆدێل لەلات دانیشتبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** باش بوو، وەک هەمیشە لەوانی دی باشتر بووم.

**ڕامان:** کچەکە خۆی چی گوت، وێنەکەی خۆی پێ جوان بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەموو جارێ کچەکە پێی باش بوو، کچەکە هەر لە پۆلی خۆمان بوو، لەگەڵ من زۆر باش بوو، ئەو کچە بوو کە نازناوی عەسکەری هەڵگرتبوو.

**ڕامان:** هەر ئەوت دەکردە مۆدێل، یان کچی دیکەشت کردووەتە مۆدێل؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، ئەویان هەڵبژارد، لە پۆل مۆدێل بە ڕیز بوو، هەر جارەی نۆرەی یەکێک دەهات، بەڵام من قەت بۆ مۆدێل دانەنیشتووم، زۆر جار لە نۆرەی من ئەو کچە دادەنیشت، مامۆستاکانیش حەزیان نەدەکرد من وەک مۆدێل دانیشم، حەزیان دەکرد من کار بکەم، هەر چوار ساڵ من وەک مۆدێل دانەنیشتووم.

**ڕامان:** پێشتر گوتت هەندێ کرێکار هاتوون

بـۆ ئەکادیمیـا تـا وەک مۆدێـل کاریـان لەسـەر بکـەن.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** جاری وا هەبـوو پارەیـان دەدا کرێکارەکان، زۆر جار من دەچووم دەمهێنـان، هەندێ جاریش مامۆستا بۆخۆی دەچوو، زۆرتـر ئەکادیمیـا وەک کرێکار، بڕە پارەیەکی پێ دەدان، ئەگەرنا، لای خۆمـان بـە ڕیـز بوو، بـەڵام کـە نۆرەی مـن دەهـات، یەکێـک لەجیاتـی مـن وەک مۆدێـل دادەنیشـت، زۆر جـار کچـەکان بـوون، دەیانگـوت وێنەکەمـان بـۆ خۆمـان بـدەرێ، دەمگـوت ئەوەیـان زۆر بـاش نییـە، جارێکی دیکـە بـۆم دانیشـە، جاری وا هەبـوو بەجێـم دەگەیانـد.

**ڕامـان:** دیـارە زۆر سـوودت لـە م. فایـق حەسـەن وەرگرتووە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، سـوودم لـێ وەرگـرت، چێـژم لـە ئیشـەکانی وەردەگـرت، بـەڵام ئـەو زۆر شیکردنەوە و ڕوونکردنـەوەی بۆ کارەکان نەدەکرد بـە شـێوەیەک بڵـێ: مـن لەبـەر ئـەو هۆیـە وا دەکـەم، یـان نهێنییەکەمـان تێبگەیەنـێ، دەبـووا قوتابـی خـۆی هـەوڵ بـدا.

**ڕامـان:** واتـە بـە ڕای تـۆ لـە ڕووی تیۆرییـەوە زۆر بـاش نەبـوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بۆخـۆی دەیزانـی، لـە تەکنۆلۆژیـای هونـەری دەزانـی، بـەڵام بـۆ ئێمـە قسـەی نەدەکـرد، لەوانەیـە گوتبێتـی ئـەوە بـۆ ئـەوان زیـادە.

**ڕامـان:** زیاتـر مامۆسـتا و هونەرمەندێکی عەمەلی بووە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ڕاسـتە، کاتێک ئیشـی دەکـرد، زۆر سـوودم لێوەردەگرت.

**ڕامـان:** لـە ڕووی تیۆرییـەوە زۆرتـر سـوودت لـە کام مامۆسـتا وەرگـرت؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئەگـەر بڵێم لـە ڕووی تیۆرییەوە هیچیـان زۆر بـاش نەبوون، هەڵـەم نەکردووە.

**ڕامان:** هەر هیچیانت بەدڵ نەبوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نەخێـر، قسـەیان دەکـرد، م. فـەرەج عەبـۆ وەکـوو ئامـۆژگاری زۆر قسـەی دەکرد، بـەڵام لـە لای مـن قسـە زۆر نەیدەخـوارد، لای مـن عەمەلییەکـە بـاش بـوو، حـەزم دەکـرد یەکێـک زۆر لـە هونـەر بـاش بـێ، چۆن هێڵـکاری دەکات، چۆن ڕەنـگ دادەنـێ، پـڕ بـە مانـای وشـە هونەرمەنـد بێ. ڕاسـتییەکەی پرۆگرامـە تیۆرییـەکان بـاش نەبـوون، هەروەکـوو مەلزەمەیەکـی پشـتگوێخراو وابـوون.

**ڕامـان:** ئـەو مامۆسـتایە لـە ڕووی عەمەلـی و تیۆرییەوە بـاش نەبوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** ئـەو لـە کاری عەمەلـی زۆر باش نەبـوو، فایـق حەسـەن گاڵتـەی پـێ دەکـرد، هەروەهـا گاڵتـەی بـە ئیسـماعیل شـێخلی دەکـرد، کاتـێ ئیسـماعیل شـێخلی سـەرۆک بـەش بـوو، جارێـک فایـق حەسـەن گوتـی: ئـەو منداڵـە کاتـی خـۆی هاتـە لامـان، منداڵ بـوو، گەورەمـان کـرد، ئێسـتاکە قسـەمان لەسـەر دەکا.

**ڕامـان:** بـەو شـێوەیە قسـەی لەسـەر ئیسـماعیل شـێخلی دەکـرد؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، ئەوها باسـی (ئیسـماعیل شـێخلی)ی کـرد، م. فـەرەج عەبـۆ لـە عەمەلییەکـەی بـاش نەبـوو، م. حافـز دڕووبـی بـە عەمەلـی هیچـی نەدەکرد، لـە تیۆریش وشـەیەکیم بەبیر نایـێ، ئەوانە بێتاقـەت بووبـوون.

**ڕامـان:** بۆچـی خانەنشـین نەدەکران، بۆ مامۆسـتای دیکەیـان نەدەهێنا؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مـن لـە دڵـی خـۆم وام لێـک دەدایـەوە، دەمگـوت ئەوانـە لەمێـژە مامۆسـتان، لـە پەیمانگـەوە مامۆسـتان، بێـزار بـوون، لـە دووبارەکردنـەوەی بابەتـەکان تاقەتیـان چـووە، لەوانەیـە قوتابیـش بەرانبەریـان بێوەفـا بووبـێ،

لەبەر ئەوە زۆر متمانەیان بە قوتابی نەما بوو.
**ڕامان:** کەواتە قوتابییەکانیش هۆکارێکی گرنگن لە نائومێدبوون و بێتاقەت بوونی مامۆستاکانیان؟
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، ئەگەر کەسێک ویستبای فێر بێ جیاواز بوو، بۆ نموونە ڕۆژێک بینیم زۆر لە قوتابیان تووڕە بوو، گوتی ئێوە کار ناکەن، منیش ویستم قسە بکەم، گوتی نا، لەگەڵ تۆم نییە، کە مامۆستاکان تووڕە دەبوون، دەمزانی لەگەڵ منیان نییە.
**ڕامان:** ڕاگر هەر ئەسعەد عەبدولڕەزاق بوو، یان گۆڕابوو؟
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەسعەد عەبدولڕەزاق بوو، لە پشوودانێک من هێشتا نەهاتبوومە ژوورەوە، چونکە دەرنگ چووبوومە دەرێ، ئەو هاتبوو، ویستبووی قوتابی بگرێ و لێی بپرسێ کە بۆ نایەنە ژوورەوە، کە چووم تەماشای منی کرد، گوتی ها، بۆچی دواکەوتی؟ قوتابییەکان گوتیان ئوستاد ئەوە قەت دوا ناکەوێ، لە جیاتی من قسەیان کرد، ئەویش گوتی دانیشە، دانیشە.
**ڕامان:** هەموو لایەک سەرنجێکی باشیان لەبارەتەوە هەبووە، بۆیە هەمیشە حسابی تایبەتیت بۆ کراوە.
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو شتانە هەبوو، من خۆدزینەوە و شتی وام نەبوو، نەدەچوومە دەرێ. جارێک پشوو بوو، لە پۆل کارم دەکرد، ئەرتیمۆفسکی هات گوتی دە وەرە دەرەوە، وەرە باخچە، تەماشای ئەو کچە جوانانە بکە. گوتم کچی چی؟ کاتێ مۆدێل دادەنیشێ و دەجووڵێتەوە، فریای ناکەوی، بەڵام لە کاتی پشوو دەمتوانی هەندێ شت بسڕمەوە، دوایی کە مۆدێلەکە دەگەڕایەوە دووبارە کارم لێدەکردەوە.
**ڕامان:** لەگەڵ د. خالید ئەلجادر چۆن کارت کرد؟
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** یەکەم جار هێڵکاری ستیل لایڤێکمان کرد، د. خالید ئەلجادر زۆر بە دڵی بوو، گوتی هێڵکاریت زۆر زۆر باشە، نێوانمان باش بوو، دوایی کە زانی کوردم، گوتی وەرە ماڵەوە، دەعوەتت دەکەم، من خواردنی باش دەزانم لێ بنێم، دەیگوت کوبەی زۆر خۆشت بۆ دەکەم، تۆ تەنیا وەرە، بەڕاستی شەرمم دەکرد، بۆیە تۆزێک خۆم لادا و بە جیددیم وەرنەگرت.
**ڕامان:** من لە ساڵانی هەشتاکان زۆر دەچوومە بەغدا، زۆر جار کە دەیانگوت پێشانگەیەکی باش هەیە، سەردانم دەکرد.
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە ساڵی ١٩٧٩ ئەکادیمیام تەواو کرد و دامەزرام، لە ساڵی ١٩٨٠ بووم بە مامۆستای پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی، لەو ماوەیەدا تاکوو ساڵی ١٩٨٢، چەند جارێک چوومە بەغدا، پتر بۆ کڕینی کەرستە بۆ پەیمانگە، یان بۆ کڕینی کتێب و بینینی پێشانگە و کڕینی کەرستە بۆ خۆم بوو، لە ساڵی ١٩٨٢ تاکوو ئێستا نەچوومەتە بەغدا.
**ڕامان:** تۆ دوای ئەوەی دەریش چووی، نەدەچوویتە پێشانگە باشەکانی بەغدا، پێشانگە، یان بۆنەیەکی هونەری هەبێ، من بیرمە لە بەغدا بینالەی جیهانیی هونەری شێوەکاری هەبوو، هەرچی هونەرمەندی گەورەی عەرەب و دنیایە کۆیان کردبوونەوە.
**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** مامۆستا بووین، تەنیا هاوینمان بە دەستەوە بوو، تا بارودۆخەکە تێک چوو، پێشتر دەچوومە بەغدا، بەڵام لەبەر کتێب کڕین و چالاکیی ڕۆشنبیری و ئەوانە دەچووم، یان بۆ کەرستە کڕین، من گەشتیار نەبووم لە شاران بگەڕێم.
**ڕامان:** سەبارەت بە پۆلی چواری ئەکادیمیا، هیچت ماوە بیڵێی؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لـە پۆلـی چـوار زۆر شـت ڕووی داوە، بۆیـە پێـم باشـە لەسـەری بڕۆیـن، جارێک لەگـەڵ د. خالیـد ئەلجـادر چووینـە دەرێ، چووینـە هۆڵـی ڕەواق.

**ڕامان:** لە هۆڵی ڕەواق چ هەبوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** چووینـە ئـەوێ، بـەڵام بەبیـرم نایـەت چـی لێبـوو، هۆڵـی ڕەواق هۆڵێکـی گچکـە بـوو، لـە شـەقامی سـەعدوون بـوو.

**ڕامـان:** بەڵـێ، ئـەو هۆڵـەم دیـوە، بـەردەوام پێشـانگەی لـێ دەکرایـەوە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** د. خالید ئەلجادر بەڕێوەبەرەکەی دەناسـی، کچێـک هەبـوو نـاوی لەیـلا عەتـار بـوو، کچێکـی زۆر جـوان بـوو، ئێمـە چووینـە ئـەوێ، دیـار بـوو د. خالیـد ئەلجـادر جـار بـە جـار دەچـوو لەگەڵـی دادەنیشـت، د. خالیـد ئەلجـادر حـەزی لـە دەرەوە بـوو، دەیگـوت مـن حـەزم لێیـە قوتابخانەیەکـی سروشـتی دروسـت بکـەم، هێڵـکاری زۆر دەکـرد، هەنـدێ جـار دەچووینـە لای شەناشـیل و شـتی وا، نـەک لـە ژوورەوە دانیشـین، هـەر مۆدێـل بکەیـن، خـۆی لـە وێنەکێشـانی سروشـتەکە بـاش بـوو.

**ڕامـان:** لەگـەڵ ئـەو هونەرمەنـدە دەچوونـە کـوێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دەچووینە لای شەناشیلەکان، شـوێنە کۆنەکان.

**ڕامـان:** بـۆ بینینـی شەناشـیل سـەردانی کوێـی بەغداتـان کـرد؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** سـەردانی کۆڵانەکانـی بەغدامان کـرد، بـەڵام بەبیـرم نایـەت چ کۆڵانێـک و شـوێنێک بـوو.

**ڕامان:** گەڕەکە کۆنەکان شەناشیلی لێ هەبوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، لـە گەڕەکـە کۆنەکان زۆر بوو.

**ڕامـان:** ئـەوە بـە کـوردی پێـی دەڵێـن عروسـیات، عروسـی ئـەو دەلاقـە و پەنجـەرە کەسـک و زەرد و سـوورانە بـوون، بەسـەر کـۆڵان و شـەقامەکان دەیڕوانـی، لـە شـاری بەسـرەش زۆر لەوانـەی لێیە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** پەنجـەرە و دەلاقـە تەنـک تەنکـەکان، خۆشـی حـەزی لەوانـە بـوو، بـۆ هێڵـکاری خۆشـە، کۆڵانـەکان نازانـم ناویـان چ بـوو.

**ڕامـان:** ئـەوە هونەرمەنـد (نـووری ڕاوی)ش زۆر بایەخـی بـە شەناشـیل دەدا.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕاسـتە، ئێمـە دەچووین سکێچی خێرامـان دەکـرد، پـاش ئـەوەی پێشـانگەی هێڵکاریـم کـردەوە، د. خالیـد ئەلجـادر هێڵکارییەکانمـی دی، نێوانمـان زۆر بـاش بـوو.

**ڕامان:** پێشانگەکەت لە چ هۆڵێک کرایەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** لـە هۆڵـی ئەکادیمیـا، کـە تایبـەت بـوو بـە پێشـانگەکان، پێیـان دەگـوت هۆڵـی بەکـر- قاعة البکر.

**ڕامـان:** بـە چەنـد هێڵـکاری لـەوێ بەشـداریت کـرد؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نزیکـەی ٤٢٠ هێڵـکاری بـوو، لـە پۆلـی سـێی ناوەندییـەوە هێڵکارییەکانـم دانابـوو، یەکـەم پێشـانگەی تایبەتـی مـن بـوو.

**ڕامان:** بێجگە لە هێڵکاری، تابلۆشت دانابوو؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسووڵ:** نـا، تەنیـا هێڵـکاری و ئـاوی بـوون، کـە پێشـانگەکەم کـردەوە، کارەکانـم زۆر بـوون، دەمویسـت بڵێـم لـە سـەرەتاوە ئـاوا فێـری ڕەسـمکردن بـووم.

**ڕامـان:** لـە پۆلـی چـوار بێجگـە لـە هێڵـکاری، پێشـانگەی تابلۆشـت کـردەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، ئـەوە لـە پۆلـی چـوار، مانگەکانـی دوایـی بـوو، مانگـی پێنـج بـوو، هیـی فیسـتیڤاڵ و بـە گـرووپ بـوو، نـەک پێشـانگەی شەخسـی.

**ڕامان:** من پێموابوو تەنیا ئەو پێشانگە هێڵکارییەت کردووەتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، لە پێشانگەی دیکەش بەشدار بووم، بەڵام هێڵکارییەکە پێشانگەی تایبەتی بوو.

**ڕامان:** ئەوەیان تایبەت بە خۆت بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، هۆڵەکەم پڕ کردبووەوە، بە دوو ڕیز، بە سێ ڕیز دامنابوون.

**ڕامان:** دەنگ و سەدای پێشانگەکەت چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** زۆر زۆر باش بوو.

**ڕامان:** ئەی لە ڕۆژنامەکانی عێراق لەسەر پێشانگەکەیان نووسی؟ ڕەخنەگرەکان بۆ بینینی کارەکانت هاتن؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا نووسینی زۆرم نەدی، تەنیا هەواڵێک بڵاوکرایەوە، لەوانەیە من نەمدیبێ لە شوێنێک شتێک نووسرابێ.

**ڕامان:** ئەی نووسینەکەی مەدحی مەندەلاوی چ بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو نووسینە لە بارەی پێشانگەی دەرچووەکانی ئەکادیمیا بوو، هیی من سێ تابلۆ بوون، بەڵام بۆ کەس سێ تابلۆ دانەندرابوو، قوتابی هەبوو دەگریا، یەک تابلۆیان وەرنەگرت، ئیشەکانم دیار بوون.

**ڕامان:** لە بارەی هونەرمەند د. خالید ئەلجادر هیچ قسەیەکت ماوە بیکەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڕاست پێشتر دەمویست لەسەر د. خالید ئەلجادر بڕۆم. د. خالید ئەلجادر گوتی بۆ هەندێ هێڵکاری خۆتم نادەیتێ؟ من دەیانکەمە تابلۆ، ڕاستییەکەی منیش نەمدایێ، پێم خۆش نەبوو بیدەمێ، خۆم گێل کرد و لەبیر خۆم بردەوە، ئەویش خۆ هەموو ڕۆژێ پێم ناڵێتەوە، وانەکەش حەفتەی یەک ڕۆژە، بەڵام بۆ کردنەوەی پێشانگەی هێڵکارییەکانم گوتی ئەوە گەلێک زۆرە، بمزانیبا هەڵم دەبژاردن، خۆ منیش دەمتوانی لێیان هەڵبژێرم، بەڵام مەبەستم ئەوە بوو بڵێم من بەو قۆناغانەدا تێپەڕیوم.

**ڕامان:** وێنەی دایک و باوک و برای خۆت کردووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وێنەی دایک و باوک و برام کردووە، عاتیفەیەکی زۆر گەورە دایگرتبووم، زۆر ستایشیش دەکرام، من نەمتوانی زۆر ڕیکلام بۆ خۆم بکەم، کەس پێشانگەکەی نەکردمەوە، یەکێک بەدزییەوە هات، لە یەکێتیی قوتابیان بوو، ناوی محەمەد سەبری، قوتابی خوێندنی دبلۆمی باڵا بوو، لەوانەیە ئەوە لە ناوەوە سۆزێکی بۆم هەبووبێ، گوتی وەرە هەندێ کەرستەت دەدەمێ.

**ڕامان:** هەر بەڕاستی کەرستەی دایە تۆ، کەرستەکان چی بوون؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** سێ چوار قوتی هەمۆشنی دامێ، گوتی ئەمە بەینی خۆمان بێ، من حەقم نییە، تۆ بۆ خۆت پۆستەرەکەی پێ بکە، لەگەڵ بەختیار قەفتان لە بەشی ناوخۆ چەند پۆستەرێکمان کرد، دوو سێیەکم بردە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، سێ چوارێک بۆ ئەکادیمیا، یەک دووێکم لە شەقامەکان لە دیوار دا، هەر ئەوەندەمان پێ کرا، کەس بۆ کردنەوەی پێشانگەکەم نەهات، هەر بۆ خۆمان دەرگەمان کردەوە.

**ڕامان:** دیارە نەیانهێشتووە ڕیکلامێکی باش بۆ پێشانگەکەت بکەی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هەر ئەوەندەم پێ کرا، برادەرانیش بەختیار مستەفا و دارا ئەنوەر زۆر یارمەتییان دام.

**ڕامان:** ئەی لەگەڵ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و ڕەخنەگری شێوەکاری هیچ پێوەندیت نەبوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** هیچم بەبیر نایەت، ناتوانم لەو بارەیەوە هیچ بگێڕمەوە.

**ڕامان:** ئەوکاتی ڕەخنەگری باش لە عێراق هەبوون.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەناو عەرەبەکان هەبوون، من ئەوانم نەدەناسی، قوتابی بووین، بەڵام وەک گوتم لە ئەکادیمیا نەیاندەویست خەڵک زۆر بە پێشانگەکەم بزانێ و بە ڕەسمیات بکرێتەوە، لەلایەنە سیاسییەکەوە وا بوو، بەڵام بۆ لایەنە هونەرییەکە زۆر دڵم خۆش بوو، ئەوەی لەگەڵ هونەر بوو، یان ئەوانەی هاوسۆزم بوون، لە بەشی شانۆ و ئەکادیمیا و مامۆستاکان زۆریان هاتن، بە هیچشیانم نەگوتبوو، بەڵام هەواڵەکە بڵاوبووبووەوە.

**ڕامان:** لەناو مامۆستاکان م. فایەق حەسەن هاتە پێشانگەکەت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** م. فایق حەسەن بۆخۆی هات، زۆر بەناو پێشانگەکەدا گەڕا و تەماشای کارەکانی کردم، برادەرەکانیش لەوێ بوون، پێش ئەوەی بڕوا گوتم ئوستاد مەڕۆ، حەز دەکەم بزانم بیروڕات چییە؟ گوتی لەوە زیاتر چیت دەوێ؟ بە عەرەبی ئەمەی پێ گوتم. من تووشی سەرسوڕمان بووم، زۆر پێم خۆش بوو، بەڵام بە عاتیفیش زۆر ئازاری دام.

**ڕامان:** ئەوە شایەتییەکی زۆر گرنگە کە لەلایەن مامۆستایەکی گەورەی هونەرەوە بۆ تۆ دراوە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** قوتابی لەوێ بوون، ئەرتیمۆفسکی، د. خالید ئەلجادر، مامۆستایەکی دیکە هات، کە هی (سەقافەی قەومی) بوو، ئەوەی کە کێشەم لەگەڵی هەبوو، م. فەرەج عەبۆ، مخەلەد موختار، ڕاگری پەیمانگە بوو هاتن.

**ڕامان:** ئەوە بیروڕای (فایق حەسەن)ت باس کرد، کە پێتی گوتووە ئیتر چیت دەوێ، ئەی ئەو هەموو قوتابییە، د. خالید ئەلجادر بیروڕایان چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بیروڕایەکان لەسەر ئەو پێشانگەی هێڵکاریانە لەناو دەفتەرەکەم ماون، زۆر قسەی خۆشیان نوسیوە، ئەوکاتی هونەرمەند ئەحمەد سالار لە بەغدا بوو، هات بۆ پێشانگەکە.

**ڕامان:** ئەحمەد سالار بۆ بینینی پێشانگەکەت هات؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، خۆشی دەرچووی ئەکادیمیایە.

**ڕامان:** پێشتر لە ئەکادیمیا بەشی شانۆی خوێندووە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** حەزی کردبوو بێتە پێشانگەکەم.

**ڕامان:** ئەو ڕۆژگارە هونەر لە بەغدا ڕەواجی هەبوو، بینەری زۆر بوو.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەوە ساڵی ١٩٧٩ بوو، ئەوانەی هاتبوون لە دەفتەرەکە نووسیویانە، چونکە نووسینەکانی ئەوێ، لە هیی هەولێر باشتر بوون، لەوێ هونەر بایەخی زیاتر بوو، ئەبووبەکر خۆشناو، مەوجوود سامان، ئەوانە هەموو بۆیان نووسیوم، وەلید ئەسەسەردیش هاتبوو، ئەو ناوانە دەهێنم، چونکە لە دەرەوەی ئەکادیمیاوە هاتبوون، بەڵام ئەوانەی ئەکادیمیا بەردەوام دەهاتن.

**ڕامان:** وەلید ئەسەسەرد، چی فەرید ئەسەسەرد بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** وەلید ئەسەسەرد برای فەریدە، لە بەغدا قوتابی بوو، کاتی خۆی لە تەیراوا بوو، باوکی ناوی عەلی بوو، دووکانی هەبوو، گۆڤار و کتێبی دەخوێندەوە، زانیم

ئەوانە حەزیان لە خوێندنەوەیە، برادەرم نەبوو، بەڵام لەبەر پێشانگەکەم هاتبووە ئەکادیمیا.

**ڕامان:** وەک بینەرێک هاتبوو تەماشای پێشانگەکەت بکات؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، وەک بینەر هاتبوو، مەبەستم لە برادەرە کوردەکانە، دەفتەرەکەم ماوە، هەندێکیان لە کۆلێژ بوون و لە بەغدا دەیانخوێند.

**ڕامان:** دەتوانی لە داهاتوودا هەندێک لەو بیروڕایانە چاپ بکەی.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** تەنانەت عەرەبەکانی پۆلەکەی خۆم، قسەی باشیان بۆ نووسیوم، موخەلەد موختار، ڕاگری پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو، ئەویش هاتبوو، هەندێک عەرەب هاتبوون کە هونەرمەند بوون.

**ڕامان:** هەموو ئەوانەی هاتبوون بیروڕای خۆیان بۆت نووسیوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، مەرج نییە، بەڵام بەشێکی زۆریان نووسیبوویان، هەندێک دەیانگوت ئەو پێشانگەیە وەک موزەخانەیەکە، ئەمە چوار پێنج جارە دێین، هەبوو دەیگوت سێ جارە بێین، چونکە زۆر بوو، وەک موزەخانەیەکی هێڵکاری بوو، ئەوەی حەزی لە هونەر بووایە سوودی لێ دەبینی.

**ڕامان:** ئەوە یەکەم پێشانگەشت بووە ئاوا بەباشی پێشوازی لێ کراوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، یەکەم پێشانگەم بوو، بەڵام زۆر بە باشی پێشوازی لێ کرا.

**ڕامان:** ئەی لە پۆلی دوو و سێ، ئایا لەو دوو قۆناغەدا پێشانگەی هاوبەشی تابلۆتان نەکردەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نا، لەو جۆرە پێشانگە هاوبەشانەدا بەشدار نەدەبووم.

**ڕامان:** لە هیچیان بەشدار نەبووی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەبیرم نایەت بەشدار بووبم، بیریشم لە پێشانگە نەدەکردەوە.

**ڕامان:** کەواتە تەنیا لە پۆلی چوار پێشانگەت کردووەتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لە چواریش ئەو پێشانگەیەم کردەوە، چونکە دوا ساڵی خوێندن بوو، گوتم ئیتر تەواو، با ئەوەی هەیە پێشانی بدەم.

**ڕامان:** کەس لە دەفتەرەکەدا ڕەخنەی بۆ نەنووسیوی؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** نووسینەکان زۆریان ستایشن، هەندێکیان زۆر لە کارەکان نەگەیشتوون، بۆ نموونە من هێڵکاریم پێشان داوە، ئەو باسی ئەوە دەکات بۆچی بابەتت نەکردووە و گوزارشت لە بابەت ناکەی، یان ویستوویەتی شتێک بکەم، بچمە ناو سیاسەت، لە کاتێکدا من هێڵکاریم پێشان داوە، لە کاتی خوێندن و بۆ فێربوون کردوومن.

**ڕامان:** هەندێک وا دەزانن هونەر دەبێ ئەوە بێ، دروشم و هاوار و نازانم چی و چی بێ.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕاست دەکەی، هەندێک دەیانەوێ وەکوو دروشم و پۆستەر بێ.

**ڕامان:** مامۆستای (سەقافەی قەومی) کە کێشەتان لەنێوان دروست بوو، ئەویش کە هاتبوو، بیروڕای ئەو چۆن بوو؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ئەو هات وێنەیەکیشی لەگەڵم گرت، لە دەفتەرەکە ئەوەی نووسیوە، (برا و قوتابیم - اخي و تلميذي)، چونکە مامۆستای (سەقافەی قەومی) بوو، بۆیە ئەو هەر بیری لەسەر سیاسەت بوو، ڕایەکانی ئەرێنی بوون، وەک گوتم لەگەڵ فایق حەسەن نێوانمان خۆش بوو، جارێک سەفەرێکمان بۆ دەرەوەی بەغدا کرد، دەرسی ڕەنگ بوو.

**ڕامان:** وێنەی ئەو چوونە دەرەوەیەتان هەیە؟

وێنەتـان گرتووە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، لەگـەڵ فایـق حەسـەن، دوو وێنەمـان گرتـووە.

**ڕامـان:** هەرچەنـدە ئـەو وێنەیـەت لـە ئەکاونتـی خـۆت دانـاوە، بـەڵام ئێمـە لێـرە زیاتر بۆ خوێنەران قسـە دەکەیـن، بۆیـە دەپرسـم، بۆ ئـەوەی پتـر بۆ ئـەوان ڕوون بێتـەوە.

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** مـن وێنەکەم لە فەیسـبووکی خـۆم بـڵاو کردووەتـەوە، چوویـنە جێیـەک وا دێتـە بیـرم نـاوی یوسـفییە بـوو، شـوێنەواری عێراقـی لـێ بوو، شـوێنەکە بڵـند بـوو.

**ڕامـان:** بەڵـێ، ئـەو شـوێنە لـە دەوروبـەری بەغدایە، دەبـێ یووسـفییە بـێ، مەحموودییـەش لـە دەوروبـەری بەغـدا هەیە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** وابزانـم یووسـفییە بـوو، ئەوجـا وێنەکەمـان گـرت، ئـەو کـوڕەی کامێـرای پـێ بـوو، قوتابییـەک بـوو خەڵکـی دوبـەی بـوو، ئـەوە زۆر وێنـەی گرتـووم، فایـق حەسـەن کارێکـی بچووکـی کـرد، داروبـار بـوو، لـە وێنەکـەش دیـارە لـە جێیـەک وەسـتاوم، دوایـی لـەلای دانیشـتم، گوتم هـا ئوسـتاد، ئـەوە کـۆڕۆم بەبیـر دەهێنێتـەوە، کامی کـۆڕۆی فەرەنسـی، گوتـی: هـا هـا کـۆڕۆ!.

**ڕامان:** لەو شوێنەدا ڕەسمی چیت کرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** کچێک هەبوو زۆر دەهاتە لام، ئـاگام لـێ بـوو (م. فایـق حەسـەن)یش تەماشـامی دەکرد و پێدەکەنـی، چونکـە ئـەو پێشـتر ڕەسـمی ئـەو کچـەی کردبـوو، منیـش ڕەسـمی ئـەو کچـەم کـرد و ماویشـمە، خەڵکـی نەجـەف بـوو، کچێکـی جوانیـش بـوو، کـە بـە تەنیـا دەچوومـە بـن دارێـک، ئـەوە هـەر دەهاتـە لام، منیـش تووشـی بیرکردنەوەیـەک بـووم، هەسـتم دەکـرد ئـەوە بـە ئەنقەسـت وا دەکا، یـان ئـەوە پیلانگێڕییەکـە، دەیانـەوێ خاڵـی لاوازم لـێ بگـرن، دوایـی گـەورەی بکـەن، چونکـە پێشـتر ئاگاداریـان کردبوومـەوە.

**ڕامـان:** پێشـتر چییـان پـێ گوتبـووی، چـۆن ئاگاداریـان کردبوویـەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** جارێـک کچێـک هاتـە لام کە هیـی پۆلـی خۆمـان بـوو، گوتـی ئـاگات لـە خـۆت بـێ، کـچ دەنێرنـە لات، هیـچ قسـە مەکـە، لـە پۆلـی دوو بـووم، قوتابییـەک هاتـە بەشـی ناوخـۆ، پێـم گـوت جارێکـی دیکـە مەیـە لام. گوتـی تـۆم خـۆش دەوێ، مـن خەڵکـی بەغـدام، بـاوەڕ بکـە مـن ئـەوە نیـم کـە گومانـم لـێ بکـەی. گوتـم نـا تـۆ چاودێـری مـن دەکـەی، بـە ئاشـکرا ئـەوەم پـێ گـوت، کوڕێکـی فەقیریـش بـوو، بـەڵام مـن دەمویسـت تـووش نەبـم.

**ڕامـان:** لەگـەڵ فایـق حەسـەن لـەو جـۆرە بۆنـە و دەرچوونانەتـان بـۆ دەرەوە دووبـارە نەبـووەوە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** نـا، هـەر ئەوجـارە بـوو، جارێـک مـن لەبـەر دەرگایەکـەی فایـق حەسـەن وەسـتابووم، ئـەو هۆڵـی خـۆی هەبـوو، لـە بەردەرگایەکـەی کرێکارێـک، کارمەندێک ڕادەوەسـتا، تەنیـا ئـەو ئـەوەی هەبـوو، لێپرسـراوی بەشـی ڕەسـمیش بـوو، لـە ژوورەوە لەگـەڵ نـزار هینـداوی گوێـم لـە دەنگەدەنگێـک بـوو، وابزانـم دەرچـووی ئەکادیمیـا بـوو، لـەو دواییانـەدا وەک هونەرمەندێک ئیشـی دەکـرد، بـەڵام سـەرەتا لەگـەڵ حزبـی بەعس کاری سیاسـی دەکـرد، گوێـم لـە هاتوهـاواری تـووڕە بـوون بـوو، لـە پـڕ نـزار هینـداوی بەپەلـە هاتـە دەرێ و ڕۆیشـت، ئـەو دەرچـوو، منیـش ڕاسـت چوومـە ژوورەوە.

**ڕامـان:** لـە خۆتـڕا بینیـوە فایـق حەسـەن لێـت تـووڕە نابـێ، بۆیـە زاتـی چوونـە ژوورەوەت کردووە؟

**عەبدوڵـڵا ڕەسـووڵ:** بەڵـێ، چـووم گوتـم مەرحەبـا ئوسـتاد، ئیـدی قسـەمان کـرد و وەڵامـی دامـەوە، گوتـم سـەیر کـە ئـەوە هەمـان گرفتەکانـی ئێمەیـە.

گوتی گرفتی چی؟ گوتم ئەوە نییە زۆر جار دەڵێم گرفتمان هەیە، گرفتی ئێمە هەر هونەری نییە، بزانە تۆش هەمان ئەو گرفتانەت هەیە، من وا بیرم دەکردەوە کە ئەویش گرفتی سیاسی هەیە.

**ڕامان:** م. فایق حەسەن وەڵامی چی بوو، ددانی بە بوونی گرفتی لەو جۆرەدا نا؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** گوتی نا، نا، ئیدی لەسەری نەڕۆیشت و منیش قسەی زیاترم نەکرد، جارێکی دیکە قسەیەکی دیکە هاتە پێش، کە چوومە ژووری فایق حەسەن خەریک بوو وێنەی ئەحمەد حەسەن بەکری دەکرد، ئەوکاتە سەرۆک کۆمار بوو.

**ڕامان:** لە گۆڕەپانی خولانی وێنەیەکی (سەددام حسێن)یشی دروست کردبوو، زۆر بایەخیان بە دانانی وێنەکە دابوو، پلاجکتۆریان بۆ دانابوو، درەنگانی شەوێکی بەغدا وێنەیەکی دەستکرد سەرنجی ڕاکێشام، لە وێنەکە وردبوومەوە، سەیرم کرد ئەو تابلۆیە سروشتی نییە، ڕەنگ و قووڵایی دەموچاوی کەسایەتییەکە زۆر سەرنجڕاکێش بوو، کە زیاتر وردبوومەوە بزانم کێ دروستی کردووە، بینیم لە داوێنەکەی بە وردی ناوی فایق حەسەن نووسراوە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** دەبێ، ئەوەم بەبیر نایەت، لەوانەیە لە هەشتاکان کردبی، بەڵام وێنەی ئەحمەد حەسەن بەکری لە پێش من دەکرد، لەناو ژوورەکەی خۆی، نزیکەی ٨٠ بە ٦٠ بوو، فۆتۆیەکی بە دەستەوە بوو، وێنەکەی دەکرد، منیش وەستام، گوتم ئوستاد وێنەی کێ دەکێشی؟ گوتی وێنەی ئەحمەد دەکێشم، ئەحمەد، ڕێک ئاوای گوت و پێکەنی، بەڵام وێنەکە زۆر ناشیرین بوو، بە مەبەست دەیویست بە شێوەیەک بیکا بە ئیشی ئەو نەچێ، بە شێوەی خاڵ خاڵ دەیکرد، هەستم کرد دەیەوێ وێنەکە بە خراپی بکێشێ.

**ڕامان:** دیارە کاری بێگاری بووە و بەزۆر پێیان کردووە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، بێزار بوو، خۆی بەڕاستی حەزی لەو جۆرە کارانە نەدەکرد، ئەگەر وێنەی (سەددام حوسێن)یشی کردبێت، ئەوە بەزۆر بووە، دیارە تەنگاویان کردووە.

**ڕامان:** نەک هەر تەنگاو کراوە و هەڵیانپێچاوە، بگرە مەسەلەکە بۆ ئەو ڕۆژگارە ژیان و مردن بووە، دیارە لەژێر هەڕەشە پێیان کردووە.

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** گوتم ئێمەش ئەو جۆرە گرفتەمان هەیە، چونکە ڕۆژێک هەندێ شتی بە من گوت، منیش گوتم تۆ لە جێگەی ئێمەی قوتابی بووای چیت دەکرد؟ گوتی تەنیا کارم دەکرد. گوتم ئوستاد ئێمە تەنیا کار دەکەین، بەڵام لێمان ناگەڕێن. گوتی وەکوو چی؟ وەک گرفتی بەشی ناوخۆیی، ئاوی گەرمتان نییە. گوتم نا نا ئوستاد، هەر ئەوە نییە، زۆر شتی دیکە هەن، ئەوان بەردەوام بێزارمان دەکەن، ئەوجا کە ئەو ڕۆژە بینیم تووڕە بوو، گوتم بزانە ئوستاد، ناڵێم ئێمەش بێزار دەکەن.

**ڕامان:** تۆ ڕێک ئەوەت بە فایق حەسەن گوت؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، مەبەستم ئەوە بوو، گوتم بزانە ئێمەش ئەو گرفتانەمان هەیە.

**ڕامان:** تۆ ئەوەت بەبیر هێنایەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** گوتی نا، نا، ئیدی من قسەم نەکرد. ئەو ڕۆژەش کە گوتم چ ڕەسم دەکەی؟ گوتی ئەحمەد. منیش پێکەنیم. هەندێ جار بزمار، داری چوارچێوەی بۆ دابین دەکردم، چونکە ئێمە کارگەی دارتاشیمان هەبوو، دەمگوت لەگەڵم وەرە، ئەی تۆ دارت ناوێ، با بچین دار بێنین، ئەوها لەگەڵم دەهاتە کارگەی دارتاشی.

**ڕامان:** فایق حەسەن لەگەڵت دەهاتە کارگەی دارتاشی و چیت ویستبا دەستت دەدایێ و دەتبرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، دەمگوت ئوستاد ئەو بزمارە، ئەوە و ئەوەش. دەیگوت ببە، بێگومان بۆ ئەو کەس قسەی نەدەکرد، دەیگوت ئەو دارە ببە، ئەوەش ببە، ئیدی دار و بزمارمان دەهێنا و دوایی دەیگوت ئەوە بۆ تۆ، ئەوە بۆ من، ئەوەندە بزمارە بۆ تۆ، ئەو دارەش بۆ تۆ، هەرچی بووایە من دڵم خۆش بوو، دەمبردنەوە بەشی ناوخۆ، هەندێ جار نەیاندەهێشت لە ئەکادیمیا دار ببەمە دەرەوە، هەندێ جاریش دەمبرد، دەمگوت چوارچێوە دروست دەکەم و دەیهێنمەوە، ئەوانەم دەکردە چوارچێوە، قوماشم لێ دەدا، هەر باش بوو، دەبووە هی خۆم، لە فاییەر باشتر بوو.

**ڕامان:** تۆ بۆچی حەزت دەکرد چوارچێوەکە قوماش بێ؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** قوماشەکە خۆشتر بوو، فاییەرەکە خوار دەبێ و چوارچێوەی نییە، من حەزم دەکرد کەرستەی خۆم بێ.

**ڕامان:** ئەوە هەر لە لای تۆ ئەوها بوو، یان لە لای هونەرمەندەکانی دیکەش وایە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** لەلای قوتابییەکان زۆر کەم شتی وام دەدی، هەبوو دەیکرد، بەڵام یەکە یەکە بوو، ئەوانە زۆر نەبوون، دەمدی (فایق حەسەن)یش بۆخۆی دەیکرد، هەندێ جاریش ئەوانەی ڕەسمیانی دەکرد بۆخۆیان کانڤاسیان دەهێنا لە چوارچێوە درابوون، من جارێک پێم گوت ئوستاد وەک مۆدێل بۆمان دانیشە، گوتی نا، جارێک دانیشتم شێوەی منیان نەهێنا. گوتم تۆ دانیشە ئێستا من شێوەی تۆ وەک خۆت دەهێنم. گوتی نا نا، قەت شێوەی من ناهێنن، دەمزانی کۆن جارێک دانیشتووە.

**ڕامان:** داوات لێ کردبا وێنەی تۆی دەکرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** بەڵێ، پێم گوتبا ڕەسمم بکە، دەیکرد، حەزم لێ بوو ڕەسمم بکا، بەڵام بەڕاستی پێم نەگوت.

**ڕامان:** لەوانەیە ئەوەش هەر بۆ شەرمەکە بگەڕێتەوە؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕاستە، جاری وا هەبوو ئەو ڕەسمی کردووە، منیش ڕەسمم کردووە، بە تایبەتی کە قوتابی دانیشتووە، هەندێ جار قوتابیان دەیانگوت هیی تۆ زیاتر بە خۆم دەچێ، بەڵام هیی ئەو جوانتر بوو، ئەوەش دوو سێ جار بوو.

**ڕامان:** م. فایق حەسەن بێجگە لە قوتابییەکان وێنەی کێی دیکەی کرد؟

**عەبدوڵڵا ڕەسووڵ:** ڕەسمی عامر عوبەیدی و (ئەسعەد عەبدولڕەزاق)ی کرد، وێنەی قوتابییەکی کرد بەرپرسی یەکێتیی قوتابیان بوو، ناوی وەلید بوو، لە کاتی ڕەسم کردنی هەموو ئەوانە من لەوێ بووم، عامر عوبەیدی لێپرسراوی مۆزەخانەی هونەری نوێ بوو، ئەسعەد عەبدولڕەزاق ڕاگری ئەکادیمیا بوو، دەمبینی ئەو ڕەسمانەی دەکرد، ئەوانەی جوان کردبوو، قوتابییەکەی زۆر جوان کرد، ئێستا لە کەتەلۆگ ڕەسمەکەم هەیە، ئەوجا وێنەیان دەگرت، من لەوێ بووم، بەڵام خۆم لەپێش کامێرا پێشان نەدەدا، لە ڕووم نەدەهات بچمە پێش کامێرا، چونکە لەو کاتانەی باسم کرد من هێشتا پۆلی چوار نەبووم، گرووپی ئەو پۆلە نەبووم، بەڵام لە جێیەک سەری من دیارە.

# تێکبەزینی فیزیک و ئەوپەڕفیزیک لە تێفکرینی (تاجەددینی شنۆیی)دا

د. ڕەهبەر مەحموودزادە
(شنۆ)

لە دیسکۆرسی ئایینیدا هیچ گرفتێکی تیۆری ئەوەندەی چۆنیەتی پێوەندی و شوێندانانی زاتی قەدیم لەسەر بوونەوەری (حادث)، پڕ لە گرێ و گرفنچک نییە. ئاییندارا‌ن بەر لە هەر سیفەتێک خودا بە سیفەتی خوڵقێنەر دەناسن و هەموو بوونەوەران بە سیفەتی خوڵقێنراو دەناسن، بەڵام کردەی خوڵقاندنی خوڵقێنراو لەلایەن خوڵقێنەرەوە لە «کات»ێکی دیاریکراودا ڕوو دەدا. دوای ئەم کاتە گۆڕانێک وەدی دێ کە بەر لەم کاتە نەهاتبووە کایەوە.

پێوەندی زاتی قەدیمی خودا لەگەڵ ئەم کاتە و لەگەڵ ئەم گۆڕانەدا چۆنە؟ «کات» و «شوێن» تایبەت بە جیهانی ماددەن. ویستی خوداش دەرحەق بەم جیهانە لەناو ئەم کات و ئەم شوێنەدا وەدی دێ کە تایبەت بەم جیهانە ماددییەن، کەوابوو پرسیار ئەوەیە زاتی قەدیم چۆن بەبێ ئەوەی گۆڕانی بەسەردا بێ، بڕیارە ئەزەلییەکانی دادەڕژێنە ناو ڕێژگەی کاتەوە و لە بەستێنی مێژوودا وەگەڕ دەکەون؟

گرفتێکی دیکەی گوتاری ئایینی گرفتی وەسفی خودایە. مرۆڤ بە زمانی خۆی و بە تێگەیشتنی خۆی، بە هەر سیفەتێک وەسفی خودا بکا، دەبێ تەقدیس و تەنزیهی خودا لەم سیفەتە بکرێ، واتە هەرچی مرۆڤ بڵێ، خودا ئەو نییە. هەرچی خەیاڵی مرۆڤ بڕ بکا و چاوی مرۆڤ هەتەر بکا، خودا لە سەرووی ئەوە. هەر لەسەر بنەمای ئەم گرفتەیە کە تاجەددین مەحموودی شنۆیی لە سەرەتای نامیلکەی «غایة الامکان في درایة المکان»دا لە زمان ئەهلی تەریقەتەوە دەڵێ: «ما وحد الله غیر الله»، واتە جگە لە خودا خۆی، کەس بە دروستیی خودای بە سیفەتی یەکتایی وەسف نەکردووە، هەروەها دەڵێ: «انزهک عما وحدک بە الواحدون»، واتە تەنزیهت دەکەم لەو یەکتاییەی یەکتاپەرستان دەیڵێن.

ئەوانە گرفتی گشتیی دیسکۆرسی ئایینین، بەڵام تاجەددین هەر لە سەرەتای نامیلکەکەیدا، خۆی لەبەردەم هەڵەمووتێکی هەزار بە هەزاری دیکەشدا دەبینێتەوە و بە هێندیشی ناگرێ و زۆر بەبێ ترس و بێ منەت بەسەر ئەم کێوە ڕژدەدا هەڵدەگەڕێ و ئاڵای سەرکەوتنی لەسەر

دەچەقێنێ. گرفتی تایبەتی تاجەددین ئەوەیە خۆی لەگەڵ پرسێکی فەلسەفی دەستەویەخە دەکا، بەڵام هەر لەوکاتەدا گوتاری فەلسەفیش بە ڕەسمی ناناسێ. دە گڕ باسێکی فەلسەفیڕا دەچێ، بەڵام ناشیەوێ نە کەم و نە زۆر لە کەرەستەکانی فەلسەفەی باوی ئەو سەردەم کەڵک وەربگرێ.

تاجەددین ڕاهاتووی ئەو نەریتەیە کە «تهافت الفلاسفه»ی ئیمام محەممەدی غەزالی پێ نووسراوە: واتە نەریتی شکاندنی ڕێچکەیەکی دیکە بۆ تێفکرین، جگە لەو ڕێچکەیەی فەلسەفەی مەششاء دایهێنابوو، ئەمە هەمان سەرچاوەیە کە کەسانێکی وەک ئیمام ئەحمەدی برای ئیمام محەممەدی غەزالی و عەینولقوزاتی هەمەدانی ئاویان لێ خواردووەتەوە، کەوابوو سەیر نییە کە نامیلکەی تاجەددین بە هەڵە وەپاڵ عەینولقوزاتەوە بدرێ، چونکە ئەوانە هەموویان ڕاهاتووی گوتارێکی وەک یەکن، هەر بۆیە ئەگەر هیممەتی مامۆستا نەجیبی مایلی هیرەوی نەبوایە و بە بەڵگەی نوسخەناسانە و کتێبناسانە و گوتارناسانە نەیچەسپاندبایە کە خاوەنی «غاية الامكان» (تاجەددینی شنۆیی) یە نەک عەینولقوزاتی هەمەدانی، ڕەنگ بوو ناوی تاجەددین شنۆیی هەتا هەتایە لە مێژووی تێفکرینی ڕۆژهەڵاتیدا وەک ناوی زۆر بیرمەندی هەڵکەوتەی دیکەمان کوێر بووبایەوە.

ڕاستە ئەو بیرمەندانەی ناویان هات، پەروەردەی گوتارێکی وەک یەکن، بەڵام ئەو تیۆرییەی تاجەددین لە «غاية الامكان»دا دایدەهێنێ لە هەموو مێژووی تیۆلۆژی ئیسلامی، تەنانەت غەیری ئیسلامیشدا تیۆرییەکی تاقانەیە.

تاجەددین خۆیشی بە متمانە بەخۆبوونێکی سەیرەوە باسی تیۆرییەکەی خۆی دەکا. جارێ بەر لە هەر بابەتێک سەرنج بدەنە ناوی نامیلکەکەی: «غاية الامكان فی دراية المكان». تاجەددین پێی وایە غایەتی ئیمکان، واتە ئەوپەڕی دەرەتان بۆ باسکردنی ڕاستەقینەی شوێن و کات، هەر ئەوەیە کە خۆی باسی کردووە و ناکرێ لەسەرووی ئەم دەرەتانە بیر لە دەروویەکی ڕوونتر و بەرفراوانتر بۆ ورووژاندنی ئەم باسە بکرێتەوە. شێوەی وەدەنگ هاتنی تاجەددین لەم نامیلکەیەدا بە چەشنێکە کە خۆی لە ڕەفرەفان دەبینێ و خۆی بە ڕاوەستاو لەسەر لووتکەکانی زانست دێتە بەرچاو، نەک بە دانیشتووی داوێنی لای خوار و بەرقەدی کێوی مەعریفە.

بەڵام پرسیار ئەوەیە کە تاجەددین بۆ زیاد لەو هەموو باسە تیۆلۆژیکە باسی «شوێن» دەکا؟ باسی شوێن عادەتەن باسی فیزیکە نەک ئەوپەڕفیزیک. ئایا باسکردنی شوێن دەتوانێ گرێیەک لە گرێیەکانی تیۆلۆژی بکاتەوە؟ وەڵامی تاجەددین بەم پرسیارە نەک هەر ئەرێیە، بگرە دەڵێ نهێنی هەموو نهێنییەکان لە کردنەوەی ئەم گرێ پووچکە تیۆرییەدا خۆی حەشار داوە و بێتو کەسێک مەتەڵی چییەتی شوێن ـ ی بۆ هەڵبێ، دەزانێ چۆن زاتی قەدیمی خودا پێش ئەوەی مووسا بوونی پێ بەخشرابێ و بەر لەوەی کێوی توور هەبووبێ بە مووسای گوتووە «فاخلع نعليك» و بۆچی مووسا ئەم گوتەیەی بە عیبری بیستووە و بە بێ بوونی عیسا چۆن عیسای دواندووەو عیسا بە سریانی بیستوویە و بەر لەبوونی محەممەد چۆن قسەیەی لەگەڵ کردووە و دواتر محەممەد ئەو قسەی بە عەرەبی بیستووە؟ (١) پرسیاری گشتی لەلای تاجەددین ئەوەیە چۆن خودا هەموو ویستراوەکانی- ئەوانەی بوون و هەن و دەبن-ی هەر بە ویستێک هەتا ئەبەد هێنایە کایەوە؟ تاجەددین دەڵێ کلیلی

ئـەم زانینـە لـە چییەتـی باسـی شـوێندا خـۆی حەشـار داوە.(٢) ناسـینی زۆربـەی سـیفاتی خـودا و چۆنیەتـی قەدیـم بوونـی قورئـان لـە ڕوانگـەی تاجەددینـەوە بەنـدە بـە ئـاگادار بـوون لـە چییەتـی شوێن. ئەگـەر کەسـێک بزانـێ ڕاستەقینەی شـوێن چییـە و شـوێنی خـودا چۆنـە، لـە نهێنـی ئـەم پرسـیارانەش دەگا.

تاجەددین سـەرەتا باسی جوداوازییەکی میتۆدۆلۆژیک لـە نێـوان خوێندنـەوەی خـۆی و خوێندنـەوەی فەیلەسووفان و موعتەزیلییەکان دەکا و دەڵێ ئەم دوو میتۆدۆلۆژییـە ڕێک پێچەوانـەی یەکترن. لە ڕوانگەی تاجەددینـەوە فەیلەسـووفان سـەرەتا ئامـرازەکان دەبینـن و سـیفەتەکان وەپـاڵ ئامـرازان دەدەن، دوایـی ناچـارن بـۆ ئـەوەی سـیفەتی وەک سـیفەتی ئامـرازەکان وەپـاڵ خـودا نـەدەن، حاشـا لـە سیفاتی خودا بکـەن: ئێمـە خـاوەن بوونیـن [کەوابـوو] ناکرێ بڵێیـن خـودا [هـەر بـە سیفەتی خـاوەن بوونـی ئێمـە] خـاوەن بوونـە. ئێمـە زانایـن، [کەوابـوو] ناکرێ بڵێیـن ئـەو [هـەر بـە سـیفەتی زانـا بوونـی ئێمـە] زانایـە. ئێمە خـاوەن توانایین، [کەوابوو] ناکرێ بڵێیـن [هـەر بـە سیفەتی بەتوانایی بوونی ئێمـە] ئـەو بەتوانایـە، بـەڵام هـەر لـەم کاتەشـدا بێبـەری لـە بـوون و بـێ توانایـی و بـێ زاناییـش نییـە.(٣) ئەمـە بۆچوونـی فەیلەسـووفەکان و موعتەزیلەکانـە. تاجەددیـن ئـەم قسـانە بـە نموونـەی سەرلێشـێواوی دەزانـێ. دەڵـێ بـە پێچەوانـەوە، ئێمـە لـە میتۆدۆڵـۆژی خۆمانـدا لـە «اثبـات قدم»ـەوە دەگەیـن بـە «اسـقاط حـدث»، واتـە کەسـی عاریـف، وەهـا تیشـکی دەرکەوتنـی خـودا لـە ڕوح و گیانیـدا ڕەنـگ دەداتـەوە کـە غەیـری خـودا لەبـەر ڕووناکایـی ئـەو تیشـکەدا نمـوودی نامێنـێ، واتـە سـیفەتە بـەرزەکان سـەرەتا بـۆ خـودا دەچەسـپێنن و دواتـر لەوانـی دیکـەی دەسـتێنینەوە. لـە میتۆدۆلۆژیـی فەیلەسـووفاندا بـە پێچەوانـەوە، سیفەتەکان بـۆ شـتی دیکـە دەچەسپێنن و دواتـر لـە خـودای دەستێننەوە. (٤)

خاڵێکـی زۆر سـەرنجڕاکێش ئەوەیـە کـە تاجەددین بـۆ وەسـفی فەیلەسـووف و موعتەزیلـەکان کەڵـک لـە وشـەی «ئەحـوەل»، واتـە خێـل وەردەگـرێ. خێـل، یـەک بـە دوو دەبینـێ. مەبەسـتی ئەوەیـە، چونکـە ئەوانـە سـەرەتا ئامـرازەکان دەناسـن، دوایـی دەیانـەوێ خـودا بناسـن، ڕاسـتییەکەی یـەک بـە دوو دەبینـن، واتـە زۆر بوونـی ئامرازەکانیـان دێتـە بەرچـاو، بـەڵام یـەک بوونـی خودایـان نایەتـە بەرچـاو. حـەوت سـەد سـاڵ دواتـر زانایەکـی کوردی دیکـە، لـە بەگژداچوونـی موعتەزیلییـەکان ڕێـک بـە سـیفەتی خێـل و ئەحـوەل وەسـفیان دەکا و هـەر ئـەو قسـەی تاجەددیـن دەکاتـەوە و دەڵـێ: ئەوانـە لـە جیاتـی ئـەوەی سـەرەتا خـودا ببینـن، لەپێشـدا سـەبەبەکان دەبینـن. تومـەز بـە ئەحـوەل زانینـی موعتەزیلییـەکان لـە گوتـاری ئەشـعەریدا شـتێکی بـاو بـووە. دەڵێـن نالـی (مـەلا خدری شـارەزووری) ئـەم شـیعرەی خـوارەوەی بـۆ بەرپەچدانـەوەی بۆچوونـە موعتەزیلییەکانی موفتـی زەهـاوی- کـە ئەویـش هـەر زانایەکـی هەڵکەوتـەی کـورد بـووە و موفتـی گـەورەی بەغـدا بـووە- نووسـیوە:

**ئەحوەلی تەفرەقە نەزەر تەقوییەتی سەبەب دەکا**
**عاریفی وەحدەت ئاشنا لەم قسەیە ئەدەب دەکا**
**بەندە ئەزەل بە خەتتی خۆی قابیلی قیسمەتی بووە**
**ئێستە بە ئیقتیزای عەمەل جێگەیی خۆی تەڵەب دەکا**
**داری ئیراک و داری هیند هەر دوو کە عوودە ئیسمیان**
**هەمدەمی سوننەتە ئەوەم مەیلی ئەبوولەهەب دەکا**
**سەهم و نەسیبی ئەسڵییە، بەحسی گیاە و گڵ نییە**
**تووتنە خەرجی سووتنە، مۆدنە ماچی لەب دەکا**
**لەوەی زەمان دەکەی کە بۆچ خواریی ڕاستیی دەوێ**
**غافڵی دەستی ڕاستی خۆت، خزمەتی دەستی چەپ دەکا**

لێرەدا تاجەددین بەبێ ئەوەی بەئاشکرا باس بکا، پێشەکییەکی باشی بۆ چوونە ناو باسەکە دارشتووە. بەشێکی زۆر لە زانایانی ئیسلام، باسکردنی شوێن بۆ خودا بە دروست نازانن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە شوێن و کات لە تایبەتمەندی شتی ماددییە و خودا کە غەیری ماددییە، نە شوێنی هەیە و نە کات. تاجەددین گەرەکیەتی بڵێ ئەوە ڕێک لە میتۆدۆلۆژیی موعتەزیلە و فەیلەسووفەکانەوە سەرچاوەی گرتووە: واتە ئێمە سەرەتا شوێن و کات بۆخۆمان دەچەسپێنین دوایی ناچارین بۆ تەنزیهی خودا، ئەوەی بۆخۆمان چەسپاندوومانە لە خودای بستێنینەوە. بۆچی هاوکێشەکە پێچەوانە نەکەینەوە و پێمان وانەبێ شوێن و کاتی ڕاستەقینە ئیی ئەوە و ئێمە چی وامان پێ نەبڕاوە؟ بەم شێوەیە لە تێرمینۆلۆژی تاجەددیندا زاراوەیەکی تازە لە دایک دەبێ کە بۆ زۆربەی زانایانی موسڵمان زاراوەیەکی نامۆیە: مکان الله.

تاجەددین چۆن دەتوانێ سەلماندنی شوێن بۆ خودا بکا بەبێ ئەوەی لە شێوازی ئۆرتۆدۆکسی تیۆلۆژی ئیسلامی- واتە پابەند بوون بە دەقی قورئان و سوننەت- لابدا؟ تاجەددین سەرەتا لە دەقی قورئان و سوننەتدا باسی ئەو ئایەت و فەرموودانە دەکا کە دەلالەتی شوێن بۆ خودایان تێدایە و دەگا بەمە کە کۆدەنگی ئوممەت هەتا دەوری تابیعینی تابیعینیش هەر لەسەر سەلماندنی شوێن بۆ خودا بووە، تەنانەت موعتەزیلییەکانیش لەو سەردەمیدا، لەم کۆدەنگییە لایان نەداوە. تاجەددین لێرەدا کەڵک لە بەڵگەیەکی مێژوویی وەردەگرێ و باسی ڕێکەوتێکی زەمانی دەکا، کە عادەتەن ئەهلی کەلام بەڵگەی وایان نەهێناوەتەوە. تاجەددین باسی ئەبولقاسمی بەلخی گەورەی موعتەزیلییەکان دەکا کە لە کتێبی خۆی- «مقالات فرق اهل القبلة»-دا دەڵێ: «ابتدأت بتأليف هذا الكتاب سنة تسع و تسعين ومائتين الهجرية» تاجەددین دەڵێ بۆیە ئەبولقاسم ئەو ڕێکەوتەی نووسیوە هەتا خەڵکی دوای وی بزانن هەر بۆچوونێکی دواتر بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونانە ڕمینیان پەیدا کرد، ڕەنگی بیدعەت و لادەر بوونیان پێوە دیارە. من لە بەڵگە هێنانەوە لە هیچ کتێبێکی کەلامیدا نەمدیوە مێژووی نووسینی ئەو کتێبە وەک بەڵگە باسی بکرێ.

تاجەددین دەڵێ سێ جۆر شوێن هەیە. یەکەم شوێنی جەستەیە، دووەم شوێنی ڕوحە، سێیەم شوێنی خودایە. شوێنی جەستە خۆی بەسەر سێ چەشندا دابەش دەبێ؛ شوێنی جەستەی چڕ. شوێنی جەستەی ناسک و شوێنی جەستەی ناسکتر. شوێنی جەستەی چڕ عەرزە. لەم چەشنە شوێنەدا بەریەک کەوتن و کەوتنەبەر یەک هەیە. جەستەکان لەم شوێنەدا جێ لە یەکتر تەنگ دەکەن و تا یەکێکیان لانەچێ، ئەوی تر ناتوانێ لە جێی ئەو دابنیشێ. شوێنی جەستەی ناسک شوێنی بایە. لیرەشدا هەر کەوتنەبەریەک هەیە؛ بیهێنە پێش چاوی خۆت هەنبانەیەک هەتا لە بای پێشوو بەتاڵ نەبێ، بای دیکەی ناچیتێ. ئەوەی بۆ شوێنی جەستەی چڕ دووری و مەودایە بۆ ئەمەیان نزیکییە. ئەو مەودایەی لەوێ بە دوو مانگ دەبڕێ لێرە بە سەعاتێک بڕ دەکرێ. دەنگی هەورەتریشقە بە چاوترووکاندنێک ڕێگایەکی زۆر دەبڕێ. شوێنی جەستەی ناسکتر شوێنی تیشکە. هەر مەودایەک بۆ شوێنی جەستەی ناسک دوورە بۆ ئێرە نزیکە، چونکە هەرکە ڕۆژ سەر لە کەل وەدەر دەنێ، ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو تیشکی دەگاتە ئەوپەڕی ئاسۆ. ئەگەر تیشک بە ڕۆیشتنی با، ئەو مەودایەی بڕیبا، وا زوو نەدەگەیشتە ڕۆژئاوایە، کەوابوو تیشک شوێنێکی دیکەی هەیە

جگە لە شوێنی با. جگە لەمە ئەگەر چرایەک ببەینە ناو هۆدەیەکی پڕ لە با، تیشکی چراکە بە بێ ئەوەی پێویستی بەمە هەبێ هۆدەکە لە با بەتاڵ بێ، هەموو دیوەکە دەگرێتەوە، کەوابوو لەناو بادا تیشک شوێنێکی ناسکتر لە شوێنی بای هەیە. هەرگیز با ناتوانێ بچێتە شوێنی تیشک، چونکە لە تیشک چڕترە. تیشکیش ناتوانێ بچێتە شوێنی با؛ لەبەر ناسکی.

نموونەیەکی دیکە: حەقیقەتی ئاگر گەرما و سووتاندنە. سروشتی ئاگر دژی سروشتی ئاوە. دوو دژیش ناتوانن پێکەوە کۆ ببنەوە، بەڵام بزانە لەناو ئاوی گەرمدا ئاگر هەیە. ئەوە ئاگری ناو ئاوە کوڵیوەکەیە کە دەستت دەسووتێنێ. ئەدی نەمانگوت ئاو و ئاگر لە شوێنێکدا پێکەوە کۆ نابنەوە؟ کەوابوو بزانە ئاگر لەناو ئاودا شوێنێکی دیکەی هەیە بێجگە لە شوێنی ئاو. لە شوێنی ئاودا ئاگر نییە و لەشوێنی ئاگردا ئاو نییە، بەڵام ئەم دوو شوێنە وەها تێکبەزیون ناتوانی چۆڕێک لەو ئاوە دەستنیشان بکەی و بڵێی ئەمە ئاوە بەبێ ئاگر، یان ئەمە ئاگرە بە بێ ئاو. نە پێکەوە نووساون و نە لێکیش جودان.

لەم شوێنەدا بەریەک کەوتن و کەوتنەبەریەک نییە، چونکە ئەگەر لە ماڵێکدا چرایەکت هەڵکرد، تیشکی چراکە هەموو ماڵەکە دەگرێتەوە، ئەگەر سەد چرای دیکەشت هێنا، ئەوە بەبێ ئەوەی پێویست بکا چرای بەرێ بکوژێنییەوە، تیشکی سەد چراکە هەموو لە شوێنێکدا کۆ دەبنەوە، بەڵام لەم شوێنەدا دووری و مەودا هەیە، چونکە ئەگەر مەوداکە زۆر دوور بوو، تیشکەکە بەجارێک حوکمی نامێنێ.

جۆری دووەمی شوێن، شوێنی شتە ڕوحییەکانە، ئەویش خۆی چەند لکی لێ دەبێتەوە. شوێنی شتە ڕوحییە نزیکەکان و نێوەنجییەکان و بەرزەکان و دواتر لە هەمووان شوێنی ڕوحی مرۆڤە. هەرچەندەی شتە ڕوحییەکان ناسکتر بن، شوێنەکەشیان ناسکترە. هەندێک لەم شتە ڕوحییانە هێند ناسکن چۆن بە دەرکەدا تێدەپەڕن هەر ئاواش بە دیواردا تێدەپەڕن؛ چۆن لە جێگەیەکی پان و پۆڕدا جێگەیان دەبێتەوە، ئاواش لەناو گرە بەردێکی ڕەقدا جێگەیان دەبێتەوە. لە هەمووان ناسکتر ڕوحی مرۆڤە. هیچ بەدیهێنراوێک لە ناسکیدا ناگاتە ڕوحی مرۆڤ، کەوابوو ڕوحی مرۆڤ نە بە جەستەیەوە نووساوە و نە لێی جودایە. نە لە ناوێتی و نە لە دەرەوەیەتی، بەڵام بەم هەموو ناسکییەوە لێرەشدا جۆرێک لە مەودا و دووری بوونی هەر هەیە.

شوێنی خودا هیچ کام لەم شوێنانە نییە. خودا نە دەچێتە ناو ئەم شوێنانە، نە ڕێکیان دەبێ و نە تەریبیان دەبێ. شوێنی خودا لە سەرووی هەموو ئەم شوێنانەیە. لە شوێنی خودادا بە هیچ کلۆجێک مەودا و دووری نییە. مەودای نێوان بەرزترین بەرزەکان هەتا نەویترین نەوییەکان دەبێتە نوختەیەکی ئەم شوێنە و ئەم شوێنە نە درێژایی هەیە و نە پانایی و نە قووڵایی. چەپ و ڕاست و خوار و سەر و پێش و پاش لێرەدا نامێنێ.

تاجەددین دەڵێ ئەگەر مرۆڤ ڕوحی خۆی خاوێن بکاتەوە و بەموو لە ڕێچکەی پێغەمبەر لانەدا دەتوانێ جەستەی تێکسمڕاوی خۆی بکێشێتە ناو شوێنی جەستە ناسکەکان. نیشانەی ئەوەیە بتوانێ (طي ارض) بکا (زەوی ببڕێ)، واتە بە چرکەساتێک لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بچێ، لەمەش زیاتر دەتوانێ جەستەی بکێشێتە ناو شوێنی شتە ڕوحییەکان. نیشانەکەشی ئەوەیە بچێتە ناو ئاگر و نەسووتێ، چونکە بە شوێنی ڕوحدا دەچێتە ناو ئاگر و شوێنی ڕوحیش ئاگری لێ نییە.

ئێستا کە لە قورئاندا هاتووە: «نحن اقرب الیه من حبل الورید»، یان «واذا سألك عبادي عني فاني قريب»، یان «ما یکون من نجوی ثلاثة الا هو رابعهم و لا خمسة الا هو سادسهم و لا ادنی من ذلک و لا اکثر الا هو معهم این ما کانوا» نزیک بوونی خودا لە ئینسان و پێکەوە بوونی مرۆڤ و خودا بەبێ ئەوەی خودا لە شوێنی مرۆڤدا بێ، چۆن دەگونجێ؟ تاجەددین دەڵێ جەستەی مرۆڤ لە ماکەکانی خۆڵ و ئاو و ئاگر و با پێکهاتووە. گیانیشی هەیە. خۆڵ لە جەستەی مرۆڤدا هەیە. لەم خۆڵەدا ئاو شوێنێکی هەیە، ناسکتر لە شوێنی خۆڵ، چونکە ئەم دووانە لە شوێنێکدا پێکەوە کۆ نابنەوە. لەم ئاوەشدا با شوێنێکی هەیە ناسکتر لە شوێنی ئاو. لە با-شدا ئاگر شوێنێکی هەیە ناسکتر لە شوێنی با. لەم ئاگرەشدا گیانی مرۆڤ شوێنێکی ناسکتر لە شوێنی ئاگر هەیە. لە گیانی مرۆڤیشدا خودا شوێنێکی هەیە ناسکتر لە شوێنی گیان. ئەمانە هیچیان لە شوێنی ئەوی دیکەدا نین. لە ڕوانگەی تاجەددینەوە ئەمەیە نهێنی ئەوەی خودا لەگەڵ ئێمەیشە و لە شوێنی ئێمەشدا نییە.

تاجەددین دوای هەندێک باسی زۆر شیرن و سەرنجڕاکێشی دیکە دێتە سەر باسی کات. ئەو بۆ کاتیش دابەشکاریی تایبەت بە خۆی هەیە. دەڵێ کاتیش سێ جۆری هەیە. کاتی جەستە و کاتی ڕوح و کاتی خودا.

کاتی جەستە خۆی دوو چەشنی لێ دەبێتەوە. کاتی جەستەی چڕ و تێکسمڕاو. ئەم چەشنە کاتە لە جووڵەی ئەفلاکەوە سەر هەڵدەدا. وەک دەڵێین پار و ئەمساڵ و دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی. یەک درێژە و یەک کورت. یەک ڕابوردووە و یەک نەهاتووە و یەک ئێستایە. لێرەشدا بەریەک کەوتن و جێ پێک لێژ کردن هەیە. هەتا دوێنێ نەڕۆیشتووە ئەمڕۆ ناتوانێ بێ و هەتا ئەمڕۆش ڕانەبڕێ، سبەی نائەنگوێ. چەشنی دووەمی کاتی جەستە کاتێکی ناسکترە. لێرەشدا هەر کورتی و درێژی و ڕابوردوو و ئایندە و ئێستا هەیە، بەڵام ئەوەی لێرەدا بە کورتی دەکرێ لە کاتی جەستەی تێکسمڕاودا زۆرتر دەخایەنێ.

جۆری دووەمی کات کاتی ڕوحە کە ئەویش هەر زۆر چەشنی لێ دەبێتەوە کە چەشنێکیان کاتی مەلایکەتانە. لێرەدا جێ پێک لێژ کردن و کەوتنە بەریەک نییە. لەم کاتەدا هەزار ساڵی ڕابوردوو لەگەڵ هەزار ساڵی داهاتوو لە کاتێکدا پێکەوە کۆ دەبنەوە، بەڵام ئەم کاتە لەبڕانەوە دێ و شتی لەبڕانەوەهاتوو ناتوانێ شتی لەبڕانەوە نەهاتوو دابگرێ و دەورەی بدا، بەڵام جۆری دیکەی کات، کاتی خودایە. لەم کاتەدا نە ڕابوردوو هەیە و نە داهاتوو، ئەزەل و ئەبەد تێیدا نوختەیەکە. وەک چۆن لە باسی شوێندا گوتی هیچ گەردیلەیەک لە گەردیلەکانی جیهان نییە کە لە شوێنی خودا دوور بێ، لێرەشدا هیچ کاتێک لە مەودای نێوان ئەزەل هەتا ئەبەد نییە کە لە ئەمر و بڕیاری خودا دوور بێ، کەوابوو خودا لەناو کاتدا ئەمر دەکا و گیرۆدەی کاتیش نابێ. محەممەد قورئانی لە ئەشکەوتی حەڕا و لە ساڵی ٦١٠ زایینیدا بیست، بەڵام ئەم کەلامە هەر قەدیم بوو و لەم کاتەدا نەگوورا کە پێغەمبەر هەستی پێ کرد. تاجەددین دەڵێ خەڵکی لادەر چونکە بەم نهێنییە نازانن، حاشا لە قەدیم بوونی قورئان دەکەن و دەڵێن کاتێک مووسا نەبووە و کێوی توور نەڕسکاوە، خودا چۆن لە کێوی توور قسەی لەگەڵ کردووە. تاجەددین دەڵێ ئەوانە جگە لە شوێنی تایبەت بە ئاژەڵان هیچ شوێنێکی دیکە ناناسن و ڕێگەیان

نەکەوتووەتـە کاتـی تایبـەت بـە ڕوح.

لـەو کاتـەوە سـیپارەی «غایـة الامـکان» ناسـراوە، زۆر بیرمەنـد ئەندێشـەکانی دووتوێی ئەم نووسـراوەیان شـەنوکەو کـردووە. دوکتـۆر غولامحوسـێنی ئیبراهیمـی دینانـی بەتێروتەسـەلی لێـی دواوە، ئەگەرچـی بـۆی یـەکلا نەبووەتـەوە کـە ئـەم نووسـراوەیە هیـی عەینولقوزاتـە، یـان هیـی تاجەددین، بـەڵام بە ئاشـکرا دەڵـێ ئـەم بۆچوونانـە لـە مێـژووی فەلسـەفە و کەلامی ئیسـلامیدا بـێ وێنـەن. دینانـی تیۆریـی مەکانـی نـاو ئـەم سـیپارەیە لەگـەڵ تیۆریـی مۆنـادی لایـب نیتـس هەڵدەسـەنگێنێ و دەڵـی ئەگەرچـی مۆنـاد، مـەکان نییـە، بـەڵام وێکچوونێکـی زۆر لـە نێـوان ئـەم دوو تیۆرییـەدا بـەدی دەکـرێ.(٥)

دوکتـۆر عەلینەقـی مونزەوی تیۆرییەکـەی تاجەددیـن لەگـەڵ تیۆریـی هانری بێرگسـۆن دەربـارەی کات بەراورد دەکا و وێکچوونێکیـش لەنێوان باسـی تاجەددین لەمـەڕ کات لەگـەڵ تیـۆری ڕێژەیـی کات دەبینـێ کـە لـە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا داهێنـرا.(٦)

کاتێـک بیـر لـە بەرزیـی ئەندێشـەکانی تاجەددیـن و سـاکار بوونـی هەلومەرجـی ژیانـی ئـەو لـە وڵاتێکـی وەک کوردسـتان دەکەمـەوە، بۆچوونێکـی م. مەسـعوود محەممـەدم بیـر دەکەوێتـەوە. مامۆسـتا لـە چەنـد نووسـراوەیدا بـۆ بەرپەرچدانـەوەی ئـەو بۆچوونـەی مارکسـیزمی ئۆرتۆدۆکـس کـە دەڵـێ هەلومەرجـی ژیانـی مـاددی وەک ژێرخـان، ڕووخانـی ئەندێشـەی مـرۆڤ دیاری دەکات و دەڵـێ ئـەو هەموو کەڵـە بیرمەنـدەی لـە کۆمەڵگـەی سـاکار و سـەرەتایی کوردسـتان لـە سـەدەکانی ڕابـوردوودا سـەریان هەڵـداوە، ئـەو تیۆرییە بە ئاسـانی هەڵدەوەشـێننەوە. مامۆسـتا دەڵـێ بەرزیـی ئەندێشـەی بیرمەنـدی کـورد و نزمیـی دۆخـی ژیانـی ماددییـان بـە هیـچ شـێوەیەک هاوڕێـژە و هاوشـێوەی یەکتـر نەبوونـە. ئـەو گەورەپیاوانـە لـەو ماڵـە فەقیرانـە و لـەو حوجـرە قوڕینانـەوە پـەروەردە بوونـە و بەرزتریـن لووتکەکانی زانسـتیان شـکاندووە.

پەراوێزەکان:

١ – مجموعـه آثـار فارسـی تاج‌الدیـن اشـنویی، مقدمـه، تصحیح، تعلیق، نجیب مایل هـروی، کتابخانه طهـوری، ١٣٦٨، ل ٥٢.

٢ – شـناخت آن سرالاسـرار، کلیـد کنـوز معرفـت اسـت. ل ٤٨.

٣ – سـەرچاوەی پێشوو، ل ٥٥.

٤ – همـه صفات کمـال و نعوت جمـال و جلال در حـق جـل جلالـه اثبـات کردنـد و از غیـر او نفـی آن واجب دیدند. گفتند: عالـم اوست دیگران همه جاهل، قـادر اوسـت دیگـران همـه عاجـز، بـل کـه موجـود بحقیقت اوسـت دیگران همه معدوم.

٥ – دفتر عقل و آیت عشـق، جلد دوم، غلامحسـین ابراهیمی دینانی، طرح نو، ١٣٨١، صص ٤٥٧-٤٣٢.

٦ – ریشـەها و اندیشـەها، مقالەهایـی در تاریـخ و اندیشـە ایرانیـان، دکتـر علی‌نقـی منـزوی، انتشـارات مهرویسـتا، ١٣٩٧، صـص ٥٣-٤٠.

*** ئـەو بابەتـە لـە یەکەمیـن فیسـتیڤاڵی ڕامـان، لـە ٢٠٢٣/١٢/١، لـە هەولێـر وەک پانێڵێک پێشـەکەش کراوە.**

# وەرگێڕانی پێچەوانە و سەرنجێک لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان بە ئەڵمانی

ڕزگار سەعید
(ئەڵمانیا)

وەرگێــڕان چالاکییەکــی مرۆییــە، پانتاییەکــی فراوانــی لــە شــوناس و پێوەنــدی هەیــە، هەندێــک جــار بــۆ ناســاندنە و هەندێــک جاریش بە مەبەســتی کۆنتڕۆڵکــردن و ململانــێ فیکرییــەکان بــرەوی پــێ دراوە و چەنــد فۆرمێکــی لەخۆگرتــووە.

پەرەســەندنی ئــەم چالاکییــە مرۆییــە لــە تێکڕای کایە فیکــری، ئایینــی، ئابــووری، ســەربازی، کولتــووری و... تــاد، بــۆ زمانــە جیاوازەکانــی دیکــە بەهەمــان شــێوە بەهەنــد وەرگیــراوە، جگــە لــەوەی کردەکــە پەیوەســتە بــە فیکــر و زمــان و ئەفراندنــی تێــدا دەکرێــت، پردێکیشــە بــۆ پەڕینــەوە و تێگەیشــتن لــە کولتــووری جیــاواز.

بــۆ بەدیهێنانــی ئــەو تێکەڵبوونــە، گرنگــە ئامــراز و ژینگــە و توانایــیــەکان ئامادەبیــان هەبێــت، بــە تەریبــی پاشــخانی کولتــووری و ئامــرازە مەعریفییەکانــی وەرگێــڕ، نەبــادا گواســتنەوەکە تەنیــا هەنگاوێکــی بــێ ئامانجــی کاتــی بێــت، ئــەوکات دەقــە وەرگێــڕدراوەکان دەبنــە دەقێکــی وشــکی بــێ گیــان، بەواتایەکــی دی پرۆســەی وەرگێــڕان فەزایەکــی واقیعییــە بــۆ ئاڵوگۆڕکردنــی کولتــوور، بەڵگەنامــەی پەڕینەوەیــە بــۆ نــاو گــەلان، مــرۆڤ لــەو ڕێیــەوە بــەرەو جیهانێکــی جیاوازتــر لــە ســنووری خــۆی گەشــت دەکات.

کارێکــی بەڵگەنەویســتە کاریگەریــی و گرنگیــدان بــە وەرگێڕانــی بەرهەمــە ئەدەبییــەکان پانتاییــەک لەســەر فیکــری خوێنــەر جــێ دەهێڵــن، خوێنەریــش لەڕێــی ئــەو ئەدەبــەوە بەهێواشــی بــە جیهانــە ئەفســووناوییەکەی نووســەر، نــەک ژیانــە تایبەتییەکــەی ئاشــنا دەبێــت و ڕۆدەچێتــە نــاو نهێنییەکانییــەوە.

**لــەم پرۆســەیەدا دەکرێــت ســێ گــرووپ لــە وەرگێــڕی دەقــە جیــاوازەکان جــودا بکەینــەوە:**

**١- دەقە ئایینییەکان:**

کۆنتریــن هەوڵــی وەرگێــڕان بــۆ هــەزارەی ســێیەمی پێــش زاییــن دەگەڕێتــەوە کــە لەلایــەن بابلــی کــۆن لەســەر پالێــت و بــە ناوەڕۆکــی ئایینــی بــە زمانــی ســۆمەری و ئەکــەدی نووســرابێت، بــەڵام ســەرەتای وەرگێــڕان بــۆ کتێبــی ئایینــی بــۆ ئــەو کاتــە دەگەڕێتــەوە کــە ئایینــی مەســیحی بــڵاو دەبێتــەوە و هــەوڵ دەدرێــت ئینجیــل بــۆ زمانــە جیــاوازەکان بگــۆڕدرێــت. یەکێــک لــەو هەوڵانــە

لەلایەن قەشەیەکەوە بەناوی ولفیلا (٣١١ - ٣٨٣) کتێبی پیرۆز لە یۆنانییەوە وەردەگێڕێت بۆ ئەو گۆتانەی بووبوونە مەسیحی، کە سێ بەشی پەیمانی نوێ و بەشێکی پەیمانی کۆن دەبێت، وەک کۆنترین بەڵگەنامەی سەدەی چوارەم ئەژمار دەکرێت بە ناوی ڤوڵگات، بەڵام هیچ چالاکییەکی وەرگێڕانی کتێبی ئایینی بە تایبەت ئینجیل بۆ زمانی ئەڵمانی پێش ساڵی ١٥٢٠ بەدی ناکرێت، کڵێسا دەبێتە لەمپەر لەبەردەم چالاکی ئەو جۆرە وەرگێڕانانەدا، تەنیا ڕێگەیان دەدا بە شێوەی زارەکی کتێبەکە بۆ نەوەکانی دی بخوێننەوە، ئەم خوێندنەوە و جۆری گواستنەوەیە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بڵاوبوونەوەی زمانی ئارامی و یۆنانی و لاتینی کە دەقەکانی پێ نووسرابوون.

پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامیش، هەوڵ دەدرا قورئان بۆ سەر زمانە بیانییەکان وەربگێڕدرێت، وەرگێڕەکان ئەو موسڵمانانە بوون کە لە هەندێک وڵاتانی دراوسێی ئاسیا و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وەک ئەندەلووس نیشتەجێ بوون، کاریان لەسەر دەکرد و گرنگیان بەو چەمکە ئایینییە دەدا، بە مەبەستی بڵاوبوونەوە و ئاشنابوونی کەسانی غەیرە عەرەب.

ئەوروپاییەکان بەدوای زانیاریدا دەگەڕان لەسەر ئەو چەمکە ئایینیانەی کە لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا سەریان هەڵدابوو تا ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا بکەن و بزانن چ پەیامێکی هەڵگرتووە.

ئیدی قورئان بۆ زۆر زمان وەرگێڕدرا، لەناویاندا زمانی ئەڵمانی، یەکەم وەرگێڕانی قورئان بۆ ساڵی ١٦١٦ی زایینی دەگەڕێتەوە، لەلایەن شوایگەر (١٥٥١- ١٦٢٢) و لە نورنبێرگ بە چەندان هەڵەی ئەنقەستدارەوە بڵاودەکرێتەوە.

ئەو دەقانە ڕاستە و ڕاست دەبوونە بنەما و



**بەختیار عەلی**

سەرچاوەی چالاکی گوێزانەوەکە، بەو واتایەی دەق نوێنەرایەتی زمان و ستایل و داڕشتنی نووسەرەکە دەکات، نابێت وشە و دێڕەکان هیچ گۆڕانیان بەسەردا بێت، لێرەدا ئەو پرسیارە لاوەکیانەی دێنە گۆڕێ، ئەوەیە کە دەڵێن: ئایا وەرگێڕانی وشەیی کە دروشمی دڵسۆزییە لە گەیاندنی فۆرم و ناوەڕۆکدا، دەبێتە هۆکاری شێواندنی مانا، زیان بە بیرۆکە و ناوەڕۆکی دەق دەگەیەنێت؟

پێ دەچێت وەڵامێکی کۆتاییمان چنگ نەکەوێت، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە چەندان هەنگاوی گرنگ بەدی دەکرێت، بۆ نموونە: وەرگێڕە فەڕەنسییەکان لەسەدەی حەڤدەدا بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زمانەوانییان، هەوڵیان دەدا ئەو دەقانەی کە وەری دەگێڕن، پێویستە هاوتای تەواوی دەقە کلاسیکییە یۆنانی و ڕۆمانییەکان بن، بەپێچەوانەوە، وەرگێڕەکانیان بە خیانەتکار ناو دەبرد و بە کەسانێکی بەد و لە خشتەبەریان دادەنان.

هەبوونی هەڵەی زمانەوانی کارێکی دەکرد

کتێبـە ئایینییـەکان جارێکـی دی لەڕێـی چەنـدان گرووپـەوە وەربگێڕدرێنـەوە، بەئەندازەیـەک تـا ڕێگـە بگـرن لـە شـێواندن و دەسـتکاریکردن، ئەمـەش ڕێگەیەکـی نوێتـری کـردەوە کـە بـە ناچاریی پەنابرایە بەر تەفسیرکردن تا خوێنەران بەتـەواوی لـە واتـای تێکسـتەکان بگـەن.

تەفسـیرەکان بوونـە بەشـێک لـە خوێندنـەوەی دیوێکـی دیکـەی دەقـەکان و هەندێک جاریش بە چەنـد ئاراسـتەیەک هەنگاویـان دەنـا، لەکاتێکـدا خـودی تێکسـتە ئایینیـەکان زۆر هەسـتیارن و لـە تێکسـتی سـروودی ئایینـی ناچـن و جیـاوازن، هـەم لـە تـۆن و مانـای وشـە و بڕگەکانـی تـا دەگاتـە وشەسـازی و زاراوە بەکارهێنـراوەکان، ئەمـەش لـە زمانێکـەوە بـۆ زمانێکـی دی ئاڵوگـۆڕی بەسـەردا دێـت و پێویسـتی بـە وردبینـی تـەواو هەیـە.

ئێسـتا کۆدەنگیەکـی گشـتی هەیـە کـە وەرگێـڕ لـە کاتـی وەرگێڕانـدا دەتوانێـت مانـای سـەرچاوە هاوتەریب بکات لەگەڵ ئەو دەقەی دەینووسـێتەوە، نـەک وەرگێڕانـی وشـە بـە وشـە کـە بـە هونـەری لێکدانـەوە ناسـراوە، ئـەم هونـەرە یەکێکـە لـە شـێوازی لێکدانـەوە و ڕوونکردنـەوەی دەق.

کاتێـک مارتـن لۆتـەر کتێبـی پیـرۆز بـۆ زمانـی ئەڵمانـی وەردەگێڕێـت، لـە سەرانسـەری جیهانـی مەسـیحیەتدا مشـتومڕێکی زۆر دروسـت دەکات، چونکـە پێیوابـووە گرنگـە مانـای دەقـەکان بـە دروسـتی بگاتـە خوێنـەر.

بـە درێژایـی مێـژوو و تـا ئەمـڕۆش وەرگێـڕەکان لـە کاتـی وەرگێڕانـی دەقـە ئایینییەکانـدا تووشـی کێشـە و گرفتی زۆر بوونەتەوە، هەر ئەم هۆکارەشـە بووەتـە سـەرچاوەی زۆربوونـی تەفسـیرەکان.

## ٢- وەرگێڕان وەک کاڵا

گرووپـی دووەم ئـەو وەرگێڕانانـە دەگرێتـەوە کـە بەرهەمـە ئەدەبییـەکان وەک کاڵا دەبینـن، لەڕێـی دەزگا و بڵاوکراوەکانـەوە هەوڵـی سـاغکردنەوەی دەدەن، بـەدەر لە ئەرکە ئیسـتێتیکیا ئەدەبییەکەی.

بڵاوکـەرەوەکان بەلایانـەوە گرنـگ نییـە دەقـە وەرگێـڕدراوەکان سـەد دەر سـەد هاوشـێوەی دەقـە ڕەسـەنەکان بـن، خوێنەرانیـش ئـاگادار ناکەنـەوە لـەوەی ئـەم دەقانـە هاوشـێوەی تـەواوی وەشـانە ئەسڵییەکان نین، یان تەنیا وەشانێکە وەرگێڕەکە جارێکـی دی فۆرمەلـەی کردووەتـەوە، هەتاکـوو هیـچ کاریگەرییەکـی نێگەتیـڤ لەسـەر فیکـری خوێنـەران دروسـت نـەکات، بەپێچەوانـەوە ئـەم بەرپرسـیارەتییە جـۆری خوێندنەوەکـە سـەختتر و سیحری خوێندنەوەکـەش لای خوێنـەر لەنـاو دەبـات.

کاری ئـەم بڵاوکـەر و دامەرزراوانـە هەڵبژاردنـی ئـەو دەقانەیـە کـە لەگـەڵ جیهانـی ئەوانـدا دەگونجێـن و وەک سـاغکردنەوەی کاڵا سـوودی لـێ دەبینـن.

بەداخـەوە وەرگێڕانـی پێچەوانـە و ئەدەبیاتـی کـوردی بـۆ زمانـە بیانییـەکان زۆر کەمـن، ئەگـەر پرۆسـەکە لەڕێگـەی زمانێکـی نێوەندگیـری وەک فارسـی و عەرەبی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و سـویدی و فەڕەنسـییەوە جێـی گرنگیـدان و پێزانینـە.

ژمـارەی وەرگێـڕە کوردەکانیـش بەهەمـان شـێوە سـنووردارن، بڵاوکـراوە بیانییـەکان گرنگییەکـی ئەوتـۆ بـە کولتـوور و ئەدەبـی کـوردی نـادەن، بـە پێـی پێداویسـتیی کولتوورییـان ئـاوڕ لـە جـۆری بەرهەمـەکان دەدەنـەوە، ئەوانـە هەڵدەبژێـرن کـە بۆیـان سـوود بەخشـن، جگـە لـەوەی هیـچ ئاشنایەتییەکیشـیان لەگـەڵ ئەدەبـی کوردیـدا نییـە، ئەگـەر هەشـبێت زۆر لاوازە.

تـا ئێسـتا هیـچ دەزگایەکـی کوردیشـمان نییـە هەوڵـی دابێـت بەرهەمـی کـوردی وەربگێڕێتـە سـەر زمانـی بیانـی و خوێنـەری بیانیـش تامـەزرۆی

بەرهەمەکانی بکات، وەک چۆن وەرگێڕی کورد ئەو بابەتانە هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵ کولتووردا دەگونجێت و بە سوودن، وەرگێڕی بیانیش بەهەمان شێوە هەوڵ دەدات ئەو بەرهەمانە هەڵبژێرێت کە لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا دەگونجێت و سوودی لێ دەبینن.

نابێت هەوڵی تاکەکەسی هەندێک نووسەر بۆ وەرگێڕانی بەرهەمە کوردییەکان لەبیر بکەین، کە بەماندووبوونێکی زۆرەوە لەخەمی بەرهەمەکانداوان چۆن بیگەیەننە زمانی دیکە، خۆشبەختانە هەندێک وەرگێڕ لەو هەوڵەدا سەرکەوتوو بوون و ئەرکەکەیان بەجێ هێناوە.

وەرگێڕان پێویستی بە دامەزراوەیەکە قەوارەیەکی یەکگرتوو و دیسیپلینی هەبێت، لەژێر یاسایەکی رووندا بتوانێت کاری وەرگێڕان بەرەوپێشەوە بەرێت و بیگوێزێتەوە بۆ جیهان.

### ٣- وەرگێڕ وەک داهێنەر

هەندێک وەرگێڕ هەوڵ دەدات خۆی وەک داهێنەر نمایش بکات، بە پەیڕەوکردنی فۆرمێکی جیاواز لە داڕشتنی نووسەرەکە، چونکە دەقی ئەدەبی دەتوانێت بە چەندان خوێندنەوە بەرهەم بهێنرێت، بەمەش ئەوەی مەبەستیانە دەری دەبڕن، لە کاتێکدا ئەم جۆرە دەربڕینانە جۆرێکە لە بازدان بەسەر دەقی ئەسڵی و لە رووی زمانەوانییەوە گۆڕان بەسەر تێکستەکاندا دەهێنێت، وەرگێڕ خۆی لە وەزیفە سەرەکییەکەی دەشارێتەوە و هەوڵ دەدات کارێکی ئەدەبی جیاوازتر بنووسێتەوە کە بیرۆکە و فیکری خۆی تێدا بەرەو پێ بدات، بەمەش سنوور دەبەزێنێت و دەپەڕێتەوە بۆ کارێکی مەبەستدار بەدەر لە بنەما سەرەکییە پیشەییەکەی خۆی کە کاری وەرگێڕانە.

بە پێچەوانەشەوە زۆرێک لە وەرگێڕەکان وەک کارەکتەری شاراوەن، هەوڵی زۆر دەدەن بۆ گواستنەوەی بیرۆکە و تیۆری و زانست بێ ئەوەی گرنگی بە شوناسی خۆیان بدەن، بۆ نموونە: وەرگێڕێکی وەک شوانزانگی چینی لە ماوەی ساڵێکدا ٦٤٥ بەرگ لە نووسراوەکانی بودایی هیندی وەردەگێڕێتە سەر زمانی چینی، بەبێ گرنگی بە پێگەی خۆی بدات.

بەهەمان شێوە لە مێژووی مۆدێرن و کۆتایی سەدەی نۆزدە، وەرگێڕێکی بەریتانی بەناوی کۆنستانس گارنت کتێبە کلاسیکیە ڕووسییەکانی وەک تۆڵستۆی، چێخەف، گۆگۆل و تورگنێڤ... وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی، بەهەمان شێوە هیچ گرنگییەک بە پێگەی خۆی نادات.

دەشێت وەرگێڕان کار و پیشەیەکی مەترسیداربێت و لە کۆتاییدا چیرۆکی کارەساتباری لێ بکەوێتەوە.

لە ساڵی ١٥٢٠ ویلیام تیندەیل بڕیار دەدات کتێبی پیرۆز وەربگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی، حکوومەتی ئینگلیزیش وەرگێڕانەکەی قەدەغە دەکات بەوەی تاکە وەشانی ڕێگەپێدراوی کتێبی پیرۆز دەبێت هەر بە زمانی لاتینی بێت، لە کۆتاییدا حکوومەت هەموو نوسخەکانی دەسووتێنێت و سزای لە سێدارەدانی بەسەردا دەسەپێنێت.

## سەرئەنجام

وەرگێڕان کردەیەکی داهێنەرانەیە، پەیوەستە بە کارلێکی کولتووری نێوان فیکر و زمان و هۆکاری تێگەیشتنە لە زمانی بنەڕەتییەوە بۆ زمانێکی دیکە، ئەگەر وا نەبێت پرۆسەکە تێک دەچێت، ئەگەر لەناوی نەبات، ئەوکاتە بە بنیادی چەمکی دەقە بنەڕەتییەکە ناگات.

خۆسێ ساراماگۆی پورتوگالی کە براوەی

خەڵاتی نۆبڵی ١٩٩٨ دەڵێت: «ئەدەبیاتی جیهانی لەلایەن وەرگێڕەکانەوە دروست دەکرێت»، ئەم لێدوانەی گرنگیدانە بەو مێژووە کۆنەی وەرگێڕان کە تەواوی کولتووری ڕۆژئاوایی لەسەر دامەزراوە، هاوشێوەی بیرۆکەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری تەنیا لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە توانرا بە هەموو جیهاندا بڵاوبێتەوە.

وەرگێڕانی ئەدەبی نەک هەر زانیاری دەگەیەنێتە خوێنەر، بەڵکوو ئەرکە جوانکارییەکانیش جێبەجێ دەکات. ئەو نوێنەرایەتییەی لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا دروست دەبێت (کارەکتەر بێت، یان سروشت) کاریگەری لەسەر خوێنەر جێ دەهێڵێت، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە وەرگێڕانی ئەدەبی دەتوانێت ببێتە هۆی لادان لە یاسا ئاساییەکان.

کاتێک چیرۆکێک، شیعرێک، یان ئەدەبیاتێکی دیکە بە زمانێکی بیانی دەخوێنرێتەوە، دەقەکە بە مانا و هەست و کارەکتەرەکانی ئەزموون دەکرێت. ئەرکی دروستکردنی وێنەیەکی دیاریکراو بۆ خوێنەر تەحەدایە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە وەرگێڕانی ئەدەبی هەندێک لادانی ستانداردی تێدا ڕوودەدات.

وەرگێڕانی وشە بە وشە ناتوانێت ڕەنگدانەوەی قووڵ بە مانای بەرهەمی ئەدەبی ببەخشێت، لێکدانەوەی نائەدەبیانە بۆ دەقی ڕەسەن دروست دەکات، تێکڕای ئەم پرۆسەیە پەیوەستە بەوەی کە وەرگێڕ چۆن لە چەمکی کارەکە دەگات و چۆن دەقەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەنووسێتەوە، زۆرجار دەربڕینێکی جێگیر بە هاوواتایەک دەگۆڕێت و دەبێتە هۆی گۆڕینی پێکهاتەی ڕستەکە.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکان بە پێی مێژوو، ڕووبەڕووی بەربەستی سەخت بوونەتەوە و تاکوو هەنووکە درێژەیان هەیە.

هەندێک بۆچوونی دیکە هەن، پێیانوایە وەرگێڕانی بەرهەمە ئەدەبییەکان بۆ زمانێکی دیکە ئەستەمە، چونکە بە زمانی نووسەرێک ڕەنگڕێژ کراوە لە گواستنەوەیاندا بارگە کولتوورییەکان بۆ زمانە نوێیەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و جیاوازتر لە چەمکی دەقە ئەسڵییەکە دەنوێنێت، ئەمەش پێچەوانەی پێشکەشکردنی دەقە بیانییەکانە بە شێواز و فۆرم و پێکهاتەیانەوە کە هیچ گەرەنتییەکی بۆ گواستنەوەی دروستی بیرۆکەکان نییە، هەر بۆیە ئەم ستراتیژە بە شێوەیەک لە شێوەکان وەک خیانەتێک بەرانبەر بە نووسەر و دەقە وەرگێردراوەکەی ئەژمار دەکرێت.

لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا هەمیشە بیرۆکە ئامادەیی هەیە، زمانیش ئامرازە بۆ پێوەندیکردن بە کولتوور و فەرهەنگی جیاواز، دەشێت کولتوور و زمان بگوازرێتەوە و ئاوێتە بە زمان و کولتووری دیکە ببێت تا ئاستی توانەوە، بەڵام کولتوور بۆخۆی زمان و بیرکردنەوە لە قاڵب دەدات وەک تیۆریست و زمانناس جۆرج مۆنانت Georges Mounin دەڵێت: ئەو پێوەندییە نزیکەی نێوان زمان و کولتوور، زمان و جیهانبینییەکانە کە دەبێتە هۆی چڕی و فراوانبوونی دەقە ئەدەبییەکان.

کاتێکیش باس لە کارێکی ئەدەبی وەک ڕۆمان دەکرێت کە ژانرێکی گێڕانەوەییە، لە گێڕانەوەی چیرۆکە میتۆلۆژی و داستانە مێژووییەکان جیاوازترە، تا ئەندازەیەک چیرۆکێکی درێژە، بە پێچەوانەی مارکسیستەکان کە وەک داستانی چینی بۆرژوازی سەیری دەکەن، پەیوەستە بە جیهانبینی و فەزای ئەو ژینگەیەی نووسەرەکەی تێدا ژیاوە، بەسوود وەرگرتن لە ئەزموون و

دیدگـە تایبەتییەکـەی، هـەردوو جیهانـی خەیـاڵ و واقیعـی ئاوێتـە دەکات تاکـوو بەرهەمێکـی داهێنەرانـە بخوڵقێنێـت کـە پێشـتر کەسـی دیکـە بـەو سـنوورەدا گـوزەری نەکردبێـت..

وەرگێـڕ هەمیشـە دوو ڕۆڵـی سـەرەکی دەگێڕێـت: لەیـەک کاتـدا خوێنـەرە و هـەم نووسـەر، پیتـەر نیومـارک Peter Newmark پێیوایە گواسـتنەوەی مانـای دەقێـک بـۆ زمانێکـی دی بـەو جـۆرەی نووسـەر کاری لەسـەر کردووە، هەوڵێکـی دروسـتە، لەکاتێکـدا ئەنتـوان بیرمـان دەڵێـت: پرۆسـەی وەرگێـڕان مەترسـییەکی مۆڕاڵـی فریودانـی لەسـەرە نـەک تەنیـا بەرانبـەر بـە دەقـە ئەسـڵییەکە، بەڵکوو بەرانبـەر خوێنەرانیـش، واتـە ئـەو دەسـتکاری کردنانـەی لەلایـەن وەرگێـڕەوە دەکرێـن، کارێکـی نادروسـتە و نابێـت بـە بێدەنگی بەسـەریاندا تێپـەڕ ببـن.

ئەگـەر ئـەم دوو میتـۆدەی سـەرەوە بەسـەر ڕۆمانـی (شـاری مۆسـیقارە سـپییەکان)ی (بەختیار عەلـی)دا بچەسـپێنین، کـە لـە لایـەن پێشـەوا فەتاح و هانـس ئولریـچ مولـەر شـیوفێ، کراوەتـە ئەڵمانـی بەنـاوی «Die Stadt der weißen Musiker» سـاڵی ٢٠١٧ لەلایـەن دەزگای «یۆنیۆنسفێرلاگ»ی ئەڵمانـی بـڵاو کراوەتـەوە، لەبـەردەم زۆر پرسـیاری بـێ وەڵامـدا دەوەسـتین.

سـەرەتا ڕۆمانەکـە بـە کـوردی ٨١٤ لاپەڕەیـە، بـە زمانـی ئەڵمانـی بووەتـە ٤٣٢ لاپـەڕە و وەرگێڕانـە فارسییەکەشـی ٨٣٥ لاپەڕەیـە، ئـەوەی بـۆم جێـی سـەرنج بـوو، کەمکردنـەوەی لاپـەڕەکان بـوو لـە وەرگێڕانـە ئەڵمانییەکـەی تـا لـە کۆتاییـدا کتێبەکـەم کـڕی و لەگـەڵ چاپـە کوردییەکـەدا بەراوردێکـم کـرد، سەرسـام بـووم بـەوەی ئـەم شـاکارە ئەدەبییـە دانسـقە جوانـەی بەختیـار عەلی بـە پرۆسـەی پاکسـازیدا تێپەڕیـوە و پاچەکۆڵـەی تێـدا کـراوە، نـەک وشـە و دوو وشـە، بەڵکـوو دێـڕ و نیـو لاپـەڕە و لاپـەڕەی بـە تـەواوی لـێ لابـراوە، بـە ئاڵوگۆڕکردنـی چەنـدان دێـڕەوە، تەنانـەت لـە دەسـتکاریکردنی ناوونیشـانی بەشـی نـاوەوەش بـێ بـەش نەکـراوە و بەجۆرێکـی دیکـە نووسـراوەتەوە.

بـۆ کاری بەراوردکارییەکـە بـە هیـچ شـێوەیەک نەچوومەتـە نـاو فـەزای بیرکردنەوەکانـی نووسـەر، چـۆن تێکسـتەکانی نووسـیوە و کارەکتەرەکانـی بـۆ نمایـش کردوویـن، ئـەوە بابەتێکـی دیکەیـە و پەیوەسـتە بـە جیهانبینـی و سـەلیقە و داهێنانەکانـی نووسـەر خۆیەوە، بەڵکوو تەنیا کارم لەسـەر بەرهەمە وەرگێـڕدراوە ئەڵمانییەکـە کـردووە، ئـەم کارەش یەکێکـە لـە کۆڵەکەکانـی ئەدەبـی بـەراوردکاری.

## پرۆسەی پاکسازی

ڕۆمانەکـە بەسـەر پێنـج کتێـب دابـەش کـراوە، هـەر کتێبـە و هەڵگـری ناوونیشـانێکی تایبەتـە و دابەشـی سـەر چەنـد بەشـێکی دی کراوەتـەوە.

بـۆ ئەنجامدانـی تێکڕای ئـەم پرۆسـە بەراوردکارییـە، ئەگـەر لاپـەڕە بـە لاپـەڕە پێیدا بچیـن، پێویسـتمان بە نووسـینەوەی کتێبێکـی تـر دەبێـت، بۆیـە بەناچـاری وەک نموونـە بـۆ هـەر بەشـێک تەنیـا دوو تـا پێنـج لاپـەڕەی سـەرەتای هـەر بەشـێکم وەرگرتـووە و لەگەڵ وەرگێڕانە ئەڵمانییەکـە بـەراوردم کردووەتـەوە، ئەمـەش بەواتـای ئـەوە دێت کـە لاپەڕەکانـی دیکـەش هەمـان چارەنووسـیان هەیـە و بـەر هەمـان پاکسـازی و سـڕینەوە کەوتـوون.

وەرگێـڕ هـەر لەیەکـەم دێـڕەوە دەسـتی کـردووە بـە لابردنـی وشـە و دێـڕ.

لاپـەڕە ٧ (سـەرەتای ئـەم چیرۆکەمـان لـە فرۆکەخانـەی سـخیپۆڵەوە لـە نزیک ئەمسـتردامەوە دەسـت پێدەکات. د١) دوو جار نـاوی فرۆکەخانەی سـخیپۆڵ هاتـووە و لـە کتێبە ئەڵمانییەکـە لابراوە.

(ئـەوكات لەنـاو گەلێک کێشـە و گرفتـی گەورەی ژیانـدا نوقمبووبـووم. د٤) بە تـەواوی لابراوە.

لاپـەڕە ٨ (بەڵـێ عەزیـزم. د١٣)+ (شـامپۆی پانتینـە یاخـود چـی؟ د ٢٣) لابـراون.

لاپەڕە ٩ (لەهەموو قۆناغەکان. د١)+ (گیۆشـینۆ. د٨)+ (لەتۆ باشـترم دەسـتناکەوێت. د١٢)+ (لەتۆ باشترم دەستناکەوێت. د١٣) لابراون.

لاپـەڕە ١٠ (دەبێـت بـڕۆم. د٧)+ (جەلادەتـی کۆتـر. د١٢) لابـراون.

لاپـەڕە ١١ (بـەر لـەوەی بچمـە ترانزێتـەوە. د١) + (گـەورەم هەبـوو + لـە سـخیپۆڵەوە + ئـەوە سـەرەتای ئـەم ڕۆمانـە بـوو کـە دواجـار لـەو جێگایـەی دیکـەدا دوور لـە زەوی و زەمانـی ئاسـایی دواییدێـت. د ١٠ و ١١ و ١٢) ئـەم وشـە و دێڕانـە لـەو چەنـد لاپەڕەیدا لابـراون بـە دەسـتکاری تـەواوی ڕێزمانـی ڕووداوەکانـەوە، سـڕینەوەی ئـەم وشـانە بەردەوامیـان هەیـە بـۆ لاپەڕەکانـی پاشـتریش درێـژ بوونەتـەوە.

*** کتێبی یەکەم (بە حیکایەتی عەلی شەرەفیار)**

لاپـەڕە ١٧ ئـەم وشـانە لابـراون (سـوێندێکی گـەورە. د٦)+ (کـە مریـەم دەمرێـت. د٩)+ (زۆر + کۆتـر، د١٠ و ١١)+ (وێنەیەکـی چکۆلانەش دوای خـۆی جێبهێڵێـت، د١٣)+ (بەجۆرێـک مـرۆڤ لـە کۆتاییدا وەسوەسـە و خەیاڵـی ئـەوەی لا دروسـت دەبێـت کـە لـە نێـوان مردنـی بێدەنـگ و تراژیـدی خانمـی مەریەمـی فەیـزی و توانـای جەلادەتـدا لەسـەر بڕینـی سـوورەکانی مـەرگ گەڕانـەوە جـۆرە پێوەندیـەک هەبێـت. ل١٧، د ١٧و ١٨، ل١٨، د ١ و ٢.)

لاپـەڕە ١٨ (بەجۆرێـک مـرۆڤ دەتوانێـت بڵێـت سـاڵانی سـەرەتای ژیانـی بـەراورد بـەو تراژیدییـە سـەیر و گەورانـەی دواتـر هاتنـە ڕێگـای خۆشـترین و باشـترین ڕۆژەکانـی ژیانـی بـوون. د ٨ و ٩ و ١٠)+ (حەوشـەکەیان دادەنیشـت. د٢٢) لابـراون.

لاپـەڕە ١٩ (وەک شـێت پەڕیبـووە ناوەڕاسـتی کۆڵانەکـە و لەخۆیـدەدا، ئـەو بەیانییـە. د٤ +٥)+ (بـە بـڕوا و قەناعەتێکـی بەهێـزەوە، بـە ئیمانێکـی نەپسـاوەوە بـە مـەرگ، بـێ هیـچ تـرس و دوودڵییـەک، د ٦ +٧)+ (سـەیربوو مرۆڤێـک بەجـۆرە وەسـتێکی وەهـا کۆتایـی بـە ژیانـی خـۆی بهێنێـت، بـەڵام لـەوە سـەیرتر ئەوەبـوو، د ١٢ +١٣)+ (توانـای منداڵەکـە ئـەوکات بـە تەواوەتـی دەرکـەوت کـە دوای مردنـی مامۆسـتا سـەرمەد تاهیـر بـەردەوام لەسـەر دیوارەکـە ئـەو ئاوازانـەی عـەزف دەکـردەوە کـە بـەر لـە مـەرگ مامۆسـتا سـەرمەد ژەنیبوونـی. د ١٧ +١٨ +١٩) + (لـەو کۆرسـەوە + جەلادەتـی کۆتـر. د ٢٢) لابـراون.

لاپـەڕە ٢٠ (شـوێنی موحیبـەت و سـۆزی خەڵـک بوو، کە ماوەیەکی کورت بێبەهانە وەک پاڵەوانێکی نەتەوەیـی تەماشـایاندەکرد، ئـەو کات تیپێکـی مۆسیقای منداڵانـی کوردی بیتوانیبایە لە میترۆپۆلی داگیرکەرانـدا بچێتـە پێشـبڕکێوە، وەک فەتحێکـی نیشـتمانی سـەیر دەکرا، د ١ تاکو ٤)+ (ئـەو منداڵـە گەیشـتە ئاسـتێکی ترسـناک، لـەو کاتەشـەوە بـە جۆرێکـی سـەیرتر ژیانی بـۆ مۆسـیقا تەرخانکرد، د ٧ +٨)+ (بە بیستن دەیتوانی پەنجەی عازیفەکان لەیەکتر جیابکاتـەوە، دەیتوانی هەمـوو مۆسـیقارە گەورەکانـی دونیـا ئاوازەکانیـان لـە دوورەوە بناسـێتەوە، د١٠ تاکو ١٣)، (تەمەنـی سـیازدە + لەسـەر تەنەکەیـەک، د١١ +١٢) لابـراون.

*** کتێبی دووەم (بە حیکایەتی جەلادەتی کۆتر)**

لەیادچوونەوەی مۆسیقا لاپەڕە ٧١

بەشـی یەکـەم لابـراوە (مـن وامدەگـووت پۆلێـک

بالدارە شپرزەکان لەوبەری ئاوەوە دەفڕین، بەجۆرێک شپرزەبوون هیچیان لە باڵندەی شەوێکی ئارام نەدەچوو، د ٩+١٠)+ (من بە یەقینی منداڵێکەوە کە گەلەک لە قسەکانی خۆی دڵنیایە تا ئەندازەی گریان، تا ئەندازەی ئەوەی گەرووی پڕبێت لە تۆفانی فرمێسک، د ١٣ +١٤) + (دەیگووت دان بەخۆتدا بگرە، بەڵام ڕێگای دیتمان لەبەردەمدا نەبوو، دەبایە لە زێ بپەڕینەوە، هەرسێکمان سێ فلووتمان پێ بوو، تەمێکی شەوانە کە تریفەیەکی وەک ئاگر ڕوناکیدەکردەوە، د١٦ +١٧) لابراون.

لاپەڕە ٧٢ (هەوایەک لەگەڵ سەرما و زوقمیشدا هێشتا لە ئاگر دەچوو، بەری زێی گرتبوو، وەک یەکێک بە پێی خۆی بەرەو مەرگی خۆی بڕوات. د١ +٢) + (وەک بێباک بێت بەرابەر هەموو شتێک، وەک ئازایەتییەکی کوشندە و لە ناکاو بەرەو کارەساتی بەرێت. ١١ +١٢) + (هەردووکمان غەریب بووین بە ئاو، بەڵێ لەو ساتەدا هەموومان غەریب بووین بە ئاو، خەیاڵمان تەنیا لای ئەو گومانە قوڵە بوو کە لە دونیا هەمان بوو . د ١٧ +١٨ +١٩) + (مۆسیقا بێهۆشیدەکردین و ئێمەش دونیامان بێهۆشدەکرد، مۆسیقا لەوکاتەوە بۆ من تاکە زمانێکی ئینسان بوو لەگەڵ سروشتدا، من لەو گەشتەدا تێگەیشتم هیچ هونەرێک مرۆڤ بە سروشتەوە گرێناداتەوە مۆسیقا نەبێت. د ٢٢ +٢٣ +٢٤) لابراون.

لاپەڕە ٧٣ تێکڕای لاپەڕەکە ٢٥ دێڕە بە تەواوی لابراوە و وەرنەگێڕراوە.

لاپەڕە ٧٤ تێکڕای لاپەڕەکە ٢٤ دێڕە بە بە تەواوی لابراوە و کاری وەرگێڕانی بۆ نەکراوە تەنیا دوا دێڕ نەبێت.

لاپەڕە ٧٥ تەنیا دوو دێڕی کۆتایی وەرگێڕانی بۆ کراوە و ٢٣ دێڕی لێ لابراوە.

*** کتێبی سێیەم (بە حیکایەتی عەلی شەرەفیار)**

لاپەڕە ٢٧١ (بەشی یەکەم لابراوە. د ٢) + (پێموایە هێندەی بەسەرهاتی ونبوونێکی گەورەیە کە یەکبوو خۆی بۆ خۆی دەگێڕێتەوە، گێڕانەوەی چیرۆکێک نییە کە بشێت مرۆڤ بیکاتە ڕۆمانێک، بەسەرهاتی کەسێک کە لە گێڕانەوەکەیدا مەبەستێتی هەموو ئەو کەلێنە تاریکانەی ناو یادەوەریی خۆی دابخات کە تێپەڕینی ڕۆژ و هەفتە و مانگە غەمبارەکان دروستیانکردووە، د ٩ تا ١٤) لابراون.

لاپەڕە ١٧٢ (ئەمە غونچەکانی عومرەو ئەمە پشکۆکانی، ئەمە گوڵەکانێتی و ئەمە درزەکانێتی، ئەمە ئەو نیگارە ڕوکەشانەیە کە چاو فریو دەدات و نەخشی ڕوکاری سەر گوڵدانەکەیە، ئەمەش ئەو نەخشە نهێنی و سەیانەیە کە شکان و درزی یەک لە دوای یەک لە بنەوە، لە دیوی ناوەوە گە = وڵدانەکەدا دروستیانکردووە، د ٥ تا ٩) لابراون.

لاپەڕە ٢٧٤ (هەشت دێڕی کۆتایی ئەم لاپەڕەیە بەتەواوی لابراوە).

لاپەڕە ٢٧٥ (پانزە دێڕی یەکەمی ئەم لاپەڕەیە بەتەواوی لابراوە).

*** کتێبی چوارەم (بە حیکایەتی عەلی شەرەفیار و جەلادەتی کۆتر)**

لاپەڕە ٤١٧ (تەنیا دوو دێڕی یەکەمی کراوەتە ئەڵمانی و ١٣ دێڕەکەی دی بەتەواوی لابراوە).

لاپەرە ٤١٨ (شەش دێڕی یەکەمی لابراوە و نەکراوەتە ئەڵمانی).

لاپەڕە ٤١٩ (چ کوڕی سەگێک وای لێکردوویت. د ١١+ دەمویست وەک شێت. د ٢٤) لابراون.

لاپەڕە ٤٣٠ (لایەنی کەم بەو مانایەی ئەو لە هاوڕێتی تێگەیشتووە، وەک بزانێت ئەو مرۆڤێکە پەڕیوەتەوە بۆ ئەوبەری فرمێسک و لە جێگایەکدا وەستاوە تا لە مانای ژیان و مردن ڕابمێنێت، د ٧+٨+٩) لابراون.

لاپەڕە ٤٤٦ بە ناوونیشانی (من و پرتەقاڵی بابلی بیر لە ڕێگایەک دەکەینەوە بەرەو پاکی و ئاسوودەیی) دەست پێدەکات، بەڵام لە وەرگێڕانە ئەڵمانییەکە گۆڕاوە بەم ناوونیشانە (سەمیری بابلی و ڕێگای ڕزگاربوون) جگە لەوەی دێڕەکانی ٨+ ٩+١٠+١٥+١٦ تا دەگاتە ٢٢ لابراون).

لاپەڕە ٤٤٧ تەنیا دوو دێڕی یەکەم و ١١ و ١٢ و دوو دێڕی کۆتایی کاری وەرگێڕانی بۆ کراوە و ١٩ دێڕی لابراوە.

لاپەڕە ٧١١ لە کوردییەکەی نووسراوە دوا کتێب، بەڵام لە ئەڵمانییەکە بووەتە کتێبی پێنجەم. لەم بەشەدا پێم باش بوو تەنیا دوا لاپەڕەکەی بەراورد بکەم کە بەم جۆرەیە:

لاپەڕە ٨١٣ (من لەبەر دەرگای ئەو چاپخانەیە دەوەستم، نەدەتوانم بڕۆمە دواوەو نەدەتوانم بچمە پێشێ. د١٧+١٨)+ (کتێبەکەم دادەنێم. د ٢١)+ (هەموو شتێک تەواو کە یەکجار نووسراوە. د ٢٤) لابراون.

لاپەڕە ٨١٤ (هیچ نییە. د ٤)+ (ماڵاوا ئەی قەقنەس ماڵاوا...ماڵاوا ...ماڵائاوا!!!. د ٦) لابراون.

*** گۆڕینی ناوونیشان**

ناوونیشان هەمیشە پێناسەیەکی کورتە بۆ لێکدانەوە و شیکاریی دەق، هەوڵدانە بۆ کورتکردنەوە و فرە مانایی وشەیەک، یان چەند وشەیەک کە بتوانێت گشتگیر بێت بۆ ڕایەڵەی نووسین و پێویستی بە ئیستێکە.

لێرەدا وەرگێڕ هەوڵی داوە ناوونیشانەکان لە درێژیکەوە بگۆڕێت بۆ چەند وشەیەک و کورتیان بکاتەوە تا ببنە ناوونیشانێکی کورت و ئاسان بۆ خوێندنەوە، هاوشێوەی ئەم نموونانەی خوارەوە:

لاپەڕە ١٧ (ونبوون لە شارێکی خەیاڵیدا لە باشوور، بەم جۆرە وەرگێڕدراوە، ونبوون لە باشوور، د١.)

لاپەڕە ٧١ (لەیادچوونەوەی مۆسیقا، بەم جۆرە وەرگێڕدراوە، فێرنەبوونی مۆسیقا، د١.)

لاپەڕە ٢١٩ (بەشێک لە چیرۆکەکانی نەقیب سامیری بابلی و لە گەشتی دوور و درێژیدا لە نێوان جەنگ و پەشیمانیدا، بەم جۆرە وەرگێڕدراوە، گەشتی سەمیر لە نێوان جەنگ و پەشیمانیدا، د٦.)

لاپەڕە ٤٨٨ (من و پرتەقاڵی بابلی بیر لە ڕێگایەک دەکەینەوە بەرەو پاکی و ئاسوودەیی، بەم جۆرە وەرگێڕدراوە، سامیری بابلی و ڕێگای ڕزگاربوون، د١.)

لاپەڕە ٤٩٣ (کەسی یەکەم خانمی شاناز سەلیم و حەزی بێسنووری بۆ خەوتن لە ئامێزی مەرگدا، حەزی بێسنوور لە ئەڵمانییەکەدا گۆڕاوە بۆ خواست. د١١.)

لاپەڕە ٥١٢ (کەسی دووەم شاروخی شاروخ و دووەمین دەرکەوتنی لە باغێکی غەمگیندا، لەباغێکی غەمگیندا لابراوە. د٢.)

لاپەڕە ٥٢٦ (کەسی سێهەم مستەفای شەونم... ئەو پیاوەی لە شەوێکی تاریکدا باڵندەکانی بینی، ئەو پیاوەی لە شەوێکی تاریکدا لابراوە. د٩.)

لاپەڕە ٥٦٩ (مۆزارت و باغێکی جاویدان. ئەم ناوونیشانە بەتەواوی لابراوە، د١٧.)

لاپـەڕە ٦٨١ (ئۆقیانوسـی هـاوار و ئاشـکرابوونی حەقیقەتـی مسـتەفای شـەونم، ئۆقیانوسـی هـاوار و ئاشـکرابوونی لـێ لابـراوە، د٦٠)

## وەرگێڕان بەپێی داواکاری

وەرگێڕانـی کتێبەکـە لـەڕووی زمانەوانـی و داڕشـتنی تێکسـتەکانەوە بـۆ کەسـێکی ئەڵمانـزان زۆر ناوازەیـە، مۆدێرنانـە وشەسـازی بـۆ کراوە، زۆر سـەرکەوتووانە توانـراوە لەگـەڵ شـێوازی کولتووری ئەدەبـی ئەڵمانـی یـەک بگرێتـەوە، ئەمـەش بـۆ زاڵبـوون و زمـان زانینـی وەرگێـڕەکان دەگەڕێتـەوە کـە چەنـدە ئازادانـە توانیویانـە تێکسـتەکان بنووسـنەوە و تـا ڕادەیەکیـش پاکسـازی لـە ڕۆمانەکـەدا بکـەن.

ئـەم هەوڵـی پاکسازی و گۆڕینـی ناوونیشـانەکان هەمـان دەنگـی ئـەو ڕەخنەگرانەمان بیـر دەهێنێتەوە کـە بـە نووسـەریان گوتبـوو درێـژە بە نووسـینەکانی دەدات، لێـرەدا دەنگـی ئـەو جـۆرە ڕەخنانـە کـپ کـراون، هەرچەنـدە دەزگا و بڵاوکراوەکانیـش بـۆ خۆیـان کەسـانی پسـپۆڕ و زمانزانـی شـارەزایان هەیـە، پـاش پێشکەشـکردنی هـەر دەستنووسـێک، کۆنترۆڵـی دەکـەن، بەپێـی مەرجـی ئـەوان گۆڕانـکاری لـە تێکسـتەکاندا دەکرێـت.

پـێ دەچێـت ئـەم ڕۆمانـە بەهەمان فلتـەردا گوزەری کردبێـت و ئـەو گۆڕانانـەی بەرهـەم هێنابێـت، کـە سـەرئەنجام لـە خزمەتـی خوێنـەر و ئەدەبی ئەڵمانـدا دەبینرێتـەوە، ئـەوەی دەمێنێتـەوە و دەبێتە پرسـیار، ئایـا نووسـەر ئـاگاداری ئـەو گۆڕانانـە بـووە کـە لـە سـەرەوە بـاس کـران، لـە کاتێکـدا زمانـی ئەڵمانـی دەزانێـت، هەرچەنـدە بـۆ گۆڕینـی وشـەیەک ڕازی نییـە هیـچ دەزگا و بڵاوکراوەیەکـی کوردی دەسـتکاری وشـەیەکی نووسـینەکانی بـکات؟


**سەرچاوە:**

(١) ڕۆمانـی شـاری مۆسـیقارە سـپییەکان، بەختیار عەلی، ٢٠٠٥.

(٢) Die Stadt der weißen Musiker. وەرگێڕانـی پێشـەوا فەتـاح و هانـس ئولریـچ مولـەر شـیوفێ، ٢٠١٩.

(٣) Geschichte und Problematik religiöser Übersetzung Analytische Kritische Studie لە نووسـینی خیـری علـی، ٢٠٢٠.

(٤) Übersetzte Literatur Tendenzen welt literarischer Zirkulation Prozesse لە نووسینی ناتالیـا بلـوم، گۆڤـاری ڕەخنـەی ئەدەبـی ٢٠٢١.

# غەزەلی (وەفایی) و چوار ڕەگەزی مەعریفەتی

**هادی حەبیبی**
**(بۆکان)**

**کورتەی وتار:** عیرفان سەیر و سلووکێکی ڕوحییە کە سەرچاوەکەی بۆ هێزی هزر دەگەڕێتەوە و ڕاستییەکەی میتۆدێکە کە جۆرە ڕوانینێکی جیاواز لە چەمکی ئایین بە دەستەوە دەدات. بە واتایەکی دیکە دەکرێ بگوترێ عیرفان لە ماهییەتی خۆیدا، ڕەنگدانەوەیەکی هونەرییە، هەر بۆیەش بە درێژایی مێژوو بوونی خۆی سەلماندووە و لە هێرمۆنۆتیکی دەقە کۆنەکانی ئایینی ڕۆژاوا تا دەگاتە ڕۆژهەڵات، جار لەگەڵ جار بە شێوازێکی بەرچاوتر پارێزراوە. وەفایی لە ئەدەبی کوردیدا لەو شاعیرە عاریفانەیە کە بە زمانی عیرفان و ڕەگەزگەلی مەعریفەتی خۆیەوە، بەشێکی گرنگ لە وێژەی عیرفانی ئێمەی پێک هێناوە و ئەم وتارە بە لەبەر چاو گرتنی هەندێک لەم ڕەگەزانە، تیشک دەخاتە سەر عیرفانی وەفایی و شێوازی هەڵکشانی ئەم ئاخاوتنە هونەرییە لە غەزەلەکانی ئەو شاعیرەدا.

**چەمکە کلیدییەکان:** عیرفان، ڕێبازی هزریی تەسەووف، عیرفانی ڕۆژهەڵات، ڕەگەزی مەعریفەتی، وەفایی.

**سەرەتا:** ئەدەبیاتی عیرفانی هەر لە کۆنەوە وەک پاژێک لە وێژەی گەلانی جیهان، هەمیشە لە ڕیزی ئەدەبە گرنگەکانی هەر وڵاتێک بووە و وەک پێویستییەکی دەروونی و هزری لەلایەن مرۆڤی بەردەنگەوە سەیر کراوە. ڕەنگە ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەم پەیڤەدا تێپەڕێ، بەڵام هیچ کات ئەم تیۆرییەی شەفیعی کەدکەنی (پسپۆڕ و وێژەوانی گەورەی ئێرانی) لە برەو ناکەوێ کە پێی وایە: عیرفان ڕوانینێکی جوانیناسانە و هونەرییە بەرانبەر بە ئایین و زانستی ئیلاهییات. (شفیعی کدکنی، ١٣٩٢: ٤٦) ئەوە حەقیقەتێکە کە خودی ئایینەکان هەمیشە لایەنێکیان لە عیرفان تێدابووە و لە هەر شوێنێکدا ئایینێک هەبووبێ، عیرفانیش لە پەنایدا پەروەردە کراوە.

ڕۆژهەڵاتی کۆن هەموو کات بە بۆنەی ئایینی جۆراوجۆرەوە، شوێنەواری عیرفانێکی عاشقانە و ئینسانی بووە. عارفانیش بە تایبەت ئەوانەی وا لە سەیر و سلووک و لە ڕێبازی هزریی تەسەووفدا بوون، هەر هەموویان عیشقیان ڕیوایەت کردووە و گۆشەنیگایەکی عاشقانەیان بەرانبەر بە هەموو دیاردەکان هەبووە و جیهانیان

به عیشق له مەحەک داوە، هەر له بایەزید و حەللاج و خەرقانی و مەولاناوە بگرە هەتا زۆر له مەشایخی تەریقەت و تەسەووف، هەموویان به تێکڕایی واژەی (عیشق)یان به باڵاترین گەوهەری ئەو نیزام و هەستییە داناوە کە لە نەبوونی ئەودا، دیدار و گەیشتن بە یار شتێکی دژوار و دەست پێ ڕانەگەیشتووە، بۆیە عیشق لە ڕوانگەی ئەواندا، بەهێزترین کەرەستەیەکە کە لە کۆتاییدا مرۆڤ بە حەقیقەت دەگەیەنێ.
(محمدی، ١٣٨٤: ١٠٠)

لە وێژەی عیرفانیی (وەفایی)دا کە پارادایمێک لە عیرفانی ڕۆژهەڵاتییە، گەلێک جار بەسەر ڕەگەزگەلی مەعریفی وادا دەکەوین کە شاعیر بە ئاوێتە بوون لەگەڵیان و بە جەخت کردن لەسەر ئەو دەستەواژانە، ڕێبازی عیرفان بۆ بەردەنگ ڕوونتر و ڕێ پێوانەکەی بۆ هاسانتر دەکاتەوە. دیارە ئەوەی کە لە عیرفانی ڕۆژهەڵاتدا تەوەرییەتی هەیە، ڕەگەزی عیشقە و عارفانی وەک عەتتار و سەنایی و مەولانا و حافز و ...تاد هەموویان بێجگە لەوەی لایەنگری مەکتەبی عیشق بوون، لە حەقیقەتدا زۆرترین بانگەشەیان بۆ ڕێبازی عیشق کردووە. وەفایی لەو شاعیرە عارفانەی کوردە کە لەم ڕێسایە جیا نییە و لە دەقی عیرفانیی خۆیدا، وێڕای بانگەشە بۆ عیشق و خودا بە عاشقانە ناسین، خەریکە بە ڕەگەزگەلی مەعریفییەوە، لە تاریکستانی نەفس و هەوای مرۆڤدا چرای وشیاری هەڵدایسێنێ و مرۆڤ بە هەموو هێزی خۆی، دەخاتەوە سەر ڕێبازی عیرفان کە ئەویش لە مەعنەویەتێکی میتافیزیکییەوە سەرچاوە دەگرێ.

### ١. مورشید

یەکێک لەو ڕەگەزە مەعریفییانەی کە لە ئافاقی شیعری (وەفایی)دا هەندێک جار بە پیری مەیخانە و هەندێک جاریش بە پیری



وەفایی

موغان و میرئاتی دولبەر ڕەنگ دەداتەوە، هەمان مورشید، یان پیری تەریقەتە. ئاشکرایە کە لە ڕێبازی عیرفاندا گەیشتن بە حەق بە بێ بوونی مورشید، هیچ واتایەکی نییە و عارف لەو قۆناغەدا پێویستی بە بوونی پێشڕەوێکە کە حەقیقەتی عیشقی پێ نیشان بدات. گرنگیی کردەی عاریف لێرەدایە کە بە تەواوی خۆی ڕادەستی مورشید دەکات و بە بێ فەرمانی ئەو، حەقیقەتی بۆ نادۆزرێتەوە.

کەوابوو بۆ نموونە لە درێژەی ئەو بابەتە و لە جوگرافیای عیرفانی ڕۆژهەڵاتییانەی حافزدا، سەرلێشێواوی و ئارەزووی دیتنەوەی دەلیلی ڕێگە لەلایەن عارفەوە، هەروەها بڕوا هێنان بە بوونی پیر و پشت ڕاستکردنەوەی وەک زەرورەتێک و لە کۆتاییشدا دیتنەوە، یان خوڵقاندنی پیرێکی ئوستوورەیی بە ناوی پیری موغان لە زەینی عارفدا، سێ شێواز لە زەرورەتی پیری موغانن کە بەردەنگ لە هزر و پەیڤی عارفانەی حافزدا، لەگەڵیان ڕووبەڕوو

دەبێتەوە. (خرمشاهی، ١٣٨٣ : ٩٦) لە شیکاری و خوێندنەوەی ئەدەبیاتی حافزدا بەو ڕاستییە دەگەین، کە پیری موغان مورشیدی حافزە و بە پشکنینی سەرانسەر دیوانەکەی بۆمان دەردەکەوێ تەنیا کەسایەتییەکە کە حافز سەری بۆ دادەنەوێنێ و ئامۆژگارییەکانی لە گوێ دەگرێ.

وەفایی عاشقێکی عارف، یان عارفێکی عاشقە کە لە ڕێبازی عیشقدا، هەڵسوکەوتێکی حافزئاسای لەگەڵ پیری موغاندا هەیە. کێ هەیە لە ئەدەبی عیرفانیی کوردیدا ئەو غەزەلە پڕ سۆزەی وەفایی نەبیستبێ کە بە هێنانی دەستەواژەی (پیری موغان) لە (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری) یاد دەکات و بۆ دوورخستنەوەی ئەو مورشیدە بەو چەشنە شین دەگێڕێ:

**لە باغان ئاهـ و ناڵین دێ، دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆیی**
**لە مەیخانان سەدای شین دێ، کەوا پیری موغان ڕۆیی**
**دەڵێن دەوری قەمەر، سەیری فەلەک، میزانی گۆڕاوە**
**کەوا گوڵ زەرد بوو، سونبول تێک چوو، ڕەنگی ئەرغەوان ڕۆیی**
(وەفایی، ١٣٩٥: ٣٣٣)

یان لە چەند دەقی شیعریی دیکە لە دیوانی (وەفایی)دا، شاعیر (ساقی) کە ڕاسپاردەی نێوان مورید و مورادە، بە حەققی پیری موغان سوێند دەدا کە جامی مەی بخاتە گەڕ و بە یادی چاوی جانان، بە عاشقی بگەیەنێ:

**ئەلا ئەی ساقیی مەستان! بە حەققی پیری مەیخانە**
**بە گەردش بێنە جامی مەی، بە یادی چاوی جانانە**
**ئەمان ئەی موتریبی مەجلیس، بە حەققی تاری ڕوحانی**
**بڵا بێ نەغمەکەی سازت، کە ئاوی ئاوری هیجرانە** (هەمان: ٢٥٣)

یان لە بەیتی:
**دەمێک ساقی دەمت بێنە دەخیلی چاوەکانت بم**
**بە جامێک دەستی من بگرە، فیدای پیری موغانت بم** (هەمان: ١٠١)

دیسان (پیری موغان) وەک کەسایەتییەکی پیرۆز تەوەرەی بابەتە و وەفایی بە ڕەجایەکی عارفانەوە، خۆی بە قوربانی (ڕێنوێن)ی ساقی دەکات و دەیەوێ بە جامێک لە شەرابی عیرفانی، کۆمەک حاڵی بێ و دەسگیری بکات، هەروەها دەستەواژەی (تووری سینا)، (زوڵمەتکەدەی دڵ)، (سورمەی کێوی توور)، (ئابی حەیاتی زەقەن)، (فیرعەونی خەت)، (تووری کوڵمە) و ...تاد هەر کامەی لەو نموونانەن کە پیشاندەری بوونی مورشیدن لە عیرفانی وەفایی دا. شاعیر بە ڕاشکاوی لەمەڕ مورشید و پیردا و بە شێوازێکی سەمبۆلیک دەڵێ:

**ئەی ساقی خەراباتی، قەترێک ئاوی حەیاتی**
**ئامان دەستی منت دامان! سووتاوی نێو زوڵماتم**
(هەمان: ١١٢)

لەم بەیتەدا (ساقی خەرابات) سەمبۆلی خزر، یان مورشیدە کە خۆی بە دۆزینەوی (ئاوی حەیات) کە ڕەمزی زانستی غەیبی و مەعریفەتی خوداییە، دەسگیری و ڕێنموونی عارفان دەکات. کەوابوو پیر و مورشید کەسێکە کە لە زوڵماتی ئەم جیهانەدا، بە هۆی پاکتاوکردنەوەی نەفس و لەبیر بردنەوەی زاتی مرۆڤانەی خۆی، حەقیقەت لە دەروونیدا دەسازێنێ و بە هێمایەکی عاشقانە و بە دەربازبوون لە نیزامی

هەستی درۆیین، لە ڕێبازی حەقدا دەستی بە سەرچاوەی شوناسە مەعریفییەکان ڕادەگات. (پورنامداریان، ١٣٨٥: ٣١٣) ئەو کەسایەتییە لە دۆخێکی وەهادا زەمینەی بوونە، مورشید پێک دێنێ و تاقمی عارفان بەرەو ڕێبازی ڕاستەقینە ڕێنموونی دەکات. وەفایی لە وێژەی عیرفانیی خۆیدا بەردەوام لە خەیاڵی مورشیددایە و ئەو کەڵکەڵەیە، ئەزموونێکە کە بە کردە و بە شێوازێکی زەق لە شیعری وەفاییدا ڕەنگ دەداتەوە.

**٢. زیکری بەردەوام**

یەکێکی دیکە لە ڕەگەزی مەعریفەتی، بوونی زیکری بەردەوامە لە هزر و دەروون و ئاکاری عارفدا و هەر لە کۆنەوە عورەفا لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە زیکر و پاڕانەوە بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە، زەروورەتێکی ئاشکرایە و نکوڵی لێ ناکرێ. زیکر لە قۆناغی هەوەڵدا بە واتای ئەزکاری قورئانی و تۆبە و پاڕانەوەیە و لە گشتییەتی ئەدەبیاتی عیرفانیدا بە گریان، خەوف و ڕەجا، گۆشەگیری، سووتان و جەختکردن لەسەر هەموو ئەو کردە باشانە دەگوترێ کە لە ڕوحییەتی خۆپارێزی و موراقەبەی حاڵی عارفدا زەروورەتیان هەیە. عارف بە مەبەستی گەیشتن بە حەق، لەش و ئەندام و سەر و زمانی خۆی لە هەر جۆرە تاوانێک دەپارێزێ و بە سووربوون لەسەر ئەو خۆپارێزییە، ڕێبازی حەقیقەت بۆخۆی هەموارتر دەکاتەوە. لە غەزەلی (وەفایی)دا (چاوی خوێنین)، (میحرابی دوعا)، (شەوبێداری) و (زیکر و موناجات) بوونی هەیە و هونەریترین نموونەی زیکرە بەردەوامەکانی شاعیر، لە گریان و سووتانی وێکڕایدایە:

**دەمێکە هەر لە تۆی ئاوری دەروون و ئاوی چاوم دام**

**لە دووری تۆ عەجەب ماوم، نە سووتاوم، نە خنکاوم** (وەفایی، ١٣٩٥: ١٣٢)

شاعیر لە غەزەلێکدا خودی خودا دەکاتە بەردەنگ و بە گۆشەنیگایەکی عارفانەوە، لە تەنگژەی بوون و سات و شوێن دەترازێ و بە دەستەواژە و وشەگەلێکەوە کە هەر کامەی لە دەروونی شاعیردا وەزمان دێن و بەستەی تەریقەت و وەحدانییەت دەڵێنەوە، بە فرمێسک و بە سووتان، جانان لە حەیات و مەماتی خۆی دەگەیەنێت:

**لەلایێ ڕوح دەبا عیشوەت، لەلایێ دڵ دەدا خەندەت**

**عەزیزم هەر بە دەست خۆتە، حەیاتی من مەماتی من**

**لە دووریی تۆ بە دەفتەر نایێ شەرحی ماجەرای چاوم**

**ئەگەر دەریایی ئەعزەم بێ، هەموو سورخی دەواتی من**

**دەسووتێم تەرزی پەروانە، دەناڵێنم وەکوو بولبول**

**سەراسەر بۆتە میجمەر، بۆتە گوڵشەم، شەش جیهاتی من** (هەمان: ١٦٣)

**٣. عیشق**

عیشق کە ڕیشەی لە ناسیاریی عارفدا هەیە، دەسپێکی عیرفانە و وەفایی لەم پاژەدا شاعیرێکی عارفە کە بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە و حەقیقەتی عیشق، لە دەلاقەی خودی عیشقەوە سەیری جیهانی دەوروبەر دەکات. عاشق بوون لە پەیڤی شاعیردا پەیژەی سەرکەوتنە، باڵی هەڵفڕین بەرەو نوورە، دڵدانە بە ساحەب دڵ و لە ڕوانینی شاعیردا تەریقی عاشقی، وەسڵ و گریان و قورب و هیجرانە. لە خوێندنەوەی غەزەلەکانی (وەفایی)دا بۆمان دەردەکەوێ کە

شـاعیر بـە بەلاغەتـی هونەرییــەوە، گۆشـەنیگای دەبڕێتــە عیشــق و زۆرتریــن ئیمــاژی شــیعری و ئیلهامــی جوانیناســانەی خــۆی لــەو ڕەگــەزەدا بەکاردێنــێ. بزاڤــەکان چ جەبـری و سروشـتی بـن و چ ئیرادی و بەدڵخـواز بـن، لـە واتـا و مەبەسـتی شـیعرەکانی وەفایـی و لـە تێمـی عارفانـەی ئـەو شاعیرەدا، هـەر یـەک بزاڤـن کـە بـەرەو حەقیقەتی عیشـق دەڕۆن و «مـوراد و مەتڵەبێکـی» دیکـەی غەیـری حەقیقەتیـان نییـە:

**کەمەندی زولفەکەی تۆ بمگرێ، من عاشقی ڕووتم**
**مـوراد و مەتڵەبێکـی دیـم نییـە (غیـر از تـو) کافـر بـم** (هەمـان: ١٠٧)

لـە قۆناغـی هەوەڵـدا ویسـتی شـاعیر زەینییـە و خۆی بـە ڕاشـکاوی دادان بـەو ڕاسـتییەدا دەنـێ کە غەیـری یـار، کەسـێکی دیکـەی لـە مێشـکدا نییـە و نابـێ. ئـەوە لایەنێکـی پەیڤـە کـە لـە کۆتاییـدا لەگـەڵ جەمسـەرەکەی دیکـەی کـە بـە کـردەوە عاشـق بـوون بـە ڕوخسـاری یـارە، دەبنـەوە یـەک. مەبەسـت لـە (تـۆ) هەمـان (عیشق)ـە و شـاعیر قۆناغـی عاشـق بـوون تێدەپەڕێنـێ و دەسـکەوتی عارفانـەی خـۆی لـە عیشـقی سـادقدا دەدۆزێتـەوە کـە بێتـوو بـەو سـەرەنجامە نـەگات، نـە تەنیـا هەوڵەکانـی بێسـوودە، بەڵکـوو لـە ڕێبـازی حەقیقەتـدا بـۆی دەبێتـە دەردی سـەر و لـە ڕاسـتەقینەی دادەبـڕێ. ئـەوە فەلسـەفەیەکە کـە شاعیر لـە گشـتییەتی پەیـڤ و کەلامـی عارفانـەی خۆیـدا گەلێـک جـار بـە دەسـتەوەی دەدات و بـەردەوام دووپاتـی دەکاتـەوە:

**قیبلەگۆڕاوی (وەفایی) عاشقی سادق نەبی**
**بـێ سـەفای دڵ، عومرەکـەم، ئـەو سـەعیە هـەر دەردی سـەرە** (هەمـان: ٢٢٢)

یانـی: ئـەی وەفایـی! بێتـوو لـە ڕێبازی عیشـقدا سـادق نەبـی، ڕەنـج بـە خەسـار و سەرلێشـێواوی و بزانــە کــە هەتــا دڵــت ســاف و ڕوون نەبــێ، هەوڵـت بـۆ گەیشـتن بـە یـار بێهوودەیـە و مایـەی دەردی سـەرە. کەوابـوو گەیشـتن بـە حەقیقـەت لـە دەسـپێکی خۆیـدا سـەفای دڵ و ڕاسـتیی گوتـار و کـردە و ئەندێشـەی عاشـقی دەوێ و عیشـقی خـودا لـە کتێبـی (کیمیـای سـعادت)دا خـۆی بەرزتریـن پێگـە و جێگەیـە و مەبەسـتی هەمـوو مەقاماتـە و باقـی کـردە عیرفانییەکانـی دیکـەی وەک تۆبـە و زوهـد و سـەبر و خـەوف لـە بەهـرەی ئـەو حەقیقەتـەن. (غزالی، ١٣٦٤: ٧٧١) وەفایـی بێجگـە لـەوەی لـە عیرفانـدا خاوەنـی سـتایل و ئوسـلووبی خۆیەتـی، بـە هونـەری شـیعریش هـەر خاوەنـی وێژەیەکـی تایبەتییـە کـە وێـڕای دەربڕینێکـی لێهاتـووی کارامـە، زۆرجـار دەقێکـی فرەمانـا بـە ئارایـەی جۆراوجـۆری ئەدەبـی و بـە ڕیوایەتێکـی سـەمبۆلیکەوە بـە دەسـتەوە دەدا:

**بـە خەنـدە ڕووی لـە زولفـان خسـتە ڕوو، فەرمووی وەرە یەعنی**
**وەفایی! شەوچراغی پێ دەوێ، ئابی حەیاتی من** (وەفایی، ١٣٩٥: ١٦٥)

لـەم ئاخاوتنـە هونەرییـەدا بەیتەکـە تەلمیـح بـە چیرۆکـی ئـاوی بەقایـە. دەسـتەواژەی (ئابـی حەیـات) ئیسـتعارە لـە زاری یـارە و (شـەو) بـۆ (زولـف) و (چـراغ) بـۆ (خەنـدە) دەگەڕێتـەوە و چەشـنێک لـەف و نەشـری موشەووەشـە. شـاعیر بـە خەیـاڵ پڵاوییەکـی عارفانـە بـە بەردەنـگ ڕادەگەیەنـێ: یـار بـە پێکەنینـەوە ڕوخسـاری لـە نێـو زولفـی وەدەرخسـت و پێـی کوتـم: وەفایـی! لـە (شـەوی) زولفمـدا دەتوانـی بـە (چراغـی) پێکەنینـم، زارم بدۆزییـەوە.

### ٤. ڕەخنە لە زوهدی ڕیابازانە

لـە دیوانـی (وەفایـی)دا بێـزاری ڕاگەیانـدن و یاخیبوونـی فەلسـەفیی شـاعیر بەرانبـەر بـە

زاهیدی دووڕوو ـ کە بە درێژایی مێژوو بیرۆکەی عیرفانی تەنیوەتەوە و ڕیوایەتی درۆیینی لێ بەدەستەوە داوە ـ دەوری ئاشکرا دەگێڕێ، واتا پێچەوانەکەشی ئەوەیە کە شاعیر لە هەمبەر ئەو زوهدبێزییەدا، ڕاستیی گوفتار و کردەی خۆی وەک (خلوص نیت) بە بەردەنگ دەسەلمێنێ. ململانێی شاعیر لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە زاهید بە فێڵ و تەڵەکەی سۆفییانەوە، خەریکە هزری جەماوەر دەگۆڕێ و شاعیر بە بەرپەرچدانەوەیەکی عارفانە وەدرۆی دەخاتەوە.

ئەو شوناسە هزرییەی لە مەقوولەی عیرفاندا گرنگایەتی هەیە و بایەخەکەی لە ڕیزی هەرە پێشەوە دایە، ڕاستییەکەی هەڵاواردنی سنووری نێوان عارفی ڕاستەقینە لەگەڵ زاهیدی ڕیاکارە. لە عیرفانی (وەفایی)دا زوهدی ڕیابازانە، یان زاهیدی سۆفی نوما، یەکێک لەو کەسایەتییە قێزەونانەیە کە شاعیر بە تیری توانجی خۆی دەیپێکێ و لە ڕەخنەی عارفانەی خۆیدا گرفتاری دەکات:

**ئەمن چی و زوهدی سۆفیانە! من و گۆشێکی مەیخانە**

**بە قوربانی نیگاهێکت هەموو سەوم و سەلاتی من** (هەمان: ١٦٥)

یان لە بەیتی:

**زاهید ئینسافت هەبێ، تۆ چت لە ڕەندی بادەخۆر**

**تۆ و بەهەشت و حوور و غیلمان، ئەمن و چاوی دڵبەرم** (هەمان: ١١٨)

لە بەراوردێکی ئەو دوو بەیتەدا، شاعیر هەر لە دەسپێکی گوت و بێژەکەیدا پاکانە بۆ خۆی دەکات کە خودا نەکات من زاهیدێکی ڕیاباز بم و زوهدی ڕیاکارانە لە من دوورە. گۆشەی مەیخانە ـ کە سەمبۆلی لەناوبردنی ڕیا و شوێنی خاڵیس بوونەوەیە ـ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و هەموو نوێژ و ڕۆژووی ڕواڵەتی و ڕیابازانە بە قوربانی نیگاهێکی یار دەکات. لە بەیتی دواییدا (ڕەندی بادەخۆر) کینایە لە عارفی خاڵیسە و وەک چۆن عارف بە پێچەوانەی زاهید بەهرەی دنیایی ناوێ، لە قیامەتیشدا هەر بە دوای چاوی دڵبەردا دەگەڕێ و (چاوی دڵبەر) مەجازە بە پێوەندی ئالییەت و مەبەست نیگاهی یارە کە لە بەیتەکەی پێشتردا دووپات بووەتەوە. وەفایی بەو شێوازە لەگەڵ زاهیدی ڕیابازدا بەڵگەی خۆی کۆتایی پێ دێنێ و ڕوخساری دەغەڵ بازانەی بۆ بەردەنگ ئاشکرا دەکات. ڕیشەی ئەو ململانێیەش لەوەدایە کە شاعیر چارەنووسی خۆی دەزانێ و سەرەنجامی خۆی لە پێش چاوە، بۆیە خۆی بە ماسییەک دەشوبهێنێ کە هەندێک جار سۆزی گریە جەرگی ڕەش هەڵگەڕاندووە و بە نێو ماوە، هەندێک جاریش گێژ و سەرگەردان و حەیرانە:

**بە سۆزی گریە جەرگم ڕەش بووە، چارەم چییە چ بکەم؟**

**وەکوو ماسی بە نێو ماوم، نە سووتاوم نە خنکاوم** (هەمان: ١٣٣)

یان:

**نە بە وەسڵی تۆ سرووروم، نە بە دووری تۆ سەبووروم**

**گێژ و سەرگەردان و حەیران، هەروەکوو ماسی سەر ئاوم** (هەمان: ١٣٥)

(ماسی) سەمبۆلی گیان و ڕوحی عارفە و بەو پێیە (دەریا) ڕەمزی جیهانی غەیب و عالەمی مەلەکووتە. شاعیر دەزانێ کە ڕوحی سەرگەردان و حەیرانی کاتێک ئارام دەبێتەوە و ئۆقرە دەگرێ کە لەگەڵ ئەو دەریایەدا تێکەڵ بێتەوە. ئەگەر دەریا ڕەمزی جیهانی غەیب و

مەلەکووتە، ویشکی و جیهانی ماکی و خاکی لە بەرانبەر دەریادا، بەندیخانەیە و ڕوحی عارفی لە خۆیدا حەپس کردووە، هەر بۆیەش شاعیر هەوڵ دەدا جار لەگەڵ جار بە ئەزموونێکی عیرفانییەوە خۆی لە چنگی ئەم ژیانە ماددییە دابڕێ و بە دەستی پڕ لەگەڵ دەریای غەیبدا کە لایەنێکی دیکەی عالەمی مانا و حەقیقەتە، تێکەڵ بێتەوە.

## ئەنجامی توێژینەوە

حەقیقەت ئەوەیە کە تەسەووف بە گشتی لە جوگرافیای ئیسلامیدا بە زوهد و فەقرەوە دەست پێ دەکات و بە عیشقی خودا و یەکیەتی وجوودەوە بە ئەوپەڕی خۆی دەگا. وەفایی لە ئەدەبی عیرفانیی کوردیدا کە مۆدێلێک لە عیرفانی ڕۆژهەڵاتە، ڕێک بەهۆی مورشید و زیکری بەردەوامەوە پێ دەنێتە ڕێبازی حەقیقەت و بە ڕەگەزی عیشق کۆتاییەکی لێبڕاوانە بە پەیڤی خۆی دێنێ. دواتر هەر لە درێژەی ئەو ڕێبازەوەیە کە سنووری زوهدی ڕیاباز و عارفی ڕاستەقینە بۆ بەردەنگ ڕوون دەکاتەوە. وەفایی لە پێکهاتەی عیرفانیی خۆیدا، بۆ خۆی دەبێتە مورشیدێک کە بەها و بایەخە هزرییەکانی مرۆڤی بە کەماڵ گەیشتوو بۆ بەردەنگی هاوچەرخی خۆی دەستەبەر دەکات و هەنگاو بە هەنگاو عارف لە حەقیقەت و سەرمەقسەدی بەختەوەری نزیکتر دەکاتەوە.

### سەرچاوە

١ ـ شفیعی کدکنی، محمدرضا (١٣٩٢): زبان شعر در نثر صوفیه (درآمدی به سبک شناسی نگاه عرفانی)، چاپ پنجم، تهران، انتشارات سخن.

٢ ـ محمدی وایقانی، کاظم (١٣٨٤): ابن عربی، بزرگ عالم عرفان نظری، چاپ دوم، تهران، وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی، سازمان چاپ و انتشارات.

٣ ـ خرمشاهی، بهاءالدین (١٣٨٣): حافظ نامه، شرح الفاظ، اعلام، مفاهیم کلیدی و ابیات دشوار حافظ، بخش اول، چاپ چهاردهم، تهران، سروش (انتشارات صدا و سیما)، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی.

٤ ـ سابڵاغی، میرزا عەبدوڕڕەحیم ـ وەفایی (١٣٩٥): دیوان، کۆکردنەوەی موحەممەد عەلی قەرەداغی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و لەسەر نووسینی موحەممەد سەعید نەجاری (ئاسۆ)، پیاچوونەوەی عەتائوڵڵا حەواری نەسەب، چاپی سێیەم، سنە، بڵاوکردنەوەی کوردستان.

٥ ـ پورنامداریان، تقی (١٣٩٥): داستان پیامبران در کلیات شمس، شرح و تفسیر عرفانی داستانها در غزلهای مولوی، چاپ سوم، تهران، موسسه مطالعات و تحقیقات فرهنگی.

٦ ـ غزالی، محمد (١٣٦٤): کیمیای سعادت، چاپ دوم، تهران، نشر آیدا.

# غەزەلی (وەفایی) و چوار ڕەگەزی مەعریفەتی

**هادی حەبیبی**
**(بۆکان)**

**کورتەی وتار:** عیرفان سەیر و سلووکێکی ڕوحییە کە سەرچاوەکەی بۆ هێزی هزر دەگەڕێتەوە و ڕاستییەکەی میتۆدێکە کە جۆرە ڕوانینێکی جیاواز لە چەمکی ئایین بە دەستەوە دەدات. بە واتایەکی دیکە دەکرێ بگوترێ عیرفان لە ماهییەتی خۆیدا، ڕەنگدانەوەیەکی هونەرییە، هەر بۆیەش بە درێژایی مێژوو بوونی خۆی سەلماندووە و لە هێرمۆنۆتیکی دەقە کۆنەکانی ئایینی ڕۆژاوا تا دەگاتە ڕۆژهەڵات، جار لەگەڵ جار بە شێوازێکی بەرچاوتر پارێزراوە. وەفایی لە ئەدەبی کوردیدا لەو شاعیرە عاریفانەیە کە بە زمانی عیرفان و ڕەگەزگەلی مەعریفەتی خۆیەوە، بەشێکی گرنگ لە وێژەی عیرفانی ئێمەی پێک هێناوە و ئەم وتارە بە لەبەر چاو گرتنی هەندێک لەم ڕەگەزانە، تیشک دەخاتە سەر عیرفانی وەفایی و شێوازی هەڵکشانی ئەم ئاخاوتنە هونەرییە لە غەزەلەکانی ئەو شاعیرەدا.

**چەمکە کلیدییەکان:** عیرفان، ڕێبازی هزریی تەسەووف، عیرفانی ڕۆژهەڵات، ڕەگەزی مەعریفەتی، وەفایی.

**سەرەتا:** ئەدەبیاتی عیرفانی هەر لە کۆنەوە وەک پاژێک لە وێژەی گەلانی جیهان، هەمیشە لە ڕیزی ئەدەبە گرنگەکانی هەر وڵاتێک بووە و وەک پێویستییەکی دەروونی و هزری لەلایەن مرۆڤی بەردەنگەوە سەیر کراوە. ڕەنگە ساڵانێکی زۆر بەسەر ئەم پەیڤەدا تێپەڕێ، بەڵام هیچ کات ئەم تیۆرییەی شەفیعی کەدکەنی (پسپۆڕ و وێژەوانی گەورەی ئێرانی) لە برەو ناکەوێ کە پێی وایە: عیرفان ڕوانینێکی جوانیناسانە و هونەرییە بەرانبەر بە ئایین و زانستی ئیلاهییات. (شەفیعی کدکنی، ١٣٩٢: ٤٦) ئەوە حەقیقەتێکە کە خودی ئایینەکان هەمیشە لایەنێکیان لە عیرفان تێدابووە و لە هەر شوێنێکدا ئایینێک هەبووبێ، عیرفانیش لە پەنایدا پەروەردە کراوە.

ڕۆژهەڵاتی کۆن هەموو کات بە بۆنەی ئایینی جۆراوجۆرەوە، شوێنەواری عیرفانێکی عاشقانە و ئینسانی بووە. عارفانیش بە تایبەت ئەوانەی وا لە سەیر و سلووک و لە ڕێبازی هزریی تەسەووفدا بوون، هەر هەموویان عیشقیان ڕیوایەت کردووە و گۆشەنیگایەکی عاشقانەیان بەرانبەر بە هەموو دیاردەکان هەبووە و جیهانیان

بە عیشق لە مەحەک داوە، هەر لە بایەزید و حەلّلاج و خەرقانی و مەولاناوە بگرە هەتا زۆر لە مەشایخی تەریقەت و تەسەووف، هەموویان بە تێکڕایی واژەی (عیشق)یان بە باڵاترین گەوهەری ئەو نیزام و هەستییە داناوە کە لە نەبوونی ئەودا، دیدار و گەیشتن بە یار شتێکی دژوار و دەست پێ ڕانەگەیشتووە، بۆیە عیشق لە ڕوانگەی ئەواندا، بەهێزترین کەرەستەیەکە کە لە کۆتاییدا مرۆڤ بە حەقیقەت دەگەیەنێ. (محمدی، ١٣٨٤: ١٠٠)

لە وێژەی عیرفانیی (وەفایی)دا کە پاراداییمێک لە عیرفانی ڕۆژهەڵاتییە، گەلێک جار بەسەر ڕەگەزگەلی مەعریفی وادا دەکەوین کە شاعیر بە ئاوێتە بوون لەگەڵیان و بە جەخت کردن لەسەر ئەو دەستەواژانە، ڕێبازی عیرفان بۆ بەردەنگ ڕوونتر و ڕێ پێوانەکەی بۆ هاسانتر دەکاتەوە. دیارە ئەوەی کە لە عیرفانی ڕۆژهەڵاتدا تەوەرییەتی هەیە، ڕەگەزی عیشقە و عارفانی وەک عەتتار و سەنایی و مەولانا و حافز و ...تاد هەموویان بێجگە لەوەی لایەنگری مەکتەبی عیشق بوون، لە حەقیقەتدا زۆرترین بانگەشەیان بۆ ڕێبازی عیشق کردووە. وەفایی لەو شاعیرە عارفانەی کوردە کە لەم ڕێسایە جیا نییە و لە دەقی عیرفانیی خۆیدا، وێڕای بانگەشە بۆ عیشق و خودا بە عاشقانە ناسین، خەریکە بە ڕەگەزگەلی مەعریفییەوە، لە تاریکستانی نەفس و هەوای مرۆڤدا چرای وشیاری هەڵدایسێنێ و مرۆڤ بە هەموو هێزی خۆی، دەخاتەوە سەر ڕێبازی عیرفان کە ئەویش لە مەعنەویەتێکی میتافیزیکییەوە سەرچاوە دەگرێ.

**١. مورشید**

یەکێک لەو ڕەگەزە مەعریفییانەی کە لە ئافاقی شیعری (وەفایی)دا هەندێک جار بە پیری مەیخانە و هەندێک جاریش بە پیری



وەفایی

موغان و میرئاتی دولبەر ڕەنگ دەداتەوە، هەمان مورشید، یان پیری تەریقەتە. ئاشکرایە کە لە ڕێبازی عیرفاندا گەیشتن بە حەق بە بێ بوونی مورشید، هیچ واتایەکی نییە و عارف لەو قۆناغەدا پێویستی بە بوونی پێشڕەوێکە کە حەقیقەتی عیشقی پێ نیشان بدات. گرنگیی کردەی عاریف لێرەدایە کە بە تەواوی خۆی ڕادەستی مورشید دەکات و بە بێ فەرمانی ئەو، حەقیقەتی بۆ نادۆزرێتەوە.

کەوابوو بۆ نموونە لە درێژەی ئەو بابەتە و لە جوگرافیای عیرفانی ڕۆژهەڵاتییانەی حافزدا، سەرلێشێواوی و ئارەزووی دیتنەوەی دەلیلی ڕێگە لەلایەن عارفەوە، هەروەها بڕوا هێنان بە بوونی پیر و پشت ڕاستکردنەوەی وەک زەرووڕەتێک و لە کۆتاییشدا دیتنەوە، یان خوڵقاندنی پیرێکی ئوستوورەیی بە ناوی پیری موغان لە زەینی عارفدا، سێ شێواز لە زەرووڕەتی پیری موغانن کە بەردەنگ لە هزر و پەیڤی عارفانەی حافزدا، لەگەڵیان ڕووبەڕوو

دەبێتەوە. (خرمشاهی، ١٣٨٣ : ٩٦) لە شیکاری و خوێندنەوەی ئەدەبیاتی حافزدا بەو ڕاستییە دەگەین، کە پیری موغان مورشیدی حافزە و بە پشکنینی سەرانسەر دیوانەکەی بۆمان دەردەکەوێ تەنیا کەسایەتییەکە کە حافز سەری بۆ دادەنەوێنێ و ئامۆژگارییەکانی لە گوێ دەگرێ.

وەفایی عاشقێکی عارف، یان عارفێکی عاشقە کە لە ڕێبازی عیشقدا، هەڵسوکەوتێکی حافزئاسای لەگەڵ پیری موغاندا هەیە. کێ هەیە لە ئەدەبی عیرفانیی کوردیدا ئەو غەزەلە پڕ سۆزەی وەفایی نەبیستبێ کە بە هێنانی دەستەواژەی (پیری موغان) لە (شێخ عوبەیدوڵلای نەهری) یاد دەکات و بۆ دوورخستنەوەی ئەو مورشیدە بەو چەشنە شین دەگێڕێ:

**لە باغان ئاه و ناڵین دێ، دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆیی**
**لە مەیخانان سەدای شین دێ، کەوا پیری موغان ڕۆیی**
**دەڵێن دەوری قەمەر، سەیری فەلەک، میزانی گۆڕاوە**
**کەوا گوڵ زەرد بوو، سونبول تێک چوو، ڕەنگی ئەرغەوان ڕۆیی**
(وەفایی، ١٣٩٥: ٣٣٣)

یان لە چەند دەقی شیعریی دیکە لە دیوانی (وەفایی)دا، شاعیر (ساقی) کە ڕاسپاردەی نێوان مورید و مورادە، بە حەققی پیری موغان سوێند دەدا کە جامی مەی بخاتە گەڕ و بە یادی چاوی جانان، بە عاشقی بگەیەنێ:

**ئەلا ئەی ساقیی مەستان! بە حەققی پیری مەیخانە**
**بە گەردش بێنە جامی مەی، بە یادی چاوی جانانە**
**ئەمان ئەی موتریبی مەجلیس، بە حەققی تاری ڕوحانی**
**بڵا بێ نەغمەکەی سازت، کە ئاوی ئاوری هیجرانە** (هەمان: ٢٥٣)

یان لە بەیتی:

**دەمێک ساقی دەمت بێنە دەخیلی چاوەکانت بم**
**بە جامێک دەستی من بگرە، فیدای پیری موغانت بم** (هەمان: ١٠١)

دیسان (پیری موغان) وەک کەسایەتییەکی پیرۆز تەوەرەی بابەتە و وەفایی بە ڕەجایەکی عارفانەوە، خۆی بە قوربانی (ڕێنوێن)ی ساقی دەکات و دەیەوێ بە جامێک لە شەرابی عیرفانی، کۆمەک حاڵی بێ و دەسگیری بکات، هەروەها دەستەواژەی (تووری سینا)، (زوڵمەتکەدەی دڵ)، (سورمەی کێوی توور)، (ئابی حەیاتی زەقەن)، (فیرعەونی خەت)، (تووری کوڵمە) و ...تاد هەر کامەی لەو نموونانەن کە پیشاندەری بوونی مورشیدن لە عیرفانی وەفایی دا. شاعیر بە ڕاشکاوی لەمەڕ مورشید و پیردا و بە شێوازێکی سەمبۆلیک دەڵێ:

**ئەی ساقی خەراباتی، قەترێک ئاوی حەیاتی**
**ئامان دەستی منت دامان! سووتاوی نێو زوڵماتم**
(هەمان: ١١٢)

لەم بەیتەدا (ساقی خەرابات) سەمبۆلی خزر، یان مورشیدە کە خۆی بە دۆزینەوەی (ئاوی حەیات) کە ڕەمزی زانستی غەیبی و مەعریفەتی خوداییە، دەسگیری و ڕێنموونی عارفان دەکات. کەوابوو پیر و مورشید کەسێکە کە لە زوڵماتی ئەم جیهانەدا، بە هۆی پاکتاوکردنەوەی نەفس و لەبیر بردنەوەی زاتی مرۆڤانەی خۆی، حەقیقەت لە دەروونیدا دەسازێنێ و بە هێمایەکی عاشقانە و بە دەربازبوون لە نیزامی

هەستی درۆیین، لە ڕێبازی حەقدا دەستی بە سەرچاوەی شوناسە مەعریفییەکان ڕادەگات. (پورنامداریان، ١٣٨٥: ٣١٣) ئەو کەسایەتییە لە دۆخێکی وەهادا زەمینەی بوونە، مورشید پێک دێنێ و تاقمی عارفان بەرەو ڕێبازی ڕاستەقینە ڕێنموونی دەکات. وەفایی لە وێژەی عیرفانیی خۆیدا بەردەوام لە خەیاڵی مورشیدیدایە و ئەو کەڵکەڵەیە، ئەزموونێکە کە بە کردە و بە شێوازێکی زەق لە شیعری وەفاییدا ڕەنگ دەداتەوە.

**٢. زیکری بەردەوام**

یەکێکی دیکە لە ڕەگەزی مەعریفەتی، بوونی زیکری بەردەوامە لە هزر و دەروون و ئاکاری عارفدا و هەر لە کۆنەوە عورەفا لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە زیکر و پاڕانەوە بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە، زەروورەتێکی ئاشکرایە و نکوڵی لێ ناکرێ. زیکر لە قۆناغی هەوەڵدا بە واتای ئەزکاری قورئانی و تۆبە و پاڕانەوەیە و لە گشتییەتی ئەدەبیاتی عیرفانیدا بە گریان، خەوف و ڕەجا، گۆشەگیری، سووتان و جەختکردن لەسەر هەموو ئەو کردە باشانە دەگوترێ کە لە ڕوحییەتی خۆپارێزی و موراقەبەی حاڵی عارفدا زەروورەتیان هەیە. عارف بە مەبەستی گەیشتن بە حەق، لەش و ئەندام و سەر و زمانی خۆی لە هەر جۆرە تاوانێک دەپارێزێ و بە سووربوون لەسەر ئەو خۆپارێزییە، ڕێبازی حەقیقەت بۆخۆی هەموارتر دەکاتەوە. لە غەزەلی (وەفایی)دا (چاوی خوێنین)، (میحرابی دوعا)، (شەوبێداری) و (زیکر و موناجات) بوونی هەیە و هونەریترین نموونەی زیکرە بەردەوامەکانی شاعیر، لە گریان و سووتانی وێگڕایدایە:

**دەمێکە هەر لە تۆی ئاوری دەروون و ئاوی چاوم دام**
**لە دووری تۆ عەجەب ماوم، نە سووتاوم، نە خنکاوم** (وەفایی، ١٣٩٥: ١٣٢)

شاعیر لە غەزەلێکدا خودی خودا دەکاتە بەردەنگ و بە گۆشەنیگایەکی عارفانەوە، لە تەنگژەی بوون و سات و شوێن دەترازێ و بە دەستەواژە و وشەگەلێکەوە کە هەر کامەی لە دەروونی شاعیردا وەزمان دێن و بەستەی تەریقەت و وەحدانییەت دەڵێنەوە، بە فرمێسک و بە سووتان، جانان لە حەیات و مەماتی خۆی دەگەیەنێت:

**لەلایێ ڕوح دەبا عیشوەت، لەلایێ دڵ دەدا خەندەت**
**عەزیزم هەر بە دەست خۆتە، حەیاتی من مەماتی من**
**لە دووریی تۆ بە دەفتەر نایێ شەرحی ماجەرای چاوم**
**ئەگەر دەریایی ئەعزەم بێ، هەموو سورخی دەواتی من**
**دەسووتێم تەرزی پەروانە، دەناڵێنم وەکوو بولبول**
**سەراسەر بۆتە میجمەر، بۆتە گوڵشەم، شەش جیهاتی من** (هەمان: ١٦٣)

**٣. عیشق**

عیشق کە ڕیشەی لە ناسیاریی عارفدا هەیە، دەسپێکی عیرفانە و وەفایی لەم پاژەدا شاعیرێکی عارفە کە بۆ گەیشتن بە ڕاستەقینە و حەقیقەتی عیشق، لە دەلاقەی خودی عیشقەوە سەیری جیهانی دەوروبەر دەکات. عاشق بوون لە پەیڤی شاعیردا پەیژەی سەرکەوتنە، باڵی هەڵفڕین بەرەو نووره، دڵدانە بە ساحەب دڵ و لە ڕوانینی شاعیردا تەریقی عاشقی، وەسڵ و گریان و قورب و هیجرانە. لە خوێندنەوەی غەزەلەکانی (وەفایی)دا بۆمان دەردەکەوێ کە

شـاعیر بـە بەلاغەتـی هونەرییـەوە، گۆشـەنیگای دەبڕێتـە عیشـق و زۆرتریـن ئیمـاژی شـیعری و ئیلهامـی جوانیناسـانەی خـۆی لـەو ڕەگـەزەدا بەکاردێنـێ. بزاڤـەکان چ جەبری و سروشـتی بـن و چ ئیرادی و بەدڵخـواز بن، لـە واتـا و مەبەسـتی شـیعرەکانی وەفایـی و لـە تێمـی عارفانـەی ئـەو شاعیرەدا، هـەر یـەک بزاڤن کە بـەرەو حەقیقەتی عیشـق دەڕۆن و «مـوراد و مەتڵەبێکـی» دیکـەی غەیـری حەقیقەتیـان نییـە:

**کەمەندی زولفەکەی تۆ بمگرێ، من عاشقی ڕووتم**

**مـوراد و مەتڵەبێکـی دیـم نییـە (غیـر از تـو) کافـر بـم** (هەمـان: ١٠٧)

لـە قۆناغـی هەوەڵـدا ویسـتی شـاعیر زەینییـە و خـۆی بـە ڕاشـکاوی ددان بـەو ڕاسـتییەدا دەنـێ کە غەیـری یـار، کەسـێکی دیکـەی لـە مێشـکدا نییـە و نابـێ. ئـەوە لایەنێکـی پەیڤـە کـە لـە کۆتاییـدا لەگـەڵ جەمسـەرەکەی دیکـەی کـە بـە کـردەوە عاشـق بـوون بـە ڕوخسـاری یـارە، دەبنـەوە یـەک. مەبەسـت لـە (تـۆ) هەمـان (عیشق)ـە و شـاعیر قۆناغـی عاشـق بـوون تێدەپەڕێنـێ و دەسـکەوتی عارفانـەی خـۆی لـە عیشـقی سـادقدا دەدۆزێتـەوە کـە بێتـوو بـەو سـەرەنجامە نـەگات، نـە تەنیـا هەوڵەکانـی بێسـوودە، بەڵکـوو لـە ڕێبـازی حەقیقەتـدا بـۆی دەبێتـە دەردی سـەر و لـە ڕاسـتەقینەی دادەبـڕێ. ئـەوە فەلسـەفەیەکە کـە شـاعیر لـە گشـتییەتی پەیـڤ و کەلامـی عارفانـەی خۆیـدا گەلێـک جـار بـە دەسـتەوەی دەدات و بـەردەوام دووپاتـی دەکاتـەوە:

**قیبلەگۆڕاوی (وەفایی) عاشقی سادق نەبی**

**بـێ سـەفای دڵ، عومرەکـەم، ئـەو سـەعیە هـەر دەردی سـەرە** (هەمـان: ٢٢٢)

یانـی: ئـەی وەفایـی! بێتـوو لـە ڕێبازی عیشـقدا سـادق نەبـی، ڕەنـج بـە خەسـار و سەرلێشـێواوی و بزانـە کـە هەتـا دڵـت سـاف و ڕوون نەبـێ، هەوڵـت بـۆ گەیشـتن بـە یـار بێهوودەیـە و مایـەی دەردی سـەرە. کەوابوو گەیشـتن بـە حەقیقـەت لـە دەسـپێکی خۆیـدا سـەفای دڵ و ڕاسـتیی گوتـار و کـردە و ئەندێشـەی عاشـقی دەوێ و عیشـقی خـودا لـە کتێبـی (کیمیـای سـعادت)دا خـۆی بەرزتریـن پێگـە و جێگەیـە و مەبەسـتی هەمـوو مەقاماتـە و باقـی کـردە عیرفانییەکانـی دیکـەی وەک تۆبـە و زوهـد و سـەبر و خـەوف لـە بەهـرەی ئـەو حەقیقەتـەن. (غزالی، ١٣٦٤: ٧٧١) وەفایـی بێجگـە لـەوەی لـە عیرفانـدا خاوەنـی سـتایل و ئوسـلووبی خۆیەتـی، بـە هونـەری شـیعریش هـەر خاوەنـی وێژەیەکـی تایبەتییـە کـە وێـڕای دەربڕینێکـی لێهاتـووی کارامـە، زۆرجـار دەقێکـی فرەمانـا بـە ئارایـەی جۆراوجـۆری ئەدەبـی و بـە ڕیوایەتێکـی سـەمبۆلیکەوە بـە دەسـتەوە دەدا:

**بە خەنـدە ڕووی لـە زولفـان خسـتە ڕوو، فەرمووی وەرە یەعنی**

**وەفایی! شەوچراغی پێ دەوێ، ئابی حەیاتی من** (وەفایی، ١٣٩٥: ١٦٥)

لـەم ئاخاوتنـە هونەرییـەدا بەیتەکـە تەلمیـح بـە چیرۆکـی ئـاوی بەقایـە. دەسـتەواژەی (ئابـی حەیـات) ئیسـتعارە لـە زاری یـارە و (شـەو) بـۆ (زولـف) و (چـراغ) بـۆ (خەنـدە) دەگەڕێتـەوە و چەشـنێک لـەف و نەشـری موشەووەشـە. شـاعیر بـە خەیـاڵ پڵاوییەکـی عارفانـە بـە بەردەنـگ ڕادەگەیەنـێ: یـار بـە پێکەنینـەوە ڕوخسـاری لـە نێـو زولفـی وەدەرخسـت و پێـی کوتـم: وەفایـی! لـە (شـەوی) زولفمـدا دەتوانـی بـە (چراغـی) پێکەنینـم، زارم بدۆزییـەوە.

### ٤. ڕەخنە لە زوهدی ڕیابازانە

لـە دیوانـی (وەفایـی)دا بێـزاری ڕاگەیانـدن و یاخیبوونـی فەلسـەفیی شـاعیر بەرانبـەر بـە

زاهیدی دووڕوو ـ کە بە درێژایی مێژوو بیرۆکەی عیرفانی تەنیوەتەوە و ڕیوایەتی درۆیینی لێ بەدەستەوە داوە ـ دەوری ئاشکرا دەگێڕێ، واتا پێچەوانەکەشی ئەوەیە کە شاعیر لە هەمبەر ئەو زوهدبێزییەدا، ڕاستیی گوفتار و کردەی خۆی وەک (خلوص نیت) بە بەردەنگ دەسەلمێنێ. ململانێی شاعیر لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە زاهید بە فێڵ و تەڵەکەی سۆفییانەوە، خەریکە هزری جەماوەر دەگۆڕێ و شاعیر بە بەرپەرچدانەوەیەکی عارفانە وەدرۆی دەخاتەوە.

ئەو شوناسە هزرییەی لە مەقوولەی عیرفاندا گرنگایەتی هەیە و بایەخەکەی لە ڕیزی هەرە پێشەوە دایە، ڕاستییەکەی هەڵاواردنی سنووری نێوان عارفی ڕاستەقینە لەگەڵ زاهیدی ڕیاکارە. لە عیرفانی (وەفایی)دا زوهدی ڕیابازانە، یان زاهیدی سۆفی نوما، یەکێک لەو کەسایەتییە قێزەونانەیە کە شاعیر بە تیری توانجی خۆی دەیپێکێ و لە ڕەخنەی عارفانەی خۆیدا گرفتاری دەکات:

**ئەمن چی و زوهدی سۆفیانە! من و گۆشێکی مەیخانە**

**بە قوربانی نیگاهێکت هەموو سەوم و سەلاتی من** (هەمان: ١٦٥)

یان لە بەیتی:

**زاهید ئینسافت هەبێ، تۆ چت لە ڕەندی بادەخۆر**

**تۆ و بەهەشت و حوور و غیلمان، ئەمن و چاوی دڵبەرم** (هەمان: ١١٨)

لە بەراوردێکی ئەو دوو بەیتەدا، شاعیر هەر لە دەسپێکی گوت و بێژەکەیدا پاکانە بۆ خۆی دەکات کە خودا نەکات من زاهیدێکی ڕیاباز بم و زوهدی ڕیاکارانە لە من دوورە. گۆشەی مەیخانە ـ کە سەمبۆلی لەناوبردنی ڕیا و شوێنی خاڵیس بوونەوەیە ـ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و هەموو نوێژ و ڕۆژووی ڕواڵەتی و ڕیابازانە بە قوربانی نیگاهێکی یار دەکات. لە بەیتی دواییدا (ڕەندی بادەخۆر) کینایە لە عارفی خاڵیسە و وەک چۆن عارف بە پێچەوانەی زاهید بەهرەی دنیایی ناوێ، لە قیامەتیشدا هەر بە دوای چاوی دڵبەردا دەگەڕێ و (چاوی دڵبەر) مەجازە بە پێوەندی ئالییەت و مەبەست نیگاهی یارە کە لە بەیتەکەی پێشتردا دووپات بووەتەوە. وەفایی بەو شێوازە لەگەڵ زاهیدی ڕیابازدا بەڵگەی خۆی کۆتایی پێ دێنێ و ڕوخساری دەغەڵ بازانەی بۆ بەردەنگ ئاشکرا دەکات. ڕیشەی ئەو ململانێیەش لەوەدایە کە شاعیر چارەنووسی خۆی دەزانێ و سەرەنجامی خۆی لە پێش چاوە، بۆیە خۆی بە ماسییەک دەشوبهێنێ کە هەندێک جار سۆزی گریە جەرگی ڕەش هەڵگەڕاندووە و بە نێو ماوە، هەندێک جاریش گێژ و سەرگەردان و حەیرانە:

**بە سۆزی گریە جەرگم ڕەش بووە، چارەم چییە چ بکەم؟**

**وەکوو ماسی بە نێو ماوم، نە سووتاوم نە خنکاوم** (هەمان: ١٣٣)

یان:

**نە بە وەسڵی تو سرووورم، نە بە دووری تۆ سەبوورم**

**گێژ و سەرگەردان و حەیران، هەروەکوو ماسی سەر ئاوم** (هەمان: ١٣٥)

(ماسی) سەمبۆلی گیان و ڕوحی عارفە و بەو پێیە (دەریا) ڕەمزی جیهانی غەیب و عالەمی مەلەکووتە. شاعیر دەزانێ کە ڕوحی سەرگەردان و حەیرانی کاتێک ئارام دەبێتەوە و ئۆقرە دەگرێ کە لەگەڵ ئەو دەریایەدا تێکەڵ بێتەوە. ئەگەر دەریا ڕەمزی جیهانی غەیب و

مەلەکووتـە، ویشـکی و جیهانـی ماکـی و خاکـی لـە بەرانبـەر دەریـادا، بەندیخانەیـە و ڕوحـی عارفـی لـە خۆیـدا حەپـس کـردووە، هـەر بۆیـەش شـاعیر هـەوڵ دەدا جـار لەگـەڵ جـار بـە ئەزموونێکـی عیرفانییـەوە خـۆی لـە چنگـی ئـەم ژیانـە ماددییـە دابـبڕێ و بـە دەسـتی پـڕ لەگـەڵ دەریـای غەیبـدا کـە لایەنێکـی دیکـەی عالەمـی مانـا و حەقیقەتـە، تێکـەڵ بێتـەوە.

## ئەنجامی توێژینەوە

حەقیقـەت ئەوەیـە کـە تەسـەووف بـە گشـتی لـە جوگرافیـای ئیسـلامیدا بـە زوهـد و فەقـرەوە دەسـت پـێ دەکات و بـە عیشـقی خـودا و یەکیەتی وجـوودەوە بـە ئەوپـەڕی خـۆی دەگا. وەفایـی لـە ئەدەبـی عیرفانیـی کوردیـدا کـە مۆدێلێـک لـە عیرفانـی ڕۆژهەڵاتـە، ڕێـک بەهـۆی مورشـید و زیکـری بەردەوامـەوە پـێ دەنێتـە ڕێبـازی حەقیقـەت و بـە ڕەگـەزی عیشـق کۆتاییەکـی لێبڕاوانـە بـە پەیڤـی خـۆی دێنـێ. دواتـر هـەر لـە درێـژەی ئـەو ڕێبازەوەیـە کـە سـنووری زوهـدی ڕیبـاز و عارفـی ڕاسـتەقینە بـۆ بەردەنـگ ڕوون دەکاتـەوە. وەفایـی لـە پێکهاتـەی عیرفانیـی خۆیـدا، بـۆ خـۆی دەبێتـە مورشـیدێک کـە بەهـا و بایەخـە هزرییەکانـی مرۆڤـی بـە کەمـاڵ گەیشـتوو بـۆ بەردەنگـی هاوچەرخـی خـۆی دەسـتەبەر دەکات و هەنـگاو بـە هەنـگاو عـارف لـە حەقیقـەت و سەرمەقسـەدی بەختـەوەری نزیکتـر دەکاتـەوە.


**سەرچاوە**

١ ـ شـفیعی کدکنـی، محمدرضـا (١٣٩٢): زبـان شعر در نثر صوفیه (درآمدی بـه سبک شناسی نـگاه عرفانـی)، چـاپ پنجـم، تهـران، انتشـارات سـخن.

٢ ـ محمدی وایقانی، کاظم (١٣٨٤): ابن عربی، بـزرگ عالـم عرفـان نظـری، چـاپ دوم، تهـران، وزارت فرهنگ و ارشـاد اسـلامی، سـازمان چاپ و انتشـارات.

٣ ـ خرمشـاهی، بهاءالدیـن (١٣٨٣): حافظ نامـه، شـرح الفـاظ، اعـلام، مفاهیـم کلیـدی و ابیـات دشـوار حافـظ، بخـش اول، چـاپ چهاردهـم، تهران، سـروش (انتشـارات صـدا و سـیما)، شـرکت انتشـارات علمـی و فرهنگـی.

٤ ـ سـابڵاغی، میـرزا عەبدوڕڕەحیـم ـ وەفایـی (١٣٩٥): دیـوان، کۆکردنـەوەی موحەممـەد عەلـی قەرەداغـی، لێکۆڵینـەوە و لێکدانـەوە و لەسـەر نووسـینی موحەممـەد سـەعید نەجـاڕی (ئاسـۆ)، پیاچوونـەوەی عەتائوڵڵا حەواری نەسـەب، چاپی سـێیەم، سـنە، بڵاوکردنـەوەی کوردسـتان.

٥ ـ پورنامداریـان، تقـی (١٣٩٥): داسـتان پیامبران در کلیات شمس، شرح و تفسیر عرفانی داستانها در غزلهای مولوی، چاپ سوم، تهران، موسسـه مطالعـات و تحقیقـات فرهنگـی.

٦ ـ غزالـی، محمـد (١٣٦٤): کیمیـای سـعادت، چـاپ دوم، تهـران، نشـر آیـدا.

# ئاکاری بەدکاری لەنێوان لێکدانەوەی ئایینی و پاساوی فەلسەفەدا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین – کۆلێژی ئاداب)

١- بەدکاری (بەرانبەر بە شەڕی عەرەبی، بووزەی ئەڵمانی، ئیڤڵی ئینگلیزی، مالومی لاتینی)، ئەو کێشەیەیە کە هزرمەندانی حەپەساندووە و بە هیچ بنەمایەکی ژێر پاساو نادرێتەوە، تەنانەت ئەوەی ئایینە ناوچەیی و ئیبراهیمییەکانیش گوتوویانە و پێشکەشیان کردووە، ئەوە دەردەخات کە بەدکاری بوونی هەیە و ئەو بوونە بە هیچ جۆرێک لە سروشتی مرۆڤ و نەزمی گەردوون جیا نابێتەوە، بۆیە لە پاساودان بەولاوە هیچی تری لە دەست نایەت!

- ئایا بەدکاری ڕەوشێکی هەمەکیی گشتی جیهانییە، یان لە ڕەوشتی تاکەکەسان دەکەوێتەوە؟ چۆن لەگەڵ داد و دەسەڵاتی سنووربەزێنی ئەو هێزە ترانسندێنتییە دێتەوە کە ئایینەکان بانگەشەیان بۆ کردووە؟! هۆکاری چییە مرۆڤ بەدکاری دەکات و بەهۆیەوە کەسانی تر تووشی ئێش و ئازار دەبن؟! ئایا بەدکاری دەخرێتە چ خانەیەکی خواستی (ئیرادەی) مرۆڤەوە؟ یان تا چەند ڕەند (چاکەکاری) لەگەڵ خواستدا دێتەوە؟!

- وەڵامی ئەو پرسیارانە دەکرێن بە دوو جۆرەوە:

**یەک:** ئەو وەڵامانەی ئایینەکان بە هەردوو بەشی ناوچەیی و ئیبراهیمی داویانەتەوە، بە تایبەتی زەردەشتی و جوولەکە و مەسیحی و ئیسلام.

**دوو:** وەڵامـی فەلسـەفە کـە تاڕادەیـەک بەپێـی قۆناغەکانـی پەرەسـەندنی کولتوور و شارسـتانیەت لەگـەڵ ئەوانـەی ئاییـن دوور و نزیـک بـووە.

- ئەگـەر ئایینـی زەردەشـتی بـەدەر بگیـرێ کـە سـەرچاوەی بـەدکاری و چاکـەکاری لـە کـردار و ژیانـی مـرۆڤ بـە دوور گرتـووە و دوو هێـزی دەسـەڵات بەزێنـی سەرووسروشـتی کـردووە بـە سـەرچاوەی ئەو دوو ڕەوشـە کە سـیمبۆلی تاریکی و ڕووناکـی (هێـزی ئەهریمـەن و ئاهورامەزدایی) بۆ گریمانـە کـردووە، ئەمـەش لەخۆیـدا سـووککردنی بـاری سەرشـانی مرۆڤـە، کەچی گشـت ئایینەکانـی دیکـە هەوڵیـان داوە سـێ خـاڵ پشـت ڕاسـت بکەنـەوە:

**یەک:** ڕەب سەرچاوەی بەدکاری نییە.

**دوو:** بـەدکاری چەنـد جۆرێکـی هەیـە، بۆیـە سـەرچاوەکان جیاوازن. وەک شـەیتان، ئەوجا دەروونی مـرۆڤ (نەفسی ئەممارە بەسـووء (قورئـان: سـوورەتی یووسـف: ٥٣)

**سـێ:** مـرۆڤ بـە خواسـتی ئـازادی خـۆی بـەدکاری دەکات، بـەڵام سـەرچاوەکە لـە ئـادەم و حـەواوە کەوتووەتـەوە! لـەو ڕۆژەوە کـە باپیـرە گـەورەی مـرۆڤ لـە بـەری داری زانینـی خـواردووە، بـاری سەرشـانی مـرۆڤ قـورس بـووە، ئەمـە یەکـەم بەدکارییـە لـە بوونـدا کـراوە.

- لـە ئایینـی (زەردەشـتی)دا کـە بـە ناوچەیـی ناودەبـرێ، چونکـە چەنـد خـاڵ و مەرجێکـی سـەرەکی تێـدا نییـە:

**یەک:** پەیامبەرەکـەی لەلایـەن ڕەب (یەزدانـەوە) هەڵنەبژێردراوە.

**دوو:** هیـچ جـۆرە سرووشـێک (وەحـی) هەسـت بـە بوونـی ناکـرێ!

**سـێ:** ئاوێسـتا کـە کتێبـی پاکـی (پیـرۆزی) ئـەو ئایینـە و لایەنگرانیەتـی، هیـچ سروشـت و خەسـڵەتێکی ترانسـندێنتی سەرووسروشـتی نییـە کـە لەلایـەن یەزدانـەوە هاتبـێ.

لـە (زەردەشـتی)دا بـە تایبەتـی لـە ڕێبـازی (مانـی)دا جـۆرە گۆڕانێـک کـراوە کـە ئەوپـەڕی سـەرنج ڕادەکێشـێ و دەکـرێ بـە جۆرێـک لـە جۆرەکان بەهـای فەلسـەفەی ئایینـی پـێ ببـڕێ:

لە (زەردەشـتی)دا پێش عیسـای مریەم ئەسـتۆ پاکـی مـرۆڤ لـە گوناهـی ئـادەم جێگیـر کـراوە، ئەگـەر لـە دنیـادا بـەدکاری هەبـێ، هۆکارەکـەی مـرۆڤ نییـە، بەڵکـوو هێزێکـی سەرووسروشـتییە کـە لەوێـدا بـە ئەهریمـەن ناوبـراوە. بەرانبـەر بـە هێـزی چاکـەکاری (ڕووناکـی) کـە بـە ئاهورامـەزدا ناسـراوە، ئـەو دوو هێـزە لـە یەکتـری لـە سـەنگەردان. هەردووکیـان هـەرە کۆنـن (ئەزەلیـن) و کۆتاییـان نایـەت (ئەبەدیـن).

- ئـەو ئایینـە لـە سـەردەمێکدا ئایینـی فەرمـی وڵاتانـی ئێـران بووە بە (ئەفغانسـتان و کوردسـتان و تورکمانسـتان و ئۆزبەکسـتان و تاجیکسـتان) ـەوە سـێ جـار دووچـاری هەڕەشـەی لەناوبـردن بووەتـەوە:

**یـەک:** لەلایـەن ئەسـکەندەری مەکدۆنیا (یۆنانی) کـە سەرانسـەری ئـەو وڵاتـە و میسـۆپۆتامیای داگیرکـردووە و کتێبـی ئاوێسـتای سـووتاندووە کـە لەسـەر پێسـتی ڕەشـەوڵاخ نووسـرابووەوە.

**دوو:** بڵاوبوونـەوەی ئایینـی مەسیحی لەناوچەکـە کـە ڕکابەریـی ئایینـی زەردەشـتی کـردووە. بـە تایبەتـی دوای مردنـی ئەسـکەندەر و پارچـە پارچەبوونـی ئیمپراتۆریەتەکـەی.

**سـێ:** لـە سـاڵی (٦٥٢ز) بـە یەکجارەکـی ئیمپراتۆریەتـی فـارس لەبـەردەم هێرشـە بـەردەوام و ڕێکوپێکەکانـی عەرەبـە موسـڵمانەکان لەناوچـوو، ڕووخانـی ئـەو دەسـەڵاتەی ئێرانییـەکان بـە سـەرەتای کۆتایـی هاتنـی ئایینـی زەردەشـتی

دادەنرێ (١)، وەک ئایینێکی گەردوونی، ئیتر لەو سەردەمەوە ئەو ئایینە بەرەو لاوازبوون چووە و لەم سەردەمەدا لە چەند هەزار کەسێک بەولاوە لە هەردوو شاری یەزد و کرمانی ئێران و لە ناوچەیەکی هیندستان (بۆمبای) بەولاوە بوونیان نەماوە، بەڵام بنەما بنەڕەتییەکانی لەسەردەمی خۆیدا وەک ناچارییەک و پێداویستی کولتوور و شارستانیەت ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە: ئەوەندەی پێوەندی بە فەلسەفە بە گشتی و بابەتی ئاکارەوە هەیە، بە تایبەتی ئەو ڕەهەندانە سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن:

**یەک:** یەکلاییکردنەوەی بابەتی فرەخواوەندی و پێداگرتن لەسەر دوو ڕەنگی، ئەمەش بەپێی ڕێبازی مێژوویی (هیستۆریزم) جۆرە پێشکەوتنێک تۆمار دەکات.

**دوو:** بە شێوازێکی سیستماتیک پێوەندی دەستیاوی نێوان هزر (بیرکردنەوە) و قسە و کرداریان جێگیر کردووە و دووپاتیان کردووەتەوە کە دەبێ هەرسێکیان سنووری چاکەکاری نەبەزێنن.

**سێ:** بڕوایان وابووە کە جیهان هەرە کۆنە، لەگەڵ بوونەکەیدا چاکەکاری و بەدکاری هەبوون، بەڵام مرۆڤیان لەو تەنگژەیە قوتار کردووە کە دوو هێزی سەرووسروشتی لە ئارادان کە سەرچاوەی بەدکاری و چاکەکارین. ئاهورامەزدا و ئەهریمەن، ئەمەش لە خۆیدا جۆرە بارگۆڕینێکی بنەڕەتییە.

٢ - ئەگەرچی بەپێی هەندێک لێکدانەوە، کە سنووری ئەگەر و گریمانە نابەزێنن، گوایە لە ئایینی جوولەکەدا ئاهورامەزدا و ئەهریمەن لابراون و لە جێگەیاندا ڕەبی مووسا و ئیبلیس (شەیتان) دانراون!

- لە ئایینی تایەفەی مووسادا بابەتەکە (بەدکاری – گەند) بە جۆرێکی تر لێک دراوەتەوە. لە ئاسمان هێنراوەتە سەر زەوی و ئۆباڵەکەی خراوەتە ئەستۆی مرۆڤ! ئەو مرۆڤە دەبێ باجی سەرکێشییەکەی ئادەم و حەوا بدات. هابیل و قابیل کراون بەو نموونەیە کە تاوان بەشێکە لە ڕاز و نیاز و هەستی سروشتی ناخی دەروونی مرۆڤ!

- لە ئایینی جوولەکەدا دەربارەی ئاکار، دوو هەڵوێست بەدی دەکرێن، ئەگەر لە چوارچێوە گشتییەکەدا لەگەڵ یەکتری بێنەوە، لە وردەکاریدا جۆرە جیاوازی و سەربەخۆییەک نیشان دەدەن. هەڵوێستی یەکەم هی (تەورات)ـە و دووەمیان فەیلەسووفە جوولەکەکانن (٢).

- لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئایا بەدکاری خەسڵەتی کردەوەی مرۆڤە، یان سروشتی ناخی دەروون و خواست بەرجەستە دەکات؟! ئایا چاکەکاری ڕەندی ژیرە، یان چاکەکاریی ژیر، دانایی و زیرەکی و زرنگی و بڕیاری ڕاست لە کات و جێگەی شیاودا، چاکەکاریی ئاکار: کار ڕاستی و دادپەروەریی و ئازایەتی و بێ فیزی و لەخۆبایی نەبوون و بەزەیی و میانڕەوییە. هەندێک لەو چاکەکارییانە بەهۆی پەروەردە و دووبارەبوونەوە لە ناخی مرۆڤدا جێگیر دەبن.

- جیاوازی وردەکاریی بابەتی ئاکار لەنێوان تەورات و فەیلەسووفەکانی جوولەکەدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە شەریعەتی مووسا بنەمایەکی گەردوونیی ڕەهای هەیە و پشت بە هەلومەجی تایبەتی و کۆمەڵایەتی و پێداویستییەکانی مرۆڤی تاک نابەستێ، ئەو جیاوازییە لە فەلسەفەدا بە جیاوازی نێوان ژیر (فەیلەسووف) و نەقڵ (ئایین – سرووش) ناودەبرێ!

ئایا دەکرێ لەو جیاوازییەوە قسەی هەندێک فەیلەسووفی جوولەکە پەسند بکرێت کە

گوتوویانـه:

(( (سـرووش ئاییـنـی نەهێنـاوە، بەڵکـوو ژێـر ئەمـەی داهێنـاوە و پەردەی لەسـەر لاداوە، ڕاستییە (هەقیقەتـە) ژێرییـەکان بـە هیـچ جۆرێـک بەشـێک نیـن لـە سـرووش (٣)؟!))

– تەوراتـی جوولەکـە یەکـەم سـەرچاوەی ئایینـی ئیبراهیمییـە کـە باسـی پەیدابوونـی بـەدکاری و سـەرچاوەکانی لـە دنیـا و ژیانـدا دەکات و بەسـەرهاتی ئیبلیس (شـەیتان) دەگێڕێتـەوە، چۆن بـەو مەرەیە چووە؟! ئەوجا جۆرەکانی بەدکاریی تاووتـو دەکات و لـە سۆنگەی ئایینـەوە نەخشـە ڕێگـەی دەربازبوون، دیار و دەستنیشـان دەکات! هەندێک لـەو ڕووداوانـەی تـەورات لەلایـەن هـەردوو ئاییـنـە ئیبراهیمییەکـەی دیکـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان پشـتگیری و پەسندکراون! ئەمـە چـۆن پاسـاو دەدرێتـەوە و چـی لـێ دەکەوێتـەوە!؟

– لـە سـفری یەکەمـی (سـوورەتی) پەیدابوونـدا قسـە لـەوە کـراوە کـە ڕەب بـە تەنیـا بـووە، لـە شـەش ڕۆژدا دنیـای داهێنـاوە. ڕۆژی حەوتـەم پشـووی داوە و ئـەو ڕۆژە بـە شـەممە (شـابات) ناوبـراوە، بەرانبـەر بـە یەکشـەممەی عیسـایی و هەینـی موسـڵمانان. لـە سـفری دووەمـدا دێتـە سـەر باسـی چونێتـی پەیدابوونـی بـەدکاری. لێرەدا ئـادەم و حـەوا شـانیان ئـارداوی کـراوە و کـراون بە پاڵەوانـی ئـەو داسـتانە کـە ئاشـەکەیان بریـوە و سەرپێچییان لـە فەرمایشـتی ڕەب کـردووە. ئەوجا بەسـەرهاتە دڵتەزێنەکـەی هـەردوو بـرا هابیـل و قابیـل (لـە تەوراتـدا قاییـن) چـۆن دەسـتیان چووەتـە خوێنـی یەکتـر و بـرا براکـەی خـۆی بکـوژێ!؟. (تـەورات: پەیدابـوون: ٤: ٨)

ئەو سێ بەسـەرهاتە وەک لـە تەوراتـی جوولەکەدا (مووسایییەکان) باس کراوە، کێشـەیەکە هەویرەکەی ئاوێکـی زۆر و زەبەنـدە دەکێشـێ و لـە سـۆنگەی فەلسـەفەوە ڕەخنـە دەکرێ:

– ئـەو سـێ سەرگوزەشـتەیە بـەدکاری، بـەڵام بـە ئـازادی و تەفرەدانـەوە بەنـد دەکات.

– ئـەو هۆکارانـەی هانـی (قابیل)یـان داوە براکـەی بکـوژێ: تەمـاع و حەسـوودی بـوو.

– بـەدکاری هـۆکاری ناوەکیی (دەروون و خواسـتی مـرۆڤ خـۆ)ی و هـۆکاری دەرەکیـی (ئیبلیـس)ی هەیـە.

ئەگـەر مـرۆڤ بـە چاوێکـی وردبینانـە سـەرنج بـدات، ئـەو سـێ بەسـەرهاتە لـە داڕێـژراو دەچـن بـۆ پاسـاودانی: سـتەم، بـەدکاری، بـێ دادی لـە ژیـان و جیهانـدا! بەدکاریی سـەرەکی لە سـەرپێچی کردنـی فەرمایشـتی ڕەببـەوە کەوتووەتـەوە! ئەمـە چـۆن لێـک دەدرێتـەوە؟

قەدەغەکردنـی خـواردن لـە داری زانیـن لـە خۆیـدا زەوتکردنـی ئازادییـە، ئەوجـا بـە قسـەی تـەورات کـە ڕەب ئـادەم و حـەوای داهێنـاوە (خەڵـق کـردووە) چـۆن بەنـدەی خـۆی ناناسـێ و فەرمانێکیـان پـێ دەکات کـە پێشـەکی زانیویەتـی بـە گوێـی ناکـەن! هەمـان ڕەخنـە خـۆی بابەتـی شـەیتانیش دەگرێتـەوە. تاوانی قابیـل (قاییـن) کـە براکـەی خـۆی کوشـتووە لەگـەڵ دەسـەڵات و هێـز و (قودرەتـی) ڕەبـی مووسـادا نایەتـەوە، ئەوجـا چـۆن ڕێگـەی مـار (لـە هەندێـک جێگـەدا شـەیتان نووسـراوە) درا بچێتە بەهەشـت!؟ بەهەشـت جێگەی چ کەسـێکە تاوەکـوو مـار (شـەیتان) ڕێگـەی پـێ بـدرێ بچێتـە ژوورێ؟!

– لێرەدا کێشـەیەک وروژێنـراوە کـە لەسـنووری بابەتەکـە دەچێتـە دەرێ پێوەنـدی دەسـتیاوی نێـوان ئـازادی، زانیـن، بـوون و ئـاکار! لـە ئەنجامدا سـنووردارییی ژیانـی مـرۆڤ (مـردن) پەیـدا بـووە. تەمەڵـی و بێکاری بەهەشـتی ئـادەم بـووە بـە کار و پیشـە و ئارەقـی ناوچـاوان ڕشـتن!

- ئـازادی و نەزانیـن لـە بەهەشـتدا خراونەتـە دووتـای یـەک تـەرازووەوە.

- زانیـن و دەرکـران لـە بەهەشـت و مـردن و بەدکاری و بەڵا و نەهامەتـی پێکـەوە گرێ دراون. ئەگـەر ئـادەم لەبـەری درەختی زانین نەیخواردبایە و هـەر بـە نەزانی و ڕووت و قووتـی و بێ ئیـش و کار مابایـەوە، لـە بەهەشـت دەر نەدەکراو مرۆڤـی سـەر زەوی بـەو مەرەیـە نەدەچوو.

- کەواتـە ئـازادی و زانیـن پەسـند نیـن و سـزایان بـە دوادا دێـت، ئەمـە ئـەو پەندەیـە لـە تەوراتـی ئێسـتا لـە ئارادابـووەوە وەردەگیـرێ!

- بـەو پێیـە چەنـد جۆرێکـی بـەدکاری و بـەڵا هەیە وەک ئـەوەی مـرۆڤ کە بوونەوەرێکـی ژیرە تووشـی دەبێ وەک نەخۆشـی و کڵۆڵـی و هـەژاری و نەهامەتـی، ئەوجـا بـەڵای ئاکارییانـە کـە مـرۆڤ خـۆی هۆکاریەتـی.

٣- ئایینـی مەسـیحی بـە پێچەوانـەی هـەردوو ئایینـە ئیبراهیمییەکـەی دیکـە، دیاردەیەکـی ئەوپەڕی تایبەتـی و سەرنجڕاکێشـە:

**یـەک:** یەسـووعی مەسـیح هیـچ ڕۆڵێکـی گرینگـی لـە دانانـی بـەردی بناغـەی کۆشـکی ئایینەکـەدا نەگێـڕاوە.

**دوو:** قسـە لـە هیـچ جۆرە سرووشـێک (وەحیەکـی) ڕەببانیـی ئاسـمانی نەکراوە.

**سـێ:** ئینجیـل تاکـە وشـەیەکی ئـەوی تێـدا نییـە. یاوەرەکانـی کـە زۆربەیـان بنجـوو بـوون، بـە دەیـان سـاڵ لـەدوای چـوار مێخەکێشـانەکەی نووسـیویانەتەوە. خاوەنەکانیشـیان لـە ناوەکانیـان بـەولاوە شـتێکی ئەوتـۆ دەربارەیـان نەزانـراوە. لەنێوان پتـر لـە چـوار سـەد ئینجیل ئەو چـوارەی ئێسـتا پەسـندکراون (لـە کۆبوونـەوەی نیکیادا)!

**چـوار:** کەسـایەتی مەسـیح کێشـەی لەسـەرە، پەیامبـەری ڕەببـە، یـان ڕۆڵـەی ڕەببـە و نـاردوویەتـی بـۆ ئـەوەی کەفارەتـی گوناحـی ئـادەم بـدات و بـاری سەرشـانی مـرۆڤ سـووک بـکات و ئەسـتۆ پاکییـان بـۆ دەسـتەبەر ببـێ!؟

**پێنج:** مەسـیحییەکان بە گشـت مەزهەبەکانیانەوە پـێ لەسـەر ڕەببانییەتـی عیسـا دادەگـرن، کەچـی لـە ئینجیلـی مەتتـادا هاتـووە کـە یەسـووع لە چوار مێخەکێشـانەکەیدا پێـش ئـەوەی گیـان لـە دەسـت بـدات، هـاواری لـێ هەسـتاوە و گوتوویەتـی: ئیلـی، ئیلـی، لەممـا شـەبەکتەنی (ئیلاهـی، ئیلاهـی بـۆ تەنیـا بەجێـت هێشـتم) (ئینجیـل بـە ئەڵمانـی: مەتتـا ٢٧: ٤٦)، ئـەو قسـەیە لـەو سـەرچاوەیەوە سـاغی دەکاتـەوە کـە گشـت مەسـحییەک باوەڕیـان پێیەتـی مەسـیح پەیامبـەر بـووە، ئەگـەر کـوڕی ڕەب بووایـە، دەیگـوت: بابـە نـەک ئیلاهـی!!

**شـەش:** شـائۆلی بنجوو یەکەم دوژمنی سەرسـەختی عیسـا بـووە کـە دوای چـوار مێخەکێشـانەکە، لـە دیمەشـق گەڕاوەتـەوە، گوایـە موعجیـزەی دیـوە و بـووە بـە مەسـیحی و لایەنگـری عیسـا. شـائۆل شـارەزایی تەواوەتـی لـە تـەورات و ئایینەکـەی (جوولەکـە)دا هەبـووە. ئـەو خـۆی بـووە بـەو ئەندازیـارە سـەرەکییەی کـە نەخشـەی مەسـیحییەتی ئێسـتای دانـاوە. ئـەو ڕۆڵـەی، ئەو بنجووە لە دانانی مەسـحییەتدا گێڕاویەتـی، هیـچ کەسـێکی دیکـە بـە عیسـای مریـەم خۆیـەوە ئـەو ڕۆڵەیـان نەگێـڕاوە.

**حـەوت:** بـە قسـەی شـائۆل بنجـوو: (لـە مەسـیحییەتدا، پاولـوس ناسـراوە و دوای مەسـیح خـۆی لـە پلەوپایـەدا دێـت) ئەگـەر ئـادەم گونـاح و مردنـی هێنابـێ بەهـۆی یەسـووع و چـوار مێخەکێشـانەکەی ئەسـتۆ پاکـی و زیندووبوونـەوە ژیـان جێگیـر بـوون: (ئینجیـل بـە ئەڵمانـی: پاولـوس پەیامبـەری یەسـووع مەسـیح: کۆرنتـۆس ١، ١:١٥ — ٢٢)

**هەشـت:** لـە ئایینـی مەسـیحیدا بـە پێچەوانـەی

تایەفـەی مووسـاوە هیـچ جـۆرە هەسـت و ڕەوتێکی نەتەوەیـی هەسـت پـێ ناکـرێ، ئەوجـا هیـچ جـۆرە زمانێـک بەسـەر هیـچ نەتەوەیەکـدا نەسـەپێنراوە، تەنانـەت ئینجیـل وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمانـی گشـت نەتەوەکانـی جیهـان.

**نۆ:** بەدکاری کراوە بە دوو جۆرەوە:

- بەدکارییەک کە لێ بووردنی بۆ نییە.

- بەدکارییـەک دەکـرێ لێـی ببـووردرێ. مرۆڤـی مەسیحی دەچێ بۆ کڵێسـە و لە ژوورێکدا لەبەردەم پیاوێکـی ئایینـی دان بـە گونـاح و هەڵەکانیـدا دەنـێ و چەنـد مۆمێـک دادەگیرسـێنێ، ئەمـە هەنگاوێکـە بۆ لێبوردەیـی.

**دە:** هـەر لەسـەردەمی عیسـاوە، مەسـیحییەکان (ڕابـەر و پیـاوە ئایینییـەکان) کۆشـاون ژیانـی ئـەم سـەرزەمینە لەبەرچـاوی لایەنگیرانیـان سـووک و بێ بایـەخ بکـەن و دەسـتبەرداری ماڵـی دنیایـان بکـەن و پابەنـدی ڕێنماییەکانـی کڵێسـە ببـن و ڕوو لـە ژیانـی دوای مـردن بکـەن کـە ئـەوان بـە ژیانـی ئاسـمان (یـان بـە شـاری ڕەب) نـاوی دەبـەن. ئـەم جیهانـە، جیهانـی بەدکارییـە و جیهانـی ڕەب (ئاسـمان) جیهانـی چاکەکارییـە.

**یـازدە:** مەسـیحییەت لـە سـەرەتادا هەڕەشـە بـووە لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی و کۆمەڵگـە. بـۆ ئـەو مەبەسـتە نەزمـی ڕەبەنیـان سـەپاندووە. بـە هـەزاران ژن و پیـاو لـە جیهانـی مەسـیحیدا دەسـتبەرداری هاوسـەگیری (ژن هێنـان و مێـرد کـردن) دەبـن و ژیانـی خۆیـان بـە ڕەبەنـی لـە کڵێسـە و دامەزراوەکانیـدا بەسـەر دەبـەن، بەڵام بە پێچەوانـەی هـەردوو ئایینەکـەی دیکـە (جوولەکـە و ئیسـلام) خواردنـەوەی شـەراب و گۆشـتی بـەراز قەدەغـە نەکـراوە.

**دوازدە:** پاولـۆس لـە پەیامێکـدا کـە ئاراسـتەی بڕوادارانـی ڕۆمـای کردووە پێی لەسـەر ئەوە داگرتووە کـە دەبـێ گشـت کەسـێک ملکەچـی دەسـەڵاتی کاربەدەسـت بـێ. بـەو پاسـاوەی ئـەو دەسـەڵاتەیان لـە ڕەببـەوە بـۆ هاتـووە. ئـەوی لـە ئارادایـە لەلایـەن ڕەببـەوە ڕێکخـراوە. ئـەوی بەربەرەکانـی دەسـەڵات بـکات، بەربەرەکانـی ڕەب دەکات، ئەوانـە خۆیـان دووچـاری سـزا دەکەنـەوە، چونکـە دەسـەڵاتداران لەوانـە ناترسـن کـە چاکـەکارن، بەڵکـوو ترسـیان لەوانـە هەیـە کـە بـەدکارن. (ئینجیـل: پاولـۆس: پەیـام بـۆ ڕۆمـا: ١٣: ١-٧). ئایـا ئـەم قسـەیەی پاولـۆس لەگـەڵ پەیامـی عیسـای مریـەم دەگونجـێ؟

مەسـیحییەت بـە هیـچ جۆرێـک لـە چـاو جوولەکە بـە پێشـکەوتوو دانانـرێ، چونکـە بـە ئاشـکرا لـە (ئینجیـل)دا هاتـووە گوایـە عیسـای مریـەم داوای ملکەچـی لـە لایەنگـر و هەوادارانـی کـردووە و پێـی وتـوون: ئەگـەر یەکێـک زللەیەکـی لـە ڕوومەتـی ڕاسـتت دا، هـی چەپـی بـۆ ڕابگـرە. ئێـوە دەبـێ دوژمنەکانـی خۆتـان خـۆش بـوێ، ئەم هەڵوێسـتە، پێداگرتنە لەسـەر بەند و کۆیلایەتی و پشـت کردنە ئـازادی و داد و مافـی مرۆڤـە. ئـەو بڕیـارەی ئایینی مەسـیحی خـۆی لەخۆیـدا بەدکارییـە و ناچێتـە هیـچ خانەیەکـی چاکەکارییـەوە. باشـە ئەگـەر عیسـا لافـی ئـەوەی لێدابـێ کـە بـۆ ڕزگارکردنـی مـرۆڤ و جێگیرکردنـی داد و هەموارکردنـەوەی لـە ڕێگـەی لادانـی مووسـاییەکان هاتبـێ! چـۆن بەند و کۆیلایەتـی پاسـاو دەداتـەوە. بـە چ پێوەرێـک ئـەو ڕەوشـە پاسـاو دەدرێتـەوە؟ دەچێتـە چ خانەیەکـی ئاکارەوە؟ مـرۆڤ لێـی بـدرێ، سـتەمی لـێ بکـرێ، کەچـی قرپـەی بێدەنـگ بـێ؟! بـۆ ئـەوەی یەسـووع لێـی ڕازی بـێ؟!

٤- پشـت ئەسـتوور بـە ڕێبـازی دیالێکتیکـی (تێـزە- ئەنتـی تێـزە- سـونتێزە) هیـگڵ لـە سـەردەمی لاوێتیـدا لـەو بـاوەڕەدا بـووە کـە ئایینی ئیسـلام پێکهاتـەی (سـونتێزە) هـەردوو ئایینـی

جوولەکە (تێزە) و ئایینی مەسیحی (ئەنتی تێزە)یە! تا چەند ئەو بڕیارە لەگەڵ بنەماکانی ئایینی ئیسلام بە گشتی و بابەتی ئاکار بە تایبەتی دێتەوە! ئەگەر ڕەبی عیسا تووڕە و غەزەب گیربووبێ و چەند میللەتێکی قڕکردبێ و لافاوی نووحی نازڵ کردبێ و ڕەبی یەسووع ئەوپەڕی بە بەزەیی بووبێ و تووڕە بوون بە هیچ جۆرێک لێوەی هەست پێ نەکرابێ، ئەوە خوای ئیسلام ئەوپەڕی بە بەزەیی و میهرەبانە، بەڵام بە توندی سزا دەریشە (شدید ئەل عیقابە)، ئەمەش هەردووک لای پێکەوە کۆکردووەتەوە.

- لە ئیسلامدا ئەگەرچی لە کتێبەکەی مسکەوەی بەولاوە، هیچ بەرهەمێکی تری ڕێکوپێک بەدی ناکرێ، بۆ پاساوی قورئان جێگەی هەموو شتێکی گرتووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە قورئان و فەرموودە و شەرعدا جۆرە بابەتێکی ئاکار سەرنج ڕادەکێشێ.

- سەرگوزشتەکەی ئادەم و حەوا و سەرپێچی کردنەکەی ئیبلیس (شەیتان) و کوشتنی هابیل لەلایەن قابیل (قایینی) برایەوە بەسەرچاوەی بەدکاری دادەنرێن، ئەوجا دەروونی مرۆڤ خۆیشی کردووە بە هۆکارێکی تری بەدکاری کە لە ئایینەکەدا وشەی عەرەبی (شەڕ- گوناح) بەکارهاتووە. لێرەدا وتراوە دەروونی مرۆڤ خۆی مەیلی بەدکاری هەیە (قورئان سوورەتی یووسف: ٥٣) جیاوازی ئیسلام لە مەسیحییەت لێرەدا ئەوەیە ئەو بەدکارییە (نەک گشتیان) بە چاکەکاری و خێر و حەسەنات و چوونە حەج پاک دەبێتەوە، بەڵام کوشتن و پێوەندی نارەوای نێوان ژن و پیاو (سێکس) و خواردنی گۆشتی بەراز و ئەلکهول پاک بوونەوەیان بۆ نییە.

لە ئیسلامدا کار ڕاستی و داوێن پاکی و ڕاستگۆیی و لە خوا ترسان بە چاکەکاری و بەشێکی سەرەکی ئایینەکە دادەنرێن.

- شایەتمان (شەهادە هێنان) نوێژ و ڕۆژوو، باج (زەکات) و چوونە حەج (ئەگەر لە تواناییدا بێ) خراونەتە خانەی بڕوا و باوەڕەوە (عەقیدە و ئیمان).

لە ئیسلامدا پاداشت و سزا لەو دنیا (قیامەت - ژیانی دوای مردن) پیادە و جێبەجێ دەکرێن. خوا دوو ماڵی هەیە: بەهەشت و دۆزەخ (بە عەرەبی جەهەننەم)، یەکەمیان بۆ پیاوچاک و لە خواترساوەکانە کە لە ژیاندا پێڕەوی ڕێنماییەکانی ئایینیان کردووە و خوایان لە خۆیان ڕازی کردووە و دۆزەخیش بۆ گومڕایانە.

- بەپێی ئەو سروشتەی خوای ئیسلام: لە لایەک بە بەزەیی و میهرەبانی و بەهرەمەند، لەلایەکی ترەوە تووڕە (دەهری) و سزادەر و غەزەبگیر، بابەتێکی ئاکار لەنێو دووبەرەدا دابەش بووە:

**یەک:** سپاسگوزاریی و وەفا و دڵسۆزی مرۆڤ بەرانبەر بەخشندەیی و بەزەیی و میهرەبانیی خوا.

**دوو:** گومڕایی کە جۆرێکە لە بێ وەفایی و سپڵەیی و بێ نمەکی بەرانبەر خوا کە سزادان و لێپێچینەوەی بەدوادا دێت (٤).

لە قورئان لە چەند ئایەتێکدا بە جۆرێک لە جۆرەکان لە چوارچێوە گشتییەکەدا ئاماژە بە هەردوو ئاراستەکە دراوە. ئاراستەی یەکەم بەرانبەر چاکەکاری و دووەمیان بەرانبەر بە بەدکاری دانراوە. چاکەکارییەکە ترسان لە خوا و پەرستن و بڕوابوون (ئیمان) و سوپاسگوزاری نیشاندانە بەرانبەر بەو بەهرەمەندی و نیعمەتەی خوا بۆ بەندەکانی دابینی کردووە. لەلایەکەی

**تـرەوە بـەدکاری بەرانبـەر بـێ نمەکـی و نەبوونـی وەفـا و گومڕاییـە لـە بەرانبـەر خـوادا. لـە قورئـان هـەردوو سـورەتی عادیـات: ٦ و سـورەتی الزخـرف ١٥) بـە ڕێکوپێکـی ئـەو ئاراسـتەیە ئامـاژەی پـێ دراوە.**

**بەو پێیە بەدکاری لە ئیسلامدا چەند جۆرێکە:**

**- گەردوونی.**

**- میتافیزیکی.**

**- مرۆیی.**

**هەمـوو هەوڵەکانیـش کـە ڕابەرانـی ئایینـی و فەیلەسـووفە موسـڵمانەکان داویانـە (بوعەلـی سـینا، فارابـی، ئیبـن ڕوشـد) بـۆ ئـەوە بـووە کـە بـەدکاری لـە خەسـڵەتی خـوا بـە دوور بگـرن و ئۆباڵەکـە بخەنـە ئەسـتۆی مرۆڤـەوە.**

**سەرچاوە و پەراوێز:**

1 – C. Z.zehnner: The Dawa and Twilight of Zariastrianism. Oxford.

ئەو کتێبە کراوە بە عەرەبی و لە شام (دیمەشق – سوریا) بڵاوکراوەتەوە:

– ر.س.زيهنيـر: الزرادشـتية، الفجـر والغـروب، ترجمـة: الدكتـور سـهيل زكار، دار التكويـن للطباعـة والنشـر والتوزيـع، دمشـق – حلبونـي ٢٠٠٥، ص٢٠ وفـي اماكـن متعـددة.

2 – Maimonides C Mose ben Maimon: Fuehrer der Unschlussigen. Ubers. Von Adolf Weiss. Hamburg 1995.

ئـەو شـاکارەی مووسـای ئیبـن مەیمـوون کـە بـە زمانـی عەرەبـی و ڕێنـووس (پیتـی) عیبـری نووسـیویەتی، هێنراوەتـەوە سـەر ڕێنووسـی عەرەبـی و لێکدانـەوەی بـۆ کـراوە:

– موسـى بن ميمـون: دلالـة الحائرين، عارضـه بأصولـه العربيـة والعبريـة، الدكتـور حسـين اتـاي، مكتبـة الثقافـة الدينيـة، القاهـرة، ٢٠٠٨، هەروەهـا بڕوانـە:

– يهـودا بـن شـموئيل هليفـي: الحجـة والدليـل في نصرالديـن الزليـل. اشـراف و مراجعـة حسـن حنفي و احمـد هويـدي، المركز القومـي للترجمـة، القاهـرة، ٢٠١٤.

٣ – تمـار روداڤسـكى: موسـى بـن ميمـون: ترجمـة: جمـال الرفاعـي، المركـز القومـي للترجمـة القاهـرة، ٢٠١٣، ص٢٤٧.

٤ – توشـيهيكو ايـز و تسـو: اللـه والانسـان فـي القـرآن، ترجمـة: د. هـلال محمـد الجهـاد، بيـروت، ٢٠٠٧، ص٣٥٩.

# سرگوون و ئەدەبیاتا کوردی

فرات جەوەری
(سوید)

گاڤا مرۆڤ ل سرگوونبوونا کوردان و سەبەبێن سرگوونیا وان دفکرە، تشتەک بالا مرۆڤ دکشینە؛ ئەو ژی ئەوە کو گەلەک گۆتنێن هەڤبەش یێن سرگوونێ د زمانێ کوردی دە ب جهـ بوونە. پڕانیا ڤان گۆتنان ژی ژ زمانێن سەردەستێن کوردان دەرباسی زمانێ کوردی بوونە. گۆتنا «سرگوون» ب خوە گۆتنەکە ترکی یە و ئیرۆ ب دەڤۆکێن جهێ بە ژی، د کوردی دە روونشتیە و ژ ئالیێ پڕانیا کوردان ڤە تێ بکارانین. گۆتنا «نەفی» ژی ژ عەرەبی کەتیە کوردی و ئەو ژی ژ ئالیێ بەشەکی مەزن یێ کوردان ڤە تێ بکارانین. سرگوونی، سەرگۆمی، نەفیبوون، کۆچبەری، مشەختی، خەریبی، پەنابەری، ئاکنجیتی و هێ ب چەندان گۆتنێن ولۆ وەک هەڤمانەیێن سرگوونێ تێنە بکارانین. د کێم زمانان دە ئەڤقاس گۆتنێن هەڤبەش ژ بۆ سرگوونێ هەنە. سەبەبا ڤێ یەکێ ژی دیارە؛ ژ بەر کو کورد هەرتم سرگوون بوونە، ژ جهـ و وارێن خوە هاتن دەرکرن و دووری وەلاتێ خوە کەتنە. یێن کو کورد ئاژۆتنە سەر ڤی جەلەبێ ژیانێ، بەربەریا کوردان یا هوندرین، شەڕ و پەڤچوونێن ئەشیری و بێگومان سەبەبێن بنگەهین سەردەستێن کوردان بوونە. لۆما، گۆتنێن کو د زمانێن سەردەستێن کوردان دە هاتنە بکارانین دەرباسی زمانێ کوردی ژی بوونە و د ئەدەبیاتا کوردی یا دەڤکی و نڤیسکی دە ب جهـ بوونە.

سرگوون نە ب تەنێ بوویە قەدەرا نڤیسکارێن کورد و ئەدەبیاتا کوردی، لێ بەلێ د ئەدەبیاتا

جیهانێ دە ژی مرۆڤ دکارە ل گەلەک نموونەیان ڕاست بێ. ئەڤ هەم دکارە سرگوونا ب ڕزا خوە ئان ژی سرگوونا ب دارێ زۆرێ بە. هەرچی سرگوونا ب ڕزا خوە یە، مرۆڤ ناڤێ خەریبییێ لێ بکە چێترە. ئەرێ، نڤیسکار ل خەریبییێ دژی، دووری جهـ و وارێن خوە، دووری هەڤال و هۆگرێن خوە، دووری ئاڤ و هەوا وەلاتێ خوە، دووری خوارن و ڤەخوارنا خوە یە.

ئەڤ جەلەبێ خەریبییێ و هەتا سرگوون ب خوە ژی، پێویست ناکە کو مرۆڤ ژ وەلاتەکی، ئان ژی ژ قتایەکێ بچە قتایەکە دن. مرۆڤ دکارە د هوندرێ وەلاتێ خوە دە ژی کۆچبەر ببە، ئان ژی ژ بەر سەبەبێن تایبەتی و شەخسی ژ جهـ و وارێن خوە ب دوور بکەڤە. لێ خەریبیا ژ بەر سەبەبێن ئابووری، هەرتم مکانا ڤەگەڕا جهـ و وار تێ دە هەیە. هەرچی سرگوونا ژ بەر سەبەبێن سیاسی یە، ب گۆتنەکە دن سرگوونا ب دارێ زۆرێ یە؛ ئەو سرگوونە کو ب ئێش و ئەلەم، ب نەخوەشی و مالکامباخی یە.

ئەڤ جەلەبێ سرگوونێ یە کو ب سەدسالانە پێخیلا نڤیسکاران بەرنادە و بەرێن وان ب وەلاتێن دوور، ب جهـ و دەڤەرێن دوور ڤەکرنە. سەبەبێن ڤێ سرگوونێ دکارن دینی، مەزهەبی، سیاسی، جنسی ئان ژی ئەتنیکی بن. گاڤا مرۆڤ چاڤەکی ل دیرۆکا ئەدەبیاتا سرگوونێ دگەڕینە مرۆڤ پێرگی گەلەک ناڤێن شاعیر، نڤیسکار، فیلۆزۆف و سیاسەتڤان تێ. هن ژ ناڤێن کو تاڤلێ تێنە بیرا مرۆڤ ئەڤن: ئوڤدوس، رافائەل ئالبەرت، ئادۆرنۆ، ئادۆنس، ژۆسەف برۆدسکی، ننا بەربەرۆڤا، بەرتۆلت برەجهت، ساموئەل بەجکەتت، خەلیل جبران، ژۆسەف جۆنراد، دۆستۆیەڤسکی، چەرنیشەڤسکی، دانتە، ت. س. ئەلۆت، جارلۆس فاونتەس، وتۆلد گۆمرۆوجز، تاهار بەن ژەلون، ژامەس ژۆیجە، فرانز کافکا، لەرمۆنتۆڤ، تهۆماس مانن، ئەزرا پاوند، پوشکین، رلکە، ڤۆلتارە، هەمنگوای و گەلەکێن دن کو هن دەمان مەجبوور مانە، ئان ب ڕزا خوە دەڤ ژ وەلاتێن خوە بەردانە، ئان ژی ب دارێ زۆرێ ژ وەلاتێن خوە هاتنە بدوورخستن.

د دەمێن شەڕ دە، د دەمێن گوهەڕاندنێن سیستەمان دە، ئان ژی د دەمێن بسەرکەتنێن ئیدۆلۆژیێن جدا دە، بێتۆلەرانسیا فکری دبە سەبابا کو کاربدەست دەست ب زلما ل سەر نڤیسکاران بکن. مرۆڤ دکارە ب هێسانی ببێژە کو ئەڤ ژ دەما داسپۆرا جهوویان و هەتا ڕۆژا مە هەر ولۆ بوویە. لێ گەر ئەم ب کورتی قالا ڤێ سەدسالێ بکن، دڤێ ئەم شۆڕەشا بۆلشەویکان، شەڕێ سپانیایێ یێ هوندر، دەرکەتنا موسۆلۆنی، پێشدەچوونا نازیزمێ، جوونتاییێن ئەمەریکا لاتینی، دەستهلاتدارییێن فوندامەنتالیست، شەڕێ ئیران و عیراقێ، ناسیۆنالیزما عەرەبان، جوونتاییێن ترکیێ و یا کو مژارا مە ل سەرە، زلما سەردەستێن ترکان یا ل سەر کوردانە.

زلما ل سەر کوردان پشتی کۆمارا ترکیەیێ زێدەتر بوویە ژی، لێ دیرۆکا ڤێ زلمێ دوور و درێژە. ئەڤ زلما ها هێ ژ دەما دەستهلاتداریا عوسمانیان دە دەرکەتیە هۆلێ و ب کۆمارێ رە بەردەوام کریە. هەرچقاس تۆلەرانسا د دەما عوسمانیان یا د لەبارێ زمان و ئەدەبیاتا کوردی دە، ژ یا کۆمارێ بێتر بە ژی، لێ بێتۆلەرانسیا سیاسی یا ل دژبەری کوردان چ بگرە، ئەینی بوویە. د سالێن گاڤا میر بەدرخان ل کەلەها ئەرووخێ هێسیر دکەڤە و دکەڤە دەستێن عوسمانیان، دەستهلاتداریا عوسمانی وی د وارێ سیاسی دە بێتەسیر دکە و پاشێ ژی سرگوونی گراڤا گریتێ دکە. ژیانا زارۆکێن وی ئەمین ئالی و میقدات میتهاد بەدرخان ژی هەر ب سرگوونێ بهوریە. ژیانا نەڤیێن وی جەلادەت، کامران، سورەییا و سافدەر ژی ل سرگوونێ بهوریە.

ل سرگوونێ بنگەهێ کۆڤارگەری و ڕۆژنامەگەریا

کوردی هاتیه ئاڤێتن. رۆژنامەیا کوردستان د سالا ١٨٩٨ئان دە ل قاهیرەیێ، کۆڤارا ژین د سالا ١٩١٨ئان دە ل ستەنبۆلێ، رۆژی کورد د سالا ١٩١٣ئان دە ل ستەنبۆلێ، هاوار د سالا ١٩٣٢ئان دە ل شامێ، رۆناهی د سالا ١٩٤٢ئان دە ل شامێ، رۆژا نوو د سالا ١٩٤٣ئان دە ل بێرووتێ و ستێر ژی د ١٩٤٣ئان دە ل بێرووتێ هاتنە وەشاندن.

د دیرۆکا ئەدەبیاتا کوردی یا سرگوونێ دە، سێ دەم هەنە کو هەم مۆهرا خوە ل پێشدەخستنا ئەدەبیاتا کوردی یا مۆدەرن خستنە، هەم ژی بیانیستان، ئان ژی سرگوون کرنە چاڤکانیا ئەدەبیاتێ، خوە ل زمێن پێچانە و هەبوونا خوە د زمێن دە دیتنە. ئەو ژی کوردێن سۆڤیەتێ، دەما هاوارێ و کوردێن سوێدێ نە. بڤێ نەڤێ ل هن دەڤەرێن جیهانێ یێن دن ژی تەڤگەرەک د چاپەمەنی و ئەدەبیاتا کوردی دە چێبوویە، لێ رۆلا ڤان هەرسێ دەمێن ها بەربچاڤترن.

## کوردێن سۆڤیەتێ

کوردێن سۆڤیەتێ پڕانی مینا کوردێن سەرحەدان ژی تێنە بناڤکرن. ژ بەر کو کۆکا کوردێن سۆڤیەتێ ژ سەرحەدانن و ئەو پشتی شەڕێ ڕووس و عوسمانیان و هەروەها پشتی شەڕێ جیهانێ ئێ یەکەمین و شۆڕەشا بۆلشەڤیکان ب تەمامی ژ ترکیەیێ هاتن برین و کەتن ناڤ سینۆرێن ڕووسیایێ.

پشتی شۆڕەشا ئوکتۆبەرێ و هێدی هێدی ئاڤاکرنا سۆڤیەتێ، کورد ژی مینا کێمنەتەوە، ل گۆرا مافێ کو سۆڤیەتێ ددا کێمنەتەوەیێن دن، مرۆڤ دکارە ببێژە کو گهیشتن مافێن خوە. لێ ب تایبەتی، پشتی دەستپێکرنا وەشانا رۆژنامەیا ریا تەزە، سالا ١٩٣٠ێ، یانی گاڤا کو ل ترکیەیێ پێلەکە خورت یا ئاسیمیلاسیۆنێ هەبوو، ل ور، ل ئەرمەنستانا سۆڤیەتێ، دەست ب گەشکرن و پێشدەخستنا زمان و ئەدەبیاتا کوردی هاتە کرن. د وان سالان دە، مکانێ پەروەردەیا ب زمانێ کوردی ژ بۆ زارۆکێن کوردان پەیدا بوو، دبستانێن کوردی ڤەبوون، کتێبێن دەرسان هاتن ئامادەکرن و کورد مینا کورد هاتن قەبوولکرن.

کتێبێن دەرسان د دەستپێکێ دە ژ ئالیێ حەجیێ جندی و ئەمینێ ئەڤدال ڤە هاتن ئامادەکرن. دیسا د ئەوان سالان دە ئالفابەیا زمانێ کوردی هات وەشاندن و کوردێن سۆڤیەتێ کێم زێدە ل گۆرا رێزمانا وێ ئالفابەیێ چوون. قانادێ کوردۆ ژی دەست ب ئامادەکرنا کتێبێن گرامەرێ کر و ب چەندان کتێبێن گرامەری نڤیساندن و دانە وەشاندن.

خەباتێن چاندی و ئەدەبی بێتر ل کۆمارا ئەرمەنستانێ دبوون، لێ پاشێ کوردێن گورجستان و ئازەربەیجانێ ژی دەست ب نڤیساندن و وەشاندنا کتێبێن کوردی کرن. هەر د ئەوان سالان دە ئەدەبیاتا کوردی ژی دەست ب گەشبوونەکێ کر. دەستپێکا ئەدەبیاتا کوردی یا نڤیسکی یا ل با کوردێن سۆڤیەتێ، ب شیعرێ دەست پێ کر. شیعرێن کو د دەستپێکا سالێن سهی دە هاتن نڤیساندن، ب گەلەمپەری شیعرێن ب قالبێن فۆلکلۆریک بوون، ئان ژی ل سەر بنگەهێ فۆلکلۆرا کوردی لێ ب مۆتیڤێن چینایەتی بوون. ئەو مۆتیڤ ژی مینا هەموو نڤیسکارێن سۆڤیەتا بەرێ پەسنێ سیستەما سۆڤیەتێ بوو. ئەو ب ئارمانجا پرۆپۆگاندایا سۆسیالیزمێ دهاتن نڤیساندن و هەر کتێبێن وەها ژ پارتیا کۆمونیست ئالیکاریا چاپ و تەلیفێ دگرتن.

یێن د ئەوان سالان دە وەک شاعیر ناڤێن وان هات بهیستن ئەڤ بوون؛ حەجیێ جندی، ئەمینێ ئەڤدال، جاسمێ جەلیل، وەزیرێ نادری، ئاحمەدێ مرازی، قاچاخێ مراد و هن کەسێن دن.

شیعرا کوردی یا کو د سالێن ٣٠، ٤٠ و ٥٠ ده هاتن نڤیساندن، جەلەبەکی ژیانا ئەدەبی د ناڤ کوردێن سۆڤیەتێ دە ئاکتوەل کر و زندی هشت.

لێ ژ بلی شیعرێ، کوردێن سۆڤیەتێ د وارێ فۆلکلۆر، ڕۆمان، چیرۆک، لێکۆلین، زمانزانی، کوردۆلۆژی، پیەس و ب چەندان خەباتێن دن ئێن هێژا ل دوو خوە هشتنە. د ناڤەرۆکا ئەدەبیاتا کوردێن سۆڤیەتێ دە هەرچقاس پەسنێ سیستەما سۆسیالیزمێ د گرانیێ دە بە ژی، عادەتێن کوردان، رابوون و ڕوونشتنا وان و جەلەبێ ژیانا وان یا خەریبیێ ژی جهـ دگرە.
لێ مخابن، یەک ژێ ژ بەر کو کوردێن سۆڤیەتا بەرێ ئالفابەیا کریلی ب کار دانین، یا دن ژی ژ بەر کو هەم سیستەما سۆڤیەتێ سیستەمەکە هشک بوو، هەم ژی یا ترکیەیێ هشک بوو، لۆما بەرهەمێن کو ژ ئالیێ هەڤوەلاتیێن مە یێن وی وەلاتی دە دەردکەتن نەدگهیشتن کوردێن پەرچەیێن دن و لۆما گرسەیا کوردان ژ خەباتێن وان یێن چاندی، ئەنتەلەکتوەلی و ئەدەبی بێهای بوون.

جار جاران ب ڕیا رادیۆیا. ئێریڤانێ مرۆڤ دکاریبوو ژ جەلەبێ ژیانا کوردێن سۆڤیەتێ هایدار ببوویا، لێ ئەو ژی دیسا ژ ئالیێ ڕایا گشتی یا کوردان ڤە نەدهات زانین. لێ، پشتی هلوەشاندنا سیستەما سۆڤیەتێ و د سرگوونێ دە دیسا سرگوونبوونا کوردان یا بەر ب وەلاتێن ئەورووپایێ دە، کر کو د ناڤبەرا کوردێن پەرچەیێن دن و یێن سۆڤیەتا بەرێ دە پرەک دانووستاندنێ، پرەکە ئەدەبی ئاڤا ببە. بەرهەمێن کوردێن سۆڤیەتێ ژ کریلی تیپگوهێزیا تیپێن لاتینی بوون و ب ڤی ئاوایی ب دەهان بەرهەمێن وان، پشتی ب سالان گهیشتن بەر دەستێن خوەندەڤان و ڕەوشەنبیرێن کوردێن پەرچەیێن جدا.

## دەما هاوارێ

جەلادەت بەدرخان کو نەڤیێ میرێ بۆتان میر بەدرخان بوو و کوڕێ ڕەوشەنبیرێ بژارتە ئەمین ئالی بەدرخان بوو، بەری ئاڤاکرنا کۆمارا ترکیەیێ ب کورتەدەمەکێ ژ بۆ خوەندنێ دچە مونیخا ئالمانیایێ. هنگی ئالمانیا د هوندرێ کریزەکە مەزنا ئابووری و سیاسی دە بوو و لۆما جەلادەت بەگ ژی د هوندرێ وێ بەلەنگازی و شەرپەزەتیێ دە خوەندنا خوە ددۆمینە و ب خوە ژی پارا خوە ژ کریزێ دگرە. هەما پشتی ب کورتەدەمەکێ کۆمار ئاڤا دبە و ڤەگەڕا وی یا ترکیەیێ بێمکان دبە. لۆما ئەو سەریەکی دچە مسرێ و ژ ور ژی بەرێ خوە ددە شامێ. ئەو ل شامێ پێرگی گەلەک سەرۆکەشیر و مەزنێن کوردێن تێ. گەلەک ژ وان ژی مینا جەلادەت بەدرخان ئاکنجی نە.
جەلادەت بەدرخانێ ئەدەبیاتڤان و ئەدەبیاتهەز، وێ سرگوونێ ژ خوە رە مینا فرسەندەکێ دبینە، ژ کوردێن کو ژ گەلەک دەڤەرێن وەلێت ل ور جڤیانە، دەستکەوتی دبە و ل ور خەباتا خوە یا ل سەر گرامەرێ-کو بەرێ ژی ل سەر دخەبتی- ددۆمینە. ب ئالیکاریا وان کوردان و ل سەر زانەبوون و تەجروبەیێن سالان بنگەهێ گرامەرا کورمانجی داتینە. پاشێ ل سەر هیمێ وێ گرامەرێ دەست ب دەرخستنا کۆڤارەکێ دکە. ئەو ب دەرخستنا کۆڤارا هاوارێ ترادسیۆنا کوردان یا ب ترکی ئان ژی ترکی-کوردی دشکینە و کۆڤارا خوە ب گرانی ب کوردی دەردخە، لێ هنەکی ژی جهـ ددە فڕانسی. ئەو نڤیسێن ب فڕانسی ژی ئان وەرگەڕا بەرهەمێن کوردی نە، ئان ژی ئاگاهدارییێن ل سەر زمان، ئەدەبیات، فۆلکلۆر و رابوون و روونشتنا کوردانە. سەبەبێن کو ئەو جهـ ددە فڕانسی ئەو بوو، کو هنگی سووریە د بن دەستێن فڕانسزان دە بوو.
بێگومان، مرۆڤ دکارە ببێژە کو دەستپێکا

وەشانا هاوارێ، دەستپێکا ئەدەبیاتا کوردی یا مۆدەرنە ژی. بێی ستسنا، پرانیا نڤیسکارێن وێ ژی، نڤیسکارێن کورد یێن ل سرگوونێ نە. جەلادەت بەگ و برایێ خوە کامران بەگ ژ خوە ژ دەستپێکێ ڤە سرگوون بوون و ل ستەنبۆلێ هاتبوون دنیایێ، لێ ل شامێ ژی ژیانا سرگوونی دژیان. وەکی دن نڤیسکارێن کۆڤارێ یێن بەردەوام یێن مینا قەدری جان، عوسمان سەبری، نوورەدین زازا، قەدری جەمیل پاشا، حاجۆ ئاغا، د. نافز، ڕەوشەن بەدرخان و یێن دن هەموو سرگوون بوون، نە ل سەر ئەردا وەلاتێ خوە بوون. یانی، تۆڤێ ئەدەبیاتا کوردی یا نووژەن، ل خەریبیێ دهات ئاڤێتن و هەر ل خەریبیێ ژی بەر ددا. د هوندرێ دەهـ-پانزدەهـ سالان دە جەلادەت و کامران ب هەڤ ڕە ئان ژی جهێ جهێ چار-پێنج کۆڤار دەرخستن، بنگەهێن گرامەرێ ئاڤێتن، ل سەر وی بنگەهی ئالفابەیا کوردی چێکرن، دەست ب وەرگەڕاندنا ئەدەبیاتا دنیایێ و وەرگەڕاندنا کتێبێن پیرۆز مینا قوران و ئینجیلێ کرن. ب کۆڤارا هاوارێ ڕە، وەشانخانەیا هاوارێ ژی هاتبوو ئاڤاکرن کو د وێ وەشانخانەیێ دە ب کوردی و فرانسی، د ناڤ وەشانێن هاوارێ دە نێزیکی بیست کتێبێن ل سەر مژارێن جهێ وەشاندن. پرانیا ڤان کتێبان ژ ئالیێ جەلادەت و کامران بەدرخان ڤە هاتنە نڤیساندن ئان ژی وەرگەڕاندن. زمانێ کوردی، ژ قالبێ فۆلکلۆری و کلاسیکی دەردکەت و پێ ئەدەبیاتەکە هەڤدەم دهات نڤیساندن. چ بگرە، ب ئاوایەکی پرۆفەسیۆنەلی، جارا پێشی و ب ئاوایەکی خورت ب زمانێ کوردی بەرهەمێن پەخشان هاتن نڤیساندن. نموونەیێن چیرۆک، ڕۆمان، پیەس، ڕۆپۆرتاژ و وەرگەڕێن ژ ئەدەبیاتا دنیایێ هاتن پێشکێشکرن. کۆڤارا هاوارێ ل بیانستانێ، د ناڤبەرا ئەدەبیاتا کوردی و یا جیهانی دە بووبوو پرەک. لێ، مینا ئیرۆ، دۆ ژی پرۆبلەما مەزن نەبوونا خوەندەڤانێن زمانێ کوردی بوو. مرۆڤ د هاوارێ دە ل گەلەک نڤیسێن جەلادەت بەدرخان ڕاست تێ کو ئەو گازنان ژ کوردان دکە و ب هەر ڕێ و مەتۆدێ دچە سەر کوردان دا کو ئەو ل زمانێ خوە ڤەگەڕن، بەرهەمێن ب زمانێ خوە بخوینن، دەست ب نڤیساندنا ب زارێ خوە بکن. لێ مخابن، ئەو هشیاریا ملی ل با کوردان تونەبوو و پۆلیتیکایا ئاسیمیلاسیۆنێ یا خورت کو ل ترکیەیێ ل دار بوو، کورد چاڤترساندی کربوون، ڕێ نەددا کو کورد خوە بگهینن زمانێ خوە و ب زمانێ خوە پەروەردە ببن.

بڤێ نەڤێ، گاڤا وەشانەک نەیێ فرۆتن، گاڤا بەرهەم نەیێن کڕین، وێ وەشان و وەشانخانە نکاربن ل سەر لنگان بمینە. لۆما، کۆڤارا هاوارێ ژی ژ بێخوەدیتیێ کەت کریزەکە ئابووری و ئەو کریزا ئابووری بوو سەبەبا داویهاتنا ژیانا خوەدیێ وێ جەلادەت بەدرخان و هەروەها داویانینا دەمەک ژ دەمێن هەری ڕۆهنی یا گولڤەدانا ئەدەبیاتا کوردی و هشیاریا ملی یا نووژەن...

## جونتایا لەشکەری و دەرکەتنا کوردان یا دەرڤەیی وەلێت

ئەم دبینن پشتی داوی ل ژیانا هاوارێ تێ، د ئەدەبیاتا کوردی دە ژی بێدەنگیەکە مەزن چێدبە و کورد ڕۆژ ب ڕۆژ ژ خوە و ژ زمان و ناسناڤا خوە ب دوور دکەڤن. هەرچقاس د سالێن شێستی و هەفتێیی دە ل ترکیەیێ هن چرووسک پێدکەڤن ژی، لێ دیسا پر کێمە و خورتتەڤگەرا کوردان یا سالێن هەفتێیی کو دکاریبوو ب دەههەزاران کورد ڕاکرنا سەر لنگان ب ترکی بوو و ژ بلی هن چیرۆکێن فۆلکلۆری و شیعرێن قەلس، پرانیا وەشانێن وان ژی ب ترکی بوون. نە ب تەنێ کۆڤار و ڕۆژنامەیێن وان ب

ترکی بوون، لێ هەروەها نڤیس و ئانالیزێن وان، رۆمان و چیرۆکێن وان، شیعر و پیەسێن وان ژی ب ترکی بوون. ژ ئاڤاکرنا کۆمارا ترکیەیێ و هەتا سالێن هەیشتێیی ل سەر هەڤ سێ-چار کتێبێن ب کوردی دەرنەکەتنە.

د وان سالان دە کورد پڕ سیاسی و هندک کولتوری بوون، پڕ ناڤنەتەوەیی و هندک نەتەوەیی بوون، لۆما، وان زێدە گوهـ نەددان زمان و ئەدەبیاتا کوردی و تشتێن ب گۆتنا وان «وەها پچووک» دهشتن پشتی شۆڕەشێ. یانی وێ پێشی شۆڕەشەکە سیاسی ببوویا و پاشێ ئەو ئێ ل زمێن ڤەگەڕیانا. لێ هەر چاوان بە، خەبات گور بوو، شەڕ و بەربەرێن ئیدۆلۆژیک ژی خورت بوو. زمان و ئەدەبیاتا کوردی، د ڕەوشەکە ولۆ ئالۆز دە نە ممکون بوو کو ب پێش بکەتا. ب دەڤ کوردیتی هەبوویا ژی، ب کرن و تەڤگەرێن خوە، ب خەبات و تەکۆشینا خوە پڕ بێهنا ترکیتیێ ژ مە دهات. مە ب ترکی دخوەند، ئەم ب ترکی دفکرین، مە ب ترکی مناقەشەیێن سیاسی و کولتوری دکرن، مە ب ترکی دنڤیساند. ب کورتی ئەز دکارم ببێژم کو زمانێ ترکی ب هەر ئاوایی ل سەر مە حاکم بوو. ڤێ یەکا هان، هەتا هاتنا جوونتایا لەشکەری یا سالا ١٩٨٠یی دۆم کر.

هاتنا جوونتایێ بوو سەبەبێ گرتنا ب دەههەزاران کەس و ڕەڤا ب دەههەزاران کەچ و خۆرتێن کوردان. ئەو کەچ و خۆرتێن چالاک کو خوە ژ بەر جوونتایێ دانە ئالی ل وەلاتێن ئەورووپایێ بەلاڤ بوون و گەلەک ژ وان ژی ل سوێدێ ب جهـ بوون. ناڤێ سوێدێ و دەمۆکراسیا وێ هاتبوو بهیستن و لۆما گەلەک سیاسەتڤان و ئاکتڤیستێن کوردان خوە ل سوێدێ گرتن.

راستە، سوێدێ وەلاتەکی دەمۆکراتیکە، ل هەمبەری مافێن مرۆڤان ب حورمەتە، گوهـ ددە ژیانا ئینسانان و ئازادیا فکرێ لێ هەیە. جڤاتەکە ولۆ، سیستەمەکە ولۆ نە ممکونە مافێن کێمنەتەوەیان ئان ژی مافێ بیانیێن کو لێ ب جهـ بوونە بخوە، وان ژ ئازادیا فکرێ، ژ دەمۆکراسیا خوە بێپار بهێلن ئان ژی ژ دەرڤەیی دەمۆکراسیا خوە بهێلن. لۆما، کورد ژی ل سوێدێ مینا کورد هاتن قەبوولکرن، مافێن کو ژ بۆ کێمنەتەوەیان ئان ژی گرووبێن دن یێن بیانی هاتن قەبوولکرن ژ بۆ کوردان ژی دەرباس بوو. کوردان خوە زوو ئورگانیزە کرن و خوەستن ژ دەمۆکراسی و مکانێن سوێدێ دەستکەوتی ببن و ل بیانستانێ نەهەلن و تێک نەچن. لۆما، ل هەر باژارێ کو کورد لێ ب جهـ بوون، کۆمەلەیێن چاندی ڤەکرن و ئەو کۆمەلە بوون جهێ هەڤدیتن و ئاکتیڤیتەیێن وان. پاشێ، د سالا ١٩٨٢ئان دە ل پایتەختێ سوێدێ، ل ستۆکهۆلمێ فەدەراسیۆنەک ئاڤا بوو و چ بگرە هەموو کۆمەلەیێن کوردان یێن ل سوێدێ د بن سیوانا فەدەراسیۆنێ دە هاتن با هەڤ. فەدەراسیۆن هێ ژی دژی و ئیرۆ نێزیکی چل کۆمەلە ئەندامێن وێ نە.

ئەڤ کوردێن ها، ژ هەموو بەشێن وەلێت بوون و لۆما ئەو ب دەڤۆک و زاراڤایێن جهێ دپەیڤین. بەری ئاڤاکرنا فەدەراسیۆنێ و ب خورتی ژی ب ئاڤاکرنا فەدەراسیۆنێ رە زمانێ کوردی ل با کوردان بوو زمانێ سیاسی، زمانێ سۆهبەت و مناقەشەیان، زمانێ خوەندن و نڤیساندنێ. کورد ئێدی نەما ب ترکی ب هەڤ رە بپەیڤن، وان زۆر دانە کوردی. هەکە کوردێن باکوورێ وەلێت ب ترکی بپەیڤیانا وان و کوردێن پەرچەیێن دن وێ ژ هەڤ فێهم نەکرانا و لۆما ئەو ب هەڤ رە ب کوردی پەیڤین. ئەڤ هەلوەستا ها هێدی هێدی بوو مینا ئادەتەکێ و ئێدی نە ب تەنێ ل فەدەراسیۆنێ، لێ ل کو دەرا سوێدێ جڤینەک چێببوویا زمانێ جڤینێ ب کوردی بوو، مناقەشە و سۆهبەت ب کوردی

بوون. فەدەراسیۆنێ ب ئاڤاکرنا خوە رە دەست ب وەشاندنا کۆڤارەکە ب ناڤێ بەربانگێ ژی کر. بەربانگ خوەروو ب کوردی بوو و د پێشدەخستنا زمان و ئەدەبیاتا کوردی دە ڕۆلەکە بەربچاڤ لیست.

ل سویێدێ نێزیکی سەد و پێنجی کۆڤار و رۆژنامەیێن کوردان دەرکەتنە و ڤان کۆڤاران نە ب تەنێ د وارێ سیاسی دە، لێ د وارێ ئەدەبی دە ژی رۆلەکە بەربچاڤ لیستنە. مخابن، مینا پێشییێن خوە گەلەک ژ ڤان کۆڤاران ئان د وەختێ خوە دە دەرنەدکەتن، ئان ژی پڕ تەمەنکورت بوون. نها، هەما بێژە ژ ڤان کۆڤاران ب تەنێ یەک ئان دودو دەردکەڤن، یێن دن هەموو راوەستیانە.

هەم د دەما جەلادەت ئالی بەدرخان و هاوارێ دە هەم ژی پشتی هەیشتێیی ل سویێدێ یا کو زمانێ کوردی و ئەدەبیاتا کوردی ئاکتوەل کر و ل سەر لنگان هشت، کۆڤارن. لێ، د بەر کۆڤاران رە ژی ل سویێدێ گەلەک وەشانخانەیێن کوردان ئاڤا بوون و ڤان وەشانخانەیان د مژارێن جهێ دە ب سەدان کتێب دەرخستن.

هەرچی وەشانخانەیا نوودەمێ یە، کو ئەز خوەدی و بەرپرسیارێ وێ بووم، مە نێزیکی سەد کتێبێن ب کوردی دەرخستنە. کتێبێن مە ب تەنێ کتێبێن ئەدەبیاتا بەدەو بوون؛ یانی رۆمان، چیرۆک، شیعر، پیەس، گۆتار و وەرگەڕێن ژ ئەدەبیاتا دنیایێ و ب کورمانجی نە. د ناڤ وەشانێن مە دە ب دەهان بەرهەمێن ژ ئەدەبیاتا دنیایێ دەرکەتنە. ژ خوە گاڤا من د سالا ١٩٩٢ئان دە کۆڤارا نوودەمێ دەرخست و وەشانخانە ئاڤا کر، ئارمانجا من ئەو بوو کو ئەم تبابەک کتێب ژ ئەدەبیاتا دنیایێ وەرگەڕینن و ب ڤی ئاوایی تەرم و فۆرمولاسیۆنێن نوو یێن ئەدەبی تێخم ئەدەبیاتا کوردی یا نووژەن.

هەروەها ژ بۆ ئەم دۆهـ بگهینن ئیرۆ و کۆڤار و وەشانێن کو بەری مە ب نفشان دەرکەتبوون دیسا بگهینن نفشێ خوە، من هەموو هەژمارێن کۆڤارا هاوارێ مینا دو جلدان ژ نوو ڤە ل سویێدێ چاپ کر و بێگومان کۆڤارا نوودەمێ ژی من د بن تەسیرا کۆڤارا هاوارێ دە دەرخست و نفشەک نڤیسکار ب نوودەمێ گهشتن.

## پشتی سالێن ٩٠ی و وەشانێن ب کوردی ل ستەنبۆل و دیاربەکرێ

پشتی سالێن نۆدی و ب تایبەتی ژی پشتی سالێن ٢٠٠٠ی ل ستەنبۆل و دیاربەکرێ د وارێ زمان و ئەدەبیاتا کوردی دە پێشکەتنەکێ دەست پێ کر. کۆڤار و رۆژنامەیێن کوردی دەست ب وەشانێ کرن، وەشانخانەیێن کوردی ئێن نوو هاتن ئاڤاکرن، کتێبێن نوو دەردکەڤن. پشتی دامەزراندنا کۆمارا ترکیێ ئەڤ جارا یەکەمە کو زمانێ کوردی ب ڤێ خورتاهیێ د وەشانێ دە خوە ددە دەر.

ئیرۆ ب دەهان وەشانخانەیێن کوردی هەنە کو ب هەزاران کتێبێن کوردی ل ترکیێ چاپ کرنە، چاپ دکن. دگەل کو زمانێ کوردی ل ترکیێ نە زمانێ پەروەردێ یە ژی، دگەل زەخت و زۆرداریا ل سەر چاپەمەنیا کورد هەیە ژی، دیسا کورد بێوەستان خەباتا خوە یا د وارێ زمان و ئەدەبیاتا کوردی دە ددۆمینن.

لێ هەکە سیاسەتا کوردی ل خوە ڤەنەگەڕە و پەروەردەیا زمانێ کوردی نەکە یەک ژ خەباتێن خوە ئێن بنگەهین، وێ پێلا ئاسیمیلاسیۆنێ یا خورت کوردان ل بەر خوە ببە...

*** پوختەی ئەم بابەتە لە یەکەمین فیستیڤاڵی ڕامان، لە هەولێر، ٢٠٢٣/١٢/١ وەک پانێڵێک پێشکەش کراوە.**

# ئایا باباتاهیری هەمەدانی یارسانی بوو؟

هەیاس کاکەیی


باباتاهیر شاعیری پایەبەرزی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری، بناغەی ئەدەبی کوردیی دارشتووە، وەک لەلایەن ئەدیبان و شارەزایانی بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە دانی پێدا دەنێن، کە بە زمانی پاراوی کوردی زاراوەی لوڕ و گۆران چوارینەکانی هۆنیوەتەوە، ڕوون و ئاشکرایە لە سەردەم و زەمانێک دەرکەوتووە ژیانی سەردەمی بزووتنەوەی سۆفیگەری لە لووتکەدا بووە، ئەویش وەک سۆفییەکی پایەبەرزی سەردەمی خۆی هەنگاوی ناوەتە ناو ئەو ڕەوتە، بۆ دامرکاندنەوەی ئارەزووەکانی دڵ و دەروون، کە لە بزووتنەوەکەی شاخۆشین (موبارەک شا) لە کۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی، هاوڕا و هاوبەش بووە بۆ زیندووکردنەوەی کولتووری دێرینی کورد لە بەرگێکی نوێی سەردەمانەدا.

ماموستا عەلائەددین سەجادی لە کتیبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)دا، ئاماژە بەوە دەکات کە باباتاهیر کۆمەڵێک چوارینەی بە زاری گۆران نووسیوە و بۆ ئەهلی هەقەکان ڕەوانەی کردووە، ئەوانیش پیرۆز ڕایانگرتووە و لە بۆنە و کۆبوونەوە ئایینییەکاندا وەک سروود بە ئاوازی مۆسیقاوە دەیخوێننەوە، چونکە فریشتەی چوارەمی باباخۆشین بووە، د. مارف خەزنەدار لە کتیبەکەی مێژووی ئەدەبی کوردی،

بەرگی یەکەم، هەروەها د. سدیق بۆرەکەیی لە مێژووی وێژەیی کوردی، بەرگی یەکەم هەمان ڕایان هەیە.

ئەو کۆمەڵە چوارینانەی م. عەلائەددین سەجادی ئاماژەی پێ کردوون، بوو بە غەمی من، پاش گەڕان و پشکنینێکی زۆر لە گوندێکی یارسانیان لە دەوروبەری مووسڵ دەستم کەوت، کە ساڵانیک بوو لە ترسی بارودۆخی ناهەمواری ناوچەکە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەت لە ژێر زەویدا شاردابوونەوە، لەم دواییانەدا ژمارەیەکی زۆر لەو چوارینانەم دەستکەوت کە ڕۆشنبیرێکی یارسانی بۆی ناردم، لە نێو دەفتەرە پیرۆزەکانی یارساندا پارێزرابوون، کە بە ئاوازی تەمووره ئەو سروودانە لە بۆنە ئایینییەکاندا دەخوێنرێنەوە، تەموورەش (تەمیرە) ئامێرێکی مۆسیقای پیرۆزە لای یارسانییان، سەرەڕای ئەوەی باباتاهیر بەناو یاران و هەوادارانی ڕێبازەکەی بابا خۆشیندا گەڕاوە، لە لوڕستان بۆ هەمەدان، بۆ هەورامان و ناوچەکانی فارس (شیراز ) و شار و شارۆچکەکانی ئێران و کوردستان بە گشتی، سەردانی کردووە و ڕێنمایی کردوون، لە شاری مەندەلی، کە ئەوسا سەر بە قەزای خانەقین بوو، مەقامێکی باباتاهیر هەیە، یارسانییان پیرۆز ڕایان گرتووە و دەچنە زیارەتی، چونکە باباتاهیر ماوەیەک لەو شارە ژیاوە و ڕێنمایی ئامۆژگاری ئایینییانی کردووە، خەڵکی ئەوێ زۆر چیرۆک لەسەر ژیانی ئەو لەوێ دەگێڕنەوە.

لەم دواییانەدا هەندێک سەرچاوەی چوارینەکانی باباتاهیرم دەسکەوت، کە یەکێکیان چوارینەکانی نێو دەفتەرە دەسنووسەکانی یارسان بوون، بە پشکنین و بەراوردکردنیان لەگەڵ ئەوانەی پێشوو، بۆم دەرکەوت هەڵە و دەستکاری زۆری چوارینەکانی باباتاهیر رووی داوە و کراوە، کە



باباتاهیری هەمەدانی

بوونەتە هۆی لادان لە بیروڕاکانی باباتاهیر لە نێو ئەو چوارینانەدا.

ئەکرەم میهرداد لە لا٥٩ ی گۆڤاری لوڕ، ژ٢٠ دەربارەی باباتاهیر دەڵێت: باباتاهیر لە سەردەمی خۆی لە ناو پەیڕەوانی ئایینی یارسان لە ناوچەی هەمەدان و ئەڵوەند دارای پایەی خاوەن شایستە و جیگای ڕێز بوو، عادل محەمەد پووریش لە لا١٧١ی هەمان گۆڤاردا دەڵێت: باباتاهیر چەند شیعری بە زوانی کوردی هەورامی بۆ ڕوونکردنەوەی ئایینی یارسان هۆنیوەتەوە و ناردوونی بۆ یارانی ئەهلی هەقیقەت (ئەهلی هەق)، بەڵام نەیتوانیوە بە ڕوون و ئاشکرا لە نێو چوارینەکاندا بیروباوەڕی خۆی دەرخات، چونکە سەرزەمانی قبووڵ نەکردنی دەرکەوتنی هەر گرووپ و ڕێباز و ئایینێک بوو، هەروەها بەهرووز مەلەکشا لە لا ٣٣ی هەمان گۆڤاردا دەڵێت: عەین القوزاتی هەمەدانی و مەنسووری هەلاج، بە هۆی گوشار و مەترسی نەیارانەکانیان، بیروباوەڕەکانیان شاردووەتەوە و هەندێک جاریش ڕەتیان کردووەتەوە، بیروباوەڕی

باباتاهیر جێی ڕەزامەندیی مەشایخی سۆفییە نەبوو.

زۆریش لە سۆفییەکانی ئەو سەردەمەی مەنسووری لەگەڵ هەلاج هاوڕابوونە، بەڵام نەیانتوانیوە بیروڕای خۆیان بدرکێنن، چونکە جێی قبووڵ کردن نەبووە و دەبووە هۆی ئەوەی بەکافر و لادەر لە ئایینی ئیسلام ناوزەد بکرێن و لەناو دەچوون، وەک ئەوەی مەنسووری هەلاج کە خوی پێ ڕانەگیرابوو، نهێنی درکاندبوو، بووبووە هۆی لەناو چوونی.

بۆ تێگەیشتنی هەقیقەتی باباتاهیر و بیروباوەڕی، چوارینەکانی تێڕوانین و تاووتوکردنی وردی دەوێت، هەرچەندە باباتاهیر لە تەسەوفدا تا ڕادەیەک خەتی سووری بەزاندووە و لە نێو چوارینەکاندا ڕۆژ نهێنیی درکاندووە، بەڵام وردبینی زۆری دەوێ تا لە بیروباوەڕی ڕاستەقینەی بابا تێ بگەی، یان دەبێت یارسانییەکی شارەزا بیت، یان شارەزاییەکی تەواوت لە ڕێباز و ئایینی یارسان هەبێت.

بۆ سەلماندنی یارسان بوونی باباتاهیر و ڕوونکردنەوەی بیروباوەڕەکەی، هەندێک لە چوارینەکانی شی دەکەینەوە و دەیخەینە بەرچاو، کە لە دڵەڕاوکێ و شک بوون لە یارسان بوونی بابا ڕزگارمان بێت، لەوانە:

**(١) مو ئان بەحرەم کە دەر زەرف ئامەدەستم**
**چون نوقتە بەر سەر حەرف ئامەدەستم**
**بە هەر ئەلفی ئەلف قەدی بەر ئایەد**
**ئەلف قەدم کە دەر ئەلف ئامەدەستم**

ئەحمەد تاقانە گۆڕیویەتی بۆ سەر زاری سۆرانی:

**من ئەو بەحرەم لە جاما هاتمە گۆڕێ**
**وەک نوقتە لە پیتا هاتمە گۆڕێ**
**بە هەر ئەلفی ئەلف قەدی پایەیە**
**ئەلف قەدم لە ئەلف هاتمە گۆڕێ**

باباتاهیر لەم چوارینەیەدا خۆی بە دەریا دەشوبهێنێ، دەریا دنیایەکی پڕ نهێنییە، واتە بابا نهێنیی گەورەی پێیە، بۆیە ئا لەم بارودۆخەدا هاتووەتە دنیاوە وەک پێویستییەک، چۆن خاڵ پێویستە لە سەر پیت هەبێت، چونکە بە پێی بیروباوەڕی باباتاهیر و هەموو کولتووورە دێرینەکانی تر، هەر هەزار ساڵ جارێک پیاو چاکێک و زاتیکی ئایینی دەردەکەوێت، بزووتنەوەیەکی نوێ بەرپا دەبێت، بۆ بەردەوام بوون و نوێ کردنەوەی ڕەوتی بیروباوەڕ، وا ئەو لەم هەزارەیەدا و لەم بارودۆخەدا دەرکەوتووە کە پێویستە.

د. مارف خەزنەدار لە لا ١٨٦ی بەرگی یەکەمی مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئەم دوو بەیتە لێک دەداتەوە و دەڵێت: ئەم دوو بەیتە نهێنی و موعەممایەکی زۆری تیدایە و یەکیکە لە شیعرە داخراوەکانی ئەدەبی کوردی، هەر خۆی جارێکی دی دەڵێت: من نە پێموایە ئەم چوارینەیە مەتەڵێکی گران بێت و نە پێموایە نهێنی و موعەممایەکی زۆری تێدا بێت، ئەگەر بیروباوەڕی خودی باباتاهیر بخەینە بەر چاو کە بەشێکە لە بیروباوەڕی ئەهلی هەق (یارسان).

واتە باباتاهیر خۆی یەکێک لەو پیاوە گەورانە داناوە کە لەسەری هەموو هەزار ساڵێکدا خوا یەکێکیان دەنێرێ (گ. ک. زانیاری کورد ژ٥ لا١٢، ساڵی ١٩٧٧ز )، هەروەها بەهرۆز مەلەکشا لە لا ٣٣دا دەڵێت: مو ئان بەحرەم کە دەر زەرف ئامەدەستم، واتە من ئەو دەریایەم کە هاتوومەتە زەرف و قاڵبدا جێگیربووم، بێگومان وشەی دەریا و زەرف لەم چوارینەیەدا ئاماژەیەکی ڕاستەخۆ بەم چەمک و باوەڕە ئایینییەوە، بەحر هێما و ئاماژەیە بە زاتی خوا کە جەستە و قاڵبی باباتاهیر لە شیعرەکەدا بە زەرف شوبهێنراوە و جێگیر بووە، حەرف لەم شیعرەدا هاتووە ئاماژەیە بە چەمکی بوون و

ژیان بە جۆریک ئاماژە بەرجەستە بە ناوبانگی ئینجیلە کە لە سەرەتادا وشە بووە، بە بێ خاڵ و نوقتەی سەر پیتی (ف) چەمک و مانا سەرەکییەکەی نامێنێت.

شێخ موعتەسەم هاشمی لە لا٤٥دا دەربارەی شیعرەکانی باباتاهیر دەڵێت: بابا لە سێ بەشدا (ژیان، بیروباوەڕ، شیعر) تاقانەیە و لە هەر سێ بواردا سروشت و تەبیعەتی باسەکە وای کردووە کە ڕەمز و ڕاز، داپۆشراویکی زۆری هەبێ، ئەکرەم میهردادیش لە لا ٦٥دا دەڵێت: باباتاهیر کۆنترین و بە ناوبانگترین شاعیری دێرینی کورد و ئێرانە و هیچ کەس لەو دلێرانەتر و بێ پەرواتر لە ڕێگەی شیعر و شاعیریدا ڕێوان نەبووە.

ئەگەر بە شێوەیەکی قووڵ و فەلسەفییانە لە شیعرەکانی باباتاهیر وردبینیەوە، زۆر فراوانتر لە ناخی ڕێبازی سۆفیگەریتیدا بە مانا مەجازییەکەی مانا و واتای دی دەبەخشێت.

بەهرۆز مەلەکشا لە لا٣٣دا دەڵێت: ژمارەی هەزار لە لای زۆربەی نەتەوەکان، بە تایبەت لای زەردەشتییەکان، کە لەو باوەڕەدان لە سەرەتای هەر هەزارەیەکدا بلیمەتێکی پاک و بێ تاوان (مەعسووم) سەر هەڵدەدات.

**(٢) یاگیم دوڕ دی هەنی دەریە نەبود یار**
**یاگیم خەوەر دید گهان پەیدا نەبود یار**
**من ئەزئان ڕوو بە دامانی تە زەد دەست**
**دە گەردوونت پەرو پایی نەبود یار**

واتاکەی:

**ئەو جێیەی دوڕم تێدا دی هێشتا زەریا نەبوو ئەی یار**
**ئەو جێیەی ڕۆژم تێدا دی هێشتا گێتی نەبوو ئەی یار**
**من لەو ڕۆژەی کە دەستم گەیشتە داوێنت**
**لە گەردووندا هێشتا پەرو باڵ نەبوو ئەی یار**

د. مارف خەزنەدار لێکی داوەتەوە و دەڵێت: لەم دوو بەیتەدا باباتاهیر باس لە گیان (یار) دەکات، ئەمە زۆر پێش دروستکردنی گێتی کەوتووە، بە پێی کتێبی سەرئەنجامی یارسان ڕاڤەی دەکات و لە دواییدا دەڵێت: شاعیر لەم دوو بەیتەدا هەمیشە موتڵەق دەخاتە ڕوو، کە گیان هەبوو، هێشتا مادده نەبوو کە دوڕ و ڕۆژ و یار هەبوو هێشتا گێتی دروست نەبووبوو.

د. سەفی زادە بۆرەکەیی لە لا٩٢دا بە شێوەیەکی ڕوون و ساکارتر ڕاڤەی دەکات و دەڵێت: باباتاهیر دەڵێت ئەی خوای گەورە و بە بەزەیی، لەو جێگەدا کە دوڕبوو، منیش لە ڕۆژی بەریندا لەوێ بووم و ئەو دوڕەم بینی، ئەو دەمە هێشتا دەریا و زەوی و ئاسمان و ئەم جیهانەت بەدی نەهێنابوو، لە جیهانی ڕوون و خاوێنی تۆدا کە من هەتاوی خواییم دی و گەوهەری هەموو بەندەکان بۆ سروشت بوون و بەدیهێنانی بەڵێن و پەیمانیان دا و بە گەورەیی و شکۆیی خوایی تۆ گەواییان دا، منیش دەستم گرتە داوێنت و بەڵێنم دا.

باباتاهیر ئا لەم چوارینەیەدا باسی ڕوح و دۆنای دۆن دەکات، وەک فریشتەیەکی خوایی، کە ئەمەش تەوەرێکە لە بیروباوەڕی ڕێبازەکەی، کە یارسانییە، یان بە شێوەی زانستییانە لێکی بدەیتەوە، باباتاهیر باسی پێش تەقینەوە گەورەکەی گەردوون دەکات کە هێشتا ئەم جیهانە نەهاتووەتە بوون.

**(٣) بە خەنجەر گەر بەر ئارند دیدەکانم**
**دەر ئاتەش گەر بسوزند ئیستخوانم**
**ئەگەر بەر ناخنانم نەی بکوبەند**
**نەگیرم دڵ زە یار میهرەبانم**

ڕازی لە لا ٢٧دا کردوویە بە زاری سۆرانی:

**بە خەنجەر گەر دەربێنن دیدەکانم**
**بە ئاگر کە بسووتێنن سوقانم**
**ئەگەر نەی ئاژنیش کەن ناخونانم**
**نکوڵی ناکەم لە یاری میهرەبانم**

باباتاهیـر لـەم چوارینەیـەدا پابەندبـوون و دڵسۆزی بۆ یاری میهرەبانی خـۆی دەخاتـە ڕوو کـە یـاری شاخۆشـینە (موبـارەک شـا)، هەروەهـا پابەندبوونی بـە بیروبـاوەڕی یارسانی کـە دەڵێت ئەگـەر بـە هەمـوو ئـەو ڕێگایانـە ئـازارم بدرێـت، لـە پـەردەی دڵ دەنووسـێت کـە عاشـقی یارەکەیەتـی و ڕێبازەکـەی و نکوڵـی لـێ نـاکات.

وا پـێ دەچێـت بـە گوێـی باباتاهیـردا هێنرابێـت کە دەست لـەو ڕێبـازەی خـۆی هەڵبگرێ، بۆیـە بەو شێوەیە وەڵام دەداتەوە و سـوورە لەسـەر بەردەوامی پابەندبوونـی بـە بیروبـاوەڕی خـۆی و ئامادەیـە لـە پێناویـدا، هەرچـی ئـازار و ئەشـکەنجەیەکی بـەر کـەوێ .

**(٤) مە ئەژ عیلم لودن سەرمایە دیرم**
**تەلائیکم کە ئەژ پایە دیرم**
**ئەگەر غەم بێ خوراک شەوم و ڕۆژم**
**مە دۆسی چی خۆشین هەمسایە دیرم**
**واتاکەی:**
**من لە عیلم و مەعریفەتدا سەرمایەم هەیە**
**زێڕێکم پلە و پایەم هەیە**
**ئەگەر غەمی بێ خۆراکی شەو و ڕۆژم بێ**
**من لە سایەی دۆستی خۆشینم**

بەهـرۆز مەلەکشـا لـە گۆڤـاری لـوڕ، ژ٢، لا٣٥دا دەڵێت: باباتاهیـر سـەرەڕای داننـان بە شـارەزایی و زاڵ بـوون بـە سـەر زۆربـەی زانسـت و مەعریفەکانـی سـەردەمدا، خـۆی بـە دۆسـت و موریـدی شاخۆشـین دەزانێـت، شاخۆشـین کـە سەرپەرشـتی بزووتنەوەیەکـی ئایینـی دەکرد، بـۆ زیندووکردنەوەی کولتـووری دێرینـی کـورد، لـە ناخیـدا ڕێبـازی ئایینـی یارسـان، باباتاهیـر هاوشـانی شـا خۆشـین کۆششـی دەکـرد و خـۆی بـە دۆسـت و موریـدی ئـەو دەزانـێ، کـە م. عەلائەددیـن سـجادی بـە فریشـتەی چوارەمـی شاخۆشـین هەژمـاری دەکات، ئەمانـە و زۆری تریـش هـەن وەک یارسـانییەک هەقیقەتـی باباتاهیـر دەردەخـەن، نـەک وەک یارسـانییەکی سـادە و سـاکار، بەڵـکوو وەک ڕابـەر و ڕێنماییکـەر و نوێکـەرەوەی ئایینەکـە، زۆر کـەس هـەن نایانـەوێ دان بـەو هەقیقەتـەی باباتاهیـردا بنێـن، ئەمـە بـۆ هـەر مەبەسـتێک بێـت، زوڵمێکـی گەورەیـە دەرهـەق کەسـایەتی باباتاهیـر دەکرێـت کـە ئـەو ڕۆڵـە گەورەیـەی لـە زیندووکردنـەوەی کولتـووری دێرینـی کـورد و چوارینەکانـی مێـژوو و بناغـەی ئەدەبـی کوردییـەدا هەبـوو.

**سەرچاوەکان:**


١- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەددین سـەجادی، چ٢، ١٩٧١ز، بەغدا.
٢- مێژووی ئەدەبی کوردی، د. مـارف خەزنـەدار، ب١، هەولێر.
٣- مێژووی وێژەی کوردی، د. سـدیق سـەفی زادە بۆرەکەیی، ب١، ١٣٧٠ ف.
٤- باباتاهیـری هەمەدانـی، هەیـاس مەحمـوود کاکەیـی، ٢٠٢٢ز، کتێبخانـەی شـاهانەی سـوید.
٥- گۆڤاری لوڕ، ژ٢، ساڵی ٢٠١٠ز . سلیمانی.
٦- چوارینەکانـی باباتاهیـری عوریـان، ڕازی، ١٩٧٦ز .بەغدا.
٧- باباتاهیـر و بەرهەمـی، ئەحمـەد تاقانـە، ٢٠٠٩ز، هەولێر.
٨- باباتاهیـر هەمەدانـی مەشـهوور بـە عوریـان، محەمـەد خـاڵ، ١٩٧٧ز، بەغـدا.
٩- گ. ک. زانیاری کورد، ژ٥، ساڵی ١٩٧٧ز، بەغدا.
١٠- دوو بەیتەهـای باباتاهیر، انتشـارات گەنجینـەی ناسر خەسرەوی، ١٣٧٦ف.
١١- دیـوان کامـل باباتاهیـر، انتشـارات ڕەجـەوی، چ٢، ١٣٨٤ف.
١٢- شیعری باباتاهیر، دەفتەری دەستنووس.

# ململانێی نەوەکان لە چیرۆکی (تەرم)دا

دلێر کەریم
(گەرمیان- ڕزگاری)

(بۆنــی تاریکــی) نــۆ کورتــە چیــرۆک لەخــۆ دەگرێـت، کـە دوا چیرۆکیـان چیرۆکـی (تەرم)ــە. هــەروەک ئــەوەی کــە مــردن دوا پــەردەی شــانۆی ژیانـە، فەرهـاد شـاکەلی، بـە زمانێکـی هونەریی باڵا، لـە پێشــەکی کۆمەڵــە چیرۆکـی (بۆنــی تاریکــی)دا ئاماژە بـەوە دەکات کـە (مـن چیرۆکنـووس نیـم، بە تەمایش نیـم، تـازە، ببمـە چیرۆکنـووس). دەربڕینی ئـەوەی کـە ئـەدەب بـە شـێوەیەکی گشـتی (بڕبـڕەی پشـتی ئـەدەب زمانـە) (١) و چیـرۆک بـە تایبەتـی (گومانـی تێدا نییـە کـە بڕبـڕەی پشـتی چیـرۆک، زمانـە) (٢) لـە (زمـان) پێـک دێـت، ئـەم چیرۆکـە دەکـەن بـە چیرۆکێکـی بـاڵا.

لێرەدا نووسـەر باس لەوە دەکات، کە وەک شـاعیر لـە مـاوەی بیسـت و پێنـج سـاڵدا، پێنـج کۆمەڵـە شـیعری بـڵاو کردووەتـەوە. دەڵێـت (هەنـدێ جـار شـیعر نایـێ بـە هانامـەوە، یـان شـیعر دەرۆسـتی ئـەو بیرانـەم نایـەت. ئـەم چیرۆکانـە بەرهەمـی ئـەو ڕووبەڕووبوونەوانــەن)، ئەمــە ڕێــک بــە پێچەوانــەی نووسـەرێکی وەک (مەریـوان وریـا قانع)ــە، کـە لـە سـەرەتای دیوانـی (دڵشـکان) (٣) دەنووسـێت (مـن لـە مێـژە شـیعر دەنووسـم. لـە مێـژە دەزانـم هەندێـک ئاراسـتە و دۆخ و ساتەوەختی تایبەتـی ژیـان هـەن، تەنیـا شـیعر دەتوانێـت شـتێکی ماناداریـان لەسـەر بڵێـت، تەنیـا شـیعر لـە تواناییدایـە دەسـتیان بگرێـت و بیانخاتــە ســەر ڕووبــەری لاپــەڕە ســپییەکان). دوو نووسـەری خـاوەن هـزری تایبـەت بـە خۆیـان،

یەکێکیان شاعیرێکی ناوداری (قوتابخانەی کفری)، کە نیگەرانە لەوەی شیعر بە هانایەوە نایەت و پەنا دەباتە بەر ماڵە فراوانەکەی چیرۆک بۆ دەربڕینی ئەو بیرانەی لە دەفری شیعردا بە ئاسانی بۆی نایەنە دەست. ئەوی تریشیان لە (قوتابخانەی ڕەهەندییەکان) وەک ئەکادیمییەک، ساڵانێکە لێکۆڵینەوە دەکات و دەنووسێت، کەچی دواجار شیعر هەندێک لە (نەگوتراوەکانی) بۆ مانادار دەکات.

نووسەر لە پێشەکیدا کورتەیەک لەسەر چیرۆکەکانی دەنووسێت و ئەم چیرۆکەیان (چیرۆکی تەرم) بە (پرسیار و گومانی تاکێکی ئەم سەردەمەیە لە مەودایەکی مێژوویی- سیاسیدا، بەڵام ڕەنگوڕووی کوردانەیشی بە ئاشکرا پێوە دیارە. نووسەر لەم چیرۆکەدا، باس لە گەشتی کوڕێک دەکات کە لەگەڵ باوکیدا کردوویە، (باوک) وەک سیمبۆلێک دەشێ مەبەستی نووسەر هێزێکی سیاسی، قۆناغێکی مێژوویی، ئایدیایەک بێت کە ساڵانێک هاوسەفەری نووسەر بووە.

سیمبۆل «شتێکە کە نیشانەدەری شتێکی تر بێت» (٤). لە سەرەتای چیرۆکەکەوە ململانێی کوڕ و باوک لەسەر کاتی گەشتەکە دەردەکەوێت. کوڕ بەیانی بە کاتی گونجاو دەزانێت، باوک ئێوارە هەڵدەبژێرێت. دەکرێ لێرەوە دەلاقەیەک بکەینەوە کە ململانێی مێژوویی باوک و نەوەکان ببینین. ئەویش لەسەر کات، لێرەدا ئەزموون بەسەر هێزدا سەر دەکەوێت، چونکە کوڕەکە بە پێچەوانەی باوکییەوە، حەز دەکات بەیانی زوو لە ماڵ دەرچن، بەڵام باوکەکە حەزدەکات ئێوارە بکەونە ڕێ، کەچی دواجار کوڕ بۆی دەردەکەوێت هەڵە بووە لە دیاری کردنی کاتەکەدا و ئەوەی باوکی بڕیاری لەسەر داوە گونجاوترین بووە (جا بە ڕاستی باشیشی بۆ چووبوو، چونکە



فەرهاد شاکەلی

ئەگەر وامان نەکردایە، ئەگەر وەک من بیرم لێ کردبووەوە، وامان بکردایە، دەفەوتاین).

گەشتەکەیان نۆ ڕۆژی خایاندووە، لەو نۆ ڕۆژەدا، پێنج ڕۆژی هاوسەفەرن و ڕێگە دەبڕن، کە باوکی دەمرێت کوڕەکە بە تەنیا دەمێنێتەوە و چوار ڕۆژی تر هەوڵی گەیشتن بە دەروازەیەکی ڕزگار بوون دەدات. مانەوە لەو حاڵەتی دڵتەنگی و ترسەدا، بە دیار تەرمێکەوە، ئەوجا ئەو تەرمەش هی باوک بێت، هێز و ئیرادەیەکی ئەوتۆی دەوێت لە سەرووی تواناییەوە بێت.

دەکرێ بۆ مردنی ئاسایی هەموو باوکێک لەو ئاستەنگ و کێشانە بێنە ڕێی نەوەکان، لە دوای مردنی باوکییەوە. نووسەر لەو خۆدواندنانەی کوڕەی باوک مردوودا پێمان دەڵێت کە کوڕەکان لە دوای مردنی باوکیانەوە دەبێت چۆن درێژە بەو ڕێگایە بدەن کە باوکی لە کاتی خۆیدا درێژەی پێ داوە، بۆیە لە بری گەڕانەوە بۆ ماڵ و خاڵی دەستپێکی گەشتەکەیان، بە هەمان ئاراستەی گەشتەکەی باوکی (کە هەر خۆی پلان داڕێژەری بوو) تەرمەکەی باوکی

دەگوازێتــەوە.

لـەو شـەوەی کـە باوکـی دەمرێت، کۆتـا گفتوگۆی نێوان بـاوک و کـوڕ بەم شـێوەیە دەبێت، جارێکیان بانگی کـردم، بـە نـاو بانگـی کـردم:

– بەڵێ، بابە گیان.

– چی ئەکەی...؟!

لــەوە زیاتــر باوکــی نایەتــە گــۆ، نــەک هــەر نایەتـە گـۆ و گفتوگۆکەیـان تـەواو ناکـەن، بەڵکـوو وەڵامـی کوڕەکـەش وەرناگرێتــەوە، دەمرێــت. لـە دڵـی کـوڕەدا ئـەوە دەبێتـە گـرێ، کـە ئاخـۆ باوکـی لـەو پرسـیارەی چـی ئەکـەی؟ مەبەسـتی چـی بـووە؟ ئایـا مەبەسـتی ئـەوە بـووە لـە کاتـی پرسـیارکردنەکەدا چـی دەکات؟ یـان مەبەسـتی ئـەوە بـووە لـەوە بەدوا، بـۆ داهاتوو، بۆ پاشـەڕۆژ، چـی دەکات و بـە تەمایـە چـی بـکات!! ئـەم گـرێ و پرسـیارە فەلسـەفییە وەک قسـەکانی پێشـووی باوکـی نییـە دوای ماوەیـەک لێکـی بداتـەوە و لـە ڕاسـتی تێگەیشـتنەکەی دڵنیـای بکاتـەوە. مـرۆڤ تـا باوکـی لـە ژیاندایـە (باوکێکـی سـیمبۆلی) ئـەو وەک ڕێنیشـاندەر و گـەورەی مـاڵ و خێـزان دەمێنێتــەوە، ئــەو ئاراســتەکانی ژیــان دیــاری دەکات، کـە بـاوک دەمرێـت، لەگـەڵ خۆیـدا و جگـە لـە جەسـتەی وەک تەنێکـی ئۆرگانـی، ڕێنیشـاندەر و ئاراسـتەکاری ژیانیـش دەمرێـت، بـە تایبـەت بـۆ کوڕێکـی گوێڕایەڵـی باوکـی، کـە پێشـتر بـە پێچەوانـەی قسـەکانی ئـەوەوە هەنـگاوی نەنـاوە، بۆیـە لێـرەوە کـوڕە بـە خـۆی و تەرمەکـەی باوکییـەوە دەکەوێتـە ڕێ، خـۆی هـەم ڕێنیشـاندەر و هــەم جێبەجێکاریــش دەبێــت، کەســی لەگــەڵ نییـە، جگـە لـە تەرمەکـەی باوکـی. لـە دەشـتێکی چـۆڵ و کرکای کرک بـاوەش لە تەرمەکـە دەدات و بـە مەبەسـتی گەیشـتنی بـە جێگەیـەک، بـەردەوام ڕێ دەکات.

نووسـەر وەک کافـکا دژی بـاوک ناوەسـتێتەوە، بەپێچەوانــەوە لــە ڕێگــەی ئــەم چیرۆکــەوە، بــە ئاراسـتەی ڕۆیشـتنەکەی باوکییەوە دەڕوات، دەکرێ ئــەو ژینگــەی نووســەری تێــدا پــەروەردە بــووە، هەمـان ئـەو ئاراسـتەیە بێـت کـە لـە بنەماڵـەی خۆیـدا ڕەنگدانـەوەی بـووە. (خوێنـدەوار، شـاعیر، شـێخ)، بـەڵام ئەمەیـان تـا سـەر نـاڕوات، وردە وردە بۆگەنبوونــی (تەرم)ــەکە کــوڕەی دڵســۆزی باوکیشـی بێـزار دەکات و ناتوانێـت لـە کاتـی پشـوودانەکانیشـدا، لـە تەنیشـتییەوە بوەسـتێت، یـان بخەوێـت.

هەڵگرتنـی تەرمەکـە، لـە قۆناغـی دووەم دەبێتـە لـە کۆڵنـان، دوای دوو ڕۆژ، هێـز لەبـەر کـوڕە دەبڕێـت و بیـر لـەوە دەکاتـەوە بـۆ ڕۆژی سـێیەم دارەمەیتـێ دروسـت بـکات و تەرمەکـەی بگەیەنێتـە جێگەیـەک، لـە داهاتـوودا هەسـت بـە شـەرمەزاری نـەکات، نـەک جێـی بهێڵێـت. هـەر واش دەکات، دوو لکـە داری تەریـب بەیـەک دادەنێـت و بـە شـێوەی پەیـژە بـە شـووڵی تـەڕ دەیبەسـتێت و تەرمەکـەی لەسـەر دادەنێـت و ڕای دەکێشـێت. ئــەوەش مــاوەی دوو ســەعاتێک بــە کەڵکــی دێـت و مانـدووی دەکات، دواتـر دەسـماڵەکەی دەردەهێنێـت و دەیبەسـتێت بـە هـەردوو سـەری دارەمەیتەکـەوە و لەملـی دەکات، تاوێکیـش بـەو شـێوەیە ڕێ دەکات. کاتـی پشـوودان لەخـۆی دەپرسـێت: ئایا باوکـی لـە دارمەیتەکـە بکاتـەوە، یـان هـەر بـە دارە مەیتەکـەوە بێـت؟ خـۆ باوکـی زینـدوو نییـە تـا پشـوو بـدات، باشـترە هـەروا بێـت و بـۆ ڕۆژی دواتـر ئامادەیـە و پێویسـت بـە بەسـتن و توندکردنـەوە نـاکات! دیسـانەوە دەچێـت لـە دووری تەرمەکـەوە دەخەوێـت. ئـەم دوورییـە لـە تەرمەکـەوە، دوورییـە لـەو شـتەی کـە سـیمبۆلەکەی لێـرەدا باوکـە. دوای ئـەوەی

کە لەم قۆناغە تازەیەدا جگە لە بارگرانی، هیچ سوودێکی بۆی نییە و تەنیا ڕەنگە لەبەر لۆمەی خەڵکی و ڕەخنەی ڕەخنەگرانەوە پێوەی سەرقاڵ بێت.

بۆ ڕۆژی چوارەم کاتێک دەیەوێت بچێت تەرمەکە هەڵگرێت و بکەوێتە ڕێ، دوو سێ هەنگاوێکی دەمێنێ بگاتە تەرمەکە، لە بۆنی تەرمەکە بێزار دەبێت، تەنانەت ناتوانێت لێی بچێتە پێشەوە. دەزانێت کە هەرکەس مرد، دەبێت بخرێتە ژێر خاکەوە، بەڵام ئەم لەوەدا نایەوێت ئەم تەرمە بۆگەنبووەی باوکی بخاتە ژێر خاکەوە، کە تەنیایە و لە دەشتێکی چۆڵدایە، تا نەیگەیەنێتە مەنزڵێک، دەبێت هەر بەردەوام بێت لە کێشکردنی تەرمەکە، بۆیە پشتوێنەکەی خۆی لە پشتی دەکاتەوە و سەرێکی دەبەستێت بە دارەتەرمەکەوە و لە دووریشەوە ئەوسەری ڕادەکێشێت، ئەگەرچی پێنج شەش هەنگاوێک لێیەوە دوورە، بەڵام بۆنەکە هەر دێت، تەرمەکەش لە پێشتر قورستر دەردەکەوێت، بە هۆی ئەوەی هەمووی بە زەویدا دەخشا، دوێنێ تەنیا سەرێکی بە زەویدا دەخشا و سەرەکەی تری بە سنگ و بەرۆکی کوڕەکەوە بووە، تەنانەت دەنگەکەشی گۆڕاوە، (دوێنێ کە ڕامدەکێشا خڕەی دەهات، دەنگەکەی ئەمڕۆ جۆرێ تەپەتەپ بوو). وردە وردە ڕای دەکێشێت تا کاتێک تەماشا دەکات یەکێک لە گورزە شووڵەکان، کە هەردوو دارەکەیان پێکەوە گرێدابوو، خوارترینیان، ئەوەی لای پێی باوکی پچڕاوە، ئەمەش وای کردووە تاکێک پێڵاوەکەی نەمابێت. جاری دووەم دەبینێت تاکی دووەمیش کەوتووە، خۆی ئەمە بە سووکایەتی بە باوکی دەزانێت، بەڵام هیچ چارێکی تریشی نییە. تا زیاتر نزیک دەبنەوە لە خۆرئاوا، شووڵ و قامیشەکان هەموو دەپچڕێن و تەرمەکە دەکەوێتە سەر زەوییەکە.

(مرۆڤ بۆ ئەوە نەخوڵقاوە تا ببەزێت) (٥)، پیرەمێردەکەی لای هەمینگوای، خۆی بەدەستەوە نادات و لە ململانێ بەردەوام دەبێت، لێرەدا پاڵەوانەکە گەنجە و بۆ گەیاندنی تەرمەکەی باوکی بە شوێنێکی ئارام ململانێ دەکات، دەشێ هەوڵدان بێت بۆ پاراستنی پێگە و ناوبانگی باوکی، نەک بەجێهێشتنی تەرمەکەی. دوورکەوتنەوە لە تەرمی بۆگەنبووی باوکی، لە پێنج شەش هەنگاوێکەوە، زیاد دەکات بۆ بیست هەنگاوێک، دواتر بۆ چل هەنگاوێک، کە هەموو ئەمانە دوورکەوتنەوەی جەستەیی و کۆمەڵایەتییانەی منداڵ و کەسوکارن لە دوای کۆچی مردووەکان، کە دەردەسەرییەکانی ژیان لەگەڵ خۆیدا مەرگی ئازیزانت لە بیر دەباتەوە. چارەش نییە، هەموو ڕێگاکانی دەربازبوون، داخراون، خۆ ناشکرێ لە تەرمەکە نزیک بێتەوە و بە پشتوێنەکەی ڕای کێشێت و لاشەی بۆگەنبوونی باوکی بە زەویدا ڕاکێشێت، ناشتوانێت لەو چۆڵەوانی و دەشتاییەدا بەجێی بهێڵێت، خۆ ناشکرێ تا دنیا دنیایە بە دیار ئەم تەرمەوە دابنیشێت، دەبێ چی بکات؟ دەشپرسێت ئەوەی لەوێدا کەوتووە باوکم نییە، تەرمی باوکمە. تەرمێکی بۆن کردووە. ناکرێ بڵێم ئەوە باوکمە. باوکم پیاوێکی ڕێک و زیندوو بوو، ئەمەی ئێستا تەرمە، تەرمێکی بۆن کردوو. تازە ئیتر ناچارم، دەبێت بڕۆم! هەر نەبێت هەواڵی مەرگی بگەیەنم. کە بیر لە هەردوو سەری ئەم ڕێگایە دەکەمەوە، دەبینم هیچ کەسێک، لە هیچ لایەک، ئاگای لە ئێمە، لە باوکم و لە من نییە. تازە ئەوسەرمان بەجێ هێشتووە، بەڵام نەگەیشتووینەتە ئەم سەریش، یەک ڕێگەم بۆ ماوەتەوە، دەبێ بڕۆم. دەپرسێت

ئێستا جیاوازی من و باوکم چییە؟ لێرەدا ڕێک وەک پاڵەوانەکەی هەمینگوای، ململانێ دەکات، بۆ ئەوەی هەواڵی مانی خۆی و نەمانی باوکی، مانایەکی هەبێت.

نووسەر وەک شاعیر و پێشمەرگەیەکی شۆڕش، نسکۆی ١٩٧٥ی بینیوە، وەک زۆرێک لە شایەتحاڵەکانیش باسیان کردووە، نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە کۆی ئەو نەهامەتییانەی بەسەر گەلی کورددا هاتوون، سەختتر و ناخۆشتر بووە. لە هەمان قۆناغ، وەک ئەندامێکی کارای گرووپی کفریش، شیعری کوردییان نوێ کردووەتەوە، نووسینی «تەرم» بە ساڵانێکی زۆر دوای ئەو ڕێکەوتە دوورمان دەخاتەوە لەوەی بیرمان بۆ نسکۆ بچێت. دەشێ نووسەر وەک شایەتحاڵێکی ڕووداوەکانی کۆتایی سەدەی ڕابوردوو، (چیرۆکەکە لە تەمووزی ١٩٩٦ تا ١٩٩٧/١/٦ نووسراوە) باس لە شەڕی براکان بکات، ئەو شەڕەی لە ساڵی ١٩٩٤ و تەنیا شەش ساڵ دوای تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، هەڵگیرسا. شەڕی خوێناوی براکان، کە جادووی شۆڕش (باوک) پووچەڵ بووەوە و لە بری تەواوکردنی (گەشتێک بۆ ئازادی و سەربەخۆیی)، جەنگیان هەڵگیرساند و (بۆگەن بوون). لە هەر هەشت چیرۆکەکەی تردا، جگە لە ساڵی نووسینی چیرۆکەکە، ئەو شوێنەش دەستنیشان کراوە کە چیرۆکەکەی لێ نووسراوە، جگە لەم چیرۆکە کە تەنیا ئاماژە بە ماوەی نووسینەکەی دراوە و ناوی شوێنەکەی تێدا نییە، ئەمەش ڕێک ئەوەیە لێرەوە کوڕەکە، تەرمی باوکی بەجێ دەهێڵێت و دەبێت بگاتە شوێنێک تا هەواڵی مردنی باوکی بە خەڵک ڕابگەیەنێت. ڕەنگە تاراوگە ئەو شوێنە بێت نووسەر ویستبێتی لەوێ هەواڵ بە هەمووان بدات کە باوکی مردووە و فریای بکەون!

**سەرچاوەکان:**

(١) بێ کتێب هەڵناکەم، چەند تێڕوانینێکی ئەدەبی، شێرزاد حەسەن، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٠.

(٢) گۆڤاری ڕامان، (ژمارە ١٧٢)، زمانی شیعری پەشێو، شاخەوان فەرهاد محەمەد.

(٣) کتێبی دڵشکان، شیعر، مەریوان وریا قانع، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥.

(٤) گۆڤاری سێڤ (ژمارە ١)، ماهیەتی زمانی سیمبۆلیک، ئەریک فرۆم، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: شەیدا سەلاح.

(٥) ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریا)ی ئێرنست هەمنگوای، وەرگێڕانی: عیسا عوسمان، ساڵی چاپ ٢٠١٩.

# بەرچنێک لەبارەی زمانەوانی مەعریفی

ئا: هیمداد عەبدولقەهار محەمەد
سەنگەر حەسەن نەجم/ قوتابی دوکتۆرا
لەیلا حەمید/ قوتابی دوکتۆرا
(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی)

**پێشەکی:**

زمان یەکێک لە لایەنە پەنهانەکانی ژیان و مرۆڤایەتییە، بۆیە بیریار و فەیلەسووف و زاناکان هەوڵیان داوە لێی بکۆڵنەوە، بۆ ئەوەی تێی بگەن و لەو ڕێگەیەشەوە لە هەندێک لە مەتەڵەکانی بوون و مرۆڤایەتی و کولتوور و کۆمەڵگەش تێ بگەن، تەنانەت هەر زوو ئەفلاتوون و ئەرستۆ و چەندانی تر باسیان لە زمان و بیر و چۆنیەتی بنیادنانی واتاش کردووە. جگە لەوانەش لە زۆر شوێن و کولتووردا، زمان بۆ مەبەستی ئایینی و یاسایی و بازرگانیکردنیش گرنگی پێ دراوە. ئەوەتا هیندییەکان بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن دەقە ئایینییەکان بە دروستی بخوێننەوە و لێی تێ بگەن، بایەخیان بە زمان داوە و چەندان یاسا و ڕێسایان بۆ داناوە.

ڕێچکە و ڕێبازەکانی لێکۆڵینەوە لە زمان بە هەموو ئاست و لایەنەکانی، بە چەندان قۆناغدا ڕۆیشتوون و لە هەر سەردەم و ڕێبازێکدا تیشکۆ خراوەتە سەر لایەنێکی زمان، یان بە بوارێکی تری دەرەوەی زمانەوە بەستراوەتەوە. هەندێک لە ڕێچکە و قوتابخانەکانی زمانەوانی نوێ گرنگیان بە زمان داوە وەک دیاردەیەکی ژیاری و کۆمەڵایەتی کە ئەرکی تایبەتی پێ سپێردراوە، هەندێک لەو ڕێچکە و قوتابخانانە تەنیا بایەخیان بە لایەنی ڕەفتاری و دەروونی داوە و هیچ لایان لە مێشک و ئاوەز نەکردووەتەوە، تا لە ١٩٥٧ نوام چۆمسکی لە کتێبی ڕۆنانە سێنتاکسییەکان، بۆچوون و تێگەیشتنی خۆی لەبارەی زمان خستەڕوو، پاشان ماوە ماوە بە پێداچوونەوە و نوێکردنەوە، بۆچوون و تیۆرەکانی خۆی پاڵافتە دەکرد.

لە زۆربەی بۆچوونەکانیشیدا جەختی لەسەر ڕۆڵی مێشک و ئاوەز دەکردەوە و هەوڵی دەدا لە ڕێگەی ئەوەوە بگاتە چەند ڕێسایەکی گشتگیر کە بۆ هەموو زمان و هەموو مرۆڤێک بگونجێت، بەڵام ئەوەیش نەیتوانی تەنیا بەپشت بەستن بە مێشک و ئاوەز، هەموو دیاردە و پرۆسە زمانییەکان ڕوون بکاتەوە، چونکە لایەنی ئەزموون و هۆکارە نامێشکییەکانی پشتگوێ خستبوو، کەواتە بۆشاییەک لەنێوان ڕێچکە

و تیۆرەکانی پێش چۆمسکی هەبوو کە مێشک و ئاوەزیان پێشتگوێ خستبوو، ئەوانەی چۆمسکی و شوێنکەوتووانی بۆچوونەکانی کە بە تەواوی ڕۆڵ و بایەخی ئەزموون و لایەنە نازمانییەکانیان فەرامۆش کردبوو، بۆیە زمانەوانی مەعریفی وەک پێویستییەک بۆ دروستکردنی پردێکی پێوەندی لەنێوان ئەو دوو ڕێچکەیە پەیدابوو.

## پێناسە

زمانەوانی مەعریفی، ڕەوتێکی نوێی لێکۆڵینەوەیە لەنێوان زمان و مێشک، بگرە ئاوەزیش (Brain)، ئەمەش بە پابەندبوون بە جیانەبوونەوەی مانا و فۆرم، هەروەها گرتنەبەری ئەو بۆچوونەی کە زمان ڕەنگدانەوەی لایەنە گشتییەکانی مەعریفەیە (Cognitive) نەک هەر مێشک و ئاوەز بە تەنیا. ئەم ڕەوتە زیاتر سەرنج دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە زمان، پتر لە چوارچێوەی بەکارهێناندا باشتر و چاکتر لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، واتە بە زمانێکی سانا، زمانەوانیی مەعریفی لە سروشتی پێوەندیی نێوان زمان و مەعریفەی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە و دەپەرژێتە سەر کارلێککردنی زمان و مەعریفە و ئەو لایەنانەی کە هەر دوو بواری تێدا تێکەڵ بەیەک دەبن.

## سەبارەت بە زاراوەکە

لە زمانی کوردیدا، تا هەنووکە لە کتێبگەلی زمانەوانی و نووسینی ئەکادیمی چەند زاراوەیەک لە بەرانبەر (Cognitive Linguistics)ی ئینگلیزیدا بەکارهاتوون، ئەوانەش: زمانەوانی (مەعریفی، هۆشەکی، پەیبردن و درککردن)، بەڵام زاراوەی (مەعریفی) پتر و بەرفراوانتر لە هەموویان بەکارهاتووە، بۆیە ئێمەش لەم نووسینەدا ناچینە نێو وردەکاری زاراوەسازی و زاراوەی زمانەوانی مەعریفی بەکاردێنین، چون ئەمە سەرەقەڵەمێکی خێرایە دەربارەی ئەم ڕەوتە.

## زەمینە و پاشخان

زمانەوانیی مەعریفی وەک بزووتنەوەیەک نەک تیۆرێکی دیاریکراو لە سەرەتای ١٩٧٠کاندا سەری هەڵدا. وەک کاردانەوەیەک بوو لە دژی ڕێبازگەلی فۆرمخوازی زمانەوانی (هاوشێوەی قوتابخانەی چۆمسکی)، کۆمەڵێک بنەما و گریمانە لەخۆ دەگرێت، کە بەشێکی زۆریان لەو زانستانەوە سەرچاوە دەگرن کە پێوەندییان بە هزر و دەروون و مێشکی مرۆڤەوە هەیە، بۆ نموونە، لە سەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەدا بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکان بایەخیان بە بابەتی پۆلێنکردنی ناو مێشکی مرۆڤ دەدا.

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو کۆمەڵێک لە توێژەر و زمانناسان پتر سەرنجیان خستە سەر پێوەندییەکانی نێوان زمان و مێشک، ئەمەش هەم وەک نوێگەری و هەمیش وەک هەڵشاخان بەرووی ڕەوتەکانی تری زمانەوانی ئەوکات، هەروەها دەبێت ئاماژەش بەوە بکرێت کە ڕەگوڕیشەی زمانەوانی مەعریفی دەشێت بۆ سەردەمی زووتر لەمە بگەڕێتەوە، بەتایبەتی بۆ مەسەلەی پۆلێنکردن categorization، هەروەها دەکرێت بڵێین سەرێکیشی لە دەروونناسی گیشتاڵتدا هەیە. توێژینەوەکان لە چوارچێوەی سایکۆلۆژیای گیشتاڵت لایەنەکانی زمانیان شی دەکردەوە. بەگوێرەی ئەم سایکۆلۆژیایە، مێشکی مرۆڤ ئەو زانیارییانەی پۆلێن دەکات کە لەڕێگەی هەستەکانەوە وەری گرتوون، هەر ئەم پۆلێنەش دەبێتە بنەمایەک بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ لە جیهان بە شێوەیەکی گشتی. بە پێی هەمان سایکۆلۆژیا، مێشکی مرۆڤ گشتگەرایە، واتە قەوارەکان بە

یەکپارچەیی دەبینێت، نەک شێوەی پارچەپارچە. بۆ وێنە، کاتێک پۆلێک باڵندە لە ئاسمان بەیەکەوە دەفڕن، مێشکی مرۆڤ وێنەیەکی وەک پیتی (V)ی ئینگلیزی دەبینێت نەک تاک بە تاکی باڵندەکان، واتە سەرنج لەسەر وێنە گشتییەکەیە.

کەوابوو زمانەوانی مەعریفی بە شێوەیەکی گشتی ئیلهامێکی لە زانستە جۆراوجۆرەکانی وەک دەروونناسی، فەلسەفە، مرۆڤناسی و زمانەوانی بەگشتی وەرگرت. ئاڵنگاری ڕێبازگەلی زاڵی وەک پێکهاتەگەرایی کرد، کە بە پلەی یەکەم لەسەر ڕێزمان و ڕستەسازی بوو. زمانەوانی مەعریفی هەوڵی دەدا زمان وەک ڕەنگدانەوەی پرۆسەی مەعریفی مرۆڤ تێ بگات، جەختی لەسەر ڕۆڵی مانا و چەمکسازی conceptualization و ئەزموونی بەجەستەکراو embodied experience دەکردەوە.

بەم جۆرەش دەشێت بڵێین کە زمانەوانی مەعریفی ئاڵنگاری ڕێبازگەلی زاڵی وەک پێکهاتەگەرایی کرد کە بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای ڕووتی ڕێزمان و ڕستەسازی بوو. هەنووکە و پاش ساڵانێک لە توێژینەوەگەلی ئەکادیمی لەم بوارەدا، زۆرینەی لقەکانی زمانەوانی بەرەو مەعریفی هەنگاویان ناوەو لەمەشدا بوونەتە خودان پاشخانێکی دەوڵەمەندی تیۆری.

هەرچەندە زمانەوانیی مەعریفی لە ساڵانی ١٩٧٠کان لەدایک بوو، بەڵام بزاڤەکە لەنێوان ساڵانی ١٩٨٩ و ١٩٩٠ لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی زمانەوانیی مەعریفی کەوتە سەر پێ، چونکە هەر لەم ماوەیەدا گۆڤاری زمانەوانیی مەعریفی لەلایەن کۆمەڵەکەوە دەرچوو، ئەمەش هانی توێژەرانی دا بەچڕی کار لەسەر زمانەوانیی مەعریفی بکەن، بە شێوەیەک کە لە ساڵانی نەوەدەکاندا ژمارەیەکی زۆر توێژینەوە بەرهەم هات.

دامەزرێنەران و کەسایەتییە بەنێو و دەنگەکانی ئەم ڕەوتە بریتین لە هەریەک لە چارڵز فیلمۆر، جۆرج لاکۆف، ڕۆناڵد لانگاکەر و لیۆنار تاڵمی کە هەریەک لەمانە بەشداری کارایان لە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان زمان و بیرکردنەوە و ئەزموونی مرۆڤدا کردووە.

## بنەما سەرەکییەکانی زمانەوانی مەعریفی

سەبارەت بە بنەما سەرەکییەکانی زمانەوانیی مەعریفی دەتوانین ئاماژە بە دوو خاڵ بدەین:

**یەکەم:** بنەمای گشتگیربوون و بنەمای مەعریفی. بە گوێرەی بنەمای گشتگیربوون، زمان وەک دیاردەیەکی یەکپارچە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، واتە لەکاتی لێکۆڵینەوە لە زمان ئاستەکانی لێک جیا ناکرێنەوە، ئەمەش بەو مانایە نییە کە زمانەوانیی مەعریفی دان بە جیاوازیی نێوان ئاستەکانی زماندا نانێت، بەڵکوو تەنیا بۆ مەبەستی پەروەردەکاری (فێربوونی زمان لە قوتابخانەکان، یان بە فەرمی) ئەم ئاستانە لێک جیا دەکاتەوە، ئەگەرنا لەکاتی لێکۆڵینەوە لە زماندا بە شێوەیەکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات. ئەم بنەمایەش تەواو پێچەوانەی شێوازی باوی قوتابخانەکانی دیکەی زمانەوانییە کە تێیاندا ئاستەکانی سینتاکس و دەنگسازی و واتاسازی هەر یەکەیان بە جیا لێیان دەکۆڵرێتەوە.

**دووەم:** بە گوێرەی دووەم بنەما (بنەمای مەعریفی) نابێت ئەو گشتاندنانەی لەبارەی زمانەوە دەکرێن دژی ئەو مەعریفەیە بن، کە لە بوارەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە هزر و مێشکی مرۆڤەوە بە دەست هاتووە. بۆ نموونە، مێشکی مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکان لێکدانەوە بۆ بابەتە جووڵاوەکان لە چوارچێوەی بابەتە جێگیرەکاندا دەکات. ئەگەر

باڵاخانە وەک قەوارەیەکی جێگیر و ئۆتۆمۆبیل وەک بابەتێکی جووڵاو بە نموونە وەربگرین، پێویستە لەکاتی دەربڕینی هەر ڕستەیەک لەبارەی پێوەندی نێوان ئەم دوو بابەتانە، ئەو خاڵەی ئاماژەمان پێ دا، ڕەنگ بداتەوە. بە دەستەواژەی تەکنیکی پێوەندی نێوان ئۆتۆمۆبیل وەک فیگەر (figure) و باڵاخانە وەک گراوند (ground) دەبێت لە ڕستەکەدا ڕەنگ بداتەوە. لەسەر بنەمای ئەم تێگەیشتنەش ڕستەیەکی وەک «قوتابخانەکە لە پشت ئۆتۆمۆبیلەکەوەیە»، هەڵەیە چونکە لێرەدا شوێنگۆڕکێ بە فیگەر و گراوند کراوە. پێویستە گراوندەکە، واتە باڵاخانەکە وەک بابەتی نەگۆڕ بۆ پێناسەکردنی ئۆتۆمۆبیلەکە وەک بابەتە جووڵاوەکە بەکار بێت، واتە ڕستەکە دەبێت بەم شێوازە دابڕێژرێتەوە «ئۆتۆمۆبیلەکە لە پشت قوتابخانەکەوەیە».

## دامەزرێنەران و کەسێتییە کاریگەرەکان

لە پەرەگرافی پێشوودا ناوی چەند کەسایەتییەکمان هێنا، لێرەشدا بەکورتی تیشک دەخەینە سەر کارەکانیان، یان ئەو لایەنەی کە پتر سەرنجیان خستووەتە سەر:

* **جۆرج لاکۆف:** لاکۆف کەسایەتییەکی بەنێو و دەنگی زمانەوانی مەعریفییە، ئەو بەکارەکانی لەسەر هەریەک لە میتافۆری چەمکی و بەجەستەکردن ناسراوە. لەگەڵ (مارک جۆنسۆن) دا بە هاوبەشی لەم بارەیەوە کتێبێکی کاریگەریان بەنێوی (هەڵکردن لەگەڵ میتافۆرەکاندا) (١) نووسیوە. کتێبەکە لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەوەی کە چۆن میتافۆرەکان تێگەیشتنمان لە جیهاندا لە قاڵب دەدەن.

کارێکی تری بەنێوبانگی لاکۆف بریتییە لە کتێبی «ژنان، ئاگر و شتە ترسناکەکان» (٢). کە لەساڵی ١٩٨٧ بڵاوکرایەوە و دەستپێکێکی گرنگە سەبارەت بە مەسەلە بەپێزەکانی نێو سیمانتیک (واتاناسی). کە بەشێوەیەکی سەرەکی سەنتەری لە پێکهاتەی خوازە (میتافۆر) گرتووە و تێیدا شوێن پێی خوازەی مەعریفی لەسەر هەریەک لە کولتوور بەتایبەتی و مرۆڤایەتی بەگشتی دەردەخات. بە شێوەیەکی گشتی کتێبەکە سەبارەت بە زمان و زمانناسییە و تێیدا لەو بازنەیەدا دەخولێتەوە کە قورس هەرسکردنی زمان دەردەخات.

ناوونیشانی کتێبەکە ئاماژەیە بۆ زمانی دیربال (زمانی ڕەسەنی ئوستراللییەکانی باکوور)، کە تێیدا ژنان و ئاگر و هەموو شتە ترسناکەکان دەچنەوە سەر یەک جۆر. بەگوێرەی خوێندنەوەکانی لاکۆف بێت، ئێمەی مرۆڤ، جیهان لەسەر بنەچەی جۆرەکان بنیاد دەنێین و لەم پرۆسەیەشدا جگە لە عەقڵێکی دیکارتی هیچی ترمان بە دەستەوە نییە. لەمەوەش هەریەک لە پرسیارەکانی وەک: چۆن بیردەکەینەوە؟ یان کاتێ بیردەکەینەوە، چەمکەکان چۆن بنیاد دەنرێن؟ دێنە پێشەوە. چۆن سێنتاکس پێوەندی لەگەڵ سیمانتیک هەیە، هەروەها سیمانتیکیش چۆن پێوەندییەکی هەیە لەگەڵ حەقیقەت! هەردووکیشیان چۆنن لە نێو مێشکدا؟ بەشێوەیەکی گشتی کتێبەکە لەسەر مەسەلەی جۆرەکان دەوەستێت و لەوەشدا بە فیزیکی مێشکەوە پەیوەست نابێت. لە بەشی یەکەمدا، نووسەر جەخت دەکاتە سەر «پۆلێن» کردن (لەسەر بنەمای ڕێڕەوی ڤتگنشتاین تا دەگاتە ڕۆچ)، هەروەها گرنگی جۆرەکانی لەسەر مۆدێلەکانی مەعریفە و قوتابخانە فیکرییەکان، لەم مەسەلەیەشدا جەخت لەسەر نموونەی باڵا لە زماندا کراوەتەوە، واتە بیرۆکە و فیکری مرۆڤ چۆن لە ڕێگای زماندا دەردەخرێن و کە تێیدا بەشێوەیەکی

دیار بەرانبەر قوتابخانە کلاسیکییەکان دەوەستێتەوە و هەر لەم سۆنگەیەوەشە کە بیردۆزێکی نوێ دێنێتە ئاراوە، کە لەسەرەتادا پێوانەیەک دەخاتە ڕوو بۆ ڕادەی مەعریفەی ئینسان، ئەویش بەدانانی «ئۆبجێکتیڤ» بەرانبەر بە «سەبجێکتیڤ»، کە ئەوەی یەکەمیان ئەوە دەردەخات حەقیقەت لە دەرەوەی پرۆسەی بیرکردنەوەیە، تەنانەت لە دەرەوەی هەریەک لە کولتوور و جیاوازییە زمانەوانییەکان دەوەستێت. کە ئەم ئۆبجێکتیڤەش دەوەستێتە سەر هەریەک لە هۆکارەکانی:

**یەکەم:** بیرکردنەوەی عەقڵانی (ئامانجی سەرەکی تێیدا یاریکردنی بە سیمبۆلەکان).

**دووەم:** هۆکار لە ئەسڵدا خۆی نموونەی باڵایە.

**سێیەم:** چەمکە عەقڵییەکان خۆیان نمایشخوانێکی ناوەکین و نوێنەرایەتی جیهانی دەرەوە دەکەن.

ئەمەش باسەکە ڕادەکێشێتە نێو مەسەلەی ئەوەی ئایا بیرکردنەوە لە دەرەوەی مرۆڤە؟ لەم سۆنگەیەوەش، لاکۆف باسە گرنگەکە دەورووژێنێت، کە ئەویش پۆلێنکردن و دیاریکردنی ئەو «جۆر»انەیە کە عەقڵ دەردەخەن! واتە بەم پێیە بێت تەعبیرکردنە زمانەوانییەکان ڕوانینێکی دروست لە کردارە مەعریفییەکانی نێو مێشک پێشکەش دەکەن و مرۆڤیش دەتوانێت تەنانەت هەموو گەردوون کاتەگۆری بکات.

* **ڕۆناڵد لانگاکەر:** لانگاکەر بە پەرەپێدانی ڕێزمانی مەعریفی ناسراوە، کە چوارچێوەیەکی کاریگەرە لە ناو زمانەوانی مەعریفیدا. کارەکانی جەخت لەسەر گرنگی پێکهاتە ڕەمزییەکان دەکەنەوە، وەک شێمای وێنە و مۆدێلی مەعریفی image schemas and cognitive models، لە زمان و بیرکردنەوەدا. لێکۆڵینەوەکانی لانگاکەر بەشدارییان لە تێگەیشتنمان لە پێوەندی نێوان ڕێزمان و مانا و مەعریفەدا کردووە.

* **لیۆنار تاڵمی:** لێکۆڵینەوەکانی تاڵمی لەسەر پێوەندی نێوان زمان و تێگەیشتن بوو. ئەو تیۆری «داینامیکی هێز»ی Force Dynamics پێشنیار کرد، کە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات چۆن هێزە چەمکییەکان، وەک پاڵنان و ڕاکێشان و بەرەنگاربوونەوە، تێگەیشتنمان لە ڕووداو و کردارەکان لە قاڵب دەدەن. کارەکانی تاڵمی بەشدارییان لە تێگەیشتنمان کردووە لەوەی کە زمان چۆن ڕەنگدانەوەی تێڕوانین و چەمکسازی ئێمەیە بۆ جیهان.

* **جیل فۆکۆنیەر و مارک تۆرنەر:** فۆکۆنیەر و تۆرنەر چەمکی «تێکەڵکردنی چەمکی»، یان «تیۆری تێکەڵکردن» «conceptual blending» or «blending theory»یان ناساند. ئەوان لێکۆڵینەوەیان کرد کە چۆن توانایی ئێمە بۆ تێکەڵکردنی فەزا و چەمکە دەروونییە جیاوازەکان ڕێگەمان پێ دەدات مانای نوێ دروست بکەین و لە دیاردە ئاڵۆزەکان تێ بگەین. کارەکانیان ڕۆشناییان خستووەتە سەر ئەو پرۆسە مەعریفییانەی کە لە بیرکردنەوەی داهێنەرانە و ئیستدلالکردنی میتافۆریکدا بەشدارن.

## چەند تیۆرێکی گرنگ

لەخوارەوە چەند تیۆر و زاراوەی گرنگ دەخەینە ڕوو لە زمانەوانی مەعریفیدا کە هەریەکە و شوێنپێی خۆی لەم ڕەوتەدا بەجێ هێشتووە و کاریگەری دیار و ڕوونیان هەبووە:

* میتافۆری چەمکی و میتۆنیمی Conceptual Metaphor: یەکێک لە چەمکە گرنگەکان لە زمانەوانی مەعریفیدا، بیرۆکەی میتافۆری چەمکییە. ئەوە پیشان دەدات کە ئێمە لە چەمکە ئەبستراکت، یان ئاڵۆزەکان تێ بگەین ئەویش بە نەخشەکێشانیان لە دۆمەینێکەوە بۆ یەکێکی تر.

بۆ نموونـە زۆر جاران دەڵێیـن «کاتم تەواو دەبێت». ئـەم نەخشەسـازییە میتافۆریکییـە یارمەتیدەرمانـە بـۆ تێگەیشـتن لـە چەمکـە ئەبسـتراکتەکان بـە بەکارهێنانـی ئەزموونـە فیزیکییەکانمـان. میتافـۆرە چەمکییـەکان تەنیـا دەربڕینـی زمانەوانـی نیـن، بەڵکـوو پێکهاتـەی مەعریفـی بنەڕەتیـن کـە تێگەیشـتنمان لـە جیهـان لـە قاڵـب دەدەن، ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە مەجاز Metonymy بریتییـە لـە بەکارهێنانـی وشـە، یـان دەسـتەواژەیەک بـە مانـای وشـە، یـان دەسـتەواژەیەکی تـرەوە، بـۆ نموونـە: هەولێـر و بەغـدا ڕێـک کەوتـن.

* بەجەسـتەکردن Embodiment: زمانەوانیـی مەعریفـی گرنگـی بەجەسـتەبوون لـە زمـان و بیرکردنـەوەدا دەناسـێت. بـاس لـەوە دەکات کـە ئەزمـوون و تێگەیشـتن و کارلێکەکانـی جەسـتەمان لەگـەڵ جیهانـی فیزیکیـدا تێگەیشـتنمان لـە زمـان و مانـا لـە قاڵـب دەدەن. بـۆ نموونـە، شـێوازی قسـەکردنمان دەربـارەی هەسـتەکان زۆر جـاران هەسـتەکانی جەسـتەیی لەخۆدەگرێـت (بـۆ نموونـە «هەسـت بـە دابەزیـن دەکـەم»)، ئەوجـا لێـرەدا مەعریفـەی بەجەسـتەکراو جەخـت لەسـەر پێوەندییـە جیانەکراوەکانـی نێـوان عەقـڵ و جەسـتە دەکاتـەوە، هـەر لەبـەر ئەم هۆیەشـە کە ئەزموونـە فیزیاییەکانمان و سیسـتمی هەسـتیاری جووڵەییمـان کاریگەرییـان لەسـەر شـێوازی چەمکسـازی و دەربڕینـی چەمکـە ئەبسـتراکتەکانمان هەیـە.

* تیـۆری نموونەیـی بـاو prototype: ئـەم تیـۆرە ئـەوە پیشـان دەدات کـە پۆلـەکان لەسـەر بنەمـای سـنوورە دوور مـەوداکان پێناسـە ناکرێـن و ناناسـرێنەوە هێنـدەی بـە نموونـە ناوەنـدی و چەقبەندییـەکان دەناسرێنەوە. دەشـێت بڵێیـن کـە نموونـە ناوەندییـەکان لە ئەسڵدا نموونـەی تایبەتن کـە دیارتریـن تایبەتمەندییەکانـی پۆلێک بەجەسـتە دەکـەن، ئەمـە لەکاتێکدا ڕەنگـە ئەندامانـی دیکەی بـە پلـەی جیـاواز لـە نموونـە باوەکـە لابـدەن و هێـور هێـور دووربکەونـەوە، ئەوجا لـە زمانەوانیـی مەعریفـی ئـەم تێگەیشـتنە لـە زمـان ڕێگـە بـە وابەسـتە بـوون بـە کۆنتێکسـت دەدات. بـۆ نموونـە کاتێـک بیـر لـە پۆلـی «باڵنـدە» دەکەینـەوە، ڕەنگـە چەنـدان نموونـەی سـەرەتاییمان لەبەرچـاو دروسـت بـن، بـەڵام ئەندامانـی دیکـەی وەک (پەنگویـن) ڕەنگـە بـە باڵنـدەش هەژمـار بکرێـن، ئەگەرچـی کەمتـر نموونەیـی دەردەکـەون.

* ڕێزمانی بنیادنان Construction Grammar: لـە زمانەوانیـی مەعریفیـدا جەخـت لەسـەر ڕۆڵـی بنیادنـان لـە زمانـدا دەکاتـەوە، ئەمـەش بـە واتـای ئـەوەی کـە بنیـادەکان بریتیـن لـە جووتبوونـی هـەر یـەک لـە فـۆرم و واتـا. خـۆ ئەگـەر پێچەوانـەی ئەمـە وەربگریـن، دەبینیـن کـە ڕێزمانـی تەقلیـدی لـەوەو پێـش تەنیا گرنگی بـە ڕێسـا و پێکهاتـەکان دەدا، بـەڵام لەگـەڵ ڕێزمانـی بنیادنـان زمـان وەک تۆڕێکـی بەیەکـەوە گرێـدراو دەبینرێـت، ئەمـەش مانـای ئەوەیـە کـە بـە شـێوەیەکی داینامیکـی لـە پێوەندیکردنـدا بـەکار دەهێنرێـت، بەمـەش بایەخـی کۆنتێکسـت لـە داڕشـتنی مانـادا جێگـە و پێگـەی خـۆی هەیـە.

* گریمانـەی ڕێژەیی زمانیLinguistic Relativity Hypothesis : ئـەم گریمانەیـە ڕێبـازی کاریگـەری زمـان لەسـەر هـۆش و بیرکردنـەوە لەمـەڕ جیهـان، دەخاتـە ڕوو. چەقـی ئـەم گریمانەیـە لەسـەر جیـاوازی وشـە، زاراوە و دەسـتووری زمانانـدا چڕبووەتـەوە. بەپێـی ئـەم گریمانەیـە بێـت، ئاخێوەرانـی هـەر زمانێـک، لەڕێگـەی ڕێبازێکـی نامـۆ بـە خـودی زمانەکـەوە، بـەرەو پەیبـردن بـە جیهـان دەڕۆن. هـەر لـەم سـۆنگەیەوەش درککردنـی خەڵکـی لـە هەمبـەر ژینگـە دەگۆڕێـت و لـە هەمـان کاتیشدا ئـەم

جیاوازییەی نێوان زمانەکان جۆری بیرکردنەوە دەگۆڕێت.

* قاڵبی وێنەیی (Image Frames) و مەوداکانی ناو مێشک (Mental Spaces): ئەمەشیان هەر پێوەندیی بە ئەزموونگەرابییەوە هەیە، واتە مرۆڤ لەسەر بنەمای ئەزموونی خۆی لەگەڵ کەلوپەل و بابەتی بینراو، وێنەی هاوشێوە بۆ بابەتە ئەبستراکت و نابەجەستەکان دروست دەکات. بۆ نموونە، مرۆڤ کە خۆی لەناو ژوورێکدا دەبینێت، چوارچێوەیەکی وێنەیی بۆ ژوور لەناو مێشیکیدا دادەڕێژێت و بابەتە ناجەستەکانی وەک کێشە و خەو و نیگەرانی و ...تاد لەم قاڵبە دەدات، هەر بەم قاڵبەش، کە بە قاڵبی لەخۆگرتن (Containment) ناسراوە، ڕستەی وەک «لە خەودا مابووم» بەرهەم دێنێت، یان تێ دەگات. قاڵبی وێنەیی دیکەش هەن وەک قاڵبی ڕێڕەوی (Path) کە لە ڕستەی وەک «چەندی دەکەم ناکەومەوە سەر سککە»، یان «لە ڕێچکەی ڕاست لای داوە» بەکار هاتوون.

* مەبەست لە مەوداکانی ناو مێشک ئەو پەکێجانەی زانیارییە کە بە شێوەیەکی چەمکی داکراون، ئەوجا لەکاتی بەکارهێنانی زماندا زۆر جار بۆ دەربڕین ئێمە پەنا بۆ تێکەڵکردنی ئەم مەودایانە دەبەین. بەهەمان شێوە کە لە نموونەی سەرەوەدا مەودا چەمکییەکانی خەو و چوارچێوەیەک تێکەڵ بەیەک بوون، لە گرێیەکی وەک «یاریکردن بە ئاگر»یش مەودای چەمکیی کردارێکی جەستەیی وەک یاریکردن تێکەڵ بە مەودای چەمکیی مەترسی و هەڕەشە، واتە ئاگر کراوە.

## ڕەخنە

بەرانبەر ئەم خاڵە بەهێزانەی ڕێبازی زمانەوانیی مەعریفی، کۆمەڵێک تێبینی و ڕەخنەش ئاراستە کراون، کە جێگەی تێڕامانن. بۆ وێنە، ڕێبازەکە ڕەخنەی ئەوەی لێ دەگیرێت کە ئەو چوارچێوەیەی بۆ لێکۆڵینەوە پێشکەشی دەکات، ئاڵۆزە و بە سەختی دەتوانرێت بە شێوەیەکی یەکانگیر بەسەر هەموو دیاردە زمانەوانییەکان، یان زمانە جیاوازەکاندا پیادە بکرێت. نەبوونی چوارچێوەیەکی فۆرمیی دیاریکراو (فۆرمالیزم) یش ڕەخنەیەکی دیکەیە. بە گوێرەی ئەم ڕەخنەیەوە، ئەم کەموکوڕییە ڕێگرە لەوەی زمانەوانیی مەعریفی پێشبینی، یان ڕوونکردنەوە لەسەر دیاردەکانی ڕێزمانی پێشکەش بکات. هەر پەیوەست بەم ڕەخنەیە، ژمارەیەک زمانەوان پێیان وایە ڕێبازەکە لایەنی ڕستەسازیی بەتەواوی پشتگوێ خستووە، هەرچەندە لە زمانەوانیی مەعریفیدا ئامانجێکی سەرەکی ئەوەیە کە بتوانین لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لە زمان و سروشتی پێکهاتەی چەمکی گشتاندنی ئەوتۆ بکەین، کە لەسەر سەرجەم زمانەکان جێبەجێ دەبن، بەڵام ڕەخنەگران وای بۆ دەچن کە لێکدانەوەی بابەتی وەک میتافۆر، یان پێکهاتەی چەمکی دەوەستێتە سەر هەڵسەنگاندنێکی کەسێنی و لێکدانەوەکە بە هیچ شێوەیەک بابەتییانە نابێت، هەروەها مشتومڕێکی گەرمیش لەسەر ئەوە هەیە کە تا چ ڕادەیەک ئەو میکانیزمە جیهانی و گشتگیرانەی زمانەوانیی مەعریفی پەنایان بۆ دەبات، بەڕاستی لەسەر کولتوور و زمانە جیاوازەکان جێبەجێ دەبن.

سەرەڕای هەموو ئەم تێبینییانەش، بزاڤی زمانەوانیی مەعریفی بەردەوام لە پەرەسەندندایە و لقوپۆی نوێی لێ دەبێتەوە. بۆ نموونە، ئەمڕۆکە پراگماتیزمی مەعریفی، زمانەوانی کۆمەڵایەتیی مەعریفی، تەنانەت وەک دوایەمین پەرەسەندن بواری مۆرفۆلۆجیای مەعریفیش هاتووەتە کایەوە.

**ئەنجام**

لــە کۆتاییــدا بۆمــان دەردەکەوێــت کــە هیــچ کام لــە تیۆرەکانــی زمــان و ڕێچکــە و شــێوازەکان بــە تەنیــا ناتوانــن دیــاردەی زمــان و پرۆســەکردنی بــە شــێوەیەکی دروســت لێــک بدەنــەوە و ڕوونــی بکەنــەوە، بۆیــە هەوڵــی بــەردەوام بــۆ نوێکردنــەوە و مشــتومالکردنی ئــەو بۆچوونانــە هەیــە، بــە تایبەتــی کاتێــک پێشــڤەچوونێکی بەرچــاو لــە بوارەکانــی دەوروبــەری زمانەوانــی ڕوودەدەن. لــەم سۆنگەیەوە، زمانەوانیــی مەعریفــی هەوڵێکــی تــری جیدییــە بــەو ئاراســتەیەدا، تــا بتوانــێ بەلایەنــی کــەم ئــەو بۆشــاییە پڕبکاتــەوە کــە لەنێــوان ڕەفتارگەراییــە ڕەهــاکان و هزرگەراییــە ڕەهاکانــدا هەبــوو. بــە کورتــی زمانەوانیــی مەعریفــی هەوڵێــک بــوو بــۆ پێکبەســتنەوەی ڕۆڵــی ئەزمــوون و ئــاوەز و هــزر لــە دروســتی زمــان و چۆنیەتــی پرۆسێســکردنی لــە مێشــکی مرۆڤــدا.

**فەرهەنگۆکی زاراوان**

لــە خــوارەوە کۆمەڵێــک دەســتەواژە و زاراوە دەنووســین کە بەشــێوەیەکی گشــتی لە زمانەوانیی مەعریفــی بەکاردێــن:

**کوردی – ئینگلیزی**

ئاوەز Brain

پۆلێنکردن Categorization

زمانەوانیی مەعریفی، هۆشەکی، پەیبردن، درککردن Cognitive Linguistics

ڕێزمانی مەعریفی Cognitive Grammar

واتاناسی مەعریفی Cognitive Semantic

میتافۆری چەمکی Conceptual Metaphor

چەمکسازی Conceptualization

ڕێزمانی بنیادنان Construction Grammar

بەجەستەکراو Embodied

توانستی زەینی Faculty

داینامیکی بەگوڕ Force Dynamics

چالاکیی زەینی Intellectual Activity

تیۆری ڕێژەیی زمان Linguistic Relativity

وێنای زەینی Mental Sketch

میتافۆر Metaphor

مەجاز Metonymy

مێشک Mind

تیۆری نموونەیی باو Prototype theory

شێمای وێنەیی Schematic image

**پەراوێز:**

1-Metaphors we live by

2-Women, Fire and Dangerous Things

**ژێدەرەکان:**

– وانەکانی کۆرسی ئامادەکاری دوکتۆرا «ڕێچکە و ڕێبازەکانی زمانەوانی مۆدێرن»، زانکۆی سەڵاحەددین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی ئینگلیزی بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٣-٢٠٢٤.

# کوردانی ئێزدی

## (لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی هۆکاری ناونانیان و ڕیشەی نەژادیان)

عوسمان یووسفی
لە فارسییەوە: محەمەد فائق
(دەربەندیخان)

**پوختە**

ئێزدییەکان، یان کۆمەڵگەی کوردانی ئێزدی کە لە وڵاتانی: عێراق، سووریا، تورکیا و ئەرمەنستان نیشتەجێن، بەدرێژایی سەدەکانی ڕابوردوو جێگەی سەرنجی مێژوونووسان و نووسەران (چ موسڵمان و چ غەیرە موسڵمان) بوون، ئەم خەڵکە سوودیان لە دێرینترین بیروباوەڕە ئایینییەکانی ناوچەکە وەرگرتووە و لە سەردەم و کاتە جیاوازەکانی سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانی و قوتابخانە مرۆییەکاندا، ژێر کاریگەرییان کەوتوون.

بەرهەمی ئامادەیی شوێنکەوتووی ئایینە جیاوازە ئاسمانی و شارستانیەتە مرۆیی و ڕووکارە کولتوورییەکانیان لە دۆڵی دوو ڕووباردا، هۆکاری ڕووداوی مێژوویین، سەرئەنجامیش پێگەی جوگرافییان کۆمەڵێک بیروباوەڕی تێکەڵ و لادەرانە و لە هەندێک کاتیشدا خورافی بوو، کە لە سیستمی چینایەتی ئێزدییەکاندا درێژەی بە ژیانی خۆی داوە.

یەکێک لە ناوچە کوێرەکانی مێژووی ئەم ئایینە، ناوەکەیانە، لە زۆرینەی سەرچاوە بەردەستەکاندا بە یەزیدی ناوبراون، لەکاتێکدا ئەندامانی ئەم گرۆیە و هەندێک لە سەرچاوەکانیش (ئێزدی و ئێزیدی)، بە ناوی ڕاستەقینەیان دەزانن.

لەم نووسینەدا، بە شیکردنەوەی بەرهەمە نووسراوەکان دەربارەی ئێزدییەکان و خستنەڕووی

شـیکردنەوە و شـرۆڤەی داتـاکان، ڕووناکـی دەخەینەسـەر هـۆکاری ناونانـی ئـەم گرۆیـە و دەگەیـن بـەو دەرئەنجامـەی کـە بیروبـاوەڕ و ڕەفتـارە ئایینییەکانیان، هیچ نییە جگە لە زەردەشتگەرییەکی تێکەڵبـوو بـە بیروبـاوەڕی ئیسـلامی، جوولەکـە، مەسـیحی و هەندێـک لـە قوتابخانـە مرۆییـەکان، کەواتـە نـاوی ڕاسـتەقینەی ئـەم گرۆیـە، ئێزدییـە.

**وشـە کلیلییـەکان:** ئێـزدی، ئـادی کوڕی موسـافیر، لالش، مووسـڵ، هەکاری، شـەنگال، شـێخان.

## پێشەکی

ناوچـەی دۆڵـی دوو ڕووبـار، یەکێـک بـووە لـە گرنگتریـن ناوەندەکانی شارسـتانیەتە دێرینەکانـی مـرۆڤ کـە دەوڵەمەندتریـن میراتـی: کولتـووری، بیروبـاوەڕ، بۆچـوون و ئەفسـانە، ئاییـن، چیـرۆک و خورافەتـی لەخۆیـدا جـێ کردووەتـەوە. تێکـڕای ئـەم کولتـوور و ئایینانـە بـەو تایبەتمەندییانـەی کە هەیانبـووە، کاریگەرییـان لـە یەکتـری کـردووە. لەگـەڵ هەبوونـی جیـاوازی فەرهەنگـی و مـەودای شـوێنیی زۆرەوە لەگـەڵ یەکتـردا، لـە زۆرێـک لـە بەهـا، ڕێوڕەسـم و دابونەریتـە ئایینییەکانـدا هاوبەشـییان هەبـووە و هەندێـک جاریـش میراتگری یەکتـری بوونـە.

لێکۆڵینـەوە کۆمەڵناسـی و ئایینناسـییەکان دەریـان خسـتووە کـە هەندێـک لـە ئاییـن و ڕێبـازە دێرینـەکان ڕوویـان لـە داڕووخـان و لەناوچـوون بـووە، جێگەکەیشـیان ئاییـن و بیروبـاوەڕی نـوێ گرتوویەتییـەوە. هەندێکـی دیکەیشـیان درێژەیـان بـە ژیانـی خۆیـان داوە و بەپێـی کات دووچـاری گـۆڕان و وەرچەرخـان و پێشـکەوتن بوونەتـەوە. هەڵبەتـە، لەناوچوونیـان بـەو مانایـە نایـەت کـە بەتـەواوی لەسـەر لاپـەڕەی ڕۆژگار سـڕابێتنەوە، بەڵکـوو هەندێـک لـە ڕووکار و تایبەتمەندییەکانیـان لەدەسـت داوە و بابەتـی نوێتـر بـوون بـە شـوێنگرەوەیان. بەجۆرێـک کـە ئێسـتایش زۆرێـک لـە سـیمبۆلی شارسـتانیەت و ئایینـە کۆنـەکان لەنێـو خەڵکـی ئـەم ناوچەیـەدا، بـەدی دەکرێـت.

بێگومـان دەتوانیـن ناوچـەی نێـوان دوو ڕووبـار بـە گەورەتریـن مـوزەی کولتـوور و بیروبـاوەڕە ئایینییـەکان لەقەڵـەم بدەیـن، شارسـتانیگەلێکی وەک سـۆمەری، ئەکـەدی، بابلـی، ئاشـووری و کلدانـی، بیروبـاوەڕ و ئایینگەلـی هاوشـێوەی میترایـیـزم، زەردەشـتییەت، مانەوییـەت و زۆری دیکەیـش لـە بـاوەڕ و گـرۆی دیکـەی ئایینـی کـە دواتـر سـەریان هەڵـدا و ڕۆڵێکـی کاریگەریـان لـە ژیانـی کولتووریـی خەڵکـی ناوچەکـەدا گێـڕا.

زۆرینـەی بـاوەڕە ئایینییەکانـی ئـەم ناوچەیـە، ڕیشـەیان لـە نیشـانە و دیـاردە سروشـتییەکاندایە، بـەو مانایـەی کـە مـرۆڤ هەندێـک جـار دیـاردە سروشـتییەکانی بەهـۆی دەرکەوتنەکانیـان و هەندێـک جاریـش بـە ئومێـدی کار و کاردانـەوە سوودبەخشـەکانیان، پەرسـتووە، یـان لەبـەر ئـەو تـرس، یـان زیانانـەی کـە لێیـان دەکەوێتـەوە، دەسـتی کـردووە بـە پیرۆزکردنیـان. وەک پیرۆزکردنـی ئاسـمان، خـاک، خـۆر، مانـگ، ئەسـتێرەکان و هاوشـێوەکانیان، لەبـەر خاتـری ئەو خێـر و بەرەکەتـەی کـە لـە زاتـی هـەر یەکێکیانـدا بوونـی هەیـە، وەک: پەرسـتشـی بـا، تۆفـان، هـەورە برووسـکە و هەورەگرمـە، شـاخ و جۆگەلـە و ڕووبـارەکان و هەندێـک لـە ئاژەڵـەکان، لـە ترسـی ئـەو شـەڕ و خراپەیـەی کـە لـە بـوون و زاتیانـدا پەنهانـە. بـەم خستنەڕووە، دەتوانیـن بڵێیـن، کـە شارسـتانیەتەکان، بەتایبەتیـش ئایینەکانـی نێـوان دوو ڕووبـار، زۆر لەیەکدییـەوە نێزیکـن و خاڵـی فـرەی هاوبەشـیان پێکـەوە هەیـە.

ناسـینی هەریـەک لـە ئایینـەکان، قوتابخانـە فیکـری و مەزهەبـەکان، کێشـە و گرفتـی تایبـەت بەخۆیـان هەیـە، بـەڵام هیـچ کامێکیـان بـە ئەنـدازەی ئێزدییـەت خەرمانەیـەک لـە ناڕوونـی دەوری نـەداوە، هەرچەنـدە نووسـەران و لێکۆڵەرانێکـی زۆر لێکۆڵینەوەیـان دەربـارەی بیروبـاوەڕ و هـزری ئێزدییـەکان کردووە، بـەڵام تـا ئێسـتا تیۆرێکـی تایبـەت سـەبارەت بە سـەرچاوەی سـەرهەڵدانی ئـەم ئایینـە نەخراوەتـەڕوو، ئەمەیش خـۆی لەخۆیـدا بەرئەنجامـی ئـەم گرفتانـەی لای خوارەوەیـە:

* ئەنجـام نەدانـی پەیجۆریـی شوێنەوارناسـی لـە ناوچـە ئێـزدی نشـینەکاندا، کـە بەشـێوەیەکی دڵنیاکەرانـە دەتوانێـت ڕێخۆشـکەری ناسـین و پەیبـردن بێـت بـە بەشـێکی گـەورەی بیروباوەڕیان.

* بەردەسـت نەبوونـی کتێبی پیـرۆزی ئێزدییەکان بەشێوەی نووسراو.

* نەبوونـی هەڵکـردن و تۆلێرانسـی ئایینـی و بەردەوامێتیی ئیسـلامی سیاسـی، کـە نـەک تەنیا ئازادیی کارکردنی بـە ئایینـە جیـاوازەکان نەداوە، بەڵکـوو لـە هەندێـک بارودۆخیشـدا لـە مەیدانـی کۆمەڵایەتـی دەری کـردوون و بـە خسـتنەڕووی تۆمەتـی نەشـیاو، کۆمەڵگـەی وا لـێ کـردووە کـە خاوەنـی تێڕوانینێکـی خـراپ بێـت دەرهەقیـان.

* بڕیاردانـی پێشـوەختەی ئایینـی و نەتەوەیـی هەندێـک لـە نووسـەرانی هاوچـەرخ دەربارەیـان.

* هەلومەرجـی سـەختی جوگرافیـی ناوچـەی نیشـتەجێبوونی ئێزدییـەکان.

* سەرەنجامیش، شاردنەوەی بیروباوەڕ و تەبشیری نەبوونـی ئایینـی ئێـزدی، کـە لەمپەرێکـی گەورەیـە لەبـەردەم ناسـینی ڕیشـەی بیروباوەڕەکەیاندا.

لەگـەڵ هەمـوو ئەمانەیشـدا، ئـەوەی بەرگەگرتنـی ئـەم سـەختیانەی ئاسـان کـردووە و ناسـینی مێـژووی: بیروبـاوەڕ و ڕێوڕەسـمی ئێزدییەکانـی زیاتـر پێویسـت کـردووە، بەردەوامـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی- فەرهەنگـی و مێـژووە پـڕ لـە هـەوراز و نشـێوەکەیانە کـە خـۆی بۆخـۆی نیشـانەی هەبوونـی هێـز و بزووتنێکـی خـودی و تواناییەکـی بـەرزی جێبەجێکـردن و گونجانـی ئێزدییەکانـە لەگـەڵ پێڕەوانـی ئایینەکانـی دیکـەدا. هۆکارێکـی دیکەیـش، ئامادەیـی چالاکانەیانـە لـە هاوکێشـە سیاسـی، کولتـووری و کۆمەڵایەتییەکانـی ناوچـە کوردنشـینەکاندا.

ئێزدییـەکان کـە بـە نـاو گەلێکـی وەک شـەیتان پەرسـت و یەزدیدیـش ناودەهێنرێـن، پێکهێنـەری بەشـێکی کۆمەڵگـەی کوردیـن. ئـەم ئاییـن و بیروبـاوەڕە کە زۆرینـەی مێژوونووسـان و زانایانـی بـواری ئاییـن و بیروبـاوەڕەکان، سـاتەوەختی سـەرهەڵدانیان دەگێڕنـەوە بـۆ سـەدەی شەشـەمی کۆچـی و سـەروەختی شـێخ ئـادی، گرۆیەکـن کـە بـە تەمەنێکـی درێـژ و بنەمـای بیروبـاوەڕی کۆنیانـەوە لـە ناوچەکـەدا بوونیـان هەیـە و لـە پانتاییەکـی بەرفراوانـی ناوچـە کوردنشـینەکانی عێـراق (پارێزگاکانـی مووسـڵ و دهـۆک)، سووریا (شـارەکانی حەلـەب، کلس، حەسـەکە، عەینتـاب و ناوچـەی جـراج)، تورکیـا (تـوور عابدیـن، دیاربەکـر، سـیرت، جەبـەل تـوور، باتمـان، مـوش و قلـب)، هەندێـک وڵاتـی دیکەی وەک ئەرمەنسـتان (شـارەکانی قـارس، یەریڤـان، تفلیـس و باتـوم)، ڕووسـیا (مۆسـکۆ، لینینگـراد، و ناوچـەی قەفقـاس)، گورجسـتان و ئەڵمانیـا (بـۆن و هانۆڤـەر)دا بڵاوبوونەتـەوە و نیشـتەجێن، ڕێـژەی ٢٪ی تێکـڕای ژمـارەی کـورد پێـک دەهێنـن.

ئێزدییـەکان لـەڕووی نـەژادی و نەتەوەییـەوە کـوردن. لـەو ڕووەوە کـە بەدرێژایـی مێـژوو بەرکەوتنیـان لەگـەڵ شارسـتانیەتە جیـاوازەکان،

ئایینـە ئاسـمانی و قوتابخانـە هزرییـە مرۆییەکانـدا هەبووە و لێیانـەوە وەرگرتـوون، دووچـاری گۆڕانـی ڕیشـەیی هاتوونەتـەوە، هەربۆیـە دەستنیشـانکردنی ساتەوەختی سـەرهەڵدانی بیروباوەڕەکەیان سەختە. لـە هەندێـک لـە بیروباوەڕەکانیانـدا لەگـەڵ ئایینـی زەردەشـتی وێـک دەچـن، هەندێـک لـە ڕووکارە کولتـووری و بیروباوەڕەکانیشـیان لـە دیانەکانـەوە وەرگرتـووە، بەشـی گـەورەی بیروباوەڕەکانیشـیان لەپـاش سـەرهەڵدانی ئیسـلام، سـیمای ئیسـلامیی بەخۆیـەوە گرتـووە.

**هـۆکاری ناونـان:** بۆچوونـی بـاو سـەبارەت بـە ناولێنانی ئـەم گرۆیـە، دەکرێت بۆ پێنـج دەسـتە دابـەش بکرێـت:

١- هەندێـک باوەڕیـان وەهایـە کـە ئێزدییـەکان پێـڕەوکار و لایەنگـری یەزیـدی کـوڕی معاویـەی خەلیفـەی ئەمـەوی بـوون، کـە لـە ڕووداوی کەربـەلا و شـەهیدکردنی بەناهەقـی حسـێنی کوڕی عەلـی دا، پشـتی یەزیدیـان گرتـووە و لەپـاش مردنیشـی باوەڕیـان وەهابـووە کـە جارێکـی دیکـە دەردەکەوێتـەوە، هەربۆیـە لـە ڕوانینـی ئـەم دەسـتەیەدا، ئـەم گرۆیـە ناویـان یەزیدییـە (١). صدیق دەمەلۆجی لەو باوەڕەدایە کە ناولێنانی ئـەم گرۆیـە بـە یەزیـدی، پەیوەسـت نییـە بـە هیـچ پێوەندییەکـی ئەوانـەوە بـە یەزیـدی کـوڕی معاویـە و هیـچ کام لـە ئەندامەکانـی خێزانـی ئەمەوییەکانـەوە، بەڵکـوو ئەمـان بنەماڵەیـەک بـوون کە لـە سـەدەی دووەم و سـێیەمی کۆچیدا سـەریان هەڵـداوە (٢). ئـەو دەڵێـت: «وەهـا ناوێـک بـۆ گرۆیـەک بـەم چەشـنە بیروبـاوەڕ و هزرانـەوە، لـەو کتێبانـەی کـە دەربـارەی ئاییـن و مەزهەبەکانـن و لـە پێـش سـەدەی شەشـەمی هیجرییـەوەن، بوونـی نییـە، تەنانـەت ئەوەیـش هەڵەیـە کە بڵێیـن خـودی شـێخ ئـادی ئـەم ناوەی لـە پێڕەوانـی خـۆی نـاوە، بەڵکـوو ڕاسـتتر ئەوەیە بڵێیـن ئـەم نـاوە نووسـەرە موسـڵمانەکان (چ مێژوونـووس، چ فەقیهـەکان)، لەسـەرەتای سـەدەی شەشـەمی کۆچیـدا لـەم گرووپەیـان نـاوە (٣).

(زوهێـر کازم عەبوود)یـش، پـاش خسـتنەڕووی بیـروڕای نووسـەرانی پێـش خـۆی و بـە هەڵـە و لاواز دانانـی هەندێکیـان، دەنووسـێت: «تـا ئـەو شـوێنەی مـن خوێندوومەتـەوە و بینیومـە، هیـچ بەڵگەیەکـم نەدیـوە کـە ئامـاژە بـە پێوەنـدی ئـەم گرۆیـە بـە یەزیـدی کـوڕی معاویـەوە بـکات، ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە تەنانـەت لـە کتێبـە پیرۆزەکانیشـیاندا، بـە ئاماژەیـش، نـاوی یەزیـد نەهێنـراوە. خـۆ ئەگـەر مەیـل و ئاراسـتەیەکیان بـەلای بەنـی ئومەیـەدا هەبووایـە، ئـەوە مێـژوو تۆمـاری دەکـرد، هەروەهـا سـەبارەت بـەوەی کـە ئەمانە گرۆیەکـی دیـان، یـان موسـڵمان بووبێتـن، قسـەیەک نەکـراوە. تەنیـا ئـەوە چەسـپاوە کـە یەکێـک لـە سـەردەمە مێژووییەکانـی ئـەم گرۆیـە هاوکاتـە لەگـەڵ سـەردەمی دەرکەوتنـی شـێخ ئـادی کـوڕی موسـافیردا» (٤).

٢ - ڕوانینێکـی دیکـەی بـاو لـە کتێبـی ئاییـن و مەزهەبەکانـدا ئەوەیـە کـە ئێزدییـەکان شـوێنکەوتەی کەسـێکی (خەواریـج)ن بەنـاوی یەزیـدی کـوڕی ئونەیسـە. شەهرسـتانی لە باسـی گرووپەکانـی خەواریـج و لەژێـر نـاوی (یەزیدیـە) دا دەنووسـێت: «ئەوانـە شـوێنکەوتەکانی یەزیـدی کـوڕی ئونەیسـەن، کـە ئـەم کەسـە لـە ڕووداوی حەکەمیەتـدا بـە تەوەلـی ڕازی بـوو، جگـە لـە ئەزاریقەکانیـش، خـۆی لـە تێکـڕای گرووپەکانـی دیکـەی خەواریج بێبەری و بەدووردەگرت، هەروەها ئـەم کەسـە بـاوەڕی وەهابوو کە خـودا لـە غەیرە عـەرەب پێغەمبەرێـک دەنێرێـت و کتێبێکـی بـۆ دەنێرێت کـە لە ئاسـمان نووسـراوە، واز لە ئایینی

موحەممەدەل موستەفا (د.خ) دەهێنێت، خەڵکی بۆ سەر ئایینی سابیئە بانگێشت دەکات، هەڵبەتە نەک سابیئەی حەڕڕان و واست» (٥).

٣- هەندێکی دیکە لە لێکۆڵەران لەو باوەڕەدان کە ئێزدییەکان دەدرێنە پاڵ شاری یەزد لە ئێران و بۆ یەکەمین جار، لەم شارەدا سەریان هەڵداوە، پاشان بە ناوچەکانی دیکەدا بڵاوبوونەتەوە (٦).

٤- هەندێکی دیکەیش دەڵێن کە ئێزدییەکان گرۆیەکی لادەر و گومڕێن کە لەبنەڕەتدا شوێنکەوتەی شێخ ئادی کوڕی موسافیر (٤٦٧- ٥٥٧)ک بوون. ئەم گرۆیە سەرەتا تەریقەتێکی سۆفیگەرییانە بوو، بەڵام پاش کۆچی دوایی شێخ ئادی کوڕی موسافیر و هاتن و دەرکەوتنی شێخ حەسەن ئەبولبەرەکات - یەکێک لە نەوەکانی شێخ ئادی- دووچاری لادان هاتوونەتەوە (٧).

لە کتێبی (ئینسکلۆپیدیای ئایینەکانی جیهان)دا هاتووە: «سەرچاوە مێژووییەکان و لێکۆڵینەوە نوێیەکان، تەنانەت خودی ئێزدییەکانیش لەو باوەڕەدان کە بنەڕەت و ڕیشە و سەردەمی سەرهەڵدانیان بۆ شێخ ئادی کوڕی موسافیر دەگەڕێتەوە کە لە یەکێک لە گوندەکانی لبنان بەناوی (قنافار)، چاوی بۆ دنیا هەڵهێناوە» (٨).

ئازاد سەعید سمۆ، ئەوە دەخاتەڕوو کە «ئێزدییەکانیش خۆیان بە شوێنکەوتەی شێخ ئادی کوڕی موسافیر دەزانن. بێگومان ڕەچەڵەکی شێخ ئادی بۆ بەنی ئومەییە دەگەڕێتەوە، ئەوانەی کە لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسیدا خوازیاری گەڕانەوەی شکۆ و گەشانەوەی عەرەبییەتی ئەمەوی و لێ سەندنەوەی دەسەڵات بوون لە عەبباسییەکان. شێخ ئادی، یەزیدی کوڕی معاویەی بە یەکێک لە پێشەوایانی هیدایەت و ڕاستی و پارسایی دەزانی. ئەم بیروباوەڕەیش لەنێو شوێنکەوتەکانیدا ڕەگی داکوتی، هەروەها ئەو (شێخ ئادی)، یاران و شوێنکەوتەکانی خۆی لەوە ئاگادار کردەوە کە نەفرین لە یەزیدی کوڕی معاویە نەکەن، ئەم بابەتەیش بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خۆشەویستی یەزید و ڕۆچوون و زێدەڕەوی تێداکردنی لەنێو ئەم گرۆیەدا زێتر ببێت» (٩).

(عبدالمنعم الحفني)، لەگەڵ هەبوونی ئەو باوەڕەی کە ئەم گرۆیە ئیسلامن، بەم چەشنە باسیان لێوەدەکات: «ئێزدییەکان کە شەیتان پەرستیشیان پێ دەوترێت، لە پێڕەوکارانی زێدەڕۆی ئادی کوڕی موسافیری کوڕی ئیسماعیل (٤٦٧-٥٥٧)ک، کە ئێزدییەکان بە شێخ عادی و شێخ هادی-یش ناوی دەهێنن» (١٠).

ئەحمەد تەیموور پاشا سەبارەت بە ڕەچەڵەکی ئێزدییەکان دەڵێت: «بۆچوون و ڕوانین سەبارەت بە ئێزدییەکان و ناو و ڕیشەیان یەکجار زۆرە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە لە مێژووی بەر لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا ناوی ئەم گرۆیە نەهێنراوە، بەڵکوو ناونانی ئەم گرۆیە وەک ڕێبازێکی سۆفیگەری، بۆ سەردەمی شێخ ئادی کوڕی موسافیر دەگەڕێتەوە. سەرەتا پێیان دەوترا عەدەویە، هەرچی سەردەمی گۆڕانی ناوی عەدەوییەیشە بۆ ئێزدی، ڕوون نییە» (١١).

محەمەد ئاڵتوونچی لەوباوەڕەدایە کە ئەگەرچی بەر لە سەدەی شەشەمی کۆچی ناویان لە سەرچاوەکاندا نەهاتووە، بەڵام ئەم بابەتە ئاماژە نییە بۆ ئەوەی کە ئەم گرۆیە بوونیان نەبووبێت. هەر لەو چوارچێوەیەدا جەختیش لەوە دەکاتەوە کە بەتێگەیشتن و پەی پێبردنی پێگەی شێخ ئادی کوڕی موسافیر، بەشێوەیەکی بنجبڕانە دەتوانین بڵێین کە ئێزدییەکان شوێنکەوتەی ئەون و بەدرێژایی مێژوو و تێپەڕینی کات، دووچاری

لادان و زێدەڕۆیی (غلو) هاتوونەتەوە (١٢).

عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بەشێکی لەژێر ناوونیشانی (گەشتێک بۆ لالش) داناوە، تێیدا دەنووسێت: «ڕۆژێک لەگەڵ دۆستان وتمان با سەردانێکی پەرستگەی لالش بکەین... ڕێگەیەکی پڕ سەختی و چەڵەمەی هەبوو، تاوەکوو گەیشتینە دۆڵی لالش... بەهەرحاڵ، بەبڕوای من ئەمانە لە بنەڕەتدا گرۆیەکی موسڵمان بوونە کە بەهۆی هاتنەناوەوەی کەسانی لادەر و بیروباوەڕی چەوتەوە بۆ ناویان، لە ئیسلام دەرچوون...» (١٣).

عەباس عەززاوی ئێزدییەکان بە گرۆیەکی موسڵمان و شوێنکەوتە و پێڕەوکاری شێخ ئادی کوڕی موسافیر، دادەنێت (١٤).

لە (ئینسکلۆپیدیای) بریتانیادا هاتووە: «شێخ ئادی، ڕێبەر و پێشەوای ئێزدییەکان لە سەدەی دوازدەیەمی زاینیدا، موسڵمانێکی سۆفی بوو کە پاش مردنی، ئارامگەکەی بووە پەرستگەی ئێزدییەکان. ئەم پەرستگەیە دەکەوێتە باکووری مووسڵەوە و لە ناوچەیەکدایە کە مەسیحییە نەستوورییەکانیشی تێدا دەژین» (١٥).

ڕەشید خەیون ناوی ڕاستەقینەی ئەم گرۆیە بە ئێزدی دەزانێت نەک یەزیدی (١٦).

٥- ڕوانینی پێنجەم، لەو باوەڕەدایە کە ئێزدییەکان خۆیان ئایین و ڕێچکەیەکی کۆنی گەلی کوردن و دانەپاڵیشیان بۆ هەر نەتەوەیەکی دی جگە لە کورد، ڕەد دەکاتەوە. لەم ڕوانینەدا، سەرنجێکی زۆر خراوەتەسەر پێوەندی نێوان ئێزدییەکان و یەزدان پەرستی، ئایینی خەڵکی ئێرانی کۆن، بەجۆرێک کە هەندێک لە نووسەرە کوردەکان (ئێزدی و نا ئێزدی)، سەردەمی سەرهەڵدانی ئەم ئایینە بۆ بەر لە ساتەوەختی دەرکەوتنی زەردەشتیش دەگێڕنەوە. زۆربەی خاوەن بۆچوونەکانی ڕۆژئاوا کە لەم بارەیەوە بابەتیان نووسیوە، لەو باوەڕەدان کە ئێزدی ئایینێکی دێرینی باوی ناو کوردەکان بووە، بەدرێژایی مێژوو و بەتێپەڕینی کات دووچاری گۆڕان هاتووەتەوە و تێکەڵ بە ئایینەکانی دیکەی ناوچەکە بووەتەوە.

شەرەفخانی بەتلیسی، لە باسی میرانی ئێزدیدا، بە (الیزیدیة الیزدانیة)، ناویان دەبات (١٧).

ئەمین زەکی بەگ، لە کتێبەکەی خۆیدا و بە وەرگرتن لە کەسانی دیکە، دەنووسێت: «هۆکاری ناونانی ئەم گرۆیە بە ئێزدی، بۆ بیروباوەڕیان دەگەڕێتەوە. ئەمان باوەڕیان بە بوونی خودا (ئیلاه)ێکە بەناوی ئێزد، یان یەزدان، پاڵدانیشیان بۆ لای یەزیدی کوڕی معاویە بەدوورە لە بەڵگەکاریی عەقڵی و نەقڵی» (١٨).

ژەنەڕاڵ ئیحسان نووری پاشا دەڵێت: «پێڕەوانی ئەم ئایینە بە ناوی (ئێزدی) ناسراون، کوردەکانیش هەر پێیان دەڵێن ئێزدی. مەگەر خەڵک و گەلانی هاوسێیان بە مەبەستی خراپی سیاسی پێیان بڵێن یەزیدی» (١٩).

ناونانی ئێزدییەکان بە هەڵە دراوەتەپاڵ یەزیدی کوڕی معاویە، لەکاتێکدا کە بنەڕەتی ڕیشەی ناوەکەیان لە یەزدان پەرستییەوە هاتووە، کە لە ئاڤێستادا (یەزتا) و لە پەهلەویدا (یەزد) و لە فارسی نوێیشدا، یەزدانی پێ دەڵێن (٢٠).

بەپێی بیروبۆچونی هەندێکیش، ئێزدی وشەیەکی کوردییە و لە یەزدان و یەزدان پەرستییەوە هاتووە، پاشماوەکانی (ئایینی) زەردەشتن (٢١).

ئەنوەر مایی ئەوە دەخاتەڕوو کە ئێزدییەکان لە ڕۆژگاری کۆندا پێیان وتراوە زەروانی (دەدرێتەپاڵ زەردەشت). ئەوەی کە بە ئێزدی بەناوبانگن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە خودا

دەڵێـن یـەزدان و لێکدانـەوە و شـرۆڤەی ئـەم چەمکەیـش، واتـە خاڵـق و ڕازق، لەکـن ئـەوان پێگەیەکی بـەرزی هەیە، بەجۆرێک کە نوێژەکانی خۆیـان بـە نـاوی وی دەسـت پـێ دەکـەن (٢٢).

عەلـی سـەیدۆ گەورانـی دەڵێـت: نـاوی ئێـزدی لـە وشـەی کوردیـی یەزدانـەوە هاتـووە، کـە بـە مانـای خـودێ، یـان دروسـتکەر دێـت (٢٣).

دەروێـش حەسـۆ لـەو باوەڕەدایـە کـە شـوێنی لەدایکبوونـی زەردەشـت، سـەرزەمینی مـاد بـووە، پاشـان بـەرەو ڕۆژهەڵاتـی ئێـران کۆچـی کـردووە. بـەر لـە سـەرهەڵدانی زەردەشـت، خەڵکـە ئارياییەکانـی ئـەم ناوچەیـە (کوردسـتان) باوەڕیـان بـە خودایەکـی تـاک و تەنیـا هەبـووە و خۆیـان بـە (ئێزداهییـەکان)، واتـە خەڵکانـی لەپێشـتر لای خـودا و پێڕەوانـی ڕاستەخۆی خـودا، دەناسـاند. ئەم بیـری (ئێزداهییە) بـە گۆڕانـەوە لـە کوردسـتاندا بەشـێوەی ئایینێکـی سـەربەخۆ دەرکـەوت کـە بیروبـاوەڕ و ڕێوڕەسـمی تايبـەت بەخـۆی هەیـە (٢٤).

شـاکر فەتـاح دەڵێـت: «... ئـەز بـە پشتەسـتن بـە ڕاوبۆچوونـی کەسـانێکی وەک د. تۆفیـق وەهبی و کەسـانی دیکـە، لەگـەڵ هەڵێنجانـی عەقڵیـدا، لـەو بـاوەڕەدام کـە یـان بەهـۆی هەبوونـی مەیـل بـۆ یەزدانیـزم، یـان بەهـۆی خـودا پەرسـتییەوە، ئـەم ناوەیـان لەخۆیـان نـاوە» (٢٥).

کۆنسـتانتین زوریـق، لـە پێشـەکی (الیزیدیـة قدیمـا و حدیثـا)دا، نووسـیویەتی کـە ئێزدییـەکان لـە دوو وشـەی یـەزدان، کـە لـە زمانـی فارسـیدا بەواتـای (خـودا) دێـت و یـەزد، کـە لـە ئایینـی زەردەشـتیدا پلەیەکـە لەنێـوان خـودا و مرۆڤـدا، واتـە فریشـتە، نزیکـن، کەواتـە بەپێـی ئەمـە بێـت، مانـا و چەمکی وشـەی (ئێـزدی)، واتە: «پێڕەوانی خـودا»، یـان «پێڕەوانـی فریشـتە» (٢٦).

ئـەو کەسـانەی کـە ئـەم بۆچوونەیـان هەیـە (دانەپاڵـی ئێزدییـەکان بـۆلای یـەزدان پەرسـتی و زەردەشـت)، لـە گەردانکردنـی نـاوی ئێـزدی لـە وشـەی یـەزدان و ئێـزدەوە هـاوڕان، کـە لـە زمانـی فارسـیدا واتـای خـودا و هەبوویەکـی بانمرۆیـی دەگەیەنێـت (٢٧).

گریمانـەی کۆتایـی، کـە بـاوەڕی بـە هەبوونـی ڕیشـەی زەردەشـتی و میترایـی ئێزدییەکانـە، بـەو هۆیـەوە جێگـەی پەسـەندکردنە کە خاوەنەکانی ئەم بۆچوونـە بـە لێکۆڵینـەوە لـە ڕیشـەی بیروبـاوەڕی ئێزدییـەکان و سـوود و کۆمەکـی وەرگرتـن لە میتۆدە زانسـتییەکان و داتا ئەنسرۆپۆلۆجییەکان، توانیویانە پاشـماوە و شـوێنەواری هـزری میهرپەرسـتی و زەردەشـتییەت لـە بـاوەڕە ئایینییەکانـی ئـەم گرۆیەدا بدۆزنـەوە، سـەرەڕای ئەمەیـش، پێڕەوانـی ئـەم ئایینـە لـە زۆرێـک لـە ڕێوڕەسـم و دابونەریتەکانیاندا، میراتگـری شارسـتانیەتە دێرینەکانـی دۆڵـی دوو ڕووبـار (سـۆمەری، بابلـی و ئاشـوورییەکان)ن (٢٨).

وێـڕای ئـەوەی وتـرا، ئـەوان بـە ناوگەلێکـی دیکـەی وەک: (چەلەبـی، داسـنی و صاجلیە)یـش ناسـراون، وشـەی چەلەبـی تەنیـا ڤاسـیلی نیکیتـن ئامـاژەی پـێ کـردووە، هەڵبـەت ئەویـش ئـەم وشـەیەی لـە پرۆفیسـۆر (مار)ـەوە وەرگرتـووە (٢٩).

## ڕیشەی نەژادی و نەتەوەیی ئێزدییەکان

دەربـارەی بنـەڕەت و ڕیشـەی نەتەوەییـان، دەبێت ئـەوە بڵێیـن کـە لـە ڕەگـەزی کـوردن و بـە بەشـێکی جیانەبـووەوەی ئـەم گەلـە دادەنرێـن، هەرچەنـدە کـە توێژینـەوە ڕۆژئاواییـەکان هەوڵـی ئـەوە دەدەن کـە ڕیشـەکەیان بدەنەپـاڵ گەلانـی غەیـرە کـورد، بـەڵام ئـەم هەوڵانـە لەبەرانبـەر ڕاسـتییە ڕوون و زانسـتییەکاندا بێ سـوود و پرپووچن. بەسـەرنجدان لـە کۆمەڵگـەی ئێزدییـەکان، ئـەو لێکچـوون و

هاوجووتییە کولتووری- کۆمەڵایەتییەی ئەوان و کوردەکان بە ئاسانی پەی پێ دەبرێت (٣٠).

بەپێی بڕوای مرۆڤناسان و مێژوونووسان، گەلی کورد، کۆنترین و خاوەن پێشینەترین نیشتەجێبووی ناوچەکەن و لقێکن لە گەلانی هیندۆ ئەورووپی (ئاریایی)ـەکان کە لەم ناوچەیەدا بوونیان هەبووە، بەم پێیەش، کۆنترین بیروباوەڕی گەلانی ناوبراو لەنێو کورددا باوبووە. بنەڕەتیترین تایبەتمەندی هەر گەلێک زمانەکەیەتی. ئێزدییەکان وێڕای ئەوەی کە بە زمانی کوردی قسان دەکەن، هەردوو کتێبە پیرۆزەکەیشیان بە زوبانی کوردی و ئەلفوبێی دێرین نووسراونەتەوە (٣١).

لە کتێبی (مفصل جغرافیة العراق)یشدا هاتووە کە ئێزدییەکان لەڕووی ڕەگەزەوە سەر بە گەلی کوردن (٣٢).

بەتلیسی لەچوارچێوەی باسکردنی ویلایەتی مووسڵ و (شام)دا و خستنەڕووی هۆز و گرووپەکانی قەڵەمڕەوی ئەو دوو ویلایەتەدا، ئاماژە بەوە دەکات کە پێڕەوانی ئایینی ئێزدی کوردن (٣٣).

جەلادەت بەدرخان دەڵێت: «ئێزدییەکان کوردن و لە ڕەسەنترین هۆزەکانی کورد هەژمار دەکرێن» (٣٤).

ئیحسان نووری پاشا، لە چوارچێوەی پشتڕاستکردنەوەی دێرینیی ئایین و دیانەتی ئێزدییەکاندا، لەو کوردانە هەژماریان دەکات کە پتر لە هەر هۆز و گرۆیەکی دیکەی کورد بە کولتوور و نەریتە دێرینەکانی خۆیانەوە پابەند ماونەتەوە٣٥.

عەبدولڕەحمان بەدران پێیوایە کە پێڕەوانی ئەم ئایینە لەڕووی نەژادی و زمانەوە کوردن و زمانێکی جگە لە کوردی نازانن، تێکڕای ڕووکارە کولتوورییەکانی ئەم گرۆیە لەگەڵ تێکڕای کوردەکاندا لێکچوونی هەیە (٣٦).

ئەنستاس ماری کەرمەلیی دیان، لە بەرهەمەکەی خۆیدا دەربارەی ئێزدییەکان دەڵێت: «مێژوونووسانی کۆن، ئەم خەڵکانە (ئێزدییەکان) یان لە ڕیزی هۆز و عەشیرەتە ڕەسەنەکانی کورددا هەژمارکردووە، هەروەها ئاماژەیان بە جیاوازییان لەگەڵ دیتراندا، لەڕووی دینداری و ئایینەوە کردووە» (٣٧).

## ئەنجامگیری

١- لە هیچ یەکێک لە سەرچاوەکانی مێژووی ئیسلام و ئەو کتێبانەی دەربارەی ئایین و مەزهەبەکان نووسراون، ناوی یەزیدی کوڕی معاویە وەک کەسێکی خاوەن گرووپ، یان ڕێباز نەهێنراوە، جگە لەمەیش ئەو لەڕووی سیاسییەوە کەسێکی لێنەوەشاوە بووە و خاوەنی هیچ هزر و بیرێکی تایبەت نەبووە، تا بەهۆیەوە لە مێژوودا بەناوبانگ بێت. ناوی یەزید لە سەرچاوە مێژووییەکاندا تەنیا لەگەڵ ڕووداوگەلی نەخوازراوی وەک کەربەلا و سووتاندنی مەککەدا، هاتووە.

٢- ئەو گرۆیەی ئێمە لەبارەیەوە دواین، لە هیچ سەردەمێکی مێژووییدا لە ئازاری عەرەبە موسڵمانەکان پارێزراو نەبوون و تاکە لایەنێک کە بە دوژمنی نەتەوەیی خۆیانی بزانن، عەرەبەکانن. بەم دۆخەوە چۆن دەکرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت کە ئەمانە بە مەبەستی زیندووکردنەوەی ئەمەوییەت دروستبوون و درێژەیان بە ژیانی خۆیان داوە؟! ئەگەر وەهابووایە، دەوڵەتە ئیسلامییەکانی پێشوو و عەرەبەکانی ئەمڕۆ-تەنانەت بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیشیان بووایە- پشتگیرییان لەم بیرکردنەوەیە دەکرد.

٣- دەستەواژەی (الیزیدي)، کە لە سەردەمی سوڵتان محەمەدی چوارەمی عوسمانی (١٦٤٨ -١٦٦٨ز) و بەمەبەستی سووکایەتی پێکردن دراوەتەپاڵیان و لە ڕووکەشیشدا، باشترین بیانووبوو بۆ لەناوبردن و بەدیلگرتنی ژنان و منداڵانیان.

٤- ئەو ئێزدییانەی لەم بابەتەیان کۆڵیوەتەوە، جیاوازن لە پێڕەوانی یەزیدی کوڕی ئونەیسە، چونکە ئەوان گرۆیەکی خەواریج بوون کە لە سەرەتادا هاودەستی ئەبازییەکان بوون، یەزیدی کوڕی ئونەیسەیش خەڵکی بەسرە بووە و هەر لەوێ ڕاپەڕیوە، پاشانیش هەڵهات بۆ سەرزەمینی فارس لە ئێرانی ئەمڕۆ. لە کاتێکدا پانتایی جوگرافیی جێ مەبەستی ئەم وتارە دەکەوێتە بەشی باکووری دۆڵی دووڕووبارەوە. لەکن ئێزدییەکان کەسێک بەنێوی یەزیدی کوڕی ئونەیسە نەناسراوە، لەکۆتاییشدا دەبێت ئەوە بڵێین کە لە مێژووی پێڕەو و مەزهەبەکاندا کەسانێکی زۆری وەک یەزیدی جەعەفی-یش بوونیان هەبووە کە خاوەنی شوێنکەوتە و لایەنگری زۆربوون.

٥- ئەگەر ئێزدییەکان لە شاری (یەزد)ـەوە هاتبن و سەریان هەڵدابێت، ئەوە دەبوو پێیان بووترایە (یەزدییەکان)، نەک ئێزدی، یان ئێزیدی.

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


١ - سعید الدیوجي، (٢٠٠٣)، الیزیدیة، بیروت مؤسسة العربیة للدراسات و النشر،ط١، ص١٤.

ازاد سعید سمو، (١٤٢٢ه/٢٠٠١م)، الیزیدیة من خلال نصوصها المقدسة، بیروت، دارالمکتب الاسلامي، ط١، صص٣٨ و ٢٣.

احمد بن عبدالعزیز الحصین، (١٤٢١ه/٢٠٠١م)، الیزیدیة (عبدةالشیطان)، الریاض، دار عالم الکتب، ط١، ص١١، عبدالکریم السمعاني، (١٩٩٨م)، الأنتساب، ج٥، تحقیق، عبدالله عمر البارودي، بیروت، دارالفکر، ص٩٣.

عبدالرزاق الحسني، الیزیدیون في حاضرهم و ماضیهم، بغداد، مکتبة الیقظة العربیة، ط١، صص١٤-٨. The Encyclopedia Americana, (1973), International Edition, vol.29, New York, Americana Corporation, p.677. Art"Yazidies".

٢ - صدیق الدملوجي، (١٣٦٨ه/ ١٩٤٩ز)، الیزیدیة، الموصل، مطبعة الأتحاد، الطبعة الأولی، صص١٦٣-١٦٤.

٣ - هەمان سەرچاوە، ص ١٧٣.

٤ - زهیر کاظم عبود، (١٩٩٥م)، لمحات عن الیزیدیة، بغداد، مکتبة النهظة، ط١، صص١٥-١٧. زهیر کاظم عبود، (٢٠٠٣م)، الایزیدیة (حقائق و خفایا و اساطیر)، المانیا، مرکز قندیل للنشر و الاعلام، ط١، صص ٣١-٤١.

٥ - ابوالفتح عبدالکریم شهرستاني، (١٩٨٤م)، الملل و النحل، ج١، تحقیق محمد سید طیلاني، بیروت، دار المعرفة، ص ١٣٦.

عبدالقادر بن طاهر بن محمد البغدادي، (١٩٧٧م)، الفرق بین الفرق، ج١، دارالآفاق الجدیدة، صص ١١، ١٨، ٥٥، ٢٢٢، ٢٦٣، ٣٤٩.

علي بن اسماعیل الأشعري، (بی تا)، مقالات الاسلامیین و اختلاف المصلین، تحقیق هلموت ریتر، بیروت، دار احیاء التراث، ط٣، بی نا، ص ١٠٣.

طاهر بن محمد ابوالمظفر الاسسفرایني، (١٤٠٣ه)، التبصیر في الدین و تمییز الفرقة الناجیة، تحقیق کمال یوسف الحوت، بیروت، دار عالم الکتب، ص٢٤.

عزالدین بن عبدالرحمان بن احمد الایجي، (١٤١٧ه)، المواقف، تحقیق عبدالرحمان عمیره، بیروت، دار الجیل، ط١، ص ٦٩٤.

محمد عبدالرؤوف المناوي، (١٤١٠ه)، التعاریف، تحقیق محمد رظوان الدایة، بیروت - دمشق، دار الفکر المعاصر، ص ٧٤٩.

٦ - خلف الجراد، (١٩٩٥م)، اليزيدية و اليزيديون، اللازقية، دار الحوار، ط١، ص١٥.
امين زكى بک، (١٩٣٦م)، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان من أقدم العصور التاريخية حتى الان، تعريب محمد علي عوني، القاهرة، مطبعة السعادة، ص٢٩٤.
٧ - عبدالقادر صالح، (١٤٢٤ه/ ٢٠٠٣م)، القائد و الاديان، بيروت، دار المعرفة، ط١، صص ٢٨٣-٢٨٤.
٨ - موسوعة الأديان في العالم، (٢٠٠٠م)، ج٩، ص٤٩. عبدالقادر صالح، (١٤٢٤ه/ ٢٠٠٣م)، القائد و الاديان، بيروت، دار المعرفة، ط١، صص ٢٨٣-٢٨٤.
٩ - ازاد سعيد سمو، (١٤٢٣ه/ ٢٠٠١م)، اليزيدية من خلال نصوصها المقدسة، دار النفائس للطباعة و النشر و التوزيع، ط١، ص٣٥.
اسعد السحمراني، (١٤١٤ه/ ١٩٩٧م)، الصابئة، الزرادشتية، اليزيدية، بيروت، دار النفائس للطباعة و النشر و التوزيع، ص٦٣.
١٠ - عبدالمنعم الحفني، (١٩٩٩م)، موسوعة الفرق و الجماعات و المذاهب و الاحزاب و الحركات الاسلامية، بيروت، مكتبة مدبولي، ط٢، ص٦٩٠، ش٧٥١.
١١ - احمد تيمور باشا، (١٣٤٧ه)، اليزيدية و منشأ نحلتهم، القاهرة، المطبعة السلفية و مكتبتها، ط١، ص٤٢.
١٢ - محمد التونجي، (١٤٢٠ه/ ١٩٩٩)، اليزيديون (واقعهم، تاريخهم، معتقداتهم)، بيروت، المكتبة الثقافية، ط١، صص٧٣-٧٤. ئەم کتێبە لەلایەن وەرگێڕی ئەم وتارەوە کراوە بە کوردی و چاپ کراوە.
١٣ - عبدالرحمان شرفكندي، خاطرات، صص ٤١٢-٤١٣.
١٤ - عباس العزاوي، (١٣٥٤ه/١٩٣٥م)، تأريخ اليزيدية و أصل عقيدتهم، المطبعة بغداد، صص ٧-١١.
15- The New Encyclopedia Britannica,(1998), 15th Edition, vol.12, Chicago- London, p.807, Art "Yazidis".
١٦ - رشيد الخيون، (٢٠٠٣م)، الأديان و المذاهب بالعراق، كولونيا - المانيا، منشورات الجمل، ط١، ص٦٣.
١٧ - امير شرفخان بن شمس الدين محمد، (١٣٧٧ش)، شرفنامه (تاريخ مفصل كردستان)، به اهتمام ولاديمير ولييامينوف زرنوف، تهران، اساطير، چ١، صص ١٤٧ و ٣٢٣.
١٨ - محمد امين زكى بک، (١٩٣٦م)، خلاصة تاريخ الكرد و كردستان (من اقدم العصور التاريخيه الى الان)، تعريب محمد علي عوني، القاهرة، مطبعة السعادة، ص٢٩٣.
١٩ - احسان نورى پاشا، (١٣٣٣ش)، تاريخ ريشەى نژادى كرد، تهران، چاپخانه سلطنتى سپهر، چ١، ص٤٩.
٢٠ - رشيد ياسمى، (١٣٦٣)، كرد و پيوستگى نژادى و تاريخى او، تهران، امير كبير، چ٢، صص ١٢٥-١٢٧.
٢١ - كريم زند، (١٩٧٣م)، الدين و الاعتقاد في كردستان، موصل، بى نا، ص٢٨.
مهرداد الايزيدي، (٢٠٠٢)، الديانة و الطوائف الدينية في كردستان، تعريب كامران فهمي، سليمانية، مطبعة الفكر و الوعي، ص٦٣.
٢٢ - أنور المايي، (١٩٩٩م)، امارة بهدينان، دهوک، مطبعة خەبات، ط٢، ص٨٣.
٢٣ - علي سيد الكوراني، (١٩٩٦م)، من عمان الى العمادية (جولة في كردستان الجنوبية)، عمان، دار البشير، ط٢، ص١٦٨. Mehrdad Izady, (1992), The Kurds, Washington, p. 153.
٢٤ - درويش حسو، (١٩٩٢م)، الازداهيون اليزيديون، بون- المانيا، ط١، صص ١٥-١٦.
٢٥ - شاكر فتاح، (١٩٦٩م)، اليزيديون و الديانة اليزيدية، سليمانية، مطبعة كامران، ط١، صص ١٦-١٧.
٢٦ - اسماعيل جول بک، (١٩٣٤م)، اليزيدية قديما و حديثا، نشر و تحقيق قنسطنطين زريق،

بیروت، المطبعة الامريكانية، ط۱، ص ط.
۲۷ – سليمان صائغ، الموصلي القس، (۱۹۳۳)، تاريخ الموصل، ج۱، القاهرة، المطبعة السلفية، ص۲٥۹. Harry Charles, (1925), Mosul and its minorities, London, p.125.
۲۸ – جورج حبيب، (۱۹۷۸م/ ۲۰۰۳م)، اليزيدية بقايا دين قديم (بحث تاريخي)، بغداد، مطبعة المعارف، ط۱، ص٤۰٥. كاظم حبيب، (۲۰۰۳م)، الايزيدية ديانة قديمة تقاوم نوائب الزمن، اربيل، دار اراس للنشر الكردي، ط۱، ص۳۰.
۲۹ – واسیلی نیکیتین، (۱۳۷۸ش)، کرد و کردستان (بررسی جامع از دیدگاه سیاسی، جامعه‌شناسی و تاریخی)، ترجمه‌ی محمد قاضی، تهران، کانون فرهنگی انتشاراتی درایت با همکاری مرکز حفظ و نشر اثار محمد قاضی، چ۲، ص٤۷.
۳۰ – جرنوت فيستر، (۱۹۹٤م)، تاريخ الشعب اليزيدي و ديانته، تعريب فرهاد ابراهيم، مجلة لالش، ش۱۲-۱۳، ص۱۱٤.
۳۱ – هنري فيلد، (۲۰۰۱م)، جنوب كردستان (دراسة انتروبولوجية)، تعريب جرجيس فتح الله، اربيل، دار اراس، ط۱، صص ۱۰۷-۱۰۸.
ليدى دراور، (۱۹٦۱)، في بلاد الرافدين (صور و خواطر)، تعريب فؤاد جميل، بغداد، مطبعة شفيق، ط۱، ص۲٦۸.
فتاح، شاكر، (۱۹٦۹م)، اليزيديون و الديانة اليزيدية، سليمانية، مطبعة كامران، ط۱، ص۲٥.
۳۲ – طه الهاشمي، (۱۹۳۰م)، مفصل الجغرافية العراق، بغداد، بی نا، ط۱، صص ۱۰۸-۱۰۹.
۳۳ – امير شرفخان بن شمس الدين بدليسي، همان، ص۱٤.
۳٤ – جلادت بدرخان، (۱۳٦۹/۷۰ش)، نماز و نیایش های کردان ایزدی، ترجمه‌ی احمد شریفی، مجله‌ی چیستا، ش۸۰، صص ۷٥۸-۷٦۱.
۳٥ – احسان نوری پاشا، همان، ص٤۹.
۳٦ – عبدالرحمان بدران، (۱۸۷٦م)، اليزيدية في كردستان، مجله الجنان، العدد ۷، بیروت، ص٥۲٦.
۳۷ – انستاس ماری الکرملي، (بی تا)، اليزيدية، نسخه‌ی خطی، دهوک، ارشیو مرکز فرهنگی- اجتماعی، لالش، ش۳٤، ص٥.

**تێبینی:** نووسەر لە کۆتایی باسەکەیەوە لیستێکی سەرچاوەی دوورودرێژی داناوە و تێیدا (٥۳) سەرچاوەی بەهەر سێ زمانی (فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی) ڕیزکردووە کە بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودی لێوەرگرتوون، بەڵام ئێمە تەنیا بەوەندە لێی گەڕاین کە خودی نووسەر لە پەراوێزەکاندا ئاماژەی پێ کردوون. بۆ کەسێک خوازیاری زیاتربێت، دەتوانێت وتارەکەی نووسەر بەم ناوە لەسەر ئینتەرنێت بدۆزێتەوە: کردهای ایزدی (پژوهشی در وجه تسمیه و ریشه‌ی نژادی- عثمان یوسفی). و.ک.

**سەرچاوەی وەرگێڕانەکە:**

پرتال جامع علوم انسانی، https://ensani.ir › article › کردهای- ای... کردهای ایزدی (پژوهشی در وجه تسمیه و ریشه ی نژادی).

**(عوسمان یووسفی، خوێندکاری دوکتۆرا لە مێژووی ئیسلامدا: زانکۆی تاران، ئەندامی لیژنەی زانستیی زانکۆی پیام نور واحد هرسین).**

# ماتس ئێک کۆریۆگراف و ڕیژیسۆر... جولییێت و ڕۆمیۆ

د. فازڵ جاف

هەفتەی ڕابووردوو کە بالێی «جولییێت و ڕۆمیۆ» بە کۆریۆگرافیای ڕیژیسۆر و کۆریۆگرافی لێهاتووی سوید «ماتس ئێک» لە ئۆپرای شاهانەی شاری ستۆکهولْم نمایش کرا، ڕەخنەگرەکان لەسەر ئەوە کۆک بوون کە: ماتس ئێک بۆ جارێکی تر توانی سەرکەوتووانە ژیانی مۆدێرن و هاوچەرخ بخاتەوە بەر ئەو سەرگوزشتە کۆنەی شەکسپیر.

ماتس ئێک یەکێکە لە ڕیژیسۆر و کۆریۆگرافە هەرە بەتواناییەکانی وڵاتی سوید، بگرە کار و ناوبانگی وڵاتی سویدی بەزاندووە و پەلی بۆ زۆربەی وڵاتانی ئەورووپا هاویشتووە کە نمایشەکانی چ بە سەردان و چ وەک کۆریۆگراف و ڕیژیسۆری میوان لەو وڵاتانەدا نمایش دەکات.

### شانۆ و سەما... دوو مانی هونەری

ئەوەی ماتس ئێک لە زۆرینەی ڕیژیسۆرانی شانۆ جودا دەکاتەوە، کارامەیی و وەستایەتییەتی لە هەردوو بواردا: شانۆی دراماتێکی و شانۆی سەما و بالێ، ئەمەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە ماتس ئێک بەر لە هەموو شتێک خۆی سەماکەر و کۆریۆگرافە، هاوکات شانۆکار و دەرهێنەری شانۆشە، لە هەردوو هونەرەکەدا، سەما و شانۆ، هەر لە منداڵییەوە، چ بە ڕاهێنان و چ بە خوێندنی ئەکادیمی، لەسەر بناغەی پیشەمەندی گەشەی بە توانایی هونەری خۆی داوە.

ماتس ئێک وەکوو ڕیژیسۆرێکی پلە یەک، لە شانۆی نەتەوەیی «شانۆی شاهانە»ی سوێد کار دەکات، نمایشەکانی چ لە ڕووی هونەرییەوە و چ لەسەر ئاستی بینەراندا، نەک تەنیا لە سوێد، بگرە لە زۆربەی وڵاتانی ئەورووپاییدا زۆر سەرکەوتوو و بە برەون. ئێستا و لەکاتی نووسینی ئەم بابەتە، شانۆنامەی «سۆناتای تارمایی» ئاوگست ستریندبێرگ، کە بەرهەمی شانۆی شاهانەی ستۆکهۆڵمە «دراماتن» بە ڕیژیسۆریی ئێکس لە پۆڵۆنیا نمایش دەکرێت.

کەسێک بە وردی سەرنجی نمایشە شانۆییەکانی بدات «دۆن جوان/ مۆلییر، بازرگانی ڤینیسیا/ شەکسپیر، خەونەنمایشێک/ مۆسیقای تارمایی/

ستریندبێرگ» توانایی و دەستڕەنگینی و کارامەیی ئەم دەرهێنەرەی چ وەک ڕێژیسۆری درامی، چ وەک کۆریۆگراف نیشان دەدات. هیچ نمایشێکی، کە سەرجەمیان تێکستی کلاسیک و شانۆنامەی بە ناوبانگی ئەدەبیاتی شانۆن، لە زمانی سەما و تابلۆی کۆریۆگرافی و جووڵەی بە ڕیتم و میزانسێنی تابلۆئاسا، چ بە سۆلۆ و چ بە گرووپ بە دەر نییە. هەموو ئەم تەکنیک و تایبەتمەندییە لە توانایی کۆریۆگرافی ماتس ئێک-ەوە سەرچاوە دەگرێت. سەما و جووڵە نەبزی میزانسێنەکانی ماتس ئێک چ لە نمایشی شانۆی درامیدا و چ لە نمایشی سەما و بالێدا.

بە هەمان شێوە، ماتس ئێک یەکێکە لە کۆریۆگرافە سەرەکییەکانی «ئۆپێرای شاهانە»ی سوێد، هەر لەسەر ئەو شانۆ گەورەیەدا چەندان بەرهەمی کلاسیکی بالێی بە دیدێکی جیاواز و شێوازێکی نوێ پێشکەش کردووە، بۆچوونە نوێیەکانی و ڕوانگەی جیاوازی و ستایلی کەسێتی خۆی لە چەندان بەرهەمی کلاسیکی وەک «گیزێل» و «کارمن» و ئۆپێرای «ئۆرفیوس»دا ڕەنگی داوەتەوە، ئێستاش کە لەم ڕۆژانەدا نوێترین بەرهەمی «ڕۆمیۆ و جولیێت» بە ناوونیشانی «جولیێت و ڕۆمیۆ» نمایش دەکات، بۆ جارێکی دیکە، ئەم دید و تێڕامانە نوێیە دەسەلمێنێت.

دەربارەی «جولیێت و ڕۆمیۆ» دەڵێت: بەردەوام هەوڵ دەدەم، کەم تا زۆر، بتوانم خۆم لەو شتە ڕزگار بکەم کە لە هی ماتس ئێک دەچێت، هەوڵ دەدەم دەروونم بەرانبەر بەو شتەی کە دەنگی تایبەتی بەرهەمەکەیە ئاوەڵا بکەم، خۆم بکەم بە کوێلەی ئەو دەنگە، بەڵام ئەوەندە ئاسان نییە بتوانیت هەموو کاتێک خۆت لە خۆت ڕزگار بکەیت.



ماتس ئێک

### مۆسیقای پرۆکۆفێیڤ و چایکۆڤسکی بۆ ڕۆمیۆ و جولیێت

مۆسیقای ئەم بالێیە نوێیە، خۆی لە خۆیدا جێگەی سەرنجە، ماتس ئێک نەیویستووە مۆسیقا بەناوبانگەکەی « پرۆکۆفییێڤ» بۆ بالێی «ڕۆمیۆ و جولیێت» بەکار بهێنێت، لەبری ئەو، ویستی مۆسیقایەکی دیکە بەکار بێنێت.

**دەربارەی هەڵبژاردنی مۆسیقاکە دەڵێت:**

مۆسیقاکەی پرۆکۆفێیێڤ مۆسیقایەکی نایابە، کێشەکەی من لە گەڵ ئەم مۆسیقایە ئەوە بوو، کە من بە چەند جۆرێک لەگەڵ ئەم مۆسیقایەدا پێشتر سەمام کردووە. ئیدی نەمدەتوانی پێوەندییەکی سەربەخۆ و ڕەهام لە گەڵ ئەم مۆسیقایەدا هەبێت، جگە لەوەش هەستم بەوە دەکرد کە پرۆکۆفێیێڤ زۆر بەتوندی مۆسیقاکەی خۆی بە چیرۆکی شانۆنامەکەوە گرێ دابوو، سەرەڕای ئەوەی مۆسیقاکەی پرۆکۆفێیێڤ دراماکە، دیمەن دوای دیمەن، بەرجەستە دەکات.

### ماتس ئێک کۆریۆگراف کوڕی کۆریۆگرافە!

ماتس ئێک کوڕی «بیرگیت کولبێرگ»

خانمە کۆریۆگرافی بە ناوبانگی سویدە، کە دامەزرێنەری قوتابخانەی بالێی کولبێرگە لە ستۆکهۆلم، پاشان ناوبانگی ئەم قوتابخانەیە هەموو جیهانی بالێی گرتەوە. ماتس لە ژێردەستی دایکی فێری یەکەم وانەکانی سەما بوو، پێش ئەوەی ببێت بە کۆریۆگرافێکی پرۆفیسیۆناڵ.

ڕەخنەگران پێیان وایە کە کاریگەری دایکی لە زۆربەی کارەکانیدا بە ئاشکرا دیارە. ئێک کە لە ساڵی ١٩٤٥ لە دایک بووە، هەر لە ساڵی ١٩٧٣وە لە قوتابخانەکەی دایکی سەمای کردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ تاکوو ١٩٩٣ بەرپرسیارێتی هونەریی قوتابخانەکەی گرتووەتە دەست، بەڵام ئێک جگە لە پسپۆڕی خۆی لە بواری سەما و کۆریۆگرافیدا، هونەری نواندنی بە شێوەی پسپۆڕێتی خوێندووە، ئەمەش لە کاری ڕێژیسۆری شانۆدا زۆر یارمەتی داوە.

## سەما لە ماڵی برناردا ئەلبا

هەر بۆیە نمایشەکانی لە شانۆدا نزیکن لە بالێوە، نمایشەکانی بالێشی لە شانۆوە نزیکن. ئەم بۆچوونە بە ئاشکرا لە نمایشی سەمائامێزی شانۆنامەی «ماڵی برناردا ئەلبا»ی لۆرکادا بەرجەستە کرابوو، لەم نمایشەدا سنووری کۆریۆگرافەر و ڕێژیسۆری شانۆیی بە ڕوونی دەبینرا، کاریگەری هەردوو هونەرەکە و تەکنیک و زمانی هونەریی هەردووکیان لە فۆرمی ئیستێتیکیانەی نایابدا ئاوێتەی یەکدی بووبوون، ئەم نمایشە بوو بە مۆدێلێکی ئەوتۆ، کە «ماڵی برناردا ئەلبا» لە جیهانی سەمادا برەوێکی زۆر پەیدا بکات و چەندان کۆریۆگراف، شانۆنامەکەی لۆرکا بە زمانی سەما و دوور لە ئاخاوتن و تێکستی شانۆنامەکە بەرجەستە بکەن.

## بیرگیت کولبێرگ و ڕۆمیۆ و جولیێت

بەر لە ماتس ئێک بیرگیت کولبێرگی دایکی لە تەمەنی گەنجێتیدا بە شێوەیەکی جیاهەڵکەوتوو و مۆدێرن و لەسەر مۆسیقای «پرۆکۆفیێڤ» کاری کۆریۆگرافی بۆ «ڕۆمیۆ و جۆلیت» کرد و سەرکەوتنی نمایشەکە زۆر دەنگی دایەوە.

ماتس ئێک دەربارەی داهێنانی دایکی لە «ڕۆمیۆ و جولیێت»دا دەڵێت: پێم وایە مۆسیقاکەی دانسقە و سەرکەوتووانە بەکارهێنابوو، ئەوەی کە تازەکردنەوەیە لە بەکارهێنانی مۆسیقاکەدا کاتی خۆی لە سەردەستی بیرگیت کولبێرگ هاتە دی، بۆیە ماتس ئێک پێی وایە تازەکردنەوە و نوێکردنەوەکەی دایکی لە چوارچێوەی مۆسیقاکەی پرۆکۆفیێڤ گەیشتە لووتکە و چیدی دووبارە نابێتەوە.

لە کۆتاییدا ئێک گەیشتە ئەو باوەڕەی کە مۆسیقاکەی چایکۆفسکی ئەو شتانەی تێدایە کە ئەو بە دوایاندا دەگەڕێت، تەنانەت ئەگەر بە دوای توندوتیژی و لایەنی ڕەشیش بگەڕێیت هەر لە لای چایکۆفسکی دەیدۆزیتەوە. وا باوە کە دەڵێن چایکۆفسکی تەنیا تووەکەت ناداتێ، بگرە گوڵێکی تازە پشکوتووت دەداتێ.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لە هەڵبژاردنی مۆسیقای (چایکۆفسکی)دا ئەوەیە کە چایکۆفسکی مۆسیقایەکی تایبەتی بە «ڕۆمیۆ و جولیێت» لە چەشنی بالێیەکەی پرۆکۆفیێڤ دانەناوە، ئەوە کە ماتس ئێک لێرەدا بە ئەنجامی گەیاندووە، ئەوەیە چەند پارچە مۆسیقایەکی لە بەرهەمە جیاجیاکانی چایکۆفسکی هەڵبژارد بۆ بالێی «جولیێت و ڕۆمیۆ».

ڕاستییەکەی چایکۆفسکی «ئۆڤەرتور»ێکی هەیە بە ناونیشانی «ڕۆمیۆ و جولیێت»، بەڵام لەو پارچە مۆسیقایانەی چایکۆفسکی

کە هەڵبژێردراون، ئەم پارچەیەی تێدا نییە. ئێک لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەم ئۆڤەرتورە تەنیا بیست دەقیقەیە و بریتییە لە کورتەیەکی دراماکە، ئەمەش هیچ ئامانجێک ناپێکێت، بە تایبەتی ئەگەر بمانەوێت سەرتاسەری چیرۆکەکە نمایش بکەین.

ماتس ئێک باس لەوە دەکات کە چایکۆفسکی چ هەستێکی بێ ئۆقرەیی دایدەگرت کاتێک کە هزر و بیرۆکەی مۆسیقاکەی لەلا دروست دەبوو: کە بیرۆکەیەکی بۆ دەهات، لە ئەم سەر و ئەوسەری ماڵەکەیدا ڕای دەکرد و ئۆقرەی لێ دەبڕا، بەر لەوەی قەڵەمەکەی بگرێتە دەست و دەست بە نووسین بکات.

## سەردەمێکی جەنجاڵ و گۆڕانکاری خێرا!

ئەم سەردەمەی ئێمەی تێدا دەژین بۆ ماتس ئێک سەردەمێکی جەنجاڵ و بێ ئۆقرەیە، سەردەمێکە تژییە لە گۆڕانکاری خێرا و ڕادیکالی، پڕە لە هەڵچوون و داچوون و یاخیبوون بۆ خەڵک بە گشتی و بۆ گەنجان بە تایبەتی. ئێک هەر لەسەرەتاوە و پێش ئەوەی دەست بە مەشق و ڕاهێنان بکات، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم دواییەی جیهان و بەهاری عەرەبی لە هەڵبژاردنی «ڕۆمیۆ و جولیێت»دا پاڵنەرێکی گەورە بوون، ئەوجا کارکردنی بە شێوەیەکی هاوچەرخانە لەسەر ئەم باڵێیە. ئەو پێی وایە کەسێک کە خۆی دەسووتێنێت و دەبێتە هۆکارێک بۆ گۆڕانکاری سەرتاسەری کۆمەڵگە، دەکرێت چارەسەری «جولیێت و ڕۆمیۆ»ش بەو شێوەیە لێک بدرێتەوە، کە چارەنووسی تراژیدییان لە ئەنجامی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی ناهەموار و گرژی و توندڕەوی دوو بەرەوە دێتە گۆڕێ، ئەم چارەنووسە تراژیدییە کاردانەوەیەکی بێ ئەندازەی لەسەر گۆڕینی کومەڵگە هەیە، بە تایبەتی بۆ توێژی گەنجان، هەر بۆیە لە ڕووی سینۆگرافیاوە، سینۆگرافی نمایشەکە «ماجدەلینا ئۆبێرگ» بە درێژایی نمایشەکە چەند دیوارێکی زەبەللاحی لە چەشنی شوورەی جێگۆڕ بەکارهێناوە. ئەم دیوارانە دیمەن بە دیمەن دەگۆڕێن و لە کۆتاییدا، لە پاش مەرگی تراژیدی جولیێت و ڕۆمیۆدا نامێنن، دیارە لە ڕووی هۆشمەندییەوە جولیێت، هەروەکوو لە شانۆنامەکەشدا هاتووە لە ڕۆمیۆ کامڵترە، هەر بۆیە ئێک وای بە پەسەند زانی کە ناوونیشانی شانۆنامەکەی شەکسپیری لە «ڕۆمیۆ و جولیێت»ەوە بکات بە «جولیێت و ڕۆمیۆ».

# هونەر و ژیان لە ئیمپراتۆریەتی میدیادا

## «٦٧٨-٥٤٩ پ.ز»

حەمە هاشم

### مادەکان

مـادەکان لـەو گەلانـە بـوون کـە لـە مێـژووی ڕابـوردوودا، بەپێـی جوگرافیـای ئێسـتا لـە ناوچەکانـی چیـای زاگـرۆس نیشـتەجێ بـوون، کـە کوردسـتان و ئازەربایجـان و ناوچـەی کاردۆخ لەخۆدەگرێت. گەڕانـەوە بۆ نووسینەکانی هێرۆدۆت مێژوونووسـی کۆنـی گریـک، مـادەکان لـە ٦ هـۆزی سـەرەکی پێکهاتبـوون، ئەوانیـش فەیلییـەکان، باریتـاک، سـترۆچات، ئاریایـی، بـوودی و مووغـی، هێـرۆدۆت نـاوی ئارییەکانـی لەسـەر هـۆزە مـادەکان بەکارهێنـاوە.

بـە پشتبەسـتن بـە پەیمانـی کـۆن لـە کتێبـی پیـرۆزدا، ئـەوان لـە نـەوەی (یافـات بـن نـووح)ن و بۆ یەکەم جار لە سـاڵی ٨٣٦ پ.ز لە دەستنووسـە یۆنانییەکانـدا ئاماژەیـان پـێ کـراوە، ئامـاژە بـەوەش کـراوە کـە مـادەکان باجیـان بـە پاشـای ئاشـووری شەلمەنسـەری سـێیەم داوە، جۆرێـک لـە کۆدەنگـی هەیـە کـە مـادەکان لـە فارسـەکان نەبـوون، بـەڵام تێبینـی دەکـرێ زمانەکەیـان لێیـان نزیـک بـووە. بـە گوێـرەی لێکۆڵینەوەکانـی دوکتـۆر زایـار لـە کتێبـی ((ئێـران... شۆڕشـێک لـە زیندووبوونـەوەدا)) کـە لـە تشـرینی دووەمـی ٢٠٠٠ لـە پاکسـتان چـاپ کـراوە، تـا سـاڵی ١٥٠٠ پ.ز دوو هـۆزی گـەورەی ئارییـەکان لـە ڕووبـاری ڤۆڵـگا لـە باکووری دەریـای خـەزەرەوە (قەزویـن) کۆچیـان کـرد و لـە ئێـران نیشـتەجێ بـوون، ئـەو دوو هـۆزەش فـارس و مـادەکان بـوون.

سـەرەتا مـادەکان کـە لـە باکـووری ڕۆژئـاوای شانشـینی میدیـا نیشـتەجێ بـوون، هۆزەکـەی تریشـیان لـە باشـوور لـە ناوچەیەکـدا دەژیـا کـە دواتـر یۆنانییـەکان ناویـان نـاوە پارسـیس، نـاوی فارسـیش هەرلـەوەوە وەرگیـراوە، دوای ماوەیـەک مـادەکان و فارسـەکان وڵاتـە نوێیەکانیـان ناونـاوە ئێـران کـە بـە واتـای «خاکـی ئارییـەکان» دێـت.

مێژوونووسـی کـورد (محەممـەد ئەمیـن زەکـی ١٨٨٠-١٩٤٨) لـە کتێبـی "پوختەیـەک لـە مێـژووی کـورد و کوردسـتان"، باسـی ئـەوە دەکات لای بەشـێک لـە کـوردەکان، باوەڕێـک هەیـە کـە مـادەکان لـە ڕەگوڕیشـەی ڕەسـەنی گەلـی کـورد و ئـەم قەناعەتـە لـەوەدا دەردەکەوێت کـە کـورد لـە

سروودی نەتەوەیی خۆیدا داناوە، بەو پێیەی ئاماژەیەکی ڕوون لەم سروودەدا هەیە کە کورد ((کوڕی مادەکانن)).

ئەو ڕەوتەی قەناعەتی بەوە هەیە کە ڕەگوڕیشەی کورد، ڕەگوڕیشەی ئارییایە، لەسەر بنەمای ڕەگوڕیشەی مادەکانەوە بۆیان دروست بووە، بەو پێیەی کۆدەنگییەک هەیە کە مادەکان گەلێکی ئارییایین. بەپێی نووسراوەکانی هێرۆدۆت، سەرچاوەی مادەکان بۆ کەسێک دەگەڕێتەوە ناوی (دیاکۆ)یە کە سەرۆکی هۆزەکانی ناوچەی چیای زاگرۆس بووە ، لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پێش زایین، مادەکان سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێنا و ئیمپراتۆریەتێکیان بەناوی ئیمپراتۆریەتی میدیا پێک هێناوە.

تا سەدەی شەشەمی پێش زایین توانیبوویان ئیمپراتۆریەتێکی گەورە دروست بکەن کە لە ناوچەی ئێستای ئازەربایجانەوە تا ئاسیای ناوەڕاست و ئەفغانستان درێژ بووەوە.

مادەکان لەگەڵ فارسەکان تێکەڵ بوون و ئەمڕۆ زۆرێک لە نەتەوەکان خۆیان بە درێژکراوەی مادەکان دەزانن، وەک کورد و لوڕ و ئیسفەهانی و ئازەری.

ئایینی ئیمپراتۆرییەتی مادەکان، ئایینی زەردەشتی بووە و لە ساڵی ٦١٢ پ.ز توانییان پایتەختی ئاشوورییەکان لە نەینەوا لەناو ببەن، ئەم ڕووداوە ترسی لە دڵی بابلییەکان دروست کرد، هەربۆیە بابلییەکان لەو ترسە لەگەڵ مادەکان دەستیان بە مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی کرد.

کاریگەری مادەکان لە ناوچەکەدا بەردەوام بوو تا پاشای فارس کورش لە مادەکان هەڵگەڕایەوە و یاخی بوو و لەگەڵیاندا تووشی شەڕێکی قورس بوو، لە ساڵی ٥٥٣ پ.ز سەرکەوتنی بەدەست هێنا.

بەناوبانگترین شارستانی و هۆزە گەورەکانی مادەکان بریتین لە :

- گوتییەکان.
- مانییەکان.
- میدییەکان.
- کاردۆخییەکان.
- هۆزەبانییەکان.
- شەدادییەکان.
- ئەنازییەکان.
- مەروانییەکان.
- ئەیوبییەکان.
- بەدلیسییەکان.
- ئەردەڵانییەکان.
- بەهدینانییەکان.
- سۆرانییەکان.
- بابانییەکان.

## شوێنەوارەکانی شارستانیەتی ماد

کوردستان لانکەی شارستانیەتە مرۆڤایەتییەکانە، هەر بۆیەش پڕە لە چەندان شوێنەواری مێژوویی گرنگ، بەڵام لە ئەنجامی نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆی سیاسیی گەلی کورد و بە هۆی داگیرکردنی زێدەکەیان، کوردستان، مێژووی کورد تووشی هەڵوەشاندنەوە و پەرشوبڵاوی بووە، تەمومژاوی و دزی و ساختەکردن و دەستوەردان لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، هۆکارە بۆ سڕینەوەی زۆر لایەن لە مێژووی کورد و شارستانیەتی کورد، داگیرکەرانی کوردستان ئاسەواری باوباپیرانی کوردیان هەڵتەداوەتەوە، بۆیە بەشێکی گەورەی شوێنەوارەکانی باپیرانی کورد تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە و فەرامۆش کراون و جێ هێڵراون، داگیرکەرانی کوردستان دەستیان

بەسەر بەشێک لە شوێنەوارە دێرینەکانی کورد داگرتووە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هی خۆیانن، ئەمەش مێژووەکە دەشێوێنێت.

کەمیی زانیاری لەسەر ئیمپراتۆریەتی ماد و شارستانیەتییەکەی، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ دزینی مێژوو و شارستانیەتی ماد دەگەڕێتەوە لەلایەن فارسە هەخامەنییەکانەوە، کە ئیمپراتۆریەتی مادیان لەناوبرد.

ئەلمەرونسی مێژوونووس دەڵێت، هەخامەنییەکان میراتی ماد و شارستانیەتی مادیان بەناوی خۆیانەوە تۆمارکردووە و دەڵێت، ئامێزگرتنی هەخامەنییەکان بۆ شارستانیەت و کولتووری ماد، هاوشێوەی گواستنەوەی میرات بۆ میراتگرانە، بەو پێیەی هەخامەنییەکان زمانی ماد و نووسین و نووسینگەی کارگێڕییان لە مادەکانەوە بە میرات بۆماوەتەوە، هەروەها شێوازەکانی بەڕێوەبردنی حکوومەت و جەژن و ڕووداوە فەرمی و باوەکانیان لێیان وەرگرتووە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەک، یان دانپێدانانێک بەو لایەنەوە هەبێت.

د. ئەلمەرونسی ئەوەش دەڵێت کە هەخامەنییەکان لە ڕێگەی دزینی شارستانیەتی ماد و مێژووی مادەوە، سیماکانی شارستانیەتی ماد و مێژووی مادیان سڕیوەتەوە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەم شارستانیەت و مێژووە هی خۆیانە.

ئەو ئیمپراتۆرییەتانەی کە دوای ئیمپراتۆریەتی هەخامەنییەکان هاتن، بە تایبەتی ئیمپراتۆریەتی ساسانی، لە نۆرەی خۆیان بەردەوام بوون لە دزینی مێژووی ماد و شارستانیەتی ماد.

هەروەها د. ئەلمەرونسی باس لەوە دەکات کە زۆر لەو شوێنەوارانەی کە لە هەمەدان دۆزراونەتەوە، هی مێژووی شارستانیەتە دێرینەکانی مادن کە بەناوی هەخامەنییەکانەوە تۆمارکراون و چەندان بینا و نووسراو و دیواربەندی تێدان و ئەو پێی وایە هەموو ئەو شتانەی تا ئێستا لە هەمەدان دۆزراونەتەوە و دەرکەوتوون، مێژووەکەیان بۆ شارستانیەتی ماد دەگەڕێنەوە.

ویل دیورانت باس لەوە دەکات کە فارسەکان زمانی ئارییایی خۆیان لە مادەکان وەرگرتووە و سی و شەش پیتی ئەلفوبێکەیان هی ئەوانە، هەروەها یاسا و کۆدی فەرمانڕەوایەتییان لێ وەرگرتوون، کە فەرمانیان پێ دەکات تا دەتوانن لە کاتی ئاشتیدا پارەپارێز و ڕەوشت بەرز بن و لە کاتی شەڕدا ورەیەکی بێسنووریان هەبێت؛ ئایینی زەردەشتی و خودایی بوونی (ئەهورا مەزدا) و (ئەهریمان)، سیستمی بنەماڵەی پیاوسالاری و فرەژنی و کۆمەڵێک یاسای ئایینی ئەوان بووە.

هێرۆدۆت دەڵێت فارسەکان نووسینی مێخییان لە مادەکانەوە وەرگرتووە و زمانی ئەدەبی فارسی زۆر لە ژێر کاریگەری زمانی مادددا بووە.

سترۆناچ، باس لەوە دەکات کە شوێنەوارەکانی ماد لە دوای شەستەکانی سەدەی بیستەم دۆزراونەتەوە، هەروەها هەڵکۆڵینە شوێنەوارییەکان تەنیا لەو ناوچەیە چڕبوونەتەوە کە بە سێگۆشەی ماد ناسراوە و هاوسنوورە لەگەڵ شاری هەمەدان و (مەلایەر) کە دەکەوێتە هەمەدان و کانگاڤار لە پارێزگای کرماشان، هەروەها دیاکۆنۆڤ باس لەوە دەکات کە ئاسەواری شار و شارستانیەتی کۆنی مادەکان، هێشتا لە ژێر وێرانەکاندا ماونەتەوە و هیچ دەقێک لەبارەی حوکمڕانی مادەکانەوە بۆ ناسینی میدیا و دەوڵەتەکەی نییە.

## شوێنەواری مێژوویی

سێ شوێنەواریی سەرەکی لە ناوەڕاستی ڕۆژئاوای ئێران لە سەردەمی (ئاسنی سێیەم ٨٥٠ –٥٠٠ پ.ن) دۆزراونەتەوە بریتین لە:

**١. تەپە نوشیان:**

بـە پلـەی سـەرەکی شـوێنەوارێکی ئایینییـە. شوێنەکە دەکەوێتـە ١٤ کم لـە ڕۆژئـاوای مـالا-یـەر لـە پارێـزگای هەمـەدان، کنـە و پشـکنینەکانی لـە سـاڵی ١٩٦٧ لـە ژێـر ڕێنمایـی (D. Stronach) دەسـتی پـێ کـردووە. پاشـماوەی چـوار بینـای سـەرەکی لـە شـوێنەکەدا هەیـە کـە پەرسـتگای ناوەندی، پەرستگای ڕۆژئاوا، قەڵا و هۆڵی ستوونی تێدایە کە بە گوتـەی ستڕۆناچ، پێ دەچێت پێش نیـوەی یەکەمـی سـەدەی شەشـەم بەنـاوی چینـی قەشـەییەوە دروسـت کرابـن، پەرسـتگای ناوەنـدی بـە دیزاینـە تۆکمەکەیـەوە دەربڕینێکـی ڕوونـی بیروباوەڕی ئایینی و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان پیشان دەدات، هەروەهـا چەنـدان سـیرامیکی ئاسـۆیی لوولەیـی (هاوسـەنگی بینـاکاران)ی مـاد لـە گـردی (نوشـی گان) دۆزراونەتـەوە، کـە مێژووەکەیـان بـۆ سـەردەمی مـادەکان لـە ناوچەکانـی هەمـەدان دەگەڕێنـەوە (نیـوەی دووەمـی سـەدەی حەوتەمـی پێـش زاییـن).

لـەم کنـە و پشـکنینانەدا، چـوار پێکهاتـەی جیـاواز دەردەکـەون کـە بـە «گۆزەگـەری بـاو» ناسـراون و ڕەنگەکانیـان بریتیـن لـە (زەردی پرتەقاڵـی، زەردی کاڵ، یـان سـووری گـەش، لەگـەڵ ئاڵتونـکاری زێـڕ، یـان زیـو)، لەنێـو ئـەو پاشـماوانەدا پـەرداخ بـە قەبـارەی جیـاواز کـە گەورەترینیـان جۆرێکـە لـە دەفـری گـەورەی بڕیـڕەدار، هەروەهـا گـۆزەی بچـووک بچـووک دۆزراونەتـەوە کـە ڕەنگـی خۆڵەمێشـی کـراون، هەروەهـا دەفـری وەک مەنجـەڵ کـە ڕووی نـەرم و بریقەداریـان هەیـە، لـەم شـوێنەدا کەلوپەلـی دەسـتکردی وەک کەلوپەلـی چێشـت لێنـان و کەلوپەلـی کشـتوکاڵیش دۆزراوەتـەوە.



**٢. شوێنەواری (گۆدین تەپە)**

کۆشـکێکە شـێوەی قـەڵای هەیـە بـۆ پاشـایەکی مـاد، یـان سـەرۆکی خێـڵ دروسـت کـراوە. ئـەم شـوێنەوارە دەکەوێتـە ١٣ کم لـە ڕۆژهەڵاتـی کانگا -ڤـار، لـە کەنـاری چەپـی ڕووبـاری گامـاس، نزیـک کرماشـان.

کنـە و پشـکنین لـەم شـوێنەدا سـاڵی ١٩٦٥ دەسـتی پـێ کـردووە، بـە سـەرۆکایەتی (یۆنـگ) و بـە گوتـەی سـتڕۆناچ، ئـەم شـوێنە بـە ڕوونـی دامـەزراوە گرنگـەکان نیشـان دەدات کە مێژووەکەیان بـۆ سـەردەمی برۆنـزی دەگەڕێتـەوە.

ئـەو لێکۆڵینەوانـەی کـە یۆنـگ کردوونـی ئامـاژەن بـۆ پاشـماوەی بەشـێک لـە شـوێنی نیشـتەجێبوون کـە سـەر بـە فەرمانڕەوایەکـی ناوخۆیـی میدیاییـن.

**٣. بابا جان**

لەوانەیـە ئـەم شـوێنە شـوێنی حاکمێکـی خێڵەکـی میـدی بچووکتـر بووبێـت. ئـەو شـوێنەوارە دەکەوێتـە باکووری ڕۆژهەڵاتـی لوڕستان و نزیکـەی ١٠ کیلۆمەتر لە شـاری (نوورئاباد)ـەوە دووره، دەکەوێتە پارێزگای لوڕستان.

لـە سـاڵانی ١٩٦٦ -١٩٦٩ هەڵکۆڵیـن لـەم شـوێنەدا لەلایـەن (C. Goff) جێبەجـێ کـراوە، ڕەنگـە چینـی دووەمـی ئـەم شـوێنە بـۆ سـەدەی

حەوتەمی پێش زایین بگەڕێتەوە. ئەم سەرچاوانە لەیەک دەچن (لە تایبەتمەندییە کولتوورییەکان) و لە لایەنەکانی دیکەوە لە نێوان خۆیاندا جیاوازن بەهۆی بوونی جیاوازی کارایی و فرەچەشنی هۆزەکانی ماد.

تەلارسازی لەم شوێنەوارانەدا کە مێژووەکەی بۆ سەردەمی مادەکان دەگەڕێتەوە، بریتین لە دوو هۆڵی گەورەی کۆبوونەوەکان لەلای چەپ و هۆڵی ڕاست بۆ چاوپێکەوتنە فەرمییەکان دروست کراون کە زۆرجار لە ئێرانی هەخامەنییەکان بەرچاودەکەون، بۆ نموونە لە پەرسەپۆلیس. ((تەخت جەمشید)) هەروەها لە ئێرانی سەفەویدا، بۆ نموونە لە ((هۆڵی چل ستوونی)) کە مێژووەکەی بۆ سەدەی حەڤدەمی زایینی دەگەڕێتەوە.

ئەو کەرەستانەی کە لە نۆشی‌گان و تێل گۆدین و شوێنەوارەکانی دیکەی دۆزراونەتەوە کە لە ئیمپراتۆریەتی ماددا دروست کراون، لەگەڵ نووسراوەکانی ئاشوورییەکان، بوونی نیشتەجێبوونی شارەکان لە میدیا لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زایین دەسەلمێنن کە وەک ناوەندێک بۆ بەرهەمهێنانی پیشە دەستییەکان کاریان کردووە، هەروەها ناوەندەکانی ئابووری کشتوکاڵی و بەخێوکردنی ئاژەڵ.

**٤. گردی ئەکبەتان (هەکمەتانە)، یان (جەمەزان).**

حیکمەتەنە (تل ئەکبەتان)، شوێنەوارەکانی پایتەختی ئیمپراتۆریەتی مادە کە هێشتا ماونەتەوە، ئەم شارە کە بەشی ڕۆژهەڵاتی لە ژێر زەوییەوە دەردەکەوێت، لە سیستمی تەلارسازی پێشکەوتنمان نیشان دەدات کە ماددەکان دیزاینیان کردوون.

ئەم تەلارە دروستکردنی شارێکی وەک قەڵایە، لە پایتەختی ئیمپراتۆریەت، ناوەندێک بووە بۆ هەڵگرتنی دانەوێڵە.

ئەم شوێنەوارە بە قەڵا و تاوەرەکانی بەرگریی تێیدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مادەکان خۆپارێزی و وریاییان لە دەستدرێژی وڵاتانی دراوسێ هەبووە، گرنگی (تەل ئەکبەتان) لەوەدایە کە لە ژێرەوەیدا شوێنەواری پایتەختی مادەکان دەگرێتەوە، گردەکە شێوەی هێلکەییە و ڕووبەرەکەی نزیکەی سێ هێکتار دەبێت، لە ناوەڕاستی گردەکەدا زیاتر لە دە هێکتار زەوی هەیە کە خانووی نیشتەجێبوونی تێدا دروست کراوە. شەقامێک هەیە کە تەل ئەکبەتان دەکاتە دوو بەش، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. شاری (جەمەزان) شارێکی گەورەیە و بە دیوارە دەگمەنەکانی جیا دەکرێتەوە کە لە حەوت دیواری بەرز و پان و نزیک لە یەکتر پێکهاتووە کە دەوری شارەکە دەدەن، دیواری حەوتەم لە شەشەم بەرزترە، شەشەم لە پێنجەم بەرزترە و بەم شێوەیە بۆ تەواوی دیوارەکان .

(جەمەزان) لە زمانی کوردیدا بە واتای (شوێنی کۆبوونەوە) دێت و هەندێک جار ناوی ((حیکمەتەنا)) بەکارهاتووە، بەڵام بە ((ئەکبەتان)) ناسرابوو و لە ئاماژە یۆنانییەکاندا بەم ناوە جێگیر کراوە .

شوێنەکەی دەکەوێتە نزیک شاری ئێستای (هەمەدان) و سەرچاوەکانی دیکە باس لەوە دەکەن کە شاری ئێستای هەمەدان، هەمان شاری ماد (هەکبەتان)ـە.

**٥. شێری بەردین لە هەمەدان**

لەنێو ئەو شوێنەوارانەی ماد کە لە هەمەدان ماونەتەوە، پەیکەری شێری بەردینی گەورە هەیە کە بۆ پاشای ماد دیاکۆ دەگەڕێتەوە، شێرە بەردینەکە لە یەکێک لە گۆڕەپانە

گشتییەکانی ناوەندی شاری هەمەدان دانراوە، درێژی پەیکەرەکە ٢ ,٥ مەتر و پانییەکەی ١٥ ,١ مەتر و بەرزییەکەی ١ ,٢ مەترە. ئەو ناوچەیەی شێرەکەی تێدایە ناوی (دەرە شێر) بووە.

پەیکەری تری شێر هەیە، لەوانە پەیکەری دوو شێری باڵدار کە دوو سەریان لە شێوەی مرۆڤدا هەیە.

### ٦. ئەشکەوتی شارەزوور

گۆڕی مەلیک (کەیخوسرەو) و چەندان شوێنەوار و پاشماوەی وێنەکێشان دۆزراونەتەوە لە (ئەشکەوتی شارەزوور) کە دەکەوێتە پارێزگای سلێمانی لە باشووری کوردستان و باکووری عێراقی ئێستا، هەروەها لەم ئەشکەوتەدا پەیکەرێکی چوار باڵ هەیە کە هێمایە بۆ کەسێک کە لەسەر بەردێک هەڵکەنراوە، وێنەی هەسارەیەکی لەسەرە و گوڵی خوداوەندەکانی ئەناهیتا نیشان دەدات و مانگ ئاماژەیە بۆ خوداوەندی (میترا) و خۆر ئاماژەیە بۆ (ئاهورا مەزدا)، جگە لە وێنەی پیرێکی مۆغی لەبەردەم ئاگردا، ئەمە جگە لە ئەشکەوتێکی دیکەی ناوچەی (دوکان) لە باشووری کوردستان کە هاوشێوەن.

### ٧. گۆڕی پاشای ماد (ئاستیاگ)

هەروەها لە باشووری دەریاچەی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گۆڕی پاشای ماد (ئاستیا گ)ی تێدا دۆزراوەتەوە، گۆڕی شازادەکانی ماد لە لێوارەکانی شاخەکەدا هەڵکەوتوون، یەکێک لە گۆڕەکان بە نەخش ڕازاوەتەوە کە وێنەی کەسێک نیشان دەدات کە چڵە گیای بەدەستەوەیە لەکاتی نوێژکردندا. پێ دەچێت ئەم وێنەکێشانانە لە کاتی میدیا لە ئایینی زەردەشتیدا ڕێوڕەسمی ئایینی نیشان بدەن.

جگە لەو شوێنەوارانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، شارەکانی تری ماد هەبوون، لەوانە (لاودسیا)، یان (نەهاوەندی ئێستا) و (ڕەگێس ڕەی) کە کەوتوونەتە ناو جەرگەی شاری (ڕەی) لە باشووری شاری تاران.

لە قۆناغەکانی دواتردا، مادەکان بە تایبەتی پەیکەری سەربازەکانیان دروست کردووە کە لە شوێنەوارەکانی ماددا دەستنیشان کراون، وەک شوێنی (پەرسەپۆلیس - تەخت جەمشید)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەوان ڕۆڵ و ئامادەیی سەرەکییان لە سوپای فارسەکاندا، لە ئیمپراتۆریەتی هەخامەنییەکاندا هەبووە.

**سەرچاوە:**

* مێژووی مادەکان - جۆرج ڕاولینسۆن- وەرگێڕانی - هاشم محەمەد ئەحمەد - ٢٠٢٠.

* مێژووی میدیا - دیاکۆنۆف نیگەر - لە ڕووسییەوە: د. پێشەوا خالید - ٢٠٢١


* تاريخ الامبراطورية الميدية، تأليف: حسن كاكي، ٢٠٠٤.

* المملكة الميدية - دكتور: احمد محمود الخليل، ٢٠٢٣.

* Article « Çaldiran », Michael J. McCaffre، الموسوعة الإيرانية، نسخة محفوظة ٢٠٠٨/١/١٨ على موقع واي باك مشين.

# ئاژاوەی بێدەنگ
## گوتاری نیورۆتیکی و شیعریەتی یاخیبوون

حسێن لەتیف
(دەربەندیخان)




١

لەسەرەتای سەرەتاکانەوە، شیعر دوو تەرزی سەرەکییە، تەرزی یەکەم تەرزی ئۆرفییە، تەرزی دووەم تەرزی هۆمیرییە. یەکەمیان ئاماژەیە بۆ ناوی (ئۆرفیۆس)ی شاعیر، دووەمیشیان ئاماژەیە بۆ هۆمیرۆس. یەکەمیان شیعر دەباتەوە سەر دۆخە دەروونی و ویژدانییەکانی تاکەکەس، لە کاتێکدا دووەمیان شیعر دەباتەوە سەر نەتەوە و پاڵەوانەکانی نەتەوە. شیعری هۆمیری سووڕانەوەیە بەدەوری شتە گەورەکاندا، ئەو شتانەی زۆرینە دەیبینن و بۆیان گرنگە، بەڵام شیعری ئۆرفی سووڕانەوەیە بەدەوری حاڵەتە دەروونییەکانی تاکەکەسدا. لە کۆمەڵگەیەکدا کە مرۆڤی تاک ڕەهەندی زۆرترە لە مرۆڤی فرەڕەهەند، کەمتر پێشوازی لە شیعری ئۆرفی دەکرێت بە حوکمی باڵادەستبوونی یەک جۆر لە بیرکردنەوە و زاڵبوونی یەک تێڕوانین بۆ ژیان و ئەدەب و مرۆڤ.

تایپی شیعری ئۆرفی، ئەو تایپەیە «خەزعەل ئەلماجدی» (١) پێی وایە ئایندەی شیعر مسۆگەر دەکات.

لە تەرزی شیعری ئۆرفیدا شتگەلێک دەبن بەکەرستەی شیعر، شتی بچووک، بەڵام توانستی گەورەی دەقنووس دەردەخەن لە بەرهەمهێنانی شیعردا، سادە بەڵام گرنگ لە پەیکەری شیعردا، ئاسایی بەڵام ناباو لە بەکاربردندا، ئەو شتە بچووکانەی قۆناغێکی تەمەنمان بۆمان گرنگ بوون، لەگەڵ گەورەبوونماندا ئەوانیش بچووکبوونەوە، ئەو شتە سادانە کاڵبوونەوە، ئەو شتە ئاساییانە ئاوابوون، وەک ئەوەی گەورەبوونی ئێمە لەسەر حسابی بچوکبوونەوە و کاڵبوونەوە و ئاوابوونی ئەو شتانە بێت. ئەگەر بۆ تێگەیشتن لە شیعری هۆمێری پێویستمان بە گەڕانەوە

بێت بۆ مێژوو، بۆ ناسینی قارەمانەکانی ناو مێژوو، ئەوە بۆ تێگەیشتن لە شیعری ئۆرفی پێویستمان بە هیچ کام لەوانە نابێت، بەڵکوو پێویستمان بە چەمکەکانی دەروونشیکاریی فرۆید هەیە، پێویستمان بە ناسینی دنیای سەرمایەداری و ژینگەی تاکەکەسی و نەستی دەقنووسی هەیە، وەلێ مەیلی گەڕانەوە بۆ منداڵی لای دەقنووسی شتە بچووکەکان جۆرێکە لە «Neourosis» هەموو مرۆڤێک ڕێژەیەکی لە نیورۆسیسی تێدایە، چونکە ڕێژەیەک لە چەپاندنی هەڵگرتووە، کاتێک ئیگۆ و سوپەر ئیگۆ دەبنە بەربەست لەبەردەم ئید و غەریزە ئاژەڵییەکان، ئیدی ئەم بوونەوەرە لە ئازادیی تەواوەتیی چێژ بێبەش دەبێت و نەخۆش دەکەوێت، چونکە لەگەڵ مەیل و بیرکردنەوەی ئەواندا بۆ ژیان یەک ناگرێتەوە، کەسانی ڕەشبینن. نیورۆسیس لە فەرهەنگی ئینگلیزیدا ناوە، ئاوەڵناوەکەشی «neourtic»ـە، لە زمانی عەرەبیدا «عوساب» ناوە و «عوسابی» ئاوەڵناوەکەیەتی. لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا هاوواتایەکمان نییە، بۆیە لەم نووسینەدا وشەی نیورۆتیک بەکاردەهێنم، نیۆروتیک وەک ئاوەڵناوێک بۆ ئاخێوەر و دەنگە شیعرییەکەی ناو دەقەکە.

(Neourosis - عوساب) نەخۆشییەکی دەروونییە هیچ پێوەندی بە جەستەوە نییە. ئەوانەی نەخۆشی (عوساب- نیورۆسیس)یان هەیە واقیع ڕەت دەکەنەوە، چونکە لەگەڵ مەیل و بیرکردنەوەی ئەواندا بۆ ژیان یەکناگرێتەوە، کەسانی ڕەشبینن. یەکەم جار فرۆید لە ساڵی ١٩٠٧دا ئەم زاراوەیەی بەکارهێناوە، «عوساب»ی بە ئایینی تاکەکەس و ئایینی بە عوسابی دەستەجەمعی وەسف کردووە (مرض بالغرب، ص١٥٩) (٢) نیورۆسیس ڕێگەمان پێ دەدات دەقی ئەدەبی پێ بخوێنینەوە، بە هۆیەوە چینی ژێرەوەی دەق ببینین. ئەگەر فیلیپ ڕیف نیورۆسی بەوە پێناسەکردبێت: «کەسی نیورۆسیس کەسێکە دەستەوەستانە لە ڕزگاربوون لە دەستی ڕابوردوو، لە قورسایی مێژووەکەی» (تەرابیشی، لا١٥)، ئەوە مەیلی گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو، دەرکەوتەیەکی نیویرۆتیکانەی مرۆڤە. مرۆڤی نیورۆتیکی ئەو مرۆڤەیە پێیەکی لەناو ڕۆمانتیکیەتدایە، چونکە خەون بە ڕابوردووەوە دەبینێت.

ئامادەکردنەوەی منداڵی لە ئێستادا، لە پێناوی ڕەتکردنەوەیەکی دەمارگیرانەی ئێستادا نییە، هێندەی ئەوەی ترسە لە کاڵبوونەوەی عەشق و پێوەندی نێوان ئاخێوەر و بۆ ئاخێوراو.

**بە بیرت دەهێنمەوە**
**ئێوارەیەکی پاییز بوو**
**باران وەک ڕێژنەی ئافەرینی مامۆستا بەسەر قوتابییەکی زیرەکدا**
**بەسەرماندا دەباری**
**شەقامەکان تەڕبوون**
**گوڵەکان تەڕبوون**
**ڕێبوارەکان چونکە عاشق نەبوون چەتریان هەڵدابوو**
**من و تۆ نا** (ڕاهۆز کامەران، ل٧). (٣)

ئەو بارانەی لە زەمەنی (ئێستا)دا دەبارێت، دەقنووس دەباتەوە بۆ منداڵی و پۆلەکانی خوێندن، بۆ زەمەنی (ڕابوردوو)، زەمەنێک دڵ بە ئافەرینێک خۆش دەبوو. عوساب چییە جگە لە ڕزگارنەبوونی مرۆڤ لە ڕابوردوو، لە قبوڵنەکردنی ئێستا. ئاخێوەری ناو ئەم دەقە وەک کەسێکی (عوسابی) هەرنایەتە ناو «ئێستا»وە، بەڵکوو هەر لە ڕابوردوودایە، هەموو شتەکانی «ئێستا» هەر بۆ «ڕابوردوو»ی دەبەنەوە. بارانەکانی ئێستا! بارانەکانی ڕابوردووی بیر دەهێننەوە.

**دڵۆپەی باران**
**لەناو چاڵایی شانتدا دەوەستا**
**بەتەنیشت منەوە هەنگاوت دەنا**
**من دڵۆپە بارانی ناو چاڵایی شانەکانتم ماچ دەکرد**
**بەتەنیشت تۆوە ڕێم دەکرد...**
**باران دەباری و**
**خۆر لێی دەداین**
**هەورەکان لەڕوویان نەدەهات بیخەنە پشت خۆیانەوە**
**خۆر خوشکی میهرەبانی ئەوان بوو هێشتا!**
(هـ.س، ل٨).

کەسی نیورۆتیکی دەیەوێت زەمەن لە خاڵێکدا ڕابگرێت، وەک ئەوەی ساتە جوانەکانی ژیانی ئەو سەرەتا و کۆتایی مێژوو بێت. بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ئایندە چی بۆ ئەو هەڵگرتووە. زەمەنی شیعری لەم دەقەدا «بۆشاییەکی گەورە کەوتووەتە بوونەوە» زەمەنی حەسرەت هەڵکێشانێکی ڕەخنەگرانەیە بۆ ساتە خۆش و زووتێپەڕەکان. زەمەن لە دەقەکەدا لە دەرەوەی ئەو پۆلێنەیە کات دەکات بە سێ یەکەوە «ڕابوردوو، ئێستا، ئایندە»، بەڵکوو تەنیا ڕابوردوو، ئێستا، بوونیان هەیە، «ئێستا»ش ڕەت کراوەتەوە، واتە ئاخێوەری ناو دەقەکە بە زەمەنی فیزیایی ڕازی نابێت، بەڵکوو لە بریتیدا زەمەنی شیعری خۆی هەیە. ئەو ساتەوەختەی ئێمە بە ئافەرینێکی مامۆستا دڵخۆش دەبووین، لە ئێستای گەورەبوونماندا، «ئێستا» بە مانا فیزیایی و فەلسەفییەکەی بچووکە، زۆریش بچووکە، بەڵام بە مانای زەمەنی شیعری گەورەیە، زۆریش گەورەیە. ئەو شتە بچووکەی دوێنێ «منداڵیمان» کەرەستەیەکی گرنگی شیعرییە لە ئەمڕۆی «گەورەبوونمان»دا، بەڵکوو گوتاری شیعری لەسەر بنیاد نراوە، گوتاری مەزنکردنی «ڕابوردوو»، بێبەهاکردنی «ئێستا»، جوان نیشاندانی «ڕابوردوو» لە بەرانبەر تاریککردنی «ئێستا». ڕاهۆز کامەران شاعیری شتی بچووک، بەڵام لە هەمان کاتدا گەورەیە.

شیعر خوڵقاندنی جیهانە، بەڵام بە کەرەستەی شیعری. بەو شێوەیەی جیهان لە کۆمەڵێک کانزا دروست بووە، جیهانی ئەم شیعرەیش لە شتگەل و ڕووداوگەلێکی سادە دروست بووە، ڕووداوگەلێک کە بۆ هەموومان گرنگ نین تا ساتەوەختێک دەبن بە شیعر. شاعیر خوڵقێنەرە، کیمیاگەرە، ئەو کەرەستە و ڕووداوەکان تێکەڵ بە کیمیای زمان دەکات، شاعیر سروشتی کیمیاگەری هەیە، لە شتی سادە و بچووک ڕووداوی زمانیی و شیعری دەخوڵقێنێت.

**زەمەنی بانگکردن بەسەر چوو**
**ئەگینا بانگم دەکردیت**
**ئایا دەهاتی بەدەم بانگی حەقی منەوە خۆشەویستم؟**
**بۆ ئەوەی بۆ یادی ئەو ڕێبوارانەی گەرەکیان بوو تەڕ نەبن**
**لەبەر پەنجەرەکەدا جگەرەیە بکێشین؟!**
(هـ.س، ل٨).

دەشێت دیمەنێک، وێنەیەکی لەو جۆرە، چەندان جار ببینین و بۆمان گرنگ نەبن، بەڵام کاتێک شاعیر زمانی پێ دەبەخشێت، گرنگییەکی شیعری پەیدا دەکات، ئەویش ئەوەیە شاعیر بۆ خوڵقاندنی جیهانی شیعرەکەی پێویستی بە جەنجاڵی و ئاڵۆزی نییە، بەڵکوو وەک کیمیاگەرێک لە کانزا و ماددەی سەرەتایی فۆرم و شتی نوێ دەخوڵقێنێت، ئەمیش جیهانی شیعری خۆی دەخوڵقێنێت. هەموو شتێک کە دەیبینین دەشێت کەرەستەی شیعرخوڵقێن بن، بە مەرجێک شاعیر کیمیاگەری زمان بێت.

«شیعر لەناو زماندا نییە بەو شێوەیەی ڕەنگ و بۆن لە گوڵدا هەن» (ئەدۆنیس.ص ١١٠ (٤)، بەڵکوو ئەوە شاعیرە شیعرییەت بە زمان دەبەخشێت، ئەوەش لە ڕێگەی بەکاربردنی ناباوانەی زمانەوە، وشە لە مانا فەرهەنگی و ڕۆژانەییەکانی ڕزگار دەکات. ئاسایی بوون ئافاتی شیعرە، شیعر ڕزگارکردنی شتەکانە لە دۆخی ئاساییبوون بۆ دۆخی ناباو، ئەمەش لە ڕێگەی بەخشینی وەزیفەی نوێ و نائاسایی بە شتە باو و دووبارەکان.

٢

ئێمە پێشتر باسمان لە زەمەنی فیزیایی و زەمەنی شیعری کرد، ئەوەش ڕێگەمان پێ دەدات بڵێین لە دەقی «بۆشاییەکی گەورە کەوتووەتە بوونەوە»دا، خۆمان لەبەردەم دوو بووندا، بوونێکی (فیزیایی) و بوونێکی (شیعری)دا دەبینینەوە. هەردوو «بوون»ەکە لە مەترسیدان، بوونە فیزیاییەکە بە هۆی قورسبوونی زەوی و پیسبوونی ژینگە و داگیرکردنی ئەستێرە و هەسارەکانەوە لەلایەنە مرۆڤەوە کەوتووەتە مەترسییەوە، بوونە شیعرییەکەش لە مەترسیدایە، بەهۆی چەقبەستوویی زەمەنەوە، کە زەمەنێکی شیعرییە.

**ڕۆژەکان دەبوو بڕۆن**
**نەڕۆشتن**
**هەینییەکان کە دەبوو بێن**
**نەهاتن**
**ئەوانەی کە دەبوو بمێننەوە**
**نەمانەوە**
**بۆشاییەکی گەورە کەوتووەتە بوونەوە**
**ژیان هەر ئەو ڕۆژانەبوون بە ژێر باراندا تێمانپەڕاندن**
**دەست لەناو دەست** (هـ . س، ل١٠).

نیورۆتیکبوونی ئاخێوەری شیعری، چەندە دەردێکی کولتووری و سەپێنراوە، هێندەش بژاردەیەکی شیعرییە.

٣

ژیانی ئێمە ئەوانی تر دیزاینیان کردووە، ئێمە کە دەبوو یاخی ببین و نەبووین، کە دەبوو بژین و نەمانتوانی، کە دەبوو هەڵوەستە بکەین و نەمانکرد، کە دەمانویست کۆتە کولتوورییەکان بشکێنین و نەمانشکاند! درەنگ لە مانای یاخیبوون تێگەیشتین. یاخی بوون لە پێناوی وێرانکردنی دنیای «ئەوان»ی تر نا، بەڵکوو لە پێناو چێکردنی دنیای «خۆمان»دا، بەڵام نەبووین:

**دەبوو ئێمە کارمان بەسەر خەڵکییەوە نەبێت**
**دەبوو گوێ نەدەین بە پشێوی دڵی وان**
**بە بووکەڵەی دڵی منداڵانی ڕۆیشتوو**
**دەبوو هەموو شتێک فەرامۆش بکەین**
**وەک چۆن لەیلا، گوزەکەی دەخستە سەرشانی**
**ئەڤینمان بخەینە سەر شان و لەپاڵیەکدا ڕێ بکەین.**
(هـ. س، ل١٠).

واتە کەسی نیورۆتیکی، کەسێکی خود (ئەڤین/ نەرسیس)ی نییە، هێندەی ئەوەی «ئەو»ی ترە. بەڵام کاتێک درک بەوە دەکات «ژیان گوزەراندن» بە دڵی «ئەوان»ی تر دنیای «ئەمان»ی وێران کردووە، هەموو شتێک لەدەستچووە، ئیتر زەمەنی شیعری کە زەمەنی ئێستاشە، دەبێتە گریان بۆ زەمەنی ڕابوردوو. دەشێت ئەو زەمەنە بە زەمەنی لەدەستچوو ناو ببەین، هەر بۆیەشە «بۆشاییەکی گەورە کەوتووەتە بوون»یەوە.

لێرەدا ئێمە دەکەوینەوە بەردەم پرسی «هەست» و «نەست» بە دەربڕینە فرۆیدییەکە،

نەست گەنجینەی ئارەزووە چەپینراوەکانی مرۆڤە، هەست چاودێری و کۆنترۆڵی کردووە. نەست خودی ڕاستەقینەی مرۆڤە، هەستیش کولتوور و کۆمەڵگەیە، لە ڕێگەی سیستمی چاودێرییەوە، ڕێگە لە ئازادانە ژیان و بۆ خۆژیانی تاکەکانی دەگرێت. بە باوەڕی (ئەریک فرۆم)یش بەرکەوتن و ناکۆکی تاک لەگەڵ کۆمەڵگەدا هەر لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە تاک ناتوانێت ئارەزووەکانی خۆی بەدی بهێنێت.

بەدەربڕینێکی تر، هەست هاوتای «دڵ»ـە و نەست هاوتای «عەقڵ»ـە. دڵ خودی مرۆڤە و عەقڵیش ئەوانی ترە. عەقڵ لە یەکێک لە مانا و داتاشراوەکانی ناو زمانی عەرەبیدا، بەواتای بەستنەوە دێت. عەقڵ ئامرازێک نییە بۆ ئازادبوون، هێندەی ئامرازێکە بۆ بەستنەوەی تاک بە داوی کولتوورەوە.

هەڵبژاردنی «عەقڵ» پشتکردنە «خود»ـە لەم دەقەدا، پشتکردنە «خود» و ڕووکردن لە « عەقڵ» جۆرێک لە پەشیمانی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەبەر ئەوەی دەقنووسی ئەم دەقە درکی بەوە کردووە، عەقڵ هیچ نییە جگە لەو گشت شتەی بە ڕێکەوتنی گشتی لەلایەن هەمووانەوە ناونراوە عەقڵ و ڕێکەوتنی لەسەر کراوە.

لە دەقی «ئایا هەموو شاعیرێک سەرەتا لە شتێک هەڵهاتووە؟»دا نووسیویەتی:

**دایکم بزماری باوەڕی خۆی داکوتی سەرەتا**
**دواتر باوکم و**
**پاشانیش مامۆستاکانم.** (هـ. س، ل٢٢\٢٣).

دەقنووس خێزان و قوتابخانە، وەک ئامێزێکی گەرم و میهرەبان و شوێنێک بۆ فێربوون نابینێتەوە، بەڵکوو وەک دوو دەزگای کولتووری، چەپێنەر، دڵڕەق وێنایان دەکات، دوو دەزگا دەیانەوێت تەڵقینی بکەن، بە هۆی چەکوش و بزمارەوە:

**ویستیان تێبگەم**
**تەختەم و**
**نەمتوانی،**
**بۆیە هاتمە دەرەوە و**
**ڕامکرد...**
**ڕامکرد تا**
**بووم بە شاعیر**
**ئایا هەموو شاعیرێک**
**سەرەتا لە شتێک ڕایکردووە؟**
(هـ. س، ل٢٢/ ٢٣).

بەپێچەوانەی دەقی «بۆشاییەکی گەورە کەوتووەتە بوونەوە» لە دەقی «ئایا هەموو شاعیرێک سەرەتا لە شتێک هەڵهاتووە»دا ناکەوێتە ناو داوی کولتوورەوە، بەڵکوو هەڵدێت و ئەنجامی هەڵهاتنەکەشی گۆڕانێک بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە بوون بە شاعیرە. گۆڕان لێرەدا ئاماژەیە بۆ گۆڕانێکی گەورە، گۆڕان بەو مانایەی لای ئۆڤیدی شاعیری یۆنانی هەیە نەک بەو شێوەی لای فرانتز کافکا هەیە. گۆڕان لای ئۆڤید بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر، بەلام لای فرانتز کافکا «گۆڕان» بریتییە لە گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی خراپ، هاوشێوەی گۆڕانی گریگۆری سامسا لە مرۆڤەوە بۆ مێروو. گۆڕانی ئاخێوەری ناو دەقی ئایا هەموو شاعیرێک سەرەتا لە شتێک هەڵهاتووە؟ گۆڕانە لە دۆخی کەرەستەیەکی بێ گیانەوە بۆ شاعیربوون. شاعیربوون بەو مانایە نا کەسێک هۆنراوەمان بۆ بنووسێت، بەڵکوو بە مانای بوون بە خاوەنی تێڕوانین و ویست و زمان، بە مانای هەڵوەستەکردن بەرانبەر بە دنیا و

نادادی و ستەم. دەقنووس تێڕوانینی هەیە بۆ دوو دەزگای زیندووی کۆمەڵگە، وەک دوو دەزگای سەرکوتکار وێنایان دەکات، ویستی هەیە بۆ یاخیبوون و لەئەنجامی تێڕوانین و ویستەوە، دەبێت بە شاعیر و پرسیار دەکات.

٤

هیچ شتێک لە بووندا تازە نییە، پرسیارەکان، قەیرانەکان، پرسیار و قەیرانەکانی ئەمڕۆ، هەمان پرسیار و قەیرانەکانی مرۆڤەکانی دوێنێن، مرۆڤی ئەمڕۆ پێیانەوە گرفتارە. مردن و لەدایکبوون، تەنیایی و دڵشکان، نەمریی و بیرچوونەوە، ئەو پرسە ئەزەلی و ئەبەدییانەن بە شێوازی جیاواز و لە سەردەمی جیاوازدا، مرۆڤ لە بارەیانەوە دەدوێت. مرۆڤە تازەکان پرسیارە دێرینەکان دەکەن، وەلێ بەدوای وەڵام و ڕاڤەی نوێدا دەگەڕێن بۆیان، مرۆڤی تازە هەڵگری نیگەرانی و نەخۆشییە دێرینەکانە.

ڕاهۆز کامەران وەک شاعیر، هەر زوو درکی بەوە کردووە هیچ شتێک لە بووندا تازە نییە، نیگەرانیی ئەو، هی ئەوە نییە مرۆڤ خەستەی نەخۆشییە وجوودی و کولتوورییەکانە، بەڵکوو نیگەرانی ئەوەیە ئەم جارە زۆر زۆر نەخۆش دەکەوێت، زۆر زۆر دڵی دەشکێت. دڵشکان ڕوویداوە، بەڵام ڕووداوێکی تازە نییە، بەڵکوو بڕی دڵشکانەکەیە لە ژیانی ئاخێوەردا دەبێت بە ڕووداوێکی تازە، یان شایانی گێڕانەوە. شیعر دەربڕینی ناباو- نامەئلووفە. دەربڕینی ناباو جۆرێک لە ڕووداو لە زمانی دەقدا دروست دەکات و لەوێشەوە خوێنەر تووشی سەرسامی دەبێت.

ناوونیشانی دەقەکە ڕستەیەکی خەبەرییە، خەبەر لە شتێکی کۆن، بەڵام گرنگ دەدات.

دڵشکان، حاڵەتێک، یان نەخۆشییەک نییە، کۆتایی بێت، یان مرۆڤ لێی چاک ببێتەوە، دڵشکان هەمیشە لەگەڵماندایە و لەگەڵیدایین، دڵمان شکاندووە، دڵمان شکێنراوە، دڵ دەشکێنین و دڵمان دەشکێنرێت.

دڵ، کانزا نییە، بەڵام لەکاتی شکاندا دەبیسترێت، خۆمان دەیبیستین، نەک ئەوانی تر، دەشێت ئەوانی تر لە ڕوخسارماندا ببینن. «دەزانم دڵشکان شتێکی تازە نییە»، یەکێکە لە دەقەکانی ناو کتێبی ئاژاوەی بێدەنگ. « بەفر دەبارێت و دڵم لای تۆیە»دەستپێکی دەقەکەیە، ساتی بەفر کپی و هێمنییە، هەڵبژاردنی وەها ساتێک بۆ ئەوەیە دەنگی ئاخێوەر باشتر بگات.

«لە پەنجەرەی چێشتخانەکەتەوە» هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی پەردەیەک بە پەنجەرەکەوە بێت، بۆیە هەموو شتێک ڕوون و دیارە، پەنجەرەیەک کە جێگای ژیان و مردن و دڵشکانی دووکەسی تێدا دەبێتەوە، لەوێوە سەیری دنیای دەرەوە دەکات، دەرەوە سارد و کپە، ژوورەوەش گەرم.

**«پاڵتۆیەکم خودا دەزانێت لە چەرمی چ ئاژەڵێک -**

**لەبەردایە و بیرەیەک لە تەنیشتمدا...هیلاکم»**

ئاماژەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ چ دڵڕەقە؟ ئاژەڵ دەکوژێت و پێستەکەی دەکات بە پاڵتۆ تا خۆی لەسەرما بپارێزێت لەو کاتەی دەربارەی فیشەکێک دەدوێت کە لەمێژە پێوەی نراوە و نەیکوشتووە.

ئاخێوەر لەم دەقەدا هەموو شتێک دەزانێت، دەزانێت «شارەکان لەمێژە هەن، دڵشکان شتێکی تازە نییە» ئەوەی کە تازەیە بۆ ئەو بڕی زیاتری دڵشکانەکەیەتی.

شیعر دەربڕینی ناباوە، بۆ پرسە دێرین و

باوەکان، دەقەکە لە ڕێگەی بەکاربردنی ناباوانەی وشەگەلێکی باوی وەک «بەفر، پەنجەرە، چێشتخانە، ژیان، دڵشکان، مردن، فیشەک، شار» خۆی بنیادناوە. لە پێناوی گەیاندنی گوتارێکدا ئەویش کۆنی و لە مێژینەی بوونە، شارەکان لەمێژە هەن، هەروەها دڵشکانیش، شارەکان و دڵشکانەکان هێندەی یەکتر کۆنن. دەشێت مێژووی شار، مێژووی دڵشکانی مرۆڤەکانی بێت، باڵەخانە و ڕێستۆرانتەکان، دیوی سەرەوەی ئەو مێژووە بن، دڵی شکاوی مرۆڤەکانیش بەشی ژێرەوە و دیوی نەبینراوی ئەو مێژووە بن.

**دەزانم دڵشکان شتێکی تازە نییە**
**بەڵام ئیتر من ئەم جارە**
**زۆر زۆر**
**دڵم شکا** (هـ.س، ل٦٢)

ئەم جەختکردنە زۆرە زمانییە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە دۆخێکی دەروونیی وەک دڵشکاندا، زمان چاکت ناکاتەوە، بەڵام ئامرازی هاوارکردنت پێ دەبەخشێت.

سیمۆیندس گوتوویەتی: «شیعر تابلۆیەکی دەنگدارە، تابلۆ شیعرێکی ڕەنگدارە» (عەقڵی شیعری، ل٩٦). (٥)

دەقنووس دەیەوێت تابلۆیەکمان بە وشە بۆ بکێشێت. کەسێک لەم دیوی پەنجەرەوە، کەسێکی تر لەو دیوی پەنجەرەوە دەبینێت. ڕووبەری نەخشاندنی تابلۆکە پەنجەرەیەکە، ئەم پەنجەرەیە هەمان ئەو پەنجەرانە نییە ئێمە لێیەوە تەماشای دنیا دەکەین، جاک دریدا لە کتێبی لەبارەی زانستی نووسینەوە دەڵێت: (هیچ شتێک نییە لە دەرەوەی دەق)، پەنجەرەی ناو ئەم دەقە شیعرییە گەردوونێکە بۆ خۆی، چونکە وەزیفەی پەنجەرە بۆ ڕوانینە دەرەوەیە، بەڵام پەنجەرەی ناو ئەم دەقە شوێنە. شوێنێک هێندەی گەردوون، چونکە جێگەی دڵشکان و عەشق و ژیان و مردنی تێدا بووەتەوە. کاتێک دەڵێین شیعر دەستکاریکردنی زمانە، ئەوە مەبەستمان بەخشینی شوناس و وەزیفەی جیاوازە بە وشە و کەرەستەکانی زمان، دروست وەک ئەو وەزیفەیەی دەقنووس بە پەنجەرەی بەخشیوە. پەنجەرە هەر بەتەنیا شوێنێک نییە بۆ نیشاندانی مەودایەکی جوگرافی لە نێوان دوو کەسدا، کەسێک لەم دیوی پەنجەرە و کەسێکیتر لەو دیوی پەنجەرەکەوە، بەڵکوو لەوە زیاتریش ئاماژەیە بۆ نیشاندانی دوو زەمەنی جیاواز، زەمەنی پێکەوەبوون و زەمەنی دابڕان. پەنجەرەکە شوێنێک نابێت لێیەوە بڕوانرێتە ئاسۆ و ئایندە، بەڵکوو شوێنێکە بۆ بیرهێنانەوەی ڕابوردوو:

**«خەریکم لە پەنجەرەکەوە**
**کە ڕۆژانێک لەو دیوییەوە**
**هەموو شتێک نوێ بوو،**
**لەو چاڵانە دەڕوانم**
**باراناو دایگرتوونەتەوە»**. ( ل٤٩)

ڕابوردووخوازییش جارێکی تر جەخت کردنەوەیە لە نیورۆتیکبوونی ئاخێوەرە شیعرییەکەمان. دەقی (دەزانم دڵشکان شتێکی تازە نییە) بە جۆرێک لە جۆرەکان گەڕانەوەی دەقنووسە بۆ دەقی (بۆشاییەکی گەورە کەوتووەتە بوونەوە) دەقنووس نەیتوانیوە، یان نەیویستووە بەیەک هەناسە و ڕیتم دەقەکەی بنووسێت، وەکی تریش دەشێت گوزارشتکردن لە دۆخە نیورۆسییەکە بەیەک دەق کۆتایی پێ نەهاتبێت، هەر بۆیە دەقنووس لە جێگەی تردا دووبارە هەوڵی زمان بەخشینەوەیەکیتری بە دۆخە نیورۆسییەکەی داوەتەوە، ئەمەش لەو ڕاستییەمان نزیک دەکاتەوە شاعیران یەک دەق دەنووسن، بەڵام بە

ناوونیشانی جیاواز جیاواز. شاعیران نیگەرانییەک، یان ڕوانینێکیان هەیە دەشێت بە دەقێک، یان بە چەند دەقێک بتوانن ئەو نیگەرانی و ڕوانینەیان بنووسنەوە، وەک ئەوەی دەقنووسی (ئاژاوەی بێدەنگ) لەم دوو دەقەدا نیشانی داوین.

٥

شیعر داهێنانی وێنەیە، شاعیر وێنەسازە. لە نێوان داهێنانی وێنە و وێنەسازیدا، کەسیەتیی وێنەسازی هەیە. هەندێک کەسیەتی وێنەسازی بە (دەمامک) ناودەبەن، بەڵام من بە سوود وەرگرتن لە جیل دۆلۆز دەستەواژەی کەسیەتیی وێنەسازی بەکاردەهێنم. جیل دۆلۆز لە باسی نیتشەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات زیاتر لە کەسیەتییەکی چەمکسازی هەبووە، دوایین کەسیەتیی چەمکسازیی ئەو شێتییەکەی بووە. لەپەنای کەسیەتییە چەمکساییەکانییەوە، بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی خۆی دەربڕیوە. مادام شیعر داهێنانی وێنە بێت و شاعیر وێنەساز بێت، ئەوە لەبری دەستەواژەی (دەمامک) دەستەواژەی (کەسیەتیی وێنەسازی) بە گونجاوتر دەزانم، شاعیران و فەیلەسووفان پەنای بۆ دەبەن، زۆرجار کەسیەتییەک لە مێژوودا، یان لە ناو ئەفسانەکاندا هەڵدەبژێرن و لە پەنایانەوە دیدگەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو، هاوشێوەی نیتشە کە «زەردەشت»ی هەڵبژارد، لە پەنای زەردەشتەوە، چەمکی مرۆڤی باڵا و بیری ئازاد و گەڕانەوەی هەمیشەیی خستە ڕوو. نیتشە زیاتر لە کەسیەتییەکی چەمکسازیی هەبووە، وەک «زەردەشت، مەسیح، سوکرات» زەردەشت بیری ئازاد و ڕەوشتی چاکی بە مرۆڤ داوە، مەسیح میهرەبانی و سوکراتیش حەقیقەت.

بەکارهێنانی کەسیەتیی وێنەسازی لە شیعریشدا ڕەنگی داوەتەوە. لە شیعری عەرەبیدا لەلای عەبدولوەهاب بەیاتی پەنای بۆ براوە، بەیاتی ناوی «عائیشە» کە مەعشووقە ئەفسانەییەکەی (عومەر خەیام)ی شاعیر بووە بەکاردەهێنێت، بەکارهێنانی کەسیەتیی چەمکسازی وەک عائیشە جگە لەوەی لای بەیاتی دەلالەتی خۆی هەیە، لە هەمان کاتدا ئامرازێکی هونەرییە و دەرفەتی داهێنان زیاتر دەکات. عائیشە لە دەلالەتی زمانیدا دەبێتە جۆرێک لە ئەفسانە و هێما بۆ ئەڤینێکی بەردەوام و نوێ دەکات.

لە شیعری کوردیدا، (ئەنوەر قادر محەمەد) کەسیەتییەکی ڕاستەقینە و مێژوویی وەک «مەولانا خالیدی نەقشبەندی» هەڵدەبژێرێت و چامەی «غەریبی» دەنووسێت. لەپەنای غەریبیی مەولاناوە باس لە غەریبیی خۆی دەکات.

لە کۆمەڵە شیعری (ئاژاوەی بێدەنگ)دا، دەقنووس هەتا سەر بە جێناوی لکاوی یەکەم و کەسی تاکەوە قسە ناکات، گریان و حەسرەتی خۆی بۆ ڕابوردوو، تووڕەیی ئەو لە ئێستا، لەپەنای کەسیەتییە وێنەسازیەکانییەوە دەبیستین، عوسابی بوونی ئەو لە پشت دەقی «ئەلبێر کامو» و «هۆڵدن کاڵفیلد»ـەوە دەبینرێت. هەریەک لەو دوو کەسیەتییەش لە زمانی شیعریی (ڕاهۆز کامەران)دا هەڵگری ئاماژەی تایبەتن، کەسیەتیی وێنەسازیی یەکەمیان نووسەر و شانۆنامەنووسێکی ڕەشبین و یاخی و بەرجەستەیە، (مرۆڤی یاخی) لە بەناوبانگترین کتێبەکانیەتی، هەڵبەتە بەتەنیشت شانۆنامەکانییەوە. کەسیەتیی وێنەسازی دووەم دەقنووسی کارەکتەرێکی خەیاڵیی ناو ڕۆمانی (پاسەوانیک لە مەزرا)ی دی سالینجەرە، سیمبۆلی یاخیبوون و ڕەشبینییە. لەو دیو یاخی بوون و ڕەشبینییەکانی کەسیەتییە وێنەسازییەکانییەوە،

یاخیبوون و ڕەشبینی دەقنووس دەبینرێت.

**پێویستم بەوەیە بگەمە لای باوکم،**
**بڵێم برای ئازیز ئەو دەمانچە حیزە ڕوویکەرە خۆت،**
**ئەو فیشکە ناوی خۆتی لێبهێنە،**
**خۆت کە نوێنەری کۆنەپارێزانی جیهانی**
(هـ.س، ل٦٧).


دەقنووس دەیەوێت ململانێی نێوان نەوەکان، هەڵگرانی بەهای کۆن و نوێ، لە ڕێگەی (کاڵفیلد) کەسیەتییە وێنەسازییەکەیەوە نیشان بدات. نیشاندانێک بە نەغمەیەکی نیتشەییانە، نیتشە دەڵێت «ئەو لەوحە کۆنانە بشکێنن» مەبەستی لەو ڕێنماییانەیە بۆ مووسا دابەزیون، دەقنووسیش ڕوو دەکاتە باوکی و دەڵێت: بەو فیشەکە خۆت بکوژە. کوشتنی باوک لە چیرۆکە ئۆدیبییەکەدا مرۆڤ تووشی هەست کردن بە گوناهـ و پەشیمانی دەکاتەوە، هەر بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بەو هەستە، دەقنووس پەنای بردووەتەوە بەر کەسیەتییە چەمکسازییەکە، باری قورسی گوناهـ و پەشیمانی دوای کوشتن دەدات بەسەر کاڵفیلددا.

٦

نیورۆتیکی گوتاری زاڵی شیعری ڕاهۆز کامەرانە، ئەم گوتارە هەر لە پێناو ڕەتکردنەوەی ڕەشبینانەی واقیعدا نییە، بەڵکوو ڕەتکردنەوە گۆڕاوە بۆ یاخیبوون وەک پێشتر نموونەمان لە دەقی «ئایا هەموو شاعیرێک سەرەتا لە شتێک هەڵهاتووە»؟دا هێنایەوە، دۆخی ڕەشبینی بۆ یاخیبوون گۆڕاوە. یاخیبوون دۆخێکی شیعری و شیعرییەتی بە ژیان بەخشیوە، ئەمەش لەو ڕوانگەیەوە شیعرییبوون، واتە ڕەتکردنەوەی دۆخی سەپێنراو، شیعرییەتیش بریتییە لەو کاریگەرییەی یاخیبوون دروستی دەکات. کاریگەرییەکەش لەو پرسیارەدا ڕەنگی داوەتەوە کە دەپرسێت»، «ئایا هەموو شاعیرێک سەرەتا لە شتێک هەڵهاتووە»؟، هەر ئەمەش ڕێگەی پێ داین گوتاری نیورۆتیک و شیعرییەتی یاخیبوون بکەین بە ناونیشانی ئەم نووسینەمان.

**سەرچاوەکان:**

**١- العقل الشعري، خزعل الماجدي، ط١، ٢٠١١.**
**٢- مرض بالغرب، جورج طرابيشي، ٢٠٠٥.**
**٣- ڕاهۆز کامەران، ئاژاوەی بێدەنگ، ٢٠٢٣.**
**٤- ادونيس، سياسة الشعر، سنة، ١٩٨٥.**
**٥- حسێن لەتیف، عەقڵی شیعری، ٢٠٢١.**




# دەرسۆکسۆر.. ڕۆمانەک ب شێوازێ ژیاننامەیێ، یان ژیاننامە ب شێوازێ ڕۆمانێ

عەبدلرەحمان بامەڕنی
(دهۆک)

رۆمانا دەرسۆکسۆر(١)، کارێ یەکێ یێ نڤیسەر (سادق سالح)ـە و هەر چەندە ل سەر بەرگێ پەرتووکێ نەدانایە کانێ چ جورەکێ ڤەگێرانێ یە، لێ ئەڤ جورێ نڤیسینێ کو نێزیکی ڤەگێرانا سەربۆرانە، دچیتە د قالبێ رۆمانا ڤەگێرانا ژیاننامەیا خویاتیدا. ئەگەر نڤیسەری ناڤێ (رۆمان)ێ ل سەر پەرتووکا خوە دانابایە، بدیتنا من چ کێماسی نەدبوون، بەلکو بەروڤاژی راستە ڕۆمانەکا ڤەگێڕانا ژیاننامەیا خویاتییە، لێ ب تەکنینەکێ هاتییە نڤیسین، کو خواندەڤان هەست ب ماندیبوونێ نەکەت و روودانێن ڤەگێڕانێ وی دگەل خوە ببەن. ل دۆر رۆمانێ و رۆمانا ڤەگێرانا ژیاننامەیێ، ڕەخنەگران دیتنێن جودا هەنە، نڤیسەر و ڕەخنەگر (عەبدولڕەحمان مونیف) دبێژیت: «رۆمان ژیاننامەیا کەسەکییە، کو چ ژیان نەبن و (جورج مای) د پەرتووکا خوەدا دبێژیت: «ڕۆمان و ژیاننامەیا خویاتی دوو تشتن نوونەراتیا دوو جەمسەرێن ئەدەبی یێن جودا دکەن» و (سولتان بن سەعد قەحتانی) دبێژیت: «رۆمان ب چ ڕەنگان ژیاننامەیا خویاتی نینە و ژیاننامە ژی نابیت رۆمان بیت(٢)».

## کۆرتیا رۆمانێ، یان کورتیا ئازاران

رۆمان بەحسا خێزانەکێ دکەت، ئازارێن ژنەکا خودان زارۆک، خێزانەکا هەژار، بێ مال و حال، دەربەدەر، وەکی پشیکێ تێشکێن خوە ب دەڤێ خوە هەلدگریت و ژ ڤی گوندی بۆ گوندێ هەنێ، مانا وان د کولێ حەیوانی ڤە، د ژوورەکا بتنێڤە و خوارن و ڤەخوارنێن وان ب هیڤیا خێرێن خەلکی، ئاکنجی بوون ل ناڤ شکەفتێ، زارۆکەکا وێ ژ بێ خودانی و بێ چاڤدێریا تەندروستی دمریت، هەڤژینێ وێ ژ نشکەکێ ڤە بەرزە دبیت و بۆ چەند ڕۆژان

بێ خەبەر دمینیت، دوو جاران گوتیێ هەڤژینێ تە شەهید بوویە و ڕووبڕوو گوتییە هەڤژینێ خوە، ئەگەر تو مریای، دا زانین دێ بۆ خوە چکەین یان دا خەلک خێروخێراتان دگەل مە کەت، ل بەرامبەری ئازارێن ڤێ ژنێ، هەڤژینێ وێ یێ ب (عەریف) دهاتە ناسکرنێ، شۆڕەش و پێشمەرگایەتی سەرپشکا گرنگیدانێن وی بوو، هەستا وی یا نەتەوەیبوونێ گەلەک یا مەزن بوو، کێماسی و نەدادی ل سەر خوە قەبیل نەدکرن، هاتە دەستەسەرکرنێ و مرن ئینانە بەرچاڤان، ئەڤێن دەستەسەرکرین کورد بوون، وەکو ئەو دبێژیت پیەکێ وان دگەل شۆڕەشێ بوو و یەک دگەل حکومەتێ و دەستودارێن رژێمێ بوون، لێ خەما وی هند هەڤژین و زارۆکێن وی نەبوو هندی خەما وی ئاخفتنا وی، پاراستنا تڤەنگا وی یا ژ جۆرێ (رەشاش) و رادەستکرنا وێ تڤەنگێ ل دەف وی یان کو کێمکرنا بەهایێ پێشمەرگەی و کێمکرنا بەهایێ شۆڕەشێ، خەما وی هەڤالێن وی یێن پێشمەرگە و فەرماندێ وی ژی رازی بیت و ژلایەک دیڤە، دیدەڤانێ ڤان رووداناں هەمیان، ئەو کەسێ دناڤدا ژیای، ڤێ چیرۆکێ ڤەدگێڕیت، چیرۆک یا بابێ وییە و یا دەیکا وییە و ئەو ئازارێن دەیکا وی تێدا دەرباز دبوو، بەشەکێ گرنگێ زارۆکینیا وی بوون، ئەو ئازارێن بابێ وی تێدا دەرباز دبوو گرێدان ب مەزنبوونا ویڤە هەبوو و تشتێ ژڤێ ڤەگێڕانێ بۆ من جهێ سەرنج راکێشانێ، ڤەگێڕی هەمی تشتەک وەک خوە ڤەگێڕاینە، دیمەن دیمەن چ یێن دایکا خوە بن یان ژی یێن بابێ خوە بن و هندەک جاران مرۆڤ هەست دکەت بەرگەکێ نەتەوەیبوونێ یێ کریە بەر رووداناں! لێ هەر زوی مرۆڤی هەست ب ئازاران دکرە ڤە و ژ خواندنا من بۆ رۆمانێ، ئەگەر مێژوو ڤەگەڕیاباڤە و هەمی روودان چووبانە دەستپێکێ ڤە، ئەو دا بەرسینگا بابێ خوە گریت و بێژیتێ، ئەڤا تو دکەی بەرامبەری خێزانا خوە، تو یێ د وەهمەکێ دا دژی!

## ڤەگێڕانا ژیاننامەیا خویاتی

بۆ نڤیسینا هەر رۆمانەکێ، نڤیسەر یێ ئازادە چ جۆرە ڤەگێڕانێ بکاربینیت و چ ڕێک و تەکنیک بگریتە بەر، د رۆمانا ڤەگێڕانا ژیاننامەیێ ژی دا زێدەتر نڤیسەر یەک کاراکتەر دکەتە سەنتەرێ رۆمانا خوە و پەنایێ نابەتە بەر هندەک چیرۆکێن دی یێن دویر ژ کەسایەتیا ڤەگێڕی و بتنێ ئەگەر ڤەگەڕیان بۆ هندەک رووداناں گرێدایی ڤەگێڕی بخوە هەبن وەک فلاش باک، مامۆستایەک ل زانکۆیەکا سعودیێ دبێژیت: ((هەر رۆمانڤیسەک یان چیرۆکنڤیسەک خوە دەما د هزرا وی ژیدا نەبیت کو رۆمانەکێ ل سەر ژیاننامەیا کەسایەتی یان یا خویاتی بنڤیسیت، دێ کارێ وی یێ ڤەگێڕانێ هندەک دیمەنێن بیردانکێ ژ ژیانا کەساتی یا رۆماننڤیسی یان چیرۆکنڤیسی تێدا هەبن و ئەو دیمەنێن بیردانکێ نە و شوون تلێن وێ ل سەر تێکستێ نڤیسی دا هەبن، خوە ئەگەر ڤی نڤیسەری مەبەست ژی ئەو نەبیت کو دیمەنێن ژیانا خوە یا کەسایەتی بکەتە کارەکێ ڤەگێڕانێ (٣). د رۆمانا دەرسۆکسۆر دا نڤیسەری ڤیایە ژیاننامەیا کەسایەتیەکی ڤەگێریت و وێ ژیاننامەیێ بەلگە بکەت، لێ نە وەک ژیاننامە بەلکو وەکو کارەکێ ئەدەبی و ب ڤەگێڕانەکا ئەدەبی و بۆ نڤیسینا رۆمانا خوە ژی تەکنیکەکا ڤەگێڕانێ بکار ئینایە، چیرۆک دهێتە ڤەگێڕان، چیرۆکا رۆمانێ هەمی د ئوتوبیسەکێ دا کو ب نڤیسەر هندەک جاران ب (ماشین) ناڤ دکەت و مەبەست ژێ ترۆمبێل

و ل ئیرانێ دبێژنە ترۆمبێلێ ماشین و ئەڤە ژی ب رەنگەکی و دوویان نڤیسەر خوە دیار دکەت کو ئەوی ئاگەه ژ روودانێن چیرۆکێ هەیە و یێ دناڤدا ژیای. چیرۆکا رۆمانێ دەستپێدکەت دەما کەسەک ژنەکێ دبینیت کو هەڤالا دایکا وی بوو و ل دەف یەک دروینن و دا رێکێ کورت بکەن، دا سەح و سیان ژ یەک بزانن و ڤەقەتیانا وان و کا هەر یەک ب چ سەرڤەچوو، چیرۆکێ دبێژن و نڤیسەری بۆ خوشییا چیرۆکا خوە بێهندان دایە خوانەڤانێ خوە، ئەو ژی ل هەر وێستگەها راوەستابان چ بۆ دەستئاڤێ بایە یان هەر تشتی چ خوارن و ڤەخوارن بایە، دیسان وێ ژنێ ژی هند جاران چیرۆک بۆ لایێ خوە دکێشا و بڤێ رێکا نڤیسەری گرتیە بەر، ب هزرا من یێ شیای خوە ل سەر گەلەک ویستگەهێن ژیانا وان را دەرباز بکەت و دیمەن و رووداتان پێکڤە مونتاج بکەت یێن وی دڤێت و یێن ئازارێن کەساتیێن رۆمانا وی دناڤدا دەرباز بووین بەرچاڤ بکەت.

## نڤیسەری دڤێت چ بگەهینیت

ئەگەر ئەم ژ هندەک پرسیاران دەستپێبکەین، بۆچی ئەڤ رۆمانە هاتیە نڤیسین؟ مەبەستا نڤیسەری ژ نڤیسینا رۆمانا دەرسۆکسۆر چییە؟ ئەم دشێین چ مفا ژ خواندنا یان ل سەر راوەستیانا ڤێ رۆمانێ وەربگرین؟ بۆ بەرسڤدانا ڤان پرسیاران ژی ئەم دێ خوە ژ مەبەستێن نڤیسەرێ رۆمانێ دوور گرین و ژ خواندنا مە بۆ رۆمانێ دێ بەرسڤان کەرکەین، ژ پرسیارا یەکێ ژی دەما دبێژین بۆچی ئەڤ رۆمانە هاتیە نڤیسین؟ ئەم دشێین بەرسڤا ڤێ پرسیارێ ژ خواندنا رۆمانێ بخوە وەربگرین، ژیاننامەیا دوو کەسان، دوو هەڤژینان، کو نوونەراتیا سەدان خێزانان دکەن ئەڤێن دناڤ شۆڕەشێ دا ژیاین، ئەڤێن دەربەدەری، ترس و برس و نەخوشی دیتین، نڤیسەری یا ڤییای دیمەنێن زیندی بەلگە بکەت و نەهێلیت ماندیبوون و نەخوشیێن ب سەرێ خێزانا وی دا هاتین ب هەروە بچن، هەر چەند ئەو نەخوشی و ئازار د نەخوش بن ژی، دبێژیت: ((ئەم بناڤ گوندی کەفتین و مە ل دەرگەهێ گەلەک مالاندا، لێ مخابن هەلویستێ وان ژ مالا یەکێ باشتر نەبوو، مە چ هیڤی نەمان کو دێ مالەک بۆ دەمەکێ کن ژی وەرگریت))، (رۆمانا دەرسۆکسۆر، لاپەرە ٦٤). ژ ئەڤا ل سەری ئەم بەرامبەری چەند پرسان دراوەستین، بەرهەڤنەبوونا خەلکی بۆ پێشوازیکرنێ ل خێزانەکێ کو زارۆک دگەلدا بن، برسی و دەربەدەری و ئایا ئەڤە رەوشتێ کوردان ب ڤی رەنگی بوویە، کو کورد ب وێ چەندێ دهێنە ناسکرنێ کو رێزێ ل مێهڤانێن خو بگرن و هەر چاوا بیت، ئەڤ دیمەنێن هەنێ راستی بووینە و ل گەلەک جهان خەلکەک ب ڤی رەنگی هەبوونە چ ژ بێ حالیا خوە و چ ژی ژبەر هەلویستی و ترسێ. نڤیسەرێ رۆمانێ بەرێ مە ددەتە ئازارێن دایکەکێ کو زەلامێ وێ خەمێ ژ خێزانا خوە نەخوت و گرنگیدانێن وی ژ خێزانا وی زێدەترن، دەما دبێژیت: ((بابێ من چ شۆل نەبوون بکەت، ئەگەر بێژم سەد جارا ئەو رەشاشا لێک ڤەکری و پارچە پارچە کری و پاقژ کری و دوهن کری و لێکدایەڤە..... دایکا مە ژی دا هێت و چیت، پتپتێ کەت و دا گوتنەکا ب ئێش تێ وەرکەت: - باش د بەرا هەرە، دێ نانی دەتە تە، خۆش سەبرە تە بۆ خوە چێکری، رابە لدویڤ رێنجبەریەکێ بگەڕە دا ڤان زارۆکان پێ خۆدان کەی، تشتەک ددەستێ مەدا نەمایە))، (رۆمانا دەرسۆکسۆر، لاپەرە

١٠٨). نڤیسەر خواندەڤانێ خوە ڤەدگەڕینیت کانێ گەهشتنا وان هەردوو هەڤژینان چاوا بوو، چاوان گەهشتنە یەک و بۆ ڤێ چەندێ ژی ل ئاخفتنا مەتا حەلیما دزڤڕیت وەکو ل سەر زارێ وێ ڤێ راستیێ دیاردکەت و دبێژیت: ((وەختێ بابێ هەوە ل گوندی ب بێدەستی هاتیە کۆشتن، دایکا هەوە دوو زارۆک هەبوون.... هوین هەردوو ساڤا بوون و هەوە هەردووکا هێشتا شیر دخوار.... کەسێ خوە ل دایکا هەوە و هەردوو زارۆکان نەکرە خودان، دایکا هەوە یا جان و جحێل، ئەز و ئەو بووین هەڤال و ڕۆژێ هەمیێ ئەم پێکڤە بووین، ڕۆژەکێ من گوتە هەڤژینێ خوە، بۆچی کچا حەجیایێ ئەوا جیرانا مە بۆ هەڤالێ تە نەخوازین، ئەز بێژم دێ گەلەک بکێر هێن و ئەو ژی دێ بیتە خودان سەمیانەک و هەڤالێ تە ژی لدەروکۆلانا نامینیت و دێ بنە خودان مال و حال))، (ڕۆمانا دەرسۆکسۆر، لاپەرە ١٠٩). و د گەهشتنەکا هۆسادا، بێ مال و حال، بێ خانی، تە بڤێت ژیانا وان یا چاوا بیت و د پەرەگرافەکی دا هاتیە: ((ڕۆژ بۆ ڕۆژێ ڕەوشا مە یا ژیانێ نەخوشتر دبوو، گەلەک ڕۆژا ئەم برسی دماین و مە چ دمالدا نەبوو ب خوین))، (ڕۆمانا دەرسۆکسۆر، لاپەرە ١٢٩) و هەڤژینێ وەک ل بەراهیێ مە گوتی خەما وێ بتنێ ئەرکێ وی دناڤ شۆڕەشێدا و دا بزانین خێزانا ڤی شۆڕەشگێڕی ب چ ڕەنگ بوویە و دێ ئاخفتنا ل سەر زارێ هەڤژینا وی ڤەگێڕین دەما دبێژیت: ((لێ یا گرنگە بێژمە تە، بلا تو هەر فەرماندە بی، ڕەوشا زارۆکێت تە ژی وەک ڕەوشا زارۆکێت عەریفییە، تو لڤێرە هەر ڕۆژ گیسکەکی سەرژێ دکەی و زارۆکێت من نانێ هشک ژی نینە بخۆن، شۆڕش نە دهوسانە، ئەو شۆڕشا یەکسانی و دادپەروەری تێدا نەبیت، ئەنجام دێ د خراب بن))، (ڕۆمانا دەرسۆکسۆر، لاپەرە ١٣٧). و نە بتنێ ئەڤە، ژ بێ خودانیێ، د ناڤ مللەتەکێ غەریب دا، مرۆڤێن وان ل نزیک نە، بابێ وان ل ئەرکێ پێشمەرگاتیێ و ئەو وێنێ چ جارەکێ ژبیرا مرۆڤی نەچیت، دەما نڤیسەری ژ بیرهاتنێن خوە پەلکێش کریە ناڤ ڕۆمانێ و دبێژیت: ((پشتی خالەتا عەیشایێ و ژنکەکا دی یا ب تەمەن خوشکا مە شووشتی و کفن کری، هەر چەندە چ کفن دەست مە نەکەفتن، لێ دایکا مە روویەکێ لحێفەکێ دڕاند و ژ بۆ خوشکا من کرە کفن))، (ڕۆمانا دەرسۆکسۆر، لاپەرە ١٤٣). و دا بزانین دیتنا ڤێ هەڤژینێ بۆ زەلامێ وێ یێ پێشمەرگە، سەرەڕای ب ئاخفتنا تژی حەژێکرن ناڤێ وی دئینیت دەما دبێژیتێ هەی عەریفێ منۆ، لێ ئەڤ حەژێکرنە ژی ڕەنگە ژ بێ چارەبوون و بێ هەلویستیا وێ بیت بڤێ ژیانا سەخت، کو هەر جارەکێ بارا مەزن یا ئازاران بتنێ بۆ ژنێ دمینیت، دەما دبێژیت: ((هەی عەریفێ منۆ، تە ئەز لبەر بای، ئینامە بەر بارۆڤەی.. هندی ئەز خودانا تەبم دێ حالێ من ئەڤە بیت، کۆنە مشک دێ لمن و زارۆکێن من بنە قەیسەری، تە ئەز و عەیال ئینایەنە ڤێ بەتەنێ ل بن ڤی کەڤری، ما ئەم مارین دێ ب ئاخێ ژین))، (ڕۆمانا دەرسۆکسۆر، لاپەرە ١٥٤).

## تەکنیک و ڕێکێن ڤەگێڕانێ

ژبەرکو هەمی کەس دشێن ببنە ڤەگێڕ، دشێن ببنە چیرۆکبێژ، لێ هەمی کەس ناڤودەنگیا خوە وەرناگرن، ئەز بەحسا ڤەگێڕێ ڤێ ڕۆمانێ ناکەم کا یێ سەرکەفتی بوویە یان نە، لێ بۆ من بخوە وەک نڤیسەر، شێوازێ ڤەگێڕانێ یێ گرنگە، ل بیرا منە دەما ئەز زارۆک چیرۆکبێژ

هەبوون، رەنگە چیرۆکبێژەک دا چیرۆکا خوە ب نیڤ دەمژمێرێ ب دووماهی ئینیت و کەسەکێ دی هەمان چیرۆک ب دەمژمێرەکێ ڤەدگێڕا و خوشتر و ب تامتر و ئها من بەحسا ڤەگێڕەکێ هۆسانە، دەما دشێت، ب هونەر، ب هۆستایی، ب تەکنیک و شێوازێن جودا و یێن نوی بگریتە بەر، د ڕۆمانا دەرسۆکسۆر ژی دا ئەڤ چەندا هەنێ هاتیە بکارئینان، دا نڤیسەرێ رۆمانێ بشێت ڤەگێڕێن خوە، ڤۆناغێن ژیانا دوو کەساتییێن نزیکی وی بەلگە بکەت، پێدڤی بەرچاڤکرنا وێستگەهانە، ئەو وێستگەهێن وی دڤێت بگەهینیت ئەو ژی شۆڕەش و وەلاتپارێزی و دیسان ژیانا سەختا خێزانێن پێشمەرگەیان و بۆ ڤێ چەندێ ژی پەنا بریە بەر دروستکرنا هندەک رێکاران، کو ب دیتنا دوو کەسان، هەڤالا دایکا وی و بشێن پێکڤە دیمەنان بەرچاڤ بکەن.

### ڕۆمانا ڤەگێڕانا ژیاننامەیێ

گەلەک جۆرێن نڤیسینا بەلگەکرنا بیرەوەری، ژیاننامەیا کەساتییان هەنە لێ هەلبژارتنا رۆمانا ڤەگێڕانا ژیاننامەیێ باشترین جۆرە بۆ بەلگەکرنا ڕاستییان وەک خوە، ژبەرکو ڕووداننێن وێ خوە ژ کەتواری وەردگرن و خواندەڤان و وەرگرێ ڕۆمانێ زێدەتر کونتاکێ دگەلدا دکەت و ڕەنگە هەمییان شیانێن نڤیسینا ئەدەبی نەبن کو پەنایێ ببەنە بەر ڤی شێوازی و نڤیسەرێ ڕۆمانێ یێ شییای شۆڕەشێ و ڤۆناغێن شۆڕەشێ و مێژوویا ڕوودانان وەک خوە و ب ڤەگێڕانەکا ئەدەبی، ڕەوانبێژی بەرچاڤ بکەت، ئەو زۆری و ستەما ل سەر کوردان دهاتەکرنێ و هەڕ و هەردەم دکەتنە بەر پەراوێزخستنێ ژبەرکو کوردن، ژلایەک دیڤە ئەم یێن ئاشنایی ژیانا پێشمەرگاتیێ بووین و مە تشتێ ل سەر خواندی و گوهلێبووی، لێ ئەم ئاشنایی ڕەوشا ژیارا خێزانێن وان نەبووینە یان کێم هاتیە ڤەگێڕان و پەنابرنا نڤیسەرێ ڕۆمانێ بەر ب نڤیسینا ڕۆمانەکێ ب شێوازێ ژیاننامەیێ و د هەمان دەم دا ژیاننامە ب شێوازێ ڕۆمانێ بۆ نڤیسینا ڤان بیرەوەریان، پەنابرنەکا گونجاییە و ئەڤە ژی بۆ ڕۆمانا دەڤەرێ، شێوازەکێ نوی و جهێ ل سەر ڕاوەستیانێ یە.

پەراوێز:

١ - دەرسۆکسۆر، رۆمان، سادق سالح بابێ جەنگوی، ٢٠٢٤.

٢ - موسى ابراهيم ابو رياش، السيره الذاتية والرواية: اتفاق أم افتراق؟، القدس العربي، ٢٠٢٤.

٣ - د. سلطان القحطاني، أستاذ الادب في جامعة الملك سعود بالرياض.

# چەپکێک نامە

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم**

١/١٠/٦٤ (١٩)- الاحد

بۆ مامۆستای بەڕێز کاک تاهیر ئەحمەد حەوێزی پێشکە شە

لە پێشەوە دەستەکانت ماچ دەکەم و (ە) هیوادارم لە ئەوپەڕی بەرزی و سەرکەوتووییدا بن و (ە) مرازی ئێمە ئەوەیە کە بە خۆشی بژین. مامۆستا گەیشتینە قەلعە سوککەر بە سەلامەتی و (ە) هیچ غەمێکمان نییە ئیللا دووری ئێوە و برادەران نەبی کە وای لێ کردووین دائیما بیرتان بکەین کە چۆن جیرانێکی باش بوون، تازە دوورە کە جیرانێکی وەکی ئێوەمان چنگ کەوێتەوە، بەڵام چ بکەین لەگەڵ ز(ە)مانە و (ە) ئەوەش دەڕوا..!!؟

لە دواییدا دەستی یا زەینەب خان ماچ دەکەم و سەلام لە منداڵەکان دەکەم و (ە) باوکم زۆر سەلامت لێ دەکا و (ە) دایکم سەلام لە یا زەینەب خان دەکا و (ە) چاوی منداڵەکان ماچ دەکا.

**ئیتر بە خوام سپاردن**

**ئیمزا**

**بچووکت ئازاد بیلال بەهائەددین**


*** نامەی دووەم**

بەناوی یەزدان

١١/١٢/٩٦٤ (١)

بۆ مامۆستای بەڕێز کاک تاهیر ئەحمەد حەوێزی پێشکەشە

لە پێشەوە دەستەکانت ماچ دەکەم و(ە) هیوادارم کە هەموو کاتێک لە خۆشی و کامەرانیدا بن و (ە) دوور بن لە هەموو کەسەرێک و(ە) هەرە مرازی ئێمە ئەوەیە کە ئێوە باش بن.



٦٤ - الاحد
١/١٠

بو ماموستای بەڕێز کاک طاهر حویزی پیشکش

لە پیشەوە دەستەکانت ماچ دەکەم وە هیوادارم لە ئەوپەڕی بەرزیو سەرکەوتویی دابن وە مرازی ئیمە ئەوەیە کە بەخوشی بژین.
ماموستا گەیشتینە قلعە سکر بە سلامەتی وە هیچ غەمکمان نیە الا دووری ئیوەو برادەران نەبی کە وای لی کردووین دائما بیرتان بکەین کە چون جیرانیکی باش بوون تازە دوورە کە جیرانیکی وەکی ئیوەمان چنگ کەوتیتەوە بەلام چبکەین لەگەل زمانە وە ئەوەش دەڕوا ..!!!؟
لە دواییدا دەستی یا زینب خان ماچ دەکەم وسلام لە منالەکان دەکەم وە باوکم زور سلامت لی دەکا وە دایکم سلام لە یا زینب خان دەکا وە چاوی منالەکان ماچ دەکا
ئیتر بە خوام سپاردن

بچوکت ئازاد بلال بهاء الدین

مامۆستا: نامەکەت گەیی و(ە) زۆر پێ ی(ی) خۆشحاڵ بووین و(ە) تێی گەیشتین چیتان دەویست، بەڵام لە بارەی شتەکان، لانکێک لە ماڵی ئێمە بوو، بەڵام هینی خۆیان بوو، لەگەڵ (٢) کورسی پاڵپشت، وتیان بە ئەمانەت بماندەنێ، ئەوەندەیان بدەنێ، دەنا هیچی تر مەدەن بە یەک کەسی تر تکایە. ئەگەر لاتەختەکان لەسەر تارمە ماون زۆر مەمنوون دەبین کە بە ماڵی موعتەسەم ئەفەندی(١) بڵێن کە لایان بەن و (ە) لە سەربان هەڵی پەسێرن بە ستارەو (ە) من دەستی یا زێنەب خان ماچ دەکەم و (ە) چاوی بچووکەکان ماچ دەکەم و(ە) دایکم و باوکم زۆر سەلامتان لێ دەکەن و (ە) چاوی منداڵەکان ماچ دەکەن و (ە) دائیما ئێوەمان لەبیر ناچێ. ئاواز سەلام لە ڕووناک دەکاو (ە) فەرهاد(٢) سەلام لە دلاوەر و (ە) سالار دەکا(٣)، (وە) سەلام لە جیرانەکان دەکەین: محەمەد مەنسوور(٤)، جەبارە فەندی(٥).

ئیتر خۆشیتان، بەخوام سپاردن

**ئیمزا**

**بچووکت ئازاد بیلال بەهائەددین**


باوکم نامەیەکی بۆ ناردن، نازانم پێتان گەیشت، یان نا..!؟ (وە) دوو نامەمان بۆ حەمە سوور ناردییە تاکوو ئێستا (وە) هیچ وەڵامی نییە، ئەگەر چاوت پێی کەوت دەبی بۆمان بپرسی ئایا نەخۆشن؟ یان چییە؟ چیمەن و (ە) شۆڕش (٦) ڕۆژ هەتا ئێوارێ ناوی ئێوەیان لەسەر زارییە، تەبعەن ئەوانیش دەزانن کەوا دراوسێی باش چۆن تەئسیرێکی هەیە لەسەریان و (ە) ناوی سەیران و (ە) نەمر و لەیلا (٧) و ئەوانی تر، دەیرێن و دەیرێنەوە (٨).

(١) موعتەسەم ئەفەندی: ناوی تەواوی (موعتەسەم عەبدولمەجید ساڵح موفتی)یە، مامۆستای قوتابخانەی ئولای کۆیەی سەرەتایی بوو، ماوەیەک لە خانووەکەی م. بیلال بەهائەددین کرێچی بووە، چونکە ئەوکاتە بۆ قەلعەسوککەر گوێزرابووەوە، لە ژمارەکانی پێشوودا زیاترمان لە بارەیەوە نووسیوە.

(٢) ئاواز و فەرهاد، کوڕ و کچی (م. بیلال بەهائەددین)ن.

(٣) ڕووناک و دلاوەر و سالار، کچ و کوڕی (م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی)ن.

(٤) محەمەد مەنسوور: ناوی تەواوی (محەمەد فاتیح محەمەدئەمین محەمەد مەنسوور)ـە، ساڵی ١٩٣٤ لە کۆیە لە دایک بووە، پیاوێکی مەرد و بەرچاو تێر بووە، هەر لە سەرەتای لاوییەوە خەریکی کاری بەڵێندەرایەتی بووە، دواییش لە سەرەتای ساڵانی حەفتا چووەتە شاری بەغدا، ماوەیەک هوتێل (نێرگز)ی هەبووە، لە ٢٠١٢/١١/٢٦، لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی شێخ ئەحمەد بە خاک سپێردراوە.


بە ناوی یەزدان ١١-١٢-١٩٦٤
بۆ مامۆستای بەڕێز کاک طاهر احمد حویزی پێشکەش
لە پێشەوە دەستەکانت ماچ دەکەم وە هیوادارم کە هەموو تانیلک لە خۆشی و کامەرانی دابن وە دوور بن لە هەموو کەسەرێک وە هەر مەرازی ئێمە ئەوە یە کە ئێوە باش بن.

**(٥) جەبارە فەندی: ناوی تەواوی (عەبدولجەبار عەبدولکەریم حەنا)یە، لە شاری کۆیە لە دایک بووە، مامۆستای خوێندنی سەرەتایی بووە، مامۆستایەکی بەڕێز و سەنگین و لێهاتوو بووە، یەکێکە لە کەسایەتییە دیارەکانی شاری کۆیە. کوڕێک و دوو کچی لە پاش بەجێ ماوە بە ناوەکانی: (نیاز، نازەنین، نەسرین)، کچی دووەمی هاوژینی (د. نەبیل دنحا)یە.**

**(٦) سەیران و نەمر (نەریمان) و لەیلا: منداڵی (م. تاهیر ئەحمەد حەوێزی)ن.**

**(٧) چیمەن و شۆڕش: دوو لە منداڵەکانی (م. بیلال بەهائەددین)ن.**

**(٨) دەیرێن و دەیرێنەوە: دەیلێن و دەیلێنەوە.**

*** نامەی سێیەم**

بۆ بەڕێزم:

مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی- پێشکەش بێت

**یەکەم:** گەرمترین سەڵاوی خوات لێ بێ و(ە) هیوام خۆشیتە و(ە) سەرکەوتنە و(ە) تەمەنێکی درێژ بۆ خزمەتکردنی ناوچەکەمان لە بارەی مێژووی وڵاتەکەمان و(ە) کۆکردنەوەی پەندەکان و(ە) ئەم نکتە خۆشانەی کە هەیە لەنێو وڵات.


**دووەم:** مامۆستا داوایان لێ کردووین لە کوللیە - هەر کەسێک بەپێی توانای(ی) خۆی ئەو کتێبانەی کە دانراو(و)ن و لە عەینی کاتا کراوە بە دیاری (هدية) بۆ ئەم پاشا و خەلیفە (یە)ی کە مەوجوود بووە لە زەمانی- دانەر-

منیش لە کاتی محاوەلە کردنما لەو(ە) بارەوە چاوم کەوت بە کتێبێک کە (شرحی تصریفی) مەلا عەلی-یە، لە علم الصرف) دانراوە و(ە) پێش(کەش) کراوە بە پاشایەک بەم شێوەیە (نص العبارة).

وجعلته تحفة الى حضرة من خصه الله بأوفر حظ من مراتب العلى وصيره بفضله كهفا للطلبة والعلماء.

پاشدان ئەڵێ - وهو المشتهر في المشارق والمغارب وهو المنبع للغرائب والعجائب وهو الطائف للحرمين - العتبتين للعصاة والرقائب، ها هو الصاحب الاعظم والمطاع الفخم ممطر الجود والكرم مدبر وزر ابن آدم خليفة سيد العالم المشتهر الملقب بحويززاده بين العرب والعجم الساكن بلدة - كوي نصرة جيوش العلم كالعلم.

ئیتر بەو شێوەیە پەرتووکەکەی پێشکەش ئەکاو (ە) نیزیکەی ٦١- پەڕەیە، هەر لاپەرەیەک ١٨ یا ١٩ دێڕە، ناوی دانەرەکەی تێدا نییەو (ە) مێژووی ئەم ساڵەی تیا نییە کە دانراوە (وە) حاشییەی لەسەرە بە ناوی (دولابی رە) و (ە) من مەخسوودمە کە بزانم بەهۆی تۆ = ئایا هیچ ئاگادارییەک (ـە)ت هەیە، یان نا لەم بارەوە، چونکی من وا تێئەگەم کە ئەم حەوێززادەیە کە بابە گەورەی ئێوە بێت و (ە) منیش ئەمەوێ


بۆ بەڕێزم:
مامۆستا طاهر حوێزی - پێشکەش بێت
یەکەم: گەرمترین سەلاوی خوات لێبێ وە هیوام خۆشیتە
وە سەرکەوتنتە وە تەمەنێکی درێژ بۆ خزمەت کردنی ناوچەکەمان
لە بارەی مێژوی وڵاتەکەمان وە کۆکردنەوەی پەندەکان وە ئەم
نکتە خۆشانەی کە هەیە لەنێو وڵات؛
دووەم: مامۆستا - داوایان لێ کردووین لە کلیە - هەر کەسێک
بە پێی توانای خوی ئەم کتێبانەی کە دانراوون وە لە عەینی کاتا
کراوە بە دیاری (الهدیە) بۆ ئەم پاشاو خلیفەی کە موجود
بوە لە زەمانی - دانەر -
منیش لە کاتی محاولە کردنما لەوە بارەوە چاوم کەوت
بە کتێبێک کە (شرحی تصریفی م(لا) علی - یە - لە علم صرف) دانراوە
وە پێشکەش کراوە بە پاشایەک بەم شێوەیە (نص العبارة)
وجعلته تحفة الى حضرة من خصه الله بأوفر حظ من مراتب العلى
وصيره بفضله كهفا للطلبة والعلماء.
پاشدان ئەلێ - وهو المشتهر في المشارق والمغارب وهو المنبع للغرائب
والعجائب وهو الطائف للحرمين - العتبتين للعصاة والرقائب ها هو
الصاحب الاعظم والمطاع الفخم ممطر الجود والكرم مدبر وزر ابن آدم
خليفة سيد العالم المشتهر الملقب بحويز زاده بين العرب والعجم الساكن
بلدة - كوي نصرة جيوش العلم كالعلم.
ئیتر بەم شێوەیە پرتوکەکەی پێشکەش ئەکا وە نیزەکەی
٦١ - پەرەیە هەر لاپەرەی ١٨ یا ١٩ دێرە -

کە پرسیار بکەی و (ە) هەوڵ بدەی ئایە وایە، یان نا- ئەگەر ئەزانی هیچ لەم بارەوە- تکایە مێژووی ویلادە و وەفاتی حەوێززادە بۆم ڕەوانە بکەی بەم عینوانەی خوارەوە و (ە) مومکینە ئەگەر سوئال بکەی لە مامۆستا مەلا قادر(١)، یان مامۆستا ڕەئووف(٢) کە بزانێ شتێک لەم بارەوە- علی کل- مێژووی ویلادە و وەفاتی بابە گەورەی (حەوێزی)ان بۆم ڕەوانە بکە، لەگەڵ ناوی خۆی و (ە) باوکی و (ە) باپیری، چونکی ئەبێ تەقریرەکە بەم زووانە تەسلیم بکەین.

لەدواجارا دووبارەی ئەکەمەوە سەلاو و ئیحتیرام و (ە) وەڵامدانەوەی ئەم نووسراوە بە گەیشتنی و (ە) تکای بوردنم هەیە لە کەموکو(و)ڕی نووسراوەکەم.

ئیتر خۆشیت دڵسۆزم

**جەمال مەلا محەمەد- تارەبانی (٣)**

**ئەلباجۆری**

**(١) ٩٧٢/١٢/١٩**

بغداد- الكرخ- بناية التربية الاسلامية

كلية الامام الاعظم - الصف الثاني

ئەم کتێبە لای کوڕێکە لە کوللیەکەمان.

**پەراوێز:**

**(١) هیچمان لە بارەی ئەو (مەلا قادر)ەوە نەزانی.**

**(٢) مامۆستا ڕەئووف، لەوانەیە مەبەستی (مەلا ڕەئووفی سەلیماغای حەوێزی) بێ کە لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسیومانە.**

**(٣) جەمال محەمەد باجۆری: یەکێک لە مامۆستا دیارەکانی زانکۆی کۆیە بوو، کە ئێستا خانەنشینە و لە شاری کۆیە دادەنیشێ. ساڵی ١٩٥٣ لە تارەبان لە دایک بووە، ساڵی ١٩٨٥ ماستەری لە (فیقهی ئیسلامی) وەرگرتووە، دواییش لە ساڵی ١٩٩٠ دوکتۆرای لە هەمان بابەت لە زانکۆی بەغدا - کۆلێژی ئیمامی ئەعزەم وەرگرتووە، بە کەسێکی سەنگین و بەڕێز ناوی لەناو خەڵکیدا ڕۆیشتووە.**

*** نامەی چوارەم**

کەرکووک

جەلال حەوێز حەوێزی (١)


(١) ٩٧٣/١/٢٨

بۆ برای زۆر بەڕێز مێژوونووسی کۆیی مامۆستا تاهیر ئەحمەد حەوێزی پێشکەشە

هەموو کاتێکت خۆش

لە پاش پرسینی حاڵ و ئەحواڵتان و (ە) تەندروستیتان، هیواداریین هەموو لایەکتان سەلامەت بن و(ە) بە خۆشی و شادی لەگەڵ خێزان و منداڵان لەبەر ئاگردانێکی گەرموگوڕ و بێ دووکەڵ.

کاکی خۆم دوو سێ (ـە) ڕۆژ لەمەوپێش نووسراوت بە دەستم گەیشت، زۆر سوپاستان ئەکەم و(ە) زۆری پێ کەیف خۆش بووم، بەڵام داخەکە(م) زۆر کورت و گورج تەنها وەفاتی


كركوك
جمال حويز حويزي
٢٨-١-٩٧٣

(بەکر سدیق)ی (٢) تێدا بوو، خودای مەزن ئەجرتان بداتەوە، ئێوە و ماڵ و منداڵتان خۆش بن. پێش مردنی لە بەغدا زەرەرێکی ٣٠ دیناری لە عەبدوڵڵای سەمەدئاغا دا (٣)، کە ئەگاتە بەغداد بڵاوی ئەکاتەوە کە سەمەدئاغا زۆر نەخۆشە و (ە) کەوتۆتە ناو حەوزی ئاوێ، وا لە حاڵی نیهائی خۆی دایە، ئیتر ناچار عەبدوڵڵا و (ە) زڕ دایکی ڕوو لە کۆیێ دەکەن و (ە) نەرمین و منداڵانی ڕوو لە کەرکووک و (ە) نەتیجەش درۆ بوو، سەمەدئاغا سحەتی باش بووە، ئیتر خودا ڕەحمی پێ بکات.

ئەمرۆ هەوا لە کەرکووک خۆشە و (ە) دەرەجەی حەرارە لە حەوشمان لە (٥)ەوە بۆ پازدە (١٥) بەرز بۆتەوە، بەم خۆشی (ی)ەوە توانیم وڵامی نووسراوتان بدەمەوە. بە خودا کاک تاهیر هەر نەخۆشم، بەڵام وا بزانم ئیختیاریش هەر نەخۆشییە. شەوان زۆر جاران بێ سحەت ئەبم و (ە) بەبێ خەوی ڕۆژ ئەکەمەوە، زۆر بێ تاقەت بوومە. زستان فەسڵی زەحمەتە، هاوین فەسڵی ڕەحمەتە بۆ ئیختیاران، ئیتر زۆر سەلامم بۆ سەمەد ئاغا (٤) و سەمەد ئەفەندی (٥) و (ە) ڕۆستەم ئەفەندی (٦) هەیە، ئیتر لێرە بەم لاوە ئەتوانی لەگەڵ ڕۆستەم ڕاببوێری ئێواران، و (ە) هەوڵیشی لەگەڵ بدە خواردنەوەی پێ تەرک بکە، ئەگەر بتوانی، ئیتر سڵاوێکی زۆرم بۆ هەموو خزم و برادەران هەیە و (ە) دایکی جەوهەر زۆر سەلامی بۆ تۆ (و) زێنەب خان هەیە وەلسەلام.

ئیمزا

برات

**پەراوێزەکان:**

**(١) جەلال حەوێز حەوێزی: لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**

**(٢) بەکر سدیق: ناوی تەواوی (ئەبووبەکر سدیق ئەسعەد)ە (١٩١٧- ١٩٧٢/٤/١٤)، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**

**(٣) عەبدوڵڵای سەمەد ئاغا: ناوی تەواوی (عەبدوڵڵای سەمەد ئاغای جەلاغای حەوێزی)یە، ساڵی ١٩٣٨ لە شاری کۆیە لەدایک بووە، بە کاری پارێزەرایەتییەوە خەریک بووە، کەسێکی خۆشەویست و سەنگینی ناو کۆمەڵگە بووە، تەنیا کوڕێکی بەناوی (نیاز) هەبووە، کە ئەویش بەر لە مردنی خۆی، بە ڕووداوی هاتوچۆ کۆچی دوایی کردووە، لە ٢٠١١/١٢/٢٥ کۆچی دوایی کردووە.**

**(٤) سەمەداغا: باوکی عەبدوڵڵای سەمەداغایە، کە پێشتر باسمان کردووە.**

**(٥) سەمەد ئەفەندی: ناوی تەواوی (م. سەمەد حاجی تەهای حەوێزاغا)یە، لە عەشیرەتی حەوێزییەکانە، ساڵی ١٩١٥ لە شاری کۆیە لە دایک بووە، یەکەم کەس بووە کە بووەتە ئەمینداری کتێبخانەی شاری کۆیە، لە ساڵی ١٩٨١ هەر لەو شارەدا کۆچی دوایی کردووە، وەک پیاوێکی بەڕێز و سەنگین ناسراوە، دوو ژنی بەناوەکانی (زارا و زوبێدە) هەبووە، لە گۆڕستانی عارەبیان نێژراوە. لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسراوە.**

**(٦) ڕۆستەم ئەفەندی: ڕۆستەم نافیع حەوێزی، شاعیری ناسراو، لە ژمارەکانی پێشوودا لە بارەیەوە نووسیومانە.**

به بۆنەی بیست و هەشتەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# لە سەدەی ڕابوردووەوە تەمەنی هیچ گۆڤارێک نەگەیشتووەتە تەمەنی گۆڤاری ڕامان


**حەسەن گەرمیانی**

**(نەرویج)**


گۆڤاری ڕامان سێ قۆناغی پڕ ئەزموونی بردووەتە سەر.

١- گرێی یەکەمی تەمەنی دە ساڵەی.

٢- گرێی دووەمی تەمەنی بیست ساڵەی.

٣- گرێی سێیەمی تەمەنی بەرەو سی ساڵ هەنگاو دەنێت کە دوو سێ ساڵی ماوە بیگاتێ.

گۆڤاری ڕامان وەک هەمیشە مانگانە بە ڕێکی کەوتووەتە بەر دەست و دیدەی خوێنەرانی خۆی. سەرنووسەر و کارمەندانی ئەم گۆڤارە لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی گشتی، لە هەموو بوارەکاندا درێغییان نەکردووە، نەبێتە پێداهەڵدان و پێ لێ هەڵبرین وای لە خوێنەر کردووە هەست بکات خۆی بەشێک لەو ڕۆشنبیرییە گشتییە بێت.

لە ژمارە ١٦ شازدەی گۆڤاری (ڕامان)دا کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٧، لە لاپەڕە ٦٧- ٧٣ هاوڕێ و برای کۆچ کردووم مەحموود زامدار، یادی بەخێر، لەگەڵ هاوڕێ و برای ئازیزم ئازاد عەبدولواحید، چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ کردم، ئەوکاتە هێشتا سێ ساڵی مابوو ماڵئاوایی لە سەدەی بیستەم بکەین، ئەو زەمانە چەند کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی کەم پەیدا بووبوون، ئەوانی دی هەموویان (لۆکاڵی) خۆماڵی بوون، هیچ کامێکیان لە شارەکانی خۆیان بەولاوە پەخشەکەیان زیاتر بڕی نەدەکرد. (ئینتەرنێت)یش هەر نەبوو، وەک ئێستا لە بوارە جیاجیاکانی زانست، بەم جۆرە (تەکنۆلۆجیا) پێشکەوتنی بەخۆیەوە نەدیبوو، بەڵام وەک خۆم شانازی بەو چاوپێکەوتنەوە دەکەم کە زۆر بابەتی هەمەلایەنەی ئەو سەردەمەمان تێدا باس کردووە.

گۆڤاری ڕامان، هەوراز و نشێوی زۆری تووش بووە تا بە ئەم ڕۆژە گەیشتووە، بێباکانە بە نووسین پێمان دەڵێت (من جگەرگۆشە)ی سەرنووسەرم، مرۆڤێکی هۆشیار و خووڕەوشت بەرز، لەخۆبوردوو کە قەت لە خۆبایی نەبووە، ڕۆشنبیرییە گشتییەکەیشی لەولاوە بوەستێت.. سەرنووسەر خۆی دەڵێت: ڕاستە گۆڤاری ڕامان وەک جگەرگۆشەی خۆم پەروەردەی دەکەم، بەڵام ئەگەر بەرهەمە نایابەکان نەبوونایە و خوێنەری چاک و بە ئەزموونی گۆڤارەکەمان نەبوایە، ئەوکاتە منیش لە ئاستیدا (دۆش دادەمام) و ڕادەمام، ڕەنگە بە چەند ژمارەیەک کۆتایی بێ بهاتبایە!!، بۆیە دەڵێ کۆتایی پێ دەهات، چونکە هەمیشە دەڵێ من هەرگیز قبووڵ ناکەم سەرنووسەری گۆڤارێکی ئاست نزم و لاواز بم. خوێنەرانی گۆڤاری (ڕامان)یش دەڵێن سپاسی بۆچوونەکانت دەکەین، بەڵام (کە مانگ لە چواردەمین شەودا بێت، پێویست بە ئاماژەی ئەنگووست ناکات بۆی بکەین).

ئەم مرۆڤە کۆڵنەدەرە زۆربەری کاتەکانی ژیانی و ئازادییەکانی خۆی بۆ ئەم گۆڤارە تەرخان کردووە، دەبێ ئەویش پێزانینی خۆی بۆ (خاو

و خێزانــی) دەربـبڕێــت، کــە ئەوانیــش بەشــێکن لــە کەمکردنــەوەی ماندووبوونــی کاک ئــازاد عەبدولواحیــد، لەپێنــاوی ڕاگرینــی بەرزیــی ئاســت و بەردەوامیــی ئــەم گۆڤــارە پــڕ زانیارییــە لــە زۆربــەی بوارەکانــدا، (کەواتــە پشــتگیری هەمــوو پیاوێکــی مــەزن خانمێکــی مەزنــە).

بەڕاســتی مرۆڤێکــی خــاوەن توانایيــت، چــی نووسراوێکت بـۆ دێـت، دەبـێ وشـە بە وشـە بیخوێنیتەوە و یارمەتیدەریــش بیــت بــۆ لایەنــی دارشــتن و هەڵــەی ڕێنــووس و نووســینیش، ئەمــە ئــەوە دەگەیەنێــت کــە تـۆ دێـڕ بـە دێـڕ هەمـوو بەرهەمـەکان پێش چاپ کردن و پــاش چــاپ کــردن دەخوێنیتــەوە، بــە داخــەوە بــە هــەر هۆیەکــەوە بووبێــت بـۆم نەڕەخسا گشت ژمارەکان بخوێنمــەوە، چەنــد ژمارەیەکــم لــە کیــس چــوو، کــەی کــران بــە کتێــب، ئــەوکات دەتوانــم بڵێــم لەکیســم نەچووە؟ لەوانەشـە کرابێت، بـەڵام مـن لێـی بـێ ئاگابـم.

چەنــد پێشــنیارێکم هەیــە ئەگــەر جێــی پەســەند کــردن بێــت، حــەز دەکــەم بیانخەمــە ڕوو:

١- گرێــی یەکەمــی تەمەنــی، بەرهەمــی ١٠ بایــی دە ژمــارەی لــێ بکــەن بــە کتێــب.

٢- گرێــی دووەمــی تەمەنــی، ئەویــش بایــی دە ژمــارەی لــێ بکرێتــە کتێــب.

٣- گرێــی ســێیەمی تەمەنــی، کــە دەگاتــە تەمەنــی (٣٠) ســی ســاڵ، ئەویــش هــەر دە ژمــارەی بکرێتــە کتێــب، پاشــان هــەر هەمــووی بــە یــەک کتێبــی ئەســتوور چــاپ بکــەن.

هەرچەنــدە ئەمــەی دەیڵێــم جێبەجێکردنــی کارێکــی قورســە و کاتێکــی زۆری دەوێ، بــەڵام وای بـۆ دەچـم لای بەڕێزتــان ئاســان بکەوێتــەوە، چونکــە کۆڵنــەدەرن و بــە پیشــەی خۆتانــی دەزانــن، ئێــوە دەتوانــن تێیــدا ســەرکەوتوو دەبــن.

٤- بـۆ گرێـی تەمەنـی چـوارەم و پێنجەمـی گۆڤـاری (ڕامــان)، ئــەوە لــەلای ڕۆژگارە خــۆی دەستنیشــانی دەکات.

ب- ئەگــەر لایەنــی پەیوەندیــدار بۆتــان بڕەخســێنن ســەردانی ئــەو وڵاتانــەی دوورەدەســتن و کوردنشــینی تێیدان بکــەن، چەنــد کەســێکی شــارەزا کــە شــێوەزاری ئــەو کوردنشــینانەی لــەوێ دەژیــن بزانــن، بەمــە دەتوانــن بەرهەمــی چاکیــان لــێ بــە دەســت بهێنــن، بــۆ نموونــە (کۆمــاری کوردســتانی ســووری پێشــوو لــە ســۆڤێتی جــاران کــە (ســتالین) لەنــاوی بــرد، دەکەوێتــە نێوان ئەرمەنســتان و ئازربایجانــی سۆڤێتی ئەوســای باکــووری کوردســتان، شــێوەزاری زازاکــی و کرمانجــی ڕۆژئــاوا و لبنــان، لوڕســتان و خــوارزم، شــوێنی دیکــەش زۆرن خۆتــان چاکتــری لــێ دەزانــن تــا زانیــاری زیاترتــان لــێ دەســت بکەوێــت. نامــەوێ لەمـە زیاتـر درێـژە بـەم بابەتـە بدەم، بەڕێزتـان لەمن شــارەزاترن.

لــە ســەدەی ڕابــوردووەوە تــا دەگاتــە ئــەم ســەدەیەش کــە خەریکــە بگاتــە چارەکــە ســەدەیەک چەنـدان گۆڤـار بـە ناوونیشـانی جۆراوجۆر هاتوونەتـە بەرهــەم، بــەڵام هیــچ کام لــەم گۆڤارانــە تەمەنیــان نەگەیشــتووەتە تەمەنــی گۆڤــاری ڕامــان.

بـەم بۆنەیـەوە دێـڕە شـیعرێکی (موتەنەببـی)م بیـر کەوتــەوە کــە دەڵێــت:

**(وخير جليس في الزمان كتاب)**

بـۆ ڕێزگرتـن لـە گۆڤـاری ڕامـان کـە لـە ٢٠٢٤/٦/١١ تەمەنـی بـەرەو ٢٨ سـاڵ دەڕوا و تـا ئێسـتا ڕامـان (٣٢٠) ژمــارەی لــێ دەرچــووە، مافــی خۆمــە ئەگــەر بڵێــم: (وخيـر جليـس فـي الزمـان ڕامـان)

ببــوورن ئــەم بابەتە نووسینە هیی (هەڵســەنگاندن) نییــە، بەڵکــوو دەربڕینــی ناخــی هەمــوو خوێنەرێکــی نــاخ پاکــە. دەســت خۆشــی و هــزر فراوانــی زیاتــر لــەو مرۆڤــە چالاکانــە دەکــەم کــە بــە دڵســۆزییەوە هــەر کەســەیان کارەکــەی خۆیــان زۆر خــۆش ویســتووە وەک سەرنووســەر، دیزاینــەری (بــەرگ)، مۆتیــڤ و پۆرترێــت، بەڕێوەبــەری هونــەری، درووود بــۆ گیانــی پاکــی (خــاوەن ئیمتیاز)ــەکەی شــەهیدی کۆچ کــردوو شــەوکەت شــێخ یەزدیــن، یــادی بەخێــر.

ڕۆژی لـە دایکبوونـی گۆڤـاری ڕامـان پیـرۆز دەکەین، بـە بۆنـەی داگیرسـاندنی مۆمـی بیسـت و هەشـتەمین سـاڵیادی، تەمەنـی ئێـوە و گۆڤـاری (ڕامان)یـش درێـژ بێت .




# هەموو نووسەرێک ڕۆژنامەنووس نییە!

ئازاد عەبدولواحید

* زۆرن ژمارەی ئەوانەی دەنووسن و خۆیان پێ نووسەری گەورەیە، ئەوانە پێیان وایە کە نووسینەکانیان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەبێتەوە، ئەوە بێ قەید و شەرت بوونەتە ڕۆژنامەنووس و چوونەتە ڕیزی ڕۆژنامەنووسە باشەکانەوە، تەنانەت ئەو جۆرە نووسەرانە پێداگری دەکەن بکرێنە ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش، زۆریش لەوانە کە فریان بەسەر ڕۆژنامەگەرییەوە نەبووە و نییە، بە خاتر و خۆتر و خواهیشت، یان بە قودرەتی قادر بە ئەندام وەرگیراون، لە کاتێکدا بوون بە ئەندامی کارا، پێش هەر شتێک، دەبێ کەسەکە بە تەواوی خۆی بۆ پیشەی ڕۆژنامەگەری تەرخان کردبێ، نەک ڕەوتەنی بەلایدا گوزەری کردبێ، کوڕێنی بەسەرییەوە بکات و لافی ڕۆژنامەنووسبوون لێ بدات.

* بەشی زۆری ئەوانەی لەو جۆرەن و خۆیان پێ ڕۆژنامەنووسێکی باش و پلە یەکە، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە هیچ ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا، لە یەکێک لەو (١٤) ناوونیشانەی بۆ ڕۆژنامەنووسان دانراون نەبووە و ببڕای ببڕ کاری تێیاندا نەکردووە، کەچی سیفەتی ڕۆژنامەنووس دەدەنە پاڵ خۆیان. لەوانەیە نووسەری نیوداشت، یان فەریکە نووسەر، یان تەنانەت نووسەرێکی باشیش بن، بەڵام کە لەماڵەوە لەسەر سنگ، یان لەسەر مێز و کورسییەک دەکەونە نووسین، دواتر بە کلیکێک بابەتەکەیان بۆ گۆڤارێک، ڕۆژنامەیەک دەنێرن، ئەوانە نە ڕۆژنامەنووسن، نە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەتەما بن ببنە ڕۆژنامەنووس.

* پێم وایە هەندێ نووسەر ئەوەیان کردووەتە خولیا و ئارەزوویەک تا لە لاپەڕەی دواوەی کتێبەکانیان ناوی کۆمەڵێک سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵە بنووسن، تا بەڕیزکردنی ناوی ئەو شوێنانە هەیبەت و شکۆیەک بۆ خۆیان دروست بکەن، لەبیر خۆیانی دەبەنەوە شکۆ و گەورەیی نووسەر تەنیا لە جوانی و قووڵی نووسینەکەی، لە ئەفسوون و شێوازە سەرنجڕاکێشەکەی، لە زانیارییە ورد و ڕاست و دەوڵەمەندەکەیدایە کە لە دووتوێی بابەتەکەیدا دەیخاتە ڕوو، بە ڕیزکردنی ناوی کۆمەڵێک سەندیکا و یەکێتی و کۆمەڵە کە ئەندام بێ لەناویاندا، ناتوانێ چاوڕاو لە خوێنەری وریا بکات و تەفرەی بدا، یان قەناعەتی پێ بهێنێ کە ڕۆژنامەنووسە.

* هەیە لە ماڵەوە دانیشتووە و نووسەرە، گرێبەست لەگەڵ ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک دەکات کە هەفتانە، دوو هەفتە جارێک، مانگانە گۆشەیان بۆ بنووسێ. هیی وا هەیە بەهۆی زۆریی بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامەوە ئەو گرێبەستەش ناکات، بۆیە بە مەبەستی دەرکەوتن گۆشە وەردەگرن و لەژێر ناوونیشان و تایتڵێک دەکەونە نووسین، دەبێ بەوانەش بڵێین کە گۆشەنووسین لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە، هەموو کەس لە عۆدەی نایەت، گۆشەنووس دەبێ ئەزموونێکی دوورودرێژی لەگەڵ نووسیندا هەبێ، پاشخانێکی ڕۆشنبیریی گەورەی هەبێ، یان کەسێکی خاوەن توانایی بێ، بیروبۆچوونی تایبەت بە خۆی هەبێ، تا بتوانێ بەو بیروبۆچوون و شێوازە تایبەتەی، خوێنەرێکی زۆر لە دەوروبەری بابەتەکانی گۆشەکەی کۆبکاتەوە.

* دەبێ گۆشەنووس سەرەڕای ئەوەش لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا بیروڕای ڕاستگۆیانە و گەرموگوڕ و ئازایانەی خۆی هەبێ، نەکەوێتە بەخشینەوەی کاشی ماستاو، تا خوێنەری زۆر لە گۆشەکەی خڕ بکاتەوە، لەو کاتەدا نابێ هەر خەریکی لاپەڕە ڕەشکردنەوە بێ و بە بینینی ناوی خۆی سەرسام بێ، یان ئامادەیی خۆی لە هەموو شتێک بەلاوە گرنگتر بێ، بۆ ئەوەی لەبیر نەکرێ و ناوەکەی کاڵ نەبێتەوە، گۆشەی لاواز و ناوەڕۆک سواو بنووسێ، یان هەندێ جار تەپوتۆز بەرپا بکات و دەست بۆ هەموو شتێک ببات کە لە زۆربەیان نازانێ، تەنیا بۆ ئەوەی خوێنەر سەرقاڵ بکات و سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ڕاستە گۆشە لە ڕۆژنامەگەریدا کۆڵەکەیەکی سەرەکییە، بەڵام کەس ناکاتە ڕۆژنامەنووس، لە پۆلێنی ناوونیشانەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیشدا گۆشەنووس بە ڕۆژنامەنووس حسێب نەکراوە، بۆیە ئەگەر نووسەرێکی گەورەش بێ، ڕۆژنامەنووس نییە، بەڵام هەموو ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو، نووسەرە و دەتوانێ گۆشە بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بنووسێ.